Signature Not Verified
Copyright2002 http://nuserikurd.com
Digitally signed by Copyright2002 http://nuserikurd.com
DN: cn=Copyright2002 http://nuserikurd.com, o=Nuser, c=SE
Date: 2002.06.24 20:11:30 Z

# سوو

# رۆژمان بوده‌و!



سه‌لام عه‌بدوڵلا ئیبراهیم

٢٠٠١/٨/١

سەرەتا: ئەم کتێبە، بریتییە لە:

- چەند وتارێك لە بارەی کۆبوونەوەکانی گویتەبۆرگ، جێنواو هەندێ هەواڵ لە بارەیانەوە( سیاسەتی دیکتاتۆرییەتی کەپیتالیستەکان).
- بارووڈۆخی پەنابەران لە ئەلمانیا و هەندێ ولاتی تر(سیاسەتی ئەپارتەهایدی سەرمایەداران و داروەستەکانیان– حزبە فاشیستەکان، سۆسیال دیموکرات، کۆنزەرڤاتیف و لیبراڵەکان–.
- دەسەڵاتی باوکسالاری و سێکسیزم لەسەر ئاستی جیهان.
- ناوەڕۆکی چەند وتارێکی زۆر بەنرخ لەبارەی جیهانگیری، سیاسەتی ناتۆ، دزی و راوروتکردن و بەرتیلدان و وەرگرتنی لە نێوان سەرمایەداران و سیاسەستمداران، جاسوسێتی لەسەر سەرجەمی کۆمۆنیکاتسیونەکان لەنێوان خەڵکی سەرزەمین( کۆنترۆڵکردن و سانسوور) و بەرهەمهێنانی سەرمایەداری نوێ.
- چەند پێشنیار و بۆچوونێك.

زۆربەی ئەم بابەتانە بە شێوەیەکی جیاجیا لە هەفتەنامەی رێگای کوردستان، گۆڤاری بیری نوێ، ماڵپەڕی دەنگی کورد، کوردستانپۆست، نووسەری کورد و لە ماڵپەڕی هەڵبجە بلاوکراونەتەوە. ئێستا هەموویانم کۆکردووەتەوەو وەك کتێبێك بلاوی دەکەمەوە، بەئومێدی ئەوەم لەئاییندەدا، وەك کتێبێك بکەوێتەبەردەستی خوێنەران. بەم کتێبە دەمەوێت:

١/ بەرەی خەباتی دژ فاشیزم و ئیمپریالیزم بەهێز بکەم.

٢/ مەتریاڵ و ئەنالویزەی جدی پێشکەش بە جەماوەری کوردستان بکەم، بۆ ئەوەی زیاتر بتوانن، رسوای ئەوانە بکەین کە خەریکن زبڵی تیئۆری بەرەی دژ بە خەباتی کۆمونیستی بەدەستی دوو و سێ بەخەڵکی کوردستان بفرۆشن. هیوادارم توانیبێتم خزمەتێك بە کرێکاران و زەحمەتکێشانی و کۆچبەرانی کوردستان بکەم.

## خەباتی جیهانی: لەپرۆتێستکردنەوە بەرەو موقاوەمەت!

لە ئەسپانیا هێرشێکی راسیستانە دەکرێت لە دژی کرێکارە"خارجییەکان" ولە بەرچاوی پۆلیس ماڵەکانیان دەسووتێنن، لە یونان دەستیانکردووە بە گەورەترین هەوڵی ناونووسکردنی پەنابەرە"ناشەرعێکان"دەدەن، لە هۆڵەندا فشارێکی زۆر بەسە پەنابەرە کوردەکانی باشووری کوردستان دەکرێت، لە ئەلمانیا تەنها لەساڵی ٢٠٠٠دا، ٣٢٤٤٣ئینسان بەفرۆکە دەرکران، لە فەرەنسا پەنابەرە بێ وەرقەکان(سانس پاپیر) خەبات دەکەن لەپێناوی مانەوەیان بە شێوەیەکی یاساییانە، حکومەتی بریتانی و ئوسترالی هەمان فشاریان هێناوە، سوید دەمەلاسکێی ئەلمانیا دەکات لە دەرگاداخستن بە رووی پەنابەر و کۆچبەرەکان، هەمان هەوڵ لە نەرویژ دەدرێت. ئەم وەلاتانە زۆر باسی مافی مرۆڤ دەکەن، بەلام کە یەکێك بەباشی گوێیان لێبگرێت، بۆی دەردەکەوێت مەسەلەکە شتێکی ترە: پێویستیان بوو بە هێزی کار و ترسی کەمبوونی رێژەی مندالبوونیان هەیە. سالانە(بۆ نموونە لە ئەلمانیا) نزیکەی ٢٠٠هەزار ئەلمانی کۆچ دەکەن! لەهەمووی خۆشتر ئەوەیە، ئەم شارستانی و دیموکراتە مۆدێرنانە قەد ناچن بەلای هۆکانی کۆچ و پەنابەری.

ئۆروپا بە سەرکردایەتی ئەلمانیاوە هەنگاو دەنێت. لەشەری کۆزۆڤۆ هێزی سەربازی تایبەتی سەربەخۆیان پێشاندا لە رووی ئەمریکا(( سەرەنجی خوێنەران دەکێشم بۆ هۆی فرینی هاریکاری دژی ئابلوقە لەسەر عیراق لەلایەن ئەلمانیا، فەرەنسا و ئیتالیاوە، لەهەمان کات بۆ قسەکەی عودەی: دەبێ بازرگانیمان لە گەڵ ئەلمانیا و ئیتالیا بە هێز بکەین– لە ژمارەیەکی رۆژنامەی ئەلسەورە– هەروا ئەم رۆژانە دەبینین چۆن شالیاری دەرەوەی ئەلمانیا و سەرۆکی کۆنی ناتۆ، چالاکن لە گفتوگۆ لەنێوان ئیسرائیل و فەلستینێکان). لەژێر ناوی(یەکێتی ئۆروپای رۆژئاوا) هێزی سەربازی خێرایش درووستدەکەن. لە کۆبوونەوەکەی هیلسنکی لە سیپتێمبەری١٩٩٩بڕیاریاندا ئەم هێزە لە ٥٠–٦٠هەزار سەرباز پێکبهێنن و بە مۆدێرنترین شێوە پڕ چەك بکرێن و لە ماوەی ٦٠ رۆژ بڕیارەکان لەسەر ئاستی جیهان جێبەجێ بکەن. ئۆروپا دەیەوێت لەداهاتوودا بە هێزی چەکدارەوە بەرژەوەندێکانی بسەپێنێت. ئەلمانیا بە ١٨هەزار سەرباز بەشداری دەکات، واتە بەشی زۆری هێزەکە پێکدەهێنێت!

وەڵاتەکانی ئۆروپای رۆژئاوا دەیانەوێت لەسەر "وەرگرتنی" تورکیا، پۆلەندا، قوبرس، کرواتیا، لیتوانیا، سلۆڤاکیا، ئیسلەند، هەنگاریا، چیك بڕیاربدەن. ئابووری ئەم وڵاتانە لە چنگی بەرهەمهینان و بەرێوەبردن و دەسەڵاتی رۆژئاوایە، بواری گشتوکاڵییان وێرانکراوە، فابریکە بچوك و ناوەندێکان ناچاری داخستن بوون، تەنها کۆمپانیە گەورەکانیان ئیشدەکەن، ئەمەش لەبەر ئەوەی لەلایەن کۆنزێرنەکانی رۆژئاواوە کڕاوە. واتە بەشی زۆری دانیشتوان رووبەرووی بێکاری وهەژاری هاتوون. بە درێژایی رێگای رۆمانیا، بولغاریا، هەنگاریا بە هەردوو دیوی جادەکە بوون بە بازاڕی لەش فرۆشتن!

لەبارەی"ئاسایشی ناوەوە" لەندەن بووە بە نموونە بۆ شارەکانی ئۆروپا: لەهەموو شەقام و زۆربەی فرۆشگا و ماڵ و بیرۆ حکومی و ناحکومی بە کامیرای ڤیدیۆ چاودێری دەکرێن. لە ئەلمانیاش ئەم هەنگاوە نراوەو دەیانەوێت لە وەڵاتەکانی تریش ئەم کارە زیاتر پەرەی پێبدەن. هاوکاری تەوا دەکەن لە بواری رێکخستن، مۆبیل، ئینفۆرماتسیون و کۆمینیکاتسیون لە نێوان دەزگاکانی پۆلیس، ئاسایش. راستە کۆنترۆڵی سنورەکان وەك جاران نەماوە، بەلاّم کە ٢٠٠٠ئیتالی ویستیان بۆ خۆپیشاندان بۆ نیزا برۆن، لەسەر سنوور رێگایان پێنەدرا و سنووورداش کران!

ئەمرۆ لە فرایبۆرگ پرۆتێست لە دژی کۆبوونەوەی شیراك و شرۆدە بەرپاکرا. ئەم کۆبوونەوەیە خۆ ئامادەکردنێکە بۆ کۆبوونەوەی وەڵاتە ئۆرووپییەکان لە گویتەبۆرگ لە ١٤–١٦. سەرۆکی ئەمریکا جۆرج بوش لە ٦/١٤ لە گەڵ ٢٠٠٠فەرمانبەر، ئاسایش و رۆژنامەنووسی ئەمریکی دەگەنە گویتەبۆرگ و لە هوتێلی SAS Radisso لە Södra Hamngatan لەناوەراستی شارەکە دادەبەزێت. لە ئێستاوە هاوپەیمانییەك لە گرۆپە و حزب و رێکخراوە رەخنەگرەکانی جیهانگیری رێکخراوەو بانگەوازی سەرپێچکردنی تسیڤیلانەیان کردووە بۆ هێرشکردنە سەر شوێنی کۆبوونەوەکە لە ٦/١٥.(بۆ ئینفۆرماتسیونێکی زیاتر بڕوانە:www.j15.org ، www.nadir.org/nadir/initiativ/aanb، یا www.nadir.org لێرە هەموو هەواڵەکان، پرۆتێست، بانگەواز و چالاکێکان دەبینن)

لە ٦/٢٤ لە بەرشەلۆنە کۆبوونەوەی بانقی جیهانییە و لە ٧/٢٠دا، ٨ دەوڵەتە زلهێزەکەی دنیایە. لە جێنوا(ئیتالیا) G8 کۆدەبنەوە.

لەبەر ئەم هۆیانە، ئەم هاوینە دەبێت بە هاوینی خەبات بە هەموو جۆرەکانی لە دژی خاوەنی سیستێمی نوێی جیهان و سیاسەتی لیبرالیزمی نوێ!

## چەك و پووڵی ئەڵمان،

## مرۆڤکوژن لە جیهان

ئەمە دروشمێکە لە زۆربەی خۆپیشاندانەکانی دژ فاشییەت ، هاوپشتی لە گەڵ پەنابەران، زیندانییە سیاسییەکان یا دژی چەکسازی بەرزدەگرێتە. منیش لێرە هەڵمبژاردووە بۆ سەردێڕی ئەم ووتارە. هەڵبەت من گۆمانم نیە لەوەی ئەم دەوڵتە"زۆر پێشکەوتووە، مۆدێرنە، لانکەی چەندین فەلسەفەی جیهانییە. زووزوو باسی دیموکراتسییەت، مافی مرۆڤ، کۆمەڵگای مەدەنی، ئازادی و دەوڵەتی سەروەری یاسا دەکەن". زۆر کەسیش هەن، بەبیٚ لێکدانەوە، لە ژێر کارتێکردنی ماشینی ژەهراوی پروپاگەندەکانیان، بروایان پێدەکەن و وەك توتی قسەکانیان دەڵێنەوە. بەداخەوە نموونەی ئەم جۆرە کەسانە زۆرن. هەر لە هەندێ بەناو رۆشنبیر، نووسەر تا دەگاتە کەسانێك، سەرەرای پلەوپایەیان، تیتلێ ئەکادیمییان لەبواری سیاسەتی ئەو دەوڵەتانەی تێدا دەژین، دەکرێت بە <u>نەخوێندەواری نەزان</u>(نەخوێندەوار هەیە زۆر زانە) ناونووس بکرێن.

<u>ئێمە دەبیٚ دوژمنەکانمان باش بناسین، تا بە بەراستی بتوانین بە توندییەوە لە دژیان خەبات بکەین.</u>

لە ٢٠٠١/٦/٢٠پرۆتێستێك بۆ پەکخستنی کاری کۆمپیوتەری کۆمپانیای فرین (لوفتهانزا) بە رێگای پۆستی ئەلکترۆنی کرا. لەکاتێکی دیاریکراودا(هەزاران کەس بەرێگای کۆمپیوتەرەوە نامە بۆ شوێنێك بنێرن). هۆی ئەم چالاکییە ئەوە بوو، رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ(پرو ئەزیول، وادی، میدیکۆ ئینتەرناسیونال...هتد) لە دژی بەشداریکردنی ئەم کۆمپانیایە لە دەرکردنی پەنابەران: <u>ساڵی 40 000 پەنابەر دیپۆرتدەکرێن</u>.

ئەمە بوو بەهاندرێك بۆ من. بەچاکم زانی ئەم راپۆرتە بنووسم:

بە گوێرەی هەڵسەنگاندنی (ئینیتیەتیڤی ئەنتی راسیزم لە بەرلین) بۆ <u>تیرۆری دەوڵتی</u> دژی پەنابەران لە ماوەی نێوان ١٩٩٣– ١٩٩٩و بەپشتبەستن بەسەرچاوەی رۆژنامەو گۆڤارەکانی جیاجیاکان:

- ٧٨ پەنابەر لە ترسی دیپۆرتکردن خۆیان دەسووتێنن یا لەکاتی هەوڵدان بۆ دەربازبوونیان لە دیپۆرتکردن گیانیان لەدەستداوە.
- * ١١٣ پەنابەر لەسەرە رێگا یا لەسەر سنوورەکانی ئەلمانیا، گیانیان لەدەستداوە، ٩٧کەسیان لەسەر سنووری رۆژهەڵاتی ئەلمانیا.
- ٢٦٧ لە کاتی پەرینەوەیان بۆ ناو ئەلمانیا بریندارکراون، ١٤١پەنابەر لەسەر سنووری رۆژئاوای ئەلمانیا.
- ١٨٥پەنابەر لەترسی دیپۆرتکردن خۆیانیان بریندارکردووە، یا هەوڵیانداوە خۆیان بسووتێنن.
- ٥ پەنابەر لەکاتی دیپۆرتکردنیان گیانیان لەدەستداوە.
- ٩٧ پەنابەر لە کاتی بەکارهێنانی زۆرداری پۆلیس بریندارکراون.
- ٩ پەنابەر پاش دیپۆرتکردنیان بۆ وەلاتەکەیان، کوژراون.
- ٢٣٩ پەنابەر پاش دیپۆرتکردنیان لەلایەن پۆلیس و ملیتێری وەلاتەکەیان بەخراپی رەفتاریان لەگەڵ کراوەو ئەشکەنجە دراون.

- ٣٣ پەنابەر پاش دیپۆرتکردنیان بێ سەروشوێن کراون.
- ٩ پەنابەر بەهۆی زەبروزەنگ بەکارهێنانی پۆلیسی ئەلمانی گیانیان لەدەستداوە، ٩٧ کەسیان بریندارکراون.

ئەم لیستەیە بەشێکن لەو تیرۆرە دەوڵەتییە کە پێیانزانراوە! لە ٢٠٠٠دا نزیکەی ٥٠٠٠ هێرشی راسیستانە لەدژی پەنابەران ئەنجادام دراون، لەوانە(بۆ نموونە):

- نعیمە هاجر، هاوەلاتی جەزایەری پاش بەسەربردنی ٢٣٨رۆژ لە زیندانی دیپۆتکردن لە فرۆکەخانەی فرانکفۆرت، لە ٥/٦ خۆیی کوشت. داوای پەنابەری ئەم ئافرەتە بەرپەرچ درایەوە، لەبەر ئەوەی یەکەم رۆژی زەوتکردنی لە لایەن سەربازە جەزایرێکان لە بیر چوبووەوە. تەنها لەچەند مانگی رابردوو، لە زیندانی فرۆکەخانەی فرانکفۆرت ١٨ هەوڵی خۆکوشتن درابوو.(سەرچاوە: رۆژنامەی مانگانەی ئەنالویزە و رەخنە، ژمارە٤٣٩لە ٨/یونی/٢٠٠٠).
- ئەلبیرتۆ ئەدریانو، لە شاری پاساو(لە ١٢/یونی) لە باغچەی شارکە، لەلایەن نازێکانەوە بەشەق و تێهەڵدان نیوەمردوویان کرد، جلوبەرگەکەیان لەبەر داکەندبوو و فرێیاندابووە ناو دەوەن. لە ١٥/ یونی گیانی لەدەستدا(تاتس لە ١٥//٢٠٠٦).
- کلاوس گیریکە(لانەوان) لە شەوی٢٤/یونی لە گرایفس ڤەڵد بەدەستی نازێکان کوژرا(تاتس لە ٢٦/یونی).
- فالکۆ لویدکە(ئەنتی فاشیست) لە ٥/٣١ لەلایەن میلکە بیدەر(نازی) بە ئۆتۆمبیلەکەی لێیدا و دەستبەجێ گیانی لەدەستدا.(تاتس لە ٥/٦و بەیاننامەی ئەنتی فاشیستشە ئەکتسیون لە ئێبەرس ڤێڵد)
- (لە ٥/٦)لەکاتێکدا ئەنتی فاشیستە سوورەکان نمایشی شانۆی سەرجادە بوون، فاشیست( مانفرید هوک بەچاقۆوە بەربووە گیانیان و یەکێکیانی بەسەختی بریندار کرد و دەستی یەکێکی کەیشی بەسووکی بریندارکرد(یونگە ڤێلت لە ٥/١١)
- لایبزک، شەوی ٦/٢٨ نازییەك پاش ئەوەی یەکەم جار بەجوێنی نازییانە هەستی پەنابەرێکی عیراقی بریندارەکات، بە چاقۆ دەکەوێتە گیانی و سنگی بریندار دەکات( یونگە ڤێلت لە ٦/٢٩).
- لە ٥/١ دا ١٠ نازی لە(لودڤیگس هافن)، هەوڵیاندا سەنتەری لاوان(فریدریش دویر) لە مانهایم بسووتێنن. لە هەمان شەو، دوو پەیگەری ئەنتی فاشیستیان وێرانکرد.

(لە نووسراوەیەکی ئەنتی فاشیست لە مانهایم بلاوکراوەتەوە)

** لە دارستانێك نزیك شاری ئولم، پۆلیس لە نزیکی ١٠ مەترەوە، تەقە لە کەم ئەندامێکی ڤێتنامی(لەسەر کورسی پێچکەدارەکەی دانیشتبوو) دەکەن. ٢١ فیشەکی پێوە دەنێن. لە ٢٠/سێپتێمبەر/٢٠٠٠ گیانی لەدەستدا.

- لە ١١/ئەکتۆبەر، لە فرانکفۆرت، پۆلۆنییەك(٣٧ساڵ) لەترسی کۆنترۆڵی پۆلیس، گیانی لەدەستدەدات.(ئەگەر بیگرن، بۆ پۆڵەندا دیپۆرتی دەکەن).
- لەبەرلین، شەوی ٣٠ ئۆغوست، پەنابەر ئەلتناکۆف گاگڤاسۆیندیل( خەڵکی مەنغۆلیا)، لە کاتی هەوڵی دەربازبوون لە زیندانی دیپۆرتکردن، گیانی لەدەستدەدات.(یونگە ڤێلت لە ٢٠٠٠/٩/١٩)
- لە ٨/ دیسەمبەر، پەنابەرێکی سریلانکی بەناوی ئارومگاسامی سوبرەمانیام(١٧

ساڵە) لە زیندانی دیبۆرتکردن لە هانۆڤەر–لانگن هاگن، لە ترسی دیپۆرتکردن خۆی دەگوژێت. لە ١٩٩٣وە تا کۆتایی ٢٠٠٠دا ٧٩ پەنابەر بەهۆی تیرۆری دەوڵەتییەوە بەرەو چارەنووسی خۆکوشتن براوون(یونگە ڤێلت١٤/١٢/٢٠٠٠)

** هێرش بە بۆمبا دژی جووەکان لە دیسلدۆرف و بووە هۆی برینداركردنی ٩ کەس لە خەڵکی رووسیا، ٦یان جوو بوون.(یونگە ڤێلت لە ٢٩/٧/٢٠٠٠). پۆلیس خێرا رایانگەیاند کەوا لە دیسلدۆرف گرووپی نازی نییە. کە گومانلێکراوێك دەسگیرکرا، سەرلەنوێ پۆلیس رایگەیاند، کە (راڵف شپیس) سەر بە نازێکان نییە. بەڵام ئەم دوو درۆیە، لەلایەن ئەنتی فاشیستەکانەوە ئاشکراکران. راڵف پێشتر پەیوەندی هەیە بەنازێکان و بەهۆی چەندین چالاکی راسیستانەی جۆراوجۆر سزا دراوە.

- ٧/ئۆگۆست، لە شاری بامبێرگ، بۆمبێکی کاتی بە دەرگای ماڵی جوویەك توند دەکەن، بۆ ئەوەی لە کاتی رۆیشتن بۆ کارکردن پێوەوەی بتەقێتەوە.
- لە شاری ئایزناخ، بینگن، ڤوپەرتاڵ– بارمن، دیلکیرشن، رۆکنهاوزن(راینلەند فەڵس)، گویسترۆڤ، ڤایدن، دیسلدۆرف، شڤێبشە هال، بەرلین، پۆتسدام، هالە، بەرلین– کوپنیك، گلوکشتات(شلیزڤیگ– هۆڵشتاین)، لانداو، گرابۆڤ لە نزیك لودڤیکسلوست، (جارێکی تر لە بەرلین)، ئۆیکەموێندن، ئەنکلام، گێانهاوزن( هێسن)، گوینتەبێرگ(براندنبۆرگ) شڤیدت، هێرش کراوە بەسەر کۆرستان، سیناگۆگ( شوێنی خواپەرەستی جوو) جووەکان. هەندێکیان رووخاندووە، هەندێکیان بە رەنگ و درووشمی نازییەت پیسیانکردوون.
- لە ١٩٨٩وە تا ٢٠٠٠لەلانی کەمەوە ١٠٧ لانەواز بەدەستی ئەم ترویە بۆرانەوە کوژراون( زۆربەیان بەتەمەن بوون).
- لە یولی – دیسەمبەر/٢٠٠٠: لە ٢٢–٢٣ نازێکان لەسەر ئاستی ئەلمانیا هێرشی دڕندانەیان ئەنجامداوە:
- لە تریپتۆڤ، ١٥ نازی بەبەر هێرشدەکەنە سەر پیاوێکی تونسی. لە موینشن، ٣٠ نازی لە (ئیس بان) لە پیاوێکی ئاسیایی دەدەن. لە ڤیسمار مۆلۆتۆفێك فڕێدەدەنە ناو ماڵێك، نازێکان لەو بڕوایەدابوون، لانەوازەکان تێدا دەژین. لە دیتلیتس و هەلبەشتات چەندین هەوڵی کوشتنی پەنابەران دراوە.
- لە ڤوپەرتاڵ – بارمن، لە ٢٣/ سێپتێمبەر نازێکان بۆمبێك فڕێدەدەنە ناو لاگەری پەنابەرە یوگسلاڤێکان(جاران). لەئەنجامیدا دوو منداڵ سووك برینداربوون(فرانکفۆرتە روندشاولە ٢٥/٩/٢٠٠٠)
- لە شڤێرین، لە ٣٠/ ئۆکتۆبەر، دوو نازی هێرش دەکەنە سەر خێزانێکی رووسی و ئافرەتەکە بەسەختی بریندار دەکەن.(تاتس لە ٤/١٠)
- لە ڤالەرس لێبن(نزیك ڤۆلڤسبۆرگ) لە شەوی٢٤–٢٥/١٠ بە مۆلۆتۆڤ کۆکتیل هێرشیان کردە سەر لاگەرێکی پەنابەران(راتس، ژمارە١٢٧)
- لە ڤینستەر ڤەڵد(براندنبۆرگ) ٢٠نازی هێرشدەکەن بۆ سەر ماڵێکی ئەنتی فاشیست و هەمو شتەکانییان وەردوخاش کرد.
- لە لویکن ڤەڵدە، نازێکان هێرش دەکەنە سەر پەنابەرێکی سیرالیونی و

بریندارییدەکەن(تاتس،٢٠٠٠/١١/١٨)

- لە زاربروکن، نازێکان هێرش دەکەنە سەر پیاوێکی میسری و بەخەستی بریندارییدەکەن( فرانکفۆرتە روندشاو، لە ١٢/١٤)
- لە شڤالمشتات، نازێکان هێرش دەکەنە سەر ٣پەنابەری ئەفریقایی و لێیاندەدن و دەیاندەنە بەر جوێنی راسیستانە(یونگە ڤێلت لە ١٢/١٤).
- لە کوپن، نازێکان بە چاقۆ لە پشتی قوتابییەکی مۆنغولی(پاسی ئەلمانی پێبووە ! !)و بەخەستی برینداری دەکەن(یونگە ڤێلت لە ١٢/٢٧)

## دیپۆرتکردنی پەنابەران بەردەوامە !

لەنووسراوەی یەککگرتنی ئەکتسیونی(راین_ ماین)دژی دیپۆرتکردن لە٢٠٠١/٤/٢٧ هاتووە:

فرۆکەخانەی فرانکفۆرت:

دیپۆرتکردنی ئابروچوونەی حکومەتی ئەلمانیا بۆ ٢٥پیاو، ئافرەت و منداڵ بەرەو کۆلۆمبیا/ راپۆرتێك لەبارەی بەرخوردی نامرۆڤانەی فەرمانبەرانی پارێزەرانی سنوور وەلایەتەکان.

ئێمە ئێستا پێمانزانی کەوا لە ٤/١٢دا، ٢٥ کۆلۆمبی بۆ(بۆگۆدا) دیپۆرتکراون. لەم بارەیەوە تەلەفزیونی کۆلۆمبی و کەورەترین رۆژنامەی ئەو وەڵاتە(ئێل تێمپۆ لە ٤/١٤) هەواڵەکەی بلاّوکردەوە. دیپۆرتکراوەکان رایانگەیاند کەوا لە کۆلۆمبیاوە سەفەریانکردووەو نیازی ئەسپانیا و ئیتالیایان بووە، فرۆکەخانەی فرانکفۆرت تەنها بۆ ترانزێت بووە. ئێمە هەموو بەڵگەنامەکانمان پێبوو وەك نامەی مێوانداری کە خێزانەکان لەوێ وەریاندەگرتین.

قسەکەری دیپۆرتکراوەکان خوسێ فێنسیتا پێریز بەم شێوەیە باسی شەێنی مانەوەیان لە فرۆکەخانەی فرانکفۆرت دەکات: لەماوەی هەشت رۆژدا، نەمانتوانی خۆمان بشۆرین، خۆراکیان پێنەداین و دەبوایە لەسەر عەرزەکە بخەوین. ئێمە کۆرپەی هەشت مانگمان لەگەڵدابوو... لە کاتی پشکنییندا دەستیان بۆ گیانی کیژۆڵەکی هەشت ساڵانە برد...... لە ئۆکتۆبەری ساڵی رابردوو ٣٠ کۆلۆمبی کە بەهەمان شێوە نیازی ئیسپانیایان بوو، بەبێ هیچ هۆیەك پۆلیسی ئەلمانی لە فرۆکەخانەی فرانکفۆرت رێگایانی لێگرت و هەموویانیان گەراندەوە.

ئێمە لێرەدا ئەم پرسیارانە دەکەین: بۆچی رێگا لەم مرۆڤانە دەگرن، درێژە بە سەفەرەکەیان بدەن؟بۆچی بۆ ماوەیەکی وا درێژ دەست بەسەریان دەگرن؟ بۆچی هاتوهاواریان بەسەر دەکەن؟ بۆچی پارەکانیان لێدەبەن؟ ئایا ئەوە دروستە ژێردەرپێی کیژۆڵەیەکی ٨ساڵانە بپشکێنن؟

لێرەدا ئەو دەهێنینە بیرمان کە لە سێپتێمبەری ساڵی رابردوودا، دەستدرێژیان کرد لەسەر خێزانی ئێرانی(Kh) – بروانە رۆژنامەی فرانکفۆرتە روندشاو لە ٢٠٠٠/٩/٢)... هەروا (کولا بانکولا) و ( ئەمیر عجیب) تان لەبیر بێت کە لە کاتی دیپۆرتکردنیان لەلایەن فەرمانەبەرانی پارێزەرانی سنووری وەلایەتەکان ناچاری مردنیان کردن......".

لەنووسراوەی گروپی مافی مرۆڤ(Africa Forum ,The VOICE) لە ٢٠٠١/٦/٢٥ ئەم راگەیاندنە بلاّوکراوەتەوە:

تورینگن: مانگرتن لە ناو زیندانی دیپۆرتکردن.

ئێمە داوا دەکەین بەرێز ساکا دیبو ئۆلۆڤۆلاگدا لە زیندانی(ئونتەر ماسفێلد) ئازاد بکرێت.

... بەرێز ساکا ٤ساڵە لە لاگەری پەنابەران لە(هێرن رویدشن ١٩) لە ڤایمەر دەژێت. لە دژی ئارەزووی خۆی، فەرمانبەرانی پارێزەرانی سنووری وەلایەتەکان، کۆتیانکرد و بۆ فرۆکەخانەی فرانکفۆرت راپێچیان کرد بۆ ئەوەی بۆ نیجیریا دیپۆرتی بکەن. ساکا لە دژی دیپۆرتکردنەکەی لەناو فرۆکەکە پرۆتێست دەکات. بەم شێوەیە سەرنجی موسافیرەکان بۆ خۆی

رادەکێشێت. کۆتکردنی نامرۆڤانەی بۆ ئەوەبووە ، ئەو هەستە لەلای موسافیرەکان بخولقێنێت «کە ئەم کەسە کابرایەکی تاوانبارە، بەڵام موسافیرەکان کەوتنە پرسیارکردن لەبارەیەوە. پاش ئەوەی بە موسافیرەکان دەڵێت"من تاوانبار نیم"، زۆربەی موسافیرەکان هاوپشتی خۆیانیان لەگەڵدا دەرخست. چوون بۆ لای فرۆکەوانەکە و پییان وت" ئێمە بەم فرۆکەیە سەفەر ناکەی، ئەگەر ساکا لە فرۆکەکە دەرنەکەیت". لەسەر ئەم پرۆتێستە فرۆکەوانەکەی فرۆکەی LH560 سەفەرەکەی بۆ نیجیریا راگرت و ساکا لە دیپۆرتکردن رزگاری بوو. ئەمجارەیان پۆلیسەکان دیپۆرتکردنەکەیان راگرت و ساکایان بۆ لاگەرەکەی لە ڤایمەر گەراندەوە. لەوێ سەرلەنوێ بۆ ماوەی ٨هەفتە لە زیندانی دیپۆرتکردن توندیان کرد، بۆیە لە خواردن مانی گرتووە. ساکا یەکێکە لە سیاسییە چالاکەکانی رێکخراوی (OPC) و گەراندنەوەی دەبێتە هۆی کوشتنی.....

## دیپۆرتکردنی ٨٨ کورد و تورك بۆ تورکیا

ئولە یالپکە، قسەکەری سیاسەتی ناوەوەی و کارستن هوبینەر بەرپرسی بیرۆی مافی مرۆڤی حزبی( PDS) لە راگەیاندنێکیاندا لە ٧/٥ نووسیویانە:

ئەمە یەکەم جارە لەمێژووی سیاسەتی دیپۆرتکردن ئەلمانیا، هەموو فرۆکەکە بە ٨٨ هاوەڵاتی تورکیا لە ئەلمانیاوە دیپۆرت بکرێن... ٥٦ئاسایشی ئەلمانی لە گەڵیان فریوە، بۆ ئەوەی دیپۆرتکراوەکان لە فرۆکەخانەی ئەستەنبول، بدەن بە دەستی هاوکارە تورکەکانیان.

بە گوێرەی رۆژنامە تورکێکان، ٢٥کەس لە دیپۆرتکراوەکان کە زۆربەیان کورد بوون، هەر لە فرۆکەخانەکە یەکسەر زیندانکراون. بە گوێرەی رۆژنامەی(ئەلسەباح)تورکی، لە نێو دیپۆرتکراوەکان کەسانی نەخۆش و کەم ئەندام هەبوو.

سەرەرای لێکۆڵینەو و ئاگادارییە چەندین ساڵەی رێکخراوی(PRO ASYL) و شورای پەنابەران لە نیدەرزاگسن لەبارەی ئەوەی کە کوردە دیپۆرتکراوەکان بۆ تورکیا، ئەشکەنجە دەدرێن و راودەکرێن، کەچی حکومەتی ئەلمانیا هەر پەنابەرەکان بۆ تورکیا دیپۆرت دەکات......

بۆ ئاگادارییەکی زیاتر، پەیوەندی بەم ژمارەیە بکە: 0049 30 227 75533/ 75830/75831

ژمارەی فاکس: 0049 30 227 76508

و سەدان ئەکتسیونی درندانەی تری نازێکان شانبەشانی تیرۆری دەوڵەتی.

لە تسێشۆباو، لە کاتی پشکنینی ماڵێکی نازی، دەستبەسەر ٣٠ دەمانچە، تفەنگ، چەندین نارنجۆکی دەستی و هەزاران فیشەك گیرا(یونگە ڤێلت لە ١٢/١٩).

حکومەتی ئەلمانی(هیچ جیاوازییەك نیە لە نێوان مسیحییە دیموکراتەکان و سۆسیال دیموکراتەکان، باری پەنابەران وەك خۆی ماوەتەوە، بگرن ئێستا هێرشی نازییەکان زیاتر بووە و دیپۆرتکردنیش روو لەزیادبوون دەکات! !) بەشێوەی جۆراوجۆر دەستی لەم تاوانە هەیە و تا پێیان بکرێت نازی و رێکخراوەکانیان دەرباز دەکەن، تاوانەکانیان، بە تاوانی بزووتنەوەی نازێکان ناونابەن و هەوڵدەدن بیکەن بەکاری چەند تازەپێگەیشتوویەکی گێل، کەلەشەق و ئەلکهولیکە ! !

بەلاّم

بەرفراوانی تاوانەکان، ئاستی ڕێکخراوەییان و کە قوربانییەکان زۆربەی زۆریان پەنابەر، لانەواز، جوو و ئەنتی فاشیستن، ئەو بەڵگەیە دەدەن بەدەستەوە کە ئەم تاوان و تیرۆرانە تەنها بە فاشیستەکان ناکرێت، بەڵکو بەشێوەی ڕاستەوخۆ و ناراستەوخۆ دەستی دەوڵەتیشی تێدایە.

سەرەرای ئەم هەموو تیرۆرەی تروپە فاشیستەکان، دەوڵەتی ئەلمان بەرپرسی و ڕۆڵی ڕێکخستن ئەم تیرۆرانە ئەگرێت ئەستۆ. ئەوە دەیان ساڵە ئەنتی فاشیستەکان، هەندێ لە کڵێسەکان، پارێزەرانی مافی مرۆڤ تا دەکات بە کۆمونیستەکان، داوای قەدەغەکردنی ڕێکخراوە فاشیستەکان دەکەن، بەلاّم حکومەتە جیاجیاکان، هەر لە کۆنزەرڤاتیڤەکان تا حکومەتی ئێستای کوالیتسیونی سۆسیال دیموکراتەکان لەگەڵ سەوزەکان، ئەم کارەیان ئەنجام نەداوە ! !

چەندین بەڵگەی تر هەیە بۆ سیاسەتی تیرۆریستی دەوڵەتی ئەلمان:

- ١٠٠٠٠٠٠مرۆڤ مافی مانەوەی کاتی، بەبێ دڵنیاییان هەیە.
- ٦٠٠ ٠٠٠ پەنابەر و موهاجر بەگوێرەی ئاماری رەسمی، هەڕەشەی دیپۆرت و دەرکرنیان لێ دەکرێت.
- نزیکەی ٥٠ ٠٠٠ کەس بە شێوەیەکی"ناشەرعی"لەژێر سەختترین باری ئابووری، سایکلۆژی و کۆمەلاّیەتی لە ئەلمانیا دەژێن.
- لە بەر دەرکردنی یاسای کۆنەپەرەستانەی تایبەت دژی"خارجییەکان" لە یولی ١٩٩٧، لەهەمان کاتدا دیپۆرتکردنی ئاسانکردۆتەوە. بۆ نموونە ئەگەر"خارجییەك"بە ٣ساڵ زیندانی سزابدرێت، دەتوانن پاش تەواوکردنی سزاکەی، بەشێوەیەکی"شەرعی" دیپۆرتی بکەن.
- ئەوەی لە خۆپیشاندانێکی مۆڵەت پێنەدراو بەشدارییکات، بە گوێرەی دەستور دەریدەکەن.
- ناچارکردنی پەنابەران بە مانەوە لەناو کۆنتینە یا لەناو لاگەرەکان.
- لێدان و سووکایەتی پێکردن لەلایەن پۆلیسەکانەوە. کاتێك( کوللا بانکولو، لە دژی دیپۆرتکردنی بۆ نیجیریا دیفاع لەخۆی دەکات. دەستوقاچی دەبەستنەوە دەمی بە زەمق دەگرن و شریقەی هێمنکردنەوەی لێدەدەن. لە ٩٤/٤/١٥ گیانی لەدەستدەدات . هاووڵاتی سودانی( ئەمیر عومەر ئەحمەد ) لە ٩٩/٥/٢٨ لەکاتی دیپۆرتکردنی لە ناو فرۆکەکە لە نێوان فرانکفۆرت و موینشن دەیکوژن.
- سیاسەتی دیپۆرتکرد و درووستکردنی زیندانی تایبەتی بە دیپۆرتکردن. نزیکەی ٣٠٠٠–٥٠٠٠پەنابەر لەناو زیندانەکانی دیپۆرتکردنن. د. زاادرادڤاکۆ نیکۆلۆف دیمترۆڤ( پەنابەرێکی بولغاری) پۆلیس ویستویانە بۆ زیندانی دیپۆرتتاتسونی براونشڤایگ بیبەن. پۆلیسەکان تەقەی لێدەکەن و دەیکوژن. لە ١٩٩٩/١٢/٢١گیانی لەدەستدەدات. بەڕاستی لیستی کوژراو برینندارەکان زۆر درێژە. من لێرەوە لێی دەگەڕێم.
- بەدەستدانەوەی ڕاستەوخۆی پەنابەران بە حکومەتەکانی ئەشکەنجەدان و تیرۆر لە تورکیا، ئێران نیجیریا و تۆگۆ، تەنانەت لە فرۆکەخانەکان، بەهۆی ڕێککەوتنەکان لەسەر پەیمانەکانی"گەڕاندنەوە" لە گەڵ چەندین دەوڵەت.

بۆیە گران و دوور نیە ئەگەر بڵێن(شیلی– وەزیری ناوخۆ) تا دەگاتە جێگەرکەرانی فەرمانەکان لەباری ئەتێکییەوە لە ئاستی فاشیستە مرۆڤکوژەکانن!

وەك دەبینن، بەرێگای ئەم ئیجراائاتانەوە، ئەم سیاسەتانەی ئیمپریالیستی ئەلمانیا، بەکردەوە دروشمە شۆڤێنیستەکەی فاشیستەکان"خارجی بۆ دەرەوە" پەیڕەودەکەن.

دەبێ ئەوەیش بزانین کە ئەنتی فاشیستەکانیش بەردەوام هێرش، خۆپیشاندان، و ملیتانت رووبەروویان دەبنەوە.

## بۆچوون و پێشنیارێك بۆ هەموو پنابەران!

(١)

رۆژ لەدوای رۆژ هێرشی راسیستانەی جۆراوجۆر لە دژی پەنابەرانی کوردستانی عیراق دەکرێت: لە ئەلمانیا تروپە بۆرەکان و پۆلیسەکانیان بەرداوە بە گیانی پەنابەران،لەناو ئۆردگاکاندا توندیانکردون وخۆراکی ناو پاکەتیان دەدەنێ، ناچاریانکردوون کاری رەشی هەرزان بکەن یا خەریکی دزی، فرۆشتنی دەرمانی سڕکردنەوە یا بەکارهێنانی کردوون. ناهێڵن لەو ناوچەیەی ناونووسکراون دەربچن.(بۆ نموونە) بە گوێرەی سەرچاوە رەسمێکان(لە رۆژنامەی دی تاگس تسایتونگ لە ٢٠٠/١١/٢١ بلاوکراوەتەوە) تەنها لە شەش مانگی ساڵی رابردوودا زیاتر لە ٥٠٠٠ تاوانی کوشتن، بریندارکردن و راونان لەلایەن نازێکانەوە ئەنجامدراوە. ئەوەی سەرپێچی بکات ولەلایەن پۆلیسەوە کۆنترۆڵ بکرێت، دەدرێتە بەر دادگا و جەزای لێوەردەگرن، لەبەر بێ پارەیی ناچارن بە مانگانە بیدەنەوە. لە یونان ناونووسی پەنابەرە"ناشەرعێکان"دەکەن، بۆ ئەوەی ئەگەر گەیشتن بە وەلاَتەکانی ئۆروپای خۆرئاواو داوای پەنابەریان کرد، داواکارییەکەیان قبول نەکەن. لە ئوستراليا، هۆڵەندا، نەرویج و ئێستا سوید درێژە دەدەن بە هەڕەشەی دەرکردن، هاوکاتیش هێرشی پروپاگەندەیی زۆر نامرۆڤانە دەرهەقیان ئەنجام دەدەن. ئەم وەلاَتە دیموکراتانە تۆسقاڵێك گوێ نادەن بە کارتێکردنی ئەم جۆرە هێرش، هەرەشەو پروپاگەندە ئۆرۆسێنترستانە دژی پەنابەران. لە دژی بانگەوازە بەدناوەکەی خۆیان"پاراستنی مافی مرۆڤ"، بارودۆخی ناهەمواری سایکلۆژی، فینانس، کۆمەلاَیەتی زۆربەی پەنابەران ئەوەندەی تر بەرەو خراپی دەبەن.

بۆ ئەوەی رێگا لەم تاوانانە بگرین، دەبێ بڕوامان بە توانای خۆمان هەبێت، شان بەشانی حزب، گروپ و کۆمەڵە ئەنتی راسیست، فاشیستەکان، چەپ وکۆمونیستەکان، هەوڵ بدرێت(چەند جارێك) لەسەرتاسەری وەلاَتەکان پرۆتێست لەبەردەم باڵوێزخانەکانیان(باڵوێزخانەکانی هۆڵەندا، نەرویج، سوید و ئۆستراليا) رێکبخرێت. ئەمە هەوڵێکی باشەو سەرئەنجامی دەبێت، ئەگەر هێزی بۆ کۆبکرێتەوە. ئەگەر پەنابەرانرن هەوڵی داگیرکردنی باڵوێزخانەکانیان بدەن ئیتر باشتر!!

(٢)

## پەنابەران!

دەبێ ئێوە ئەو راستییە بزانن کە سەردارانی وەلاَتە پیشەسازییەکان پیلان دەگێڕن بۆ بەرفراوانکردنی هێرشێکی زیاتر لە دژی ئێوە. لە پێناوی دەسکەوتنی مافە رەواکانتان، مافی خۆتانە بە هەموو شێوەیەك پرۆتێست بکەن. ئەوەی رەخنە لە ئێوە بگرێت یا رێگری لە خەباتی ئێوە بکات، نەك تەنها نەزانە لەبارەی سیاسەتی نوێی حکومەتەکانی ئۆروپا، بەڵکە بە هۆشیارییەوە دەیانەوێت ببن بە بەشێك لە پرۆژەی لەناوبردنی مافی پەنابەری. ئەو جۆرە حزب یا کەسانە، بە پروپاگەندەی درۆزنانەی حکومەتەکان سڕکراون، بە هەراوهوریای دیموکراتییەت دەستەمۆکراون. بۆ ئەوەی ئەم جۆرە کەسانە بناسن، لە گفتوگۆ یا لە نووسینەکانیاندا دەڵێن" ئێرە دیموکراتییەت بالادەستە، تکایە بە گوێرەی یاسا بجولێ... ئەو کارە نەکەی، پاشان پێمان دەڵێن تیرۆریست، بەخراپی بۆ ناوی کورد دەشکێتەوە...هتد

رووبەرووی راسیزم و فاشیزمی حزبە فاشیست و کۆنزەرڤاتیفەکان ببنەوە!

– هەر رۆژنامەیەك پروپاگەندەی ژەهراوی لە دژی ئێوە بلاَودەکاتەوە، هێرش ببنەسەری!

- چاوەروانی ئەوە مەبن، کەی تروپە بۆرەکان لێتان دەدەن یا تیرۆری سایکلۆژیتان دەکەن، یا ئۆردوگاکەتان دەسوتێنن، خۆتان ڕێکبخەن و ئەوەی پێتان دەکرێت، دریغی مەکەن. من ئاگاداری ئەوەم کە لە شارەکانی ئەلمانیا و بەتایبەتی لە رۆژهەلاتی ئەلمانیا، کوردی وا هەن، بەبێ خۆرێکخستن، سەرکەوتووانە ئەم هێرشانە ئەنجام دەدەن و بەراستی ترسیان خستووەتە دلی بۆگەنی فاشیستەکان. ئەم کەسانە شوێنی ڕێز و ستابشن لەلای هەموومانەوە.
- بەشداری بکە لە ئەکتسیونە ئەنتی فاشیستەکان. گاڵتەت بەم چالاکییانە نەیەت، دوورەپەرێز رامەوەستە، بە پێچەوانەوە، لەپێشی پێشەوە راوەستە. ئەگەر توانا هەیە، خۆت چەکدار بکە، چونکە لانی کەمەوە، رەنگە ئەمرۆ نەبێت، سبەی، خۆت یا برا، خوشك یا برادەرێکت دەبیت بە قوربانی تیرۆری رەش. جگە لە قوربانیانی پەنابەران و کۆچبەرانی گەلانی تر، تا ئێستا چەندین پەنابەری کوردبش کوژراون یا بریندارکراون.

هەر هێرشێکی نازی لە دژی خەڵکی هەر وەلاتێك –نازێکان هێرش دەکەن سەر ئەلمانە ئەنتی فاشیستەکان، جوو، ئەلمانە کەم ئەندامەم و لانەوازەکانیش–، بەهێرش لە دژ خۆت بزانە، جیاوازی مەکە لە نێوان ناسنامەی نەتەوایەتی، چونکە بیرو کرداری فاشیست و تیرۆریزمی دەوڵەتی دژی هەموومانە !

٢٠٠١/٦/٢٠

## بۆ بەرێوەبەرانی ماڵپەڕی کوردستانپرێس

ئەمرۆ بابەتێکی وەرگێڕاو لە(بی بی سی) لە ماڵپەڕکەتان خوێندەوە بەناوی:

کۆمسیونی پەنابەری: ئەلمانیا پێویستی بە پەنابەری زیاتر هەیە. لە کۆتاییشدا نووسیوتانە "بەپەسەندکردنی یاسای نویێ، هەڵومەرجی هەزاران ئێرانی و ئەفغانی لە بواری وەرگرتنی ئیزنی مانەوە، کار و گەیشتنەوە بەیەکی بنەماڵەکان لە ئەڵماندا باشتر دەبێت".

ئەوەی راستی بێت ئەو کۆمسیونە "کۆمسیونی سیسموت – ناوی سیاسەتمەداری حزبی دیموکراتە مسیحێکان(CDU)ریتا سیسموت – بۆ فشارهێنانی زیاترە بۆ سەر مافی پەنابەران و کۆچبەرەکان، نەك وەك بەرێزتان بۆیچوون، کە بارودۆخی پەنابەران و کۆچبەرەکانی لەمەودوا بەرەو باشی دەبات.

لە٧/٤ی پێشنیوەرۆ، گروپی(هیچ مرۆڤێك، نایاسایی نییە–Kein mensch ist illegal)بیرۆی سکرتێری کۆمسیونی کۆچبەران سەربە حکومەتی ئەلمانی ئەشغاڵکرد(بیرۆکە لەناو بیرۆی حزبی دیموکراتە مەسیحێکانە لە شەقامی راینهاوزن لاند شتراسە 5). لە بەیاننامەکەیان هاتووە: بەبۆنەی بلاوکردنەوەی راگەیاندنەکەی کۆمسیونەکە لە بەرلین، ئەم ئەکسیونەمان رێکخست ....

ئەم کۆمسیونە زۆر بەبێ بەزییانەوە سنوور دادەنێت و سیاسەتی دیپۆرتکردنی پەنابەر و کۆچبەرەکان پێشنیار دەکات، وەك چۆن ئێستا لە پێش دەرگای ماڵەکەمان لە گوێتنگن و نۆرتهایم لە دژی پەنابەرە لوبنانییەکان دەیکەن(نزیکەی ١٢٠ خێزان و کەس، هەندێکیان لێرە لە دایکبوون هەڕەشەی دیپۆرتکردنیان لێ دەکرێت).....

ئامۆژگارییەکانی سیسموت ئەوەیە، کۆچبەرەکان ئەو کاتە ئیزنی مانەوەیان پێبدرێت، ئەگەر پێوەرە ئابوورییەکانی "سوودبەخشیان" پڕبکەنەوە. بۆیە ئێمە ئەمرۆ و ئێستا ئەم پرۆتێستە لە دژیان دەکەین.

هەر مرۆڤێك مافی ئەوەی هەیە بەخۆی شوێنی ژیانی هەڵبژێرێت، هەروا هۆی جیاواز جیاوازیان هەیە بۆ بەجێهێشتنی وەڵاتەكانیان: راكردن لە هەژاری، برسێتی، راونانی سیاسی و گەڕان بەدوای گارانتی پێداویستێكانی ژیان. كۆمسیونەكە چاوپۆشی لەم مافانە دەكات....

پەنابەرەكان مافی پەنابەریان لێ زەوتدەكرێت و زیاتر هەوڵدەدەن دیپۆرتكردنیان خێراتر بكەن( خێراكردنی دادگاییكردن و مامەڵەكانیان). ئەو كۆچبەرەی وەرەقەی رێپێدانی مانەوەی پێنەدرێت، دەیدەنە بەر نەعلەتی بەبێ مافی.......

ئێستا هەڕەشەی دیپۆرتكردن لە دەیان هەزار لوبنانی دەكرێت بۆ توركیا( ! !)....

مافی مانەوە بۆ هەموو

هیچ ئادەمیزادێك نایاسایی نیە.......

بەداخەوە دەبی بڵێم، ئێوە بەبێ ئەوەی نیازێكی خراپتان هەبێت لە بڵاوكردنەوەی ئەو هەواڵە، بەڵام دەبێت بە ماڵوێرانی بۆ ئەو كەسانەی برواى پێدەكەن. بەرێز قەرەنی قادر وەك بەرپرسیاری بواری سیاسی ماڵپەڕەكە، دەبوایە بایی ئەوەندە ئاگای سیاسی هەبا لە بارودۆخی پەنابەران لە ئەڵمانیا و بەگشتی لە ئۆروپا ، تا ئەو جۆرە درۆو دەڵەسانە بەسەریدا تێپەڕنەبێت. بەراستی مەسەلەی ئەو ووتارە زۆر پەیوەندی نیە بەهەڵەی وەرگێڕانی زاراوەی كۆچبەر بەپەنابەر و داواكەری پەنابەرێتی، وەك لە دووا روونكرنەوەكەتان هاتووە ! !دەبێ ئەوەیش بڵێم، مامۆستا قەرەنی نەدەبوایە رێگا بگرێت لە بڵاوكردنەوەی روونكردنەوەیەك كە تاقە ئامانجی دلسۆزی و پەرۆشییە بۆ راستی ووتن و هیچی تر!

٢٠٠١/٧/٧

## لیبراڵەكان، یونگە ڤێلت، فاشیستەكان، خاوەن كارەكان، بەشێك لە بزووتنەوەی ئاشتیخوازانی ئەڵمانیا لە گەڵ فاشیستەكانی بەغدا مارش دەكەن!

لە "ئەڵمانیای مۆدێرن و شارستانیدا وخاوەن بوندستاگی(پەرلەمان)ی بەناوبانگ لەناو جەرگەی ئۆروپا، هێزو خاوەن بەرژەوەندی سەرەكی یەكێتی ئۆروپا" بیرورا جێاوازەكانی، لەژێر ناوی هومانیزم و ئەلتەرناتیڤی شارستانیانەوە، لە هارمۆنییەكی دەگمەندا، سەرلەنوێ سیمفۆنیای بەهێزكردنی فاشیستەكانی بەغدا دەژەنن. شوێن: لاشە وهاوارو نوزەو ئازاری قوربانیان، زندانیان، گواستنەوەی زۆرەملی و پەنابەرە ناسراو ونەناسراوەكانی دەستی فەرمانڕەوای فاشیست لە عیراق. ئەم هێزانە گوایە دژی ئابلۆقەن لەدژی عیراق!

كۆمەڵەی ئەڵمانی=عەرەبی لە وەڵامی رەخنەی رێكخراوێكی ئەڵمانی لە سەرۆكەكەیاندا(یورگن مویلەمان، ریكلام بۆ سەدام دەكات) لە ٢٠٠١/٤/٣٠دا دەنووسن:" كۆمەڵەكەمان خۆی بە فۆغومێك(بوار) دادەنێت بۆ گفتوگۆی سیاسی، ئابووری، كلتوری، زانستی و سیاسەتی كۆمەڵایەتی لە نێوان ئەڵمانیا و هەموو ئەندامی كۆمەڵەی دەوڵەتە عەرەبییەكان. عیراق یەكێكە لە ئەندامی ئەو كۆمەڵەیە. ئەڵمانیا پەیوەندی دیپلۆماسی هەیە لە گەڵ كۆماری عیراق و بەبەردەوام گفتوگۆدان لە گەڵ حكومەتی ئەم وڵاتە. ئەڵمانیا= ئیمرۆش= پەیوەندی ئابووری لەناو عیراق هەیە... ئێمە لەم كاتە سەختەدا دەمانەوێت بە گەلی عیراقی دۆستمان ئەو هەستە دەربڕین، كەوا ئێستایش مرۆڤی وا هەن خەمی چارەنووسی سەختیان دەخۆن و هەوڵ دەدەن لە باری تەنگانەیان كەم بكەنەوە....

وەك دەبینن، ئەم رێكخراوە بەم شێوە ساكارە لە خۆیان دەدوێن. من لێرە پرسیار دەكەم: كام گفتوگۆی سیاسی و ئابووری؟ ئایا لەبارەی هەڵواسین و زیندانكردنی سەدان هەزار عیراقی گفتوگۆیان كردووە؟ ئایا لەباری قوربانیانی غازی

کیمیاوی ئەلمانی لە هەڵەبجە و ئۆپیراتسیونەکانی ئەنفال، لە گەڵ حکومەتی عیراق گفتوگۆیان کرد؟ ئەی لەبارەی سۆزانە سەرپەڕیوەکان یا دەست قرتاوەکانی بەرهەڵستکارەنی جەنگ؟ ئایا کۆمەڵەی ئەلمانی= عەرەبی لەناو خودی ولاتەکەیان جارێك پرۆتێستیان لە دژی سیاسەتی بەکۆمەڵ کوشتنی رژێمی عیراق لەماوەی ٣٣ساڵی دەسەڵاتی رەشیان رێکخستووە؟ ئەی لەدژی خاوەن کارەکانی درووستکردنی غازی کیمیاوی لە ئەلمانیا چییانکردووە؟ نەخێر. کۆمەڵەی ئەلمانی=عەرەبی دوورە لە سەرئێشانی ئەم جۆرە گفتوگۆیانە، ئەمانە زیاتر باسی پەرەپێدانی دۆست و برایانە لە گەڵ ولاتە عەرەبیەکان دەکەن، خۆیان لە بواری باروودۆخی سیاسەتی ناوەوەی ولاتەکان تێناهەڵقورتێنن! یورگن مویلەمان یەکێکە لەسەرانی حزبی لیبراڵە ئازادەکان، ئەمانیش کاریان بەسەر ئەنجامی پەیوەندییە ئابووریکانەوە نیە، گرنگ ئەوەیە کالاکان(هەرچییەك بن) بازاریان هەبێت! هەڵبەت لە نێوانیان ئەلمانیا و عیراق ئابووری و کالای جەنگ لەسەرووی هەموو بازرگانێکانی ترە.

راستی ئەم بۆچوونە لە نووسراوەیەکی تری ئەم رێکخراوە دەردەکەوێت:" ئێمە سەرلەنوێ شاندی ئابووری بۆ بەغدا دەبەین، پێش ئەوەی پارتنەرە(شەریك)ە ئۆرۆپی و ئەمریکایەکانمان بۆ ناو ئەم ولاتە نەوتییە برۆن(...) ئێمە تکا لە هەموو کۆمپانیە ئەندامەکانمان دەکەین، رێك لەکاتی گونجاوی خۆی، بەرژەوەندیان لەم کارە دەستنیشان بکەن. ریفەرانتەکانتە ئابووریەکانمان خەریکی نەخشەکێشانی پێشوەختن. لە لانی کەمەوە، خاوەنەکانی پیشەسازی ئەلمانیا لە گەڵ هاتنە سەر دەسەلاتی (جۆرج بوش) تێگەیشتن، کەوا کاتی خۆیەتی لە بازرگانی عیراقدا، دەست بەکار بن بۆ دەستپێشخەری سیاسی لە دژی پێشبڕکێکەران وسوود لە ئابلوقەی نەتەوە یەکگرتووەکان وەربگرن. کۆمەڵەی ئەلمانی=عەرەبی لە سەرەتای ئەم ساڵەدا پرۆتێستیانکرد لە دژی ئەمریکا، لە گەڵ عیراقی سەدام حوسێن و دوو سیمیناریان رێکخست لەبارەی ئازاری تسیڤیلی عیراق بۆ قسەکەرێکی حزبی بەعس(عەبدولکەریم ئەلهاشمی= لەرابردوودا، شالیاری پەروەردە، بالۆێزی عیراق لە بۆن و پاریس بووە و ئێستا سکرتێری رێکخراوی کۆمەڵەی دۆستایەتی، ئاشتی و هاریکاری)ە لە بەغدا...

لەلایەکی ترەوە، هەندێ رێکخراوی بزووتنەوەی ئاشتی و دژ بە ملیتاریزم و جەنگ وەك( شورای ئاشتی ئەلمانی، تۆری ئاشتی لە بادن= ڤیرتنبێرگ، ئارشیفی ئاشتی جیهانی ئافرەتان لە ئۆبەرهاوزن، هایدلبێرگە فۆروم دژی ملیتاریزم و جەنگ، ئاشتی، ئێستا، رێکخراوی پرۆگرێسی ئینتەرناسیول/ ڤین(ئی. پی. ئۆ) ...هتد، بەناوی هۆمانیزم و هاریکاری گەلاننەوە، بۆ کۆتایی هێنان بە حەسار، دەستیان ناوەتە دەستی راستڕەو و فاشیستەکان!

بە بێ ئەوەی ناهەقییەك بکەم، دەڵێم، گەر ئەم هێزە پاسیفیستانە بەراست ئاشتیخوازن، بەراست دژی ملیتاریزم و جەنگن، ئەوا دەبێ پێش هەمو شتێك، دەنگی خۆیان لەدژی جەنگە ناڕەواکانی بەعس بەرزبکردبا کە بە چەکی ئەلمانی بەرپای دەکرد، یا بەجدی لە دژی کۆمپانیاکانی چەکسازی لە ولاتەکەیان خەبات بکەن، ئەو کۆمپانیانە کە بە خوێنی سەدان هەزار کەس لەخەڵکی عیراق و کوردستان و ئێران و کووەیت گیرفانەکانیان پڕکرد!

میشائیل کونین، بەرپرسی جارانی ( ئێن. پی. دی= پارتی نەتەوەیی ئەلمانیا) لە گەڵ (لی پا) سەرۆکی حزبێکی فاشیست لە فەرەنسا لەکاتی جەنگی کەنداو، سەردانی"قارەمانی گەلی عەرب"بیان کرد، فرانز شونهوبەر(جاران، سەرۆکی پارتی کۆمارێکان بوو)فاشیست، گروپی گۆرانی فاشیست(Dies Irae, ERVOLK) پوولیان کۆکردۆتەوە و بانگەوازی شکاندنی حەسارەکەیان کردووە، راستڕەوێك وەك ئێلفرید میشتەرهایمە هەستاوە بە دامەزراندنی کاری ئاشتی ئەلمانی= عەرەبی(DAF). ئەم رێکخراوە"ئاشتیخوازە"یەکێکە لەوانەی بانگەوازی "فڕینی هاریکاری" لە دژی حەسار کردووە.

ئەم کابرایە شان بەشانی یوتا بورگهاردت(بەڕێوەبەری بەرنامەی خواردن جیهانی لە عیراق) کە دەستی لە کار کێشایەوە، پرۆفیسۆر شۆت، پرۆفیسۆر/دکتۆر زیگڤارت هۆرست گونتەر، کە کارتێکردنی خۆی هەیە لە نێو بزووتنەوەی ئاشتی،

توانی پلینۆمێکی پایه بەرز رێکبخات. ئەفسوس، چالاکەکانی ناو بزووتنەوەی ئاشتی، گرنگ نیه بەلایانەوە، کە(دی.ئا.ئیف) لەلایەن راسترەو و فاشیست و نەتەوەپەرەستە شۆرشگێڕکان وەك( هێنینگ ئایشبێرگ و رۆلف شتۆلس) دامەزراوە و ئێستایش تێدا چالاکی دەنوێنن، یا لە یادی دامەزراندنی حزبی بەعس لە ٤/٧ دەیانویست پێکەوە لە گەڵ باڵوێزی عیراق لە شاری ئولم ئاهەنگ بگێڕن(ئەم سمینار و ئاهەنگێڕانە تێکدرا).

سەیر ئەوەیە ئەکادیمی و زانا و حزب و کەسایەتی چەپ لەم گەمە سیاسییەی ئەلمانیا بەشداریان کردووە، وەك: پرۆفیسۆر. دکتۆر ئولریش ئەلبریشت،زانکۆی بەرلین، سکرتێری گروپی ئاشتی= لێکۆڵینەوەی گیروگرفت، پی.دی دکتۆر جۆهانس.ئیم.بێکەر، گروپی زاناکانی ماربۆرك لەپێناوی ئاشتی و لێکۆڵینەوەی چەککەمکردنەوە. ڤۆلفگانگ گێرکە، نوێنەری سکرتێری حزبی (پی.دی.ئێس). هایدی لیپمان(نوێنەری پی.دی.ئێس لە پەرلەمان). دەستەی نووسەرانی(مارکسستشه بلێتەر)، گۆڤاری فۆن ئۆسیەتسکی ... هتد.

ئەوەی ڕۆڵێکی زۆر تەرەسانە دەبینێت لەم پروپاگەندەیە بۆ فاشیستەکانی عیراق، رۆژنامەیەکی چەپی ئەلمانییەبەناوی(یونگە ڤێلت)ە.

من پرسیار لەم زانا و چەپڕەوانە دەکەم: ئێوە چیتان کردووە لە دژی ٥٦ کۆمپانیای ئەلمانی کە رادیکالانە عیراقیان پڕ چەك کرد؟؟ بە گوێرەی کام تیئۆری داوای ڕەوا دەکەن بۆ لابردنی حەسار، بەلاَم بێدەنگی دەکەن لە ئاستی تیرۆری دەسەلاَتدارانی عیراق؟

نەعوم شومسکی مامۆستای زانکۆ لە ئەمریکا، لە وەلاَمی پرسیاری: مۆتیڤی ئەمریکا و سیاسەتەکەی لەبارەی عیراق چییە؟دەڵێت: لە پێناوی نەوت، نەوت، نەوت، و جارێکی تر نەوت..... لە بانگەوازی کۆتایی بە حەسار لەسەر عیراق بهێنن، هێما بۆ وتەیەکی تری شۆمسکی و ئەدوارت سەعید دەکەن لەبارەی حەسار لە دژی عیراق< ئەمە سیاسەتی دەرەکی نیە، ئەمە حەسارى کۆمەلکوژییە> هەڵبەت ئەم وەلاَمە زۆر راستە، بەلاَم بەرژەوەندی و مۆتیڤی ئەلمانیا چییە لە پشتگیری و پێکەوە کارکردنی لە گەڵ عیراق؟؟ هەروا منیش دەڵێم: ئەنفال، هەڵەبجە، لەناوبردنی ٨هەزار بەرزانی، بۆردومانکردنی کیمیاوی ناوچەی ئەهوار، سیاسەتی ناوەوە نیە، ئەمە کۆمەڵکوژییە.

ئەم یەکانگیرییە، نە رێکەوتە و نەیش بۆ یەکەم جارە روویداوە. ئێرە ئەلمانیایە و ئەوەی زاڵ بێت، ئیدۆلۆژی ئەلمانیایە. فکری ئەنتی ئەمریکانیزم و"دەسەلاَتی جیهانی جوو" وای لێکردوون لە دژی ئەمریکا، لە گەڵ فاشییەتی عیراق رێکبکەون و سوودێکی گەورە بە ماشینی پروپاگەندەکەی بگەیەنن.

لە هەر هەمووی گرنگتر: لەشوێنێکی ستراتیژی و نەوتی وەك عیراق ، بە پلەی یەکەم، بازاڕی ئۆتۆمبیلی فۆلکس ڤاگن و مەرسیدس بێنزە، شوێنی چەك و فکری ئەلمانییە. بەرهەمی جەنەراڵ مۆتۆر و کۆنزێرنەکانی تری پیشەسازی ئەمریکا و بەریتانیا( رێژەیەکی زۆر نزم هەیە) شوێنی نیە لە بازاڕی عیراق.

ئەمریکا و بەریتانیا ئەمەیان پێ قبوڵ نیە.

لە سەردەمی نەزمی نوێی سیستەمی جیهان کە تێدا بازاڕەکان سەرلەنوێ دابەشدەکرێت، لە توێ ناکۆکێکانی ناو بەرژەوەندی تایبەتێکانی هێزە ئیمپریالیستەکان، ئەمریکا و بەریتانیا بەشی خۆیان دەوێت لە بازاڕی گەرمی نەوت و چەکی عیراق. ئەمە ناوکی هەموو ناکۆکێکانە !

ئەی ئێمە لە کوێ راوەستین؟؟

د. مونا، بەرپرسی بەشی پاتۆلۆگی لە زانکۆی بەغدا  گفتوگۆیەکیدا لەگەڵ رۆژنامەنووس کارین لێکەفێلد(یونگە ڤێلت)، دەڵێت: من لە بەکارهێنانی یۆرانیوم و کارتێکردنەکانی بەسەر ژینکە دەکۆڵمەوە. عەبدولکەریم ئەلهاشمی باسی نەبوونی نەخۆشی( polio ) سل و کۆلێرا دەکات پێش ئەم جەنگە. ئایا ئەم زانایانە رۆژێك لە رۆژان بیریان لەوە کردووە، کارتێکردنەکانی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی و بیولۆگی حکومەتەکەیان بکەن لەو شوێنانەی غازی کیمیاوی لێی بەکارهێنراوە یا لە جەنگی لەگەڵ ئێران؟؟

ئێمە لە بەرامبەری مێژووی خوێناوی و موحتەقەری ئەلمانیای تاوانبارین. ئەلمانیا پێشتر دەیانزانی ئیدۆلۆژی بەعس چییە، بەعس کێیە و چ دەکات، بۆیە لەبەر بەرژەوەندیە جیهانییەکەی و بەتایبەتی لە رۆژهەڵاتی ناوەراست، بەهەموو شێوەیەك لە دژی ئەمریکا پڕ چەکیان کرد.

کاتێك راسترەو، چەپ، لیبراڵ، ئەکادیمێکان و هومانیستە ئەلمانەکان و ئەوانەی وەك ئەمان بیردەکەنەوە، لە رێگای ژیان، چاویان کەوت بەشەڕی  دوو گەواد، دوو تاوانبار، دوو دەسەڵاتی پێشێلکردی مافی مرۆڤ و یاساکانی نەتەوە یەك نەگرتووەکان، لایەنگیری گەواد و تاوانبارێکیان کرد. ئێمە ئەم کارە ناکەین.

ئێمە وەك تاقە دەنگی ژێردەستەکان، وەك قوربانی دڕندەیی رژێمی عیراق و حەساری ناتۆ، درێژە بەخەباتمان دەدەین لە دژی تیرۆری رەشی رژێمی فاشیستی عیراق و ئابلوقەی ئەحمەقانە و زیرەکانەی ئەمریکا.

رژێمی عیراق بێت یا ئەمریکا: کۆمەڵ کوژ، کۆمەڵ کوژە، تاوانە پشتگیری لە لایەکیان بکرێت لە سەر حیسابی ئەوی تر، ئەوەی ئەم کارە بکات، خۆی دەکات بەبەشێك لە ماشێنی کۆمەڵکوشتن. بۆیە دەبێ بە هەموو شێوەیەك، بە گوێرەی توانامان، رسوای ئەوانە بکەین کە" فرینی هاریکاری"یان رێکخست و ئەوانەی لە بەرژەوەندی رژێم کاردەکەن، ئەگەر زیاتر لە رسواکردن پێدەکرێت، ئەوا نابێ دریغی بکەین!

تا نووسینی ئەم ووتارە، هەوڵەکانی رژێم و دارودوستەکانی لە ئەلمانیا لەلایەن جەماوەری خەڵکی عیراق و کوردستان( حزبی و سەربەخۆ)کان لە گەڵ رێکخراوی میدیکۆ ئینتەرناسیونال تێکدران.

ئێمە وەك تاقە دەنگی جوان و مرۆیانە، وەك تاقە ئەلتەرناتیز بۆ هەڵویستی درووست لەبەرامبەر دکتاتۆرییەت و حەسار، داوا لە جیهاندەکەین: سۆلیداریتێت لە گەڵ قوربانیانی هەردوو تاوانبار بکەن!

سەلام عەبدوڵلا ئیبراهیم

٢٠٠١/٦/٣

بۆ نووسینی ئەم وتارە، زۆر سوودم لەم سەرچاوانە وەرگرتووە:

١/ Allianz der Schnauzbärte. Horst Harnisch. Konkret

٢/ دوو رۆژنامەی یونگە ڤێلت

٣/ بانگەوازی: کۆتایی بهێنن بە حەسار دژی عیراق

٤/ نووسینێکی کۆمەڵەی ئەلمانی=عەرەبی

لە کوردستان بێت، یا لە وڵاتەکانی ئۆروپا، دەسەلاتی باوکسالاری تەنها،

تیرۆرو زەوتکردن، سووکایەتی

وچەوسانەوەی ئافرەتانی لێدەبێتەوە

هەندێ حزب وگروپ وکەس هەن لە کوردستان ولە دەرەوە(هەندێکیان خۆیان بە حزب یا کەسانی چەپ دەزانن، هەندێکیان بە دیموکراتی سەرسەخت،تەنانەت هەندێ ئافرەتی لیبرالّی و"تازە ئۆروپێکان"، کە یەکێك لە گەلّیاندا قسە وباسێك بکات، دەلّێن: "ئێمە ئێستا لە ئۆروپاین!"، کوردانێك، ئەوەندە هەست بە دوونییەت دەکەن، ئامادە نین لاپەڕەیەك بە زمانی کوردی بخوێننەوە!، تەنانەت هەندێ لە پۆست مۆدێڕنەکان، لە گۆڤارە بەناوبانکەکەیاندا، کوردستان بە"ئەشکەوتێك دەشوبهێنن، گوایە مرۆڤەکانیشی تەنها سێبەری شتەکان دەبینن... ئێستا لە....واتە لە دەرەوەی ئەشکەوتەکەن ولەسەر دنیا دەدوین... هتد. ئەمانە وا دەزانن بە باسکردنی هەندێ میتۆدی فکری تر ئۆروپی، کوردستان بۆ پێشەوە دەبەن، لە نوسینەکانیاندا، دەیانەوێت ببن بە رێگر لەبەردەم میتود ومێژوو وخەباتی کۆمۆنیستەکان، ئەمانە ئالآی دژ بە شیوعییەتیان هەلّگرتووە، وبەدەست وبە قاچ دەکەونە بەر پێلآوەکانی"ئاغا سپێکان"...)، بەهەمان شێوەیەش لە مێشکی گەندەلّی راسست وئۆروسێنترستەکان، بارودۆخی ئافرەتان لە ئۆروپا بە بەهەشت دەزانن و وا باسی دەکەن، گوایە ئافرەتان لێرە ئازادیان هەیە، گوایە تەنها لە کوردستان، ئەفغانستان، پاکستان و ئێران باوکسالاری حاکمەو تاوان دژی ئافرەتان دەکرێت. بۆیە لێرەوە کەمپینی هاوپشتی لە گەلّ ئافرەتانی جیهانی سێ رێکدەخەن، بەبێ ئەوەی ئاورێك لە جەهەنەمی نامۆیی وزەبروزەنگ دژی ئافرەتان لە ئۆروپا بدەنەوە: ئەرێ ئەمانە خۆیان بە پەیامبەری"ئازادی، مافی مرۆڤ... دەزانن و تەنها بۆ خۆیان مۆنۆپۆلّیان کردووە، بۆیە جیهانی سێ دەبێ لە بواری تیئۆری گوێ لە ئەمانە بگرێت، لە بواری ئابووری، پلانەکانی ئەمان جێبەجێ بکات، مۆدێلی جلوبەرگی ئەمان لەبەر بکات، کە برسیشمان بوو، ئەوا رەحمەتی سەندوقی دراوی جیهانی فریامان دەکەوێت، تەنها ئەوە نەبێت نەختێك فایز لەسەری وەردەگرن. لە کاتی شەڕیشدا، هێزەکانی ئەمان دێن بۆ کۆتابی پێهێنان بە"دڕندایەتی ئێمە"، کە پێویستمان بە چەك هەبوو، ئەوا جبەخانەکانیشیان بۆمان والآ دەکەن، لەم حالّەتەش ئەگەر پوولی کڕینیشمان پێ نەبوو، ئەوا شەرکەتەکانی بیمە، دێنە پێشەوە وبازرگانییەکەمان بۆ سانا دەکەن. ئەمە رووخساری درژی گەمەکەیە، ئەوانەی ناوم هێنان، هەلّدەستن بەم یارییە، منیش ئەوەندە دەلّێم: فەرموون ئاغایان، گەمەی خۆتان بکەن، بەلآم بە گوێرەی توانام، ناهێلّم بەبێ رسواکردنتان لەبەردەم جەماوەری خەلّکی کوردستان، تێپەڕن!

لێرەدا من بە پێچەوانەی ئەوان، دەلّێم: تاوان، زەوتکردن، چەوسانەوەی ئافرەتان لە کوردستان، ولآتەکانی ئۆروپا ولە هەموو جیهان بەهەمان ئەندازە هەیە، تەنها لەهەندێ لایەن، سستێم، مۆتیڤ و ئیدولۆژییەکانیان جیاوازن.لە کوردستان لە ژێر پەردەی ئیسلام ویاسای کۆنەپەرستانە بە شێوەیەك پەیرەو دەکرێت ولە ئۆرپای مەسیحی ودیموکرات ومافی مرۆڤ بە شێوەیەکی تر، بەلآم باوکسالاری لێرە بێت یا لەوێ، لە ژێر هەر ناووناتورێکەوە بێت، هەمان سەرئەنجامی لێدەبێتەوە: تیرۆر، زەوتکردن، سووککردن، کرێی کاری کەمتر وهەموو جۆرەکانی چەوسانەوە دژی ئافرەتان). بۆ من گرنگ ئەوەیە: ئەم تاوانانە لەهەموو قوژبنێکی دنیاو هەموو رۆژێك دەکرێن، سەرەرای جیاوازی شوێن، کلتور، ئاین، پلەی گەشەسەندن تا ئەمڕۆ تاوانبارەکە هەر پیاوە( من نالّێم هەموو پیاوان وا دەکەن).

بەبەلّگەی رۆژنامەو گۆڤارەکانی خۆیان، هەوالّە دلّتەزێن وکارەساتەکانی ژیانی ئافرەتانی ئێرەی(ئەلمانیا وەك نموونە)دەخەمە بەرچاو. لە ئەمڕۆوە(٢٠٠١/٢/٦) ئەم دەستپێشخەرییە دەکەم، هیوادارم خوشکان وبرایانی شەیدا بۆ بەشداریکردن لەپێشاندانی راستییەکانی باوکسالاری ونابوتکردنی سیستێمی سەرمایەداری، ودەرخستنی ئەلّتەرناتیڤ بۆ ژیانێکی شایستە بۆ دایك وخوشك وهاوسەرو هاورێ ومندالّەکانمان، بەشداری ئەکتیف بکەن لە هەوالّ وراپۆرت نووسین، دەربارەی تیرۆر دژ بە ئافرەتان لەو وەلآتانەی تێدا دەژین. کاتێ لە کوردستان بووم، بۆ پشتگیری لێکردنی کاروانی

ئاشتی، سەرماندا لە رێکخراوی ئافرەتانی کوردستان لە سلێمانی، بەرێز کافیە خان، پەروین وچەند خوشکێکی تر پێشوازیان لێ کردین و پشتگیری خۆیانیان پێشاندا. لە کاتی گفتوگۆکەمان، هاتینە سەر بابەتی بارودۆخی زەبروزەنگ دژی ئافرەتان. لەم دانیشتنەدا بەهەمان بۆچوون ومەبەستی تیئۆری ئەم بابەتە، بیروراکانم دەرخست. خوشکە کافیە وئامادەبووانی تر لەم بارەیەوە هاوبیرم بوون و پێشنیارەکەم بۆ بلاوکردنی هەوالی زەبروزەنگ دژی ئافرەتان لە ولآتانی تری دنیا وبەتایبەتی لە ولآتانی ئۆروپا بە باش هەلسەنگاند). من لێرە بەلێنەکەمیان بۆ جێبەجێ دەکەم. هیوادارم لە کوردستانیش کەمپینی سۆلیدارتێت لە گەل خۆشکە ئۆروپییەکانیان، لەدژی وەحشیگەری باوکسالاری لە ولآتانی "کۆمەلگای مەدەنی و مافی مرۆڤ و لانکەی دیموکراتییەت وشارستانییەت" ئۆرگانیزە بکەن ! !

********

رۆژنامەی (بیلد)، رۆژانە نزیکەی دوو ملیون دانەی لێدەفرۆشرێت، رۆژنامەیەکی ئاست نزم وراسترەوە ! هەوالەکان بە کورتی وەریاندەگێرم

*بیلد لە۲۰۰۱/۲/۷:هاینریش. ئیس، تەمەن ٥٧، خەلکی موینشن، لەکاتی نوستندا سەرین دەخاتە سەر رووی هاوسەرەکەی(تیریزا. ئێس)ودەیخنکێنێت. هاینریش ئاغا ئەم تاوانە لەبەر خاتری دەزگیرانە تازە و گەنجە کینایەکەی (۲۹ سال)پێهەستاوە.

* کاك هۆشیار بەم شێوەیە باسی بەرنامەی(من مێرد بە ملیونێر دەکەم) بۆم دەکات: بەرنامەکە داوای ٥٠ ئافرەتیان کرد، بەلآم هەر جارێك نزیکەی٥٠٠٠٠هەزار ئافرەت دەیانویست بەشداری لەم بەرنامەیە بکەن. ملیونێرەکە لە ناو کابینەیەك دادەنیشت، کەس نەیدەبینی وهیچ ئافرەتێك بۆی نەبوو ببینێت یا پرسیاری لێ بکات یا بزانێت تەمەنی چەندە، ئیش و کاری چی دەکات، بەپێچەوانەوە پیاوەکە بۆی هەموو پرسیارێك و داواکارییەك بکات. گرنگ ئەوەیە کابرا ملیونێرە....

*تۆلگە و یانا، دوو کچی لیتوانین، دوو گەنج هاتوون بۆ ئەلمانیا کاربکەن، بۆ ئەوەی مەرەخەسی کارکردن وەربگرن، ناچاربوون بگەرێن بۆ مێردکرن و خۆیان دەفرۆشت( ئەم دوو ئافرەتە نموونەن بۆ سەدان هەزار ئافرەتی رۆژهەلآتی ئۆروپا، سەدان هەزار ئافرەتی لاتین ئەمریکایی، ئەفریقایی وباشووری رۆژهەلآت کە بەم شێوەیە دەژین، بگرە زۆر خراپترو وەحشیانەتر مامەلەیان لەگەل دەکرێت. رەنگە ئەم دوو کچە لەبەراوردکرنیان لە گەل ئافرەتانی تردا، زۆر بەختەوەرتر بن! !کابرایەك مالێکی بۆ بە ئیجار گرتبوون، و خواردنی بۆ دەکرین، بەرامبەر بەوە لە گەلیاندا رایدەبوارد، لەپاشاندا دەرکران! !

(۲)

ئەم وەحشیگەریانە لێرە دەیخوێننەوە، لە سلێمانی یا لە هەولێر رووی نەداوە، لە بنکەی"شارستانییەت، دیموکراتی ومافی مرۆڤ" روویانداوەو بەچەندین شێوە هەموو رۆژێك دووبارە دەبنەوە:

*کرستینە، تەمەن١١سال، خەلکی (شترویکلینگ)ە لە ٣/١٦وە بزر بیوو. پاشان دەرکەوت پیاوێك رفاندویەتی، زەوتیکردبوو بەچەقۆ برینداری کردبوو، پاشان خنکاندبووی، ئەم مندالە بە مردوویی لەناو دارستانەکانی(ئیمسلاند) دۆزرایەوە.

– ئەم زانیاریانە لە مالپەری Frauennews وەرگیراون–

* یوفۆنا، تەمن ١٢ سال، لە یولی١٩٩٥دا،لە پینۆچەرزی(براندنبۆرگ)، لەلایەن پیاوێکەوەزەوتکرا وپاشان کوشتبووی..

* ئانێتە،تەمەن ١٥ سال، لە ١٩٩٥دا لە(شتاین هودە)زەوتکرابوو وپاشان کوشتبوویان. تاوانبارەکە ئیستایش دەستگیر نەبووە.

* ماریا، تەمەن٧سال، لە نۆڤەمبەر/١٩٩٥ رەفێنرا و زەوتیانکردبوو و پاشان کوشتبوویان.

* ئەلمەدینە، تەمەن٦ساڵ، لە مانگی دووی/١٩٩٦ لە(زیگن) رفاندیان، زەوتیانکردبوو پاشان کوشتبوویان.

* کلاودیا، تەمەن١١ساڵ، لە مانگی٥/١٩٩٦ لە(گریچن برۆیش) رفاندیان و پاشان سووتاندبوویان.

* ناتالیا،تەمەن٧ساڵ، لە سپیتەمبەری/١٩٩٦(ئیفاخ/ئۆبە بایرن) زەتکرابوو و پاشان خنکاندبوویان.

*کیم، تەمەن٧ساڵ، لە بەنوەری/١٩٩٧دا لە (فیرل/فریسلەند) رفێنرا و پاشان خنکاندبوویان.

* لۆرن،تەمەن٩ساڵ، لە یولی/١٩٩٧. هەمان چارەنووس.

* جێنیفەر،تەمەن١١ساڵ لە یەنیوەری ١٩٩٨. هەمان چارەنووس.

*کارلە،تەمەن١٢ساڵ، لە مای/١٩٩٨. هەمان چارەنووس.

* کرستینە، هەمان چارەنوس.

* جێسیکا، لە ئۆکتۆبەر، زەوتکرابوو و پاشان کوشتبوویان.

ئەم ئامارانەی خوارەوە لەسەر زەبروزەنگی سێکس دژی منداڵان، لەلایەن بنکەی منداڵپارێزان/شاری هامبۆرگ لە ١٩٩٦دا ئامادەکراوە.

٤٠٪ تاوانبارەکان باوکی منداڵەکان

١٨٪ ناسیاو وبرادەر و هاوسێ

١٤٪ دۆستی دایکی منداڵەکان

١١٪ خزمی نێرینەی منداڵەکان

٥٪ پیاوی نەناسراو

تێبینی: ٢/٣ قوربانیان مێینەن

---

<u>هەواڵەکانی١٢/٢/٢٠٠١ ڕۆژنامەی بیلد</u>

*ئینۆڵ شتات: کرستینا(٣٩ساڵ) و هانز پیتەر(٤٢ساڵ) پێش ٢٢ساڵ مێردیان کردووە. ئافرەتەکە جیابووەوە و بۆ خانویەکی تر گواستبیەوە. پاش چەند رۆژێك گەرابووەوە بۆ ماڵی پیاوەکەی، جلوبەرگەکانی ببات، هاوسەرەکەی بە چاقۆ کەوتە گیانی وکوشتبووی. پاشان خۆیشی کوشتبوو. ئەم خێزانە دوو منداڵیان بەهەتیوی لە دوای خۆیان بەجێهێشت.

*فرانکفۆرت: خاوەن ستۆدیوی سێکس(٤١ساڵ) لە ماڵەکەی خۆیەوە، بەتەلەفۆن پەیوەندی بە پۆلیس کرد"خێرا وەرن"... پیاوێکی(٤٦ساڵ)ە لەناو ستۆدیوکە لەناو گۆمی خویندا بوو. یەکێك بە چەکوش بەسەریدا کێشابوو. تاوانبارەکە دۆستە کۆنەکەی خاوەن ستۆدیوی سێکسە بوو کە لە دیسەمبەری ساڵی رابردوو لێی جیابووەوە.

ڕۆژنامەی(بیلد) لە ١٣/٢/٢٠٠١

*دۆرتمۆند: پاش دە ساڵ هاوسەری، کرستینە(٣٤ساڵ) لە پیاوەکەی جیادەبێتەوە. لە دوا پێگەیشتنیاندا، یورگن.پ(٤٢ ساڵ، پسپۆری کۆمپیوتەر) کریستینە دەخنکێنێت ولاشەکەی دەخاتە جانتایەك، بۆ ئەوەی بە ئۆتومبیلەکەی بیبات ولەناو دارستانێك فرێی بدات...

<u>گەورەترین یانەی منداڵ زەوتکردن ئاشکرا بوو</u>

# <u>پرۆفیسۆرێكی زانكۆی ئەڵمانیش دەستگیركراوە</u>

لەندەن: ناوی یانەكەیان زۆر بێ مەزەرەت دەهاتە بەرچاو(Wonderland Club) واتە یانەی وڵاتی سەرسەرهێنەر. بەڵام لە پشتی ئەم ناوەوە، گەورەترین بازنەی منداڵ زەوتكردن خۆی حەشار دابوو. ئەم یانەیە، سەرۆك، بەرپرسی دارایی، دەستوریشیان هەبوو. یەكێك لە مەرجەكانی وەرگرتنی ئەندامی نوێ: دەبێ هەر ئەندامێكی نوێ، 10000هەزار وێنەی پۆرنۆی منداڵان لەژێر تەمەنی ١٣ ساڵ لە گەڵ خۆی بهێنێت. ئێستا حەوت كەس لە رێكخەرانی ئەم یانەیە بۆ ماوەی ١٢–٣٠مانگ سزای زیندانیان لەسەر درا.یانەكە ئەو كاتە ئاشكرابوو،(Allison)ی تەمەن ٨ساڵ لەلایەن باوكی ناسیارێكیەوە زەوتدەكرا وراستەوخۆ لەبەردەم كامیرا ڤیدیوی ئینتەرنێت پێشانی دەدا. پۆلیس لە ١٤ وڵات لەهەمان كات هێرشیان بردە سەریان ولە ١٨٠ئەندامی یانەكە، ١٠٧ ئەندامیان دەستگیركرد، یەكێكیان پرۆفیسۆری زانكۆیەكی ئەلمانییە. ئەم ئەكتسیونەی پۆلیس، لە ئەكتە نهێنییەكانیاندا ناوی ( ئۆپێراتسیونی كاتدراڵ) بوو. ئینتەرپول دەستی گرت بەسەر ٧٥٠ هەزار وێنە و ١٨٠٠ ڤیدیوی كۆمپیوتەر كە زەوتكردنی سێكسی ١٢٦٣منداڵ پێشاندەدەن. پۆلیسێكی ئۆسكۆت لێندیارد وتی: ئەمە خراپترین شت بوو بینیبێتم، زۆربەی قوربانیان، لەژێر تەمەنی ١٠ساڵ بوون و یەك كۆرپەیەكی ٣مانگیشی تێدا بوو.

(ئەم هەواڵە لە گەڵ وینەی شەش كەس لە تاوانبارەكان بلاۆكرابووەوە. تەواو).

بۆ ئینفۆرماتسیونێكی زیاتر: پێش چەند ساڵێك لە شاری گوێتنگن(ئەلمانیا)، دایك و باوكێك گەوادیان لەسەر كۆرپەكەیان (٢–٣مانگان)دەكرد، رۆژنامەنووسێك كامێرای شاراوەی لە گەڵ خۆی هەڵگرتبوو و لە گەڵیاندا مامەڵەی دەكرد. هەموو قسەكانشیان تۆماركردبوو. ئەمە لە تەلەفزیون پێشاندرا.

*لەسەرووی ئەم هەواڵە وێنەیەكی رووتی(Kate Moss)لە گەڵ قسەیەكی بلاوكراوەتەوە. تێدا دەڵێت: بازرگانەكانی مۆدەی جلوبەرگ منیان فێری ماددە بێهۆشكەرەكان كرد.

*لایبزك: هارالد.ئیم(٥١ساڵە) لەماڵەكەی خۆی لە گروینـاو١٦بە مردووی دۆزرایەوە. راپۆرتەكە هۆی كوشتنەكەی دیاریكردووە: دڵپیسی! ! !

* رۆژنامەی بیلد لە ٢٠٠١/٢/١٥

* بەرلین: ئەندریاسی تانبار لەبەردەم دادگا: پیاو دەتوانێت بەرووی كیژی بەدكار، بەدكاری بكات.

ئەندریاس. گی(٢٧ساڵ)٤٠جار چەقۆكەی كێشاوە بە گیانی كچە پورەكەینینا(١٤ساڵ) وپاشان لەسەر لاپەرەیەك نووسیبوو"سەفەر سەلامەت"ولەسەر لاشەكەی بەجێ هێشتبوو.

* بێرتۆ. بی(ساڵ٣٦)رفێنەرەكە سۆفیا. ڤی(٩ساڵ)، دانی نا بە دوو تاوانی تری زەوتكردن.

فرانكفۆرت: ئەم شەو لە فریدبێرگ، میكە یۆت، بۆ پۆلیس تەلەفۆنی كرد: كارێكی خراپم كردووە، ئۆتومبیلێك بنێرن.

كاتێك پۆلیس دەگەنە لای، دەبینن، هاوسەرەكەی ودایكی كوشتووە...

*رۆژنامەی(هامبۆرگە مۆرگن پۆست لە ٢/١٩)،هامبۆرگ: سڤێن بویتشە(٣٢ساڵ)خۆشەویستە كۆنەكەی وهەردوو كچەكەی دورێتە(١٤ساڵ)ومۆنیكا١٥)دەكوژێت. تەنها نیكۆلیتا(١١)لەدەستی ئەم تاوانیارە رزگاری بوو.

ئەم تاوانە لە٣١/ئۆگۆستی ساڵی رابردوو روویدا وسبەی لە هامبۆرگ دادگایی كردنی سڤێن دەستی پێدەكات.

- ڕۆژنامەی(بیلْد)لە٢/١٩،(ڤیزبادن): تۆبیاس.ئۆ(٣٠ساڵ) پەنجەرەی ماڵی هاوسەرە لێجیابووەکەی شکاند وچووە ژوورە. تۆبیاس مێشکی لەسەر نەما کاتێك هاوسەرە نوێکەی ئافرەتەکە دەبینێ. یەکسەر دەست بۆ دەمانچەکەی دەبات ودەیداتە بەر فیشەك وبەسەختی برینداری کرد.پاشان خۆی تەسلیم بە پۆلیس کرد.
- ڕۆژنامەی بیلْد لە ٢/٢٠: کۆرپەیەکی دوو ساڵانە زەوتدەکرێت

هامبۆرگ: خێزانێك بۆ شایی ناسیاوێکیان لە لوینەبێرگ مێوانی دەکرێت. شەو دوو منداڵەکەیان بۆ نووستن دەبەن. لە کاتی سەردانی دڵنیابوون لە نووستنی کورپەکانیان، دەبینن، یەکێکیان دیار نیە. بەپەرۆشییەوە بۆی دەگەڕێن، دەبینن کابرای(٥٠)ساڵە زەوتی بەبەکەی کردووە ! ! ...

- ماینز: پیاوێك دۆستە کۆنەکەی دەداتە بەر چاقۆ، پاشان بە ئۆتومبیلەکەی خۆی قوتار دەکات، بەڵام ئەوەندە بە پشوکاوی وبە خێرایی لێیخوڕیبوو، لە پێشگری کنار پردێکی کێشا وگیانی لەدەستدا.

((سوێد دەخۆن کە ئەم کابرایە نە موسلمان بووە و نەیش ڕۆژهەڵاتی، بەحەوت پشتە ١٠٠٪ ئۆرووپی بووە ! !))

## مۆدێرن ومەدەنییەت ! !

لەکاتی ئەم نووسینەدا، بیروبۆچوونی خوشکێکی بەرێزم بەناوی گەشاو مەحەمەد(لێپرسراوی سەنتەری پارێزگاری لە ژنانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات، نوێنەری ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان لە ئەلمانیا وئەندامی کۆمیتەی ئەلمانیای ح. ك.ك.ا. بەباشی دەزانم سەرلەنوێ وتارەکەم لێرەیش شوێنی بۆ بکەمەوە، هیوادارم بۆ هەمووماندن سوود بەخش بێت. ئەم نوسینە وەڵامێکە بە بۆچوونەکانی خوشکە گەشاو لە بڵاوکراوەی یەکسانی(ئۆرگانی ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان، ژمارە٢٦، لاپەرە ٣):

پاش ئەوەی گەشاو خان، باسی قەدەغەکردنی لێدانی منداڵ دەکات لە ئۆروپا، یا چۆن ئۆرووپێکان بە قیزەوە تەماشای ئەو کەسە دەکەن، ئەگەر بەبەرچاوی خەڵکەوە پێ بنێ بەسەر کۆترێك یا هەر ئاژەڵێکی تر، تەنانەت گەر ئاژەڵەکەش زیانبەخشیش بێت، بە دڕندەو نەخۆش چاوی لێدەکەن...هتد، نووسیویەتی: من ئەم قسانەم بۆیە کرد، هەتا پێویست بەوە نەکات، قسە لەسەر ئەوە بکەین، کە کوشتنی ئینسان چۆن تەماشای دەکرێت لە نێو خەڵکێکی ئاوها مەدەنی و مۆدێرندا...

ئەگەر ئەم خوشکە بەیناوبەین تەماشای ڕۆژنامەی(بیلْد)بکات، نەختێك بۆی دەردەکەوێت، لەناو ئەم کۆمەڵگا زۆر مەدەنی ومۆدێرنەدا، ڕۆژی چەند ئافرەت دەکوژرێت، زەوتدەکرێت، بریندارو سوکایەتی پێدەکرێت. هەروا سوودێکی زۆر وەردەگرێت، ئەگەر بڕوات سەر لە(ماڵی ئافرەتان)بدات، بۆ ئەوەی بەچاوی خۆی ببینێت، چەند هەزار ئافرەت لە دەستی پیاوە مۆدێرنەکانیان، پەنایان بۆ ئەو ماڵانە بردووە ! ! گومانیشم لەوە نیە، کەوا بۆچوونەکەی خۆی ڕەتدەکاتەوە، ئەگەر چاوێکیش بەنەخۆشخانە دەروونییەکانیش بگێڕێت، تا ببینێت چەند هەزار ئافرەت توشی نەخۆشی دەرووی هاتوون لەناو کۆمەڵگای مەدەنی ومۆدێرندا. نازانم خوشکی خۆشەویستم چاوی گێڕاوە بە لاپەرەی ڕۆژنامەکان، کە لە لانی کەمەوە ١-٢لاپەرەیان تەرخان کردووە بۆ سۆزانچێتی وبەخۆهەڵدانی ئافرەتان، بۆ ئەوەی پیاویان دەستبکەوێت، یا چۆن بە ڕێگای ڕۆژنامەوە بۆ خۆشەویستی وشووکردن دەگەڕێن؟؟!(ئازادییە وئازادی...). شان بەشانی ئەمانەیش، وێستگای پاسەکان، سەر دیوارەکان، گۆڤارەکان، لەسەر بەرگ یا لەسەر لاپەرەکانیان، چی ڕیکلامی ئۆتۆمبیل، تەلەفۆن...هتد وێنەی ئافرەتێکی ڕووت بڵاودەکەنەوە. ئایا ئەمە وەحشیگەری نیە، ئافرەت(دایك، خۆشك، هاوسەرو منداڵەکانمان، هاورێی کار وفکرو بەگشتی ژیان) بەو شێوەیە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت؟ ئایا ئەمە مەدەنییەت ومۆدێرنیتەیە؟چ جیاوازییەك هەیە لە نێوان کوشتن، تەحقیرکردن،زەوتکردن وسووککردنی ئافرەتان لە کوردستان ولێرە یا هەر شوێنێکی تر؟

پێش سێ هەفتە(لە کاتی نووسینی ئەم ووتارە)لەشاری هامبۆرگ٧٠٠پۆلیس هەستان بە گەورەترین هێرش وپشکنین لە دژی ئەو ئافرەتانەی وا بەرەش( باج نادەن)کاری سۆزانی دەکەن، زۆریان بە کۆمەڵ دەسگیرکران. زۆربەیان خەڵکی پۆلەندا، روسیا،چیک، سلۆڤاك وخوارووی رۆژهەڵاتی ئاسیا بوون کە یەکسەر سنووورداش دەکرێن. کەناڵەکانی تەلەفزیون بەشانازییەوە ئەم"چالاکییە قارەمانای پۆلیس"پێشاندەدا. ئەم ئافرەتانە لەلایەکەوە هەژاری ونەبوونی پاڵی پێداون لەشیان بفرۆشن، بۆ نموونە یەکێکیان ووتی"لەرۆژی لەدایکبوونمدا پارەم نەبووە دوو ناسیاوم مێوانداری بکەم" لەلایەکی تریشەوە کەوتوونەتە داوو فێڵی مافیای پیاوە مەدەنی ومۆدێرنە گەوادەکانی ئۆروپا. بۆ ئاگاداریی‌ەکی زیاتر: سۆزانەکان بۆیان نیە شکات لە گەوادەکان بکەن، دادگا بڕوا بە قسەکانیان ناکات! بۆ ئاگاداریی‌ەکی زیاتر: ساڵانە نزیکەی٣٠٠-٤٠٠هەزار پیاوی مۆدێرنی کۆمەڵگای مەدەنی بۆ سێکس لەگەڵ کچی منداڵ، بۆ فیلیپین وتایلەند سەفەر دەکەن.

بەراستی نازانم، ئایا پێویست بەوە دەکات بنووسم، کە ئافرەتی کرێکار کرێی کەمتری پێدەدرێت لە پیاوی کرێکار؟. ئایا دەزانیت داگیرکردنی ئەلمانیای رۆژهەڵات بووە هۆی ئەوەی زۆربەی ئافرەتەکان بێکار بکرێن؟(ئافرەت بۆ ناو موبەق وبۆ منداڵ بەخێوکردن"ئەی ئافرەت مەکینەی منداڵ درووستکردن نیە"!!)،بۆچی سەردەمی خەلافەت وشەڕی خاچپەرستەکانە(ئەم دەربڕینە بۆ کوردستان بەکاری هێناوە)لە ئۆروپای مەدەنی ومۆدێرندا ئافرەتان بەم جۆرە بکوژرێن وسوك ورسوا بکرێن؟

دەسەڵاتی باوکسالاری لێرە وەك کوردستان باڵادەستە. جێگای شەرمەزارییە ئافرەتان بەلایەکیان رازی بن. هەروا گومانم نیە لەوەی کەوا لە کوردستانیشدا، کەم نین ئەوانەی دژ بە زەبروزەنگ وتاوان وسووککردنی ئافرەتان خەبات دەکەن، بەڵام بەس ناکات،دەبێ ئافرەتان هوشیارترو کونجاوترو زیاتر فشار بهێنن بۆ دامودەسگاو ئیدۆلۆژییە باڵادەستەکان وپەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان... گرنگ ئەوەیە ئەمرۆ زیاتر لە جاران باسی ئەم لایەنە دەکرێت، ئەمە خۆی لە خۆیدا شۆرشێکە، هیوادارم فشارەکەتان زیاتر وبەرینتر بێت....

سەرکەوتوو بێت بزووتنەوەی دایك وخۆشك وهاوڕێ وخۆشەویستەکانمان!

*************************

*************

**ئەوە دەسەڵاتی باوك سالاری وئاینەکانیەتی،**

**کە لەسەر بنەمای موڵکایەتی تایبەت بونیادنراوە، ئەم هەموو تاوان و**

**زەبروزەنگ وسووکایەتی پێکردن وئەپارتەهایدە دژی ئافرەتان**

**بەرهەمدەهێنێت.**

---

## بزووتنەوەی ئافرەتانی بۆرجوازی

لە نووسینی کلارا زێتکین

بزووتنەوەی ئافرەتانی بۆرجوازی، کۆرپەی شێوەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریە ولەسەر بنەما ئابوورێکەی پێکهاتووە. ئەم بزووتنەوەیە هەڵگرو هێزی پاڵپێوەنەری هەوڵدانی هاوسانێتی کۆمەڵایەتی ئافرەتان لەناو ماڵ وخێزان لەناو دەبان. واتە لەناو بردنی مەرجەکانی خاوەندارێتی رێکخستنی کۆمەڵایەتی پێشووبوو، ئەو فۆرمە ژیانەی کە بڕیاردەری ژیانی ئافرەتان بوو و خستنی ژێر دەسەڵاتی پیاوان.

بنەرەتی ئەم گۆڕانکاریە بڕیاردەرە، بریتیە لە پێکهاتنی ئامێرو هێزی بەرهەمهێنان و پێشکەوتنی تەکنیکی ئابووری، کە

لەسەر زەمینەی بەکارهێنانی زانستیانە بنیات نراوە. ئەم پرۆسێسە لەنێو گەشەسەندنی شارە هاوچەرخەکان سەری هەڵداوە، لەنێو ئەو ئافرەتانە کە کاتی خۆی بەکاری نێوماڵ و گشتوکاڵیەوە خەریك بوون.

ئەم گۆرانکاریە نوێیەی ناو ئابووری کۆمەڵگای بۆرجوازی، مەتەرەسی سەرەکی بزووتنەوەی ئافرەتانی هاوچەرخ پێکهێنا و پێ بە پێی ئەم گۆرانکارییە،جەماوەری ئافرەتان گەشەیەکی بەرینی کرد، بەپلان ورێکخستن بۆ ئازادبوونیان،لەسەر ئاستی یاساو دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی پیاو، تێدەکۆشین وهەوڵیان دەدا بۆ یەکسانی مرۆڤانەی ئافرەتان لە گەل پیاواندا.

بزووتنەوەی ئافرەتانی بۆرجوازی بۆ داخوازی بنەرەتی یەکسانبوونی یاسایی وکۆمەڵایەتی سەرجەمی ئافرەتان لە گەل پیاواندا تێدەکۆشین. رابەرەکانیان لافی ئەوەی لێدەدەن کە بەئەنجام گەیاندنی ئەم داخوازیە بۆ هەموو ئافرەتان بەبێ جیاوازی، هەمان واتای ئازادیبوون هەیە.

ئەم بۆچوونە هەڵەیە. ئەم ئافرەتانە نابینن، یا نایانەوێت ئەو راستیە ببینن، کە بڕیاردەری راستی بۆ ئازادی کۆمەڵایەتی ومروڤایەتی، ئازادبوونە لە کوێلایەتی کۆمەڵگای بۆرجوازی...کە کۆمەڵگایەکە لەسەر شێوەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری بنیات نراوە، لەسەر ناتەبایی چینایەتی نێوان بۆرجوازی و پرولیتاریا دابەشبووە،لەسەر دابەشبوونی نێوان چەوسێنەران و دەسەڵاتداران لەلایەکەوەو چەوساوەکان وژێردەستەکان لەلایەکی ترەوە. لێرەدا سەر بە ئەو یا ئەم چین، دوا بریاردەرە بۆ بارو شێوەی ژیانی ئافرەتان، نەك یەکێتی ئافرەتان وەکو جەستە. ئەو یەکێتیە لە خزمەتی دەسەلاتدارو بریارەکانی پیاوەکاندایە و کەم تا زۆر ئافرەتان بە بێ مافی دەمێننەوە ودەچەوسێنەوە .

یەکسانی جەستەیی و رووکەشانەی ئافرەتان لە گەل پیاواندا، لە تێکستە یاساییێکاندا بۆ ئافرەتانی ژێر دەستە وچەوساوەکان، هەروەك پیاوانی هاوچینەکانیان(کرێکاران وزەحمەتکێشان)،سەرەرای لەیەکچوونی گیانیان لەگەل پیاوانی بۆرجوازیدا، دووپاتی هیچ یەکسانی وئازادیەکیان ناکات. هۆکانی ئەم جیاوازییە، لە بنەرەتی ناکۆکیە چینایەتێکاندایە،واتە موڵکایەتی تایبەت. ئەوانەی وا بەراستی وبەکردەوە، داخوازی رزگاری ویەکسانی تەواو دەکەن،دەبێت هۆی سەرەکی کوێلایەتی چیناتی لەناو ببەن. دەبێ کارەکتەری کۆمەڵایەتی لەگەل ئامێرەکانی بەرهەمهێنانی مۆدێرن بگونجێت وبە شێوەیەك دابمەزرێت، تا موڵکایەتی تاکەکەس یان گروپی بچوك بگۆردرێت بۆ موڵکایەتی کۆمەڵایەتی،تا کۆمەڵ بە خۆی مەرجەکانی بەرهەمە مەتریال و کولتوورێکانی رێك بخات.لەسەر بنچینەی گۆرانکاریەکی ئابووری وادا، دەتوانرێت شێوەی کۆمەڵایەتی نوێ وئاست بەرز گەشەبستێنێت.لە تۆی ئەم جۆرە گەشەسەندنەدا هەموو ئافرەتان دەتوانن بەراستی ئازادی گەشەکردن و مرۆڤبوونیان دەست بکەوێت. تەنها بە رێکخستنی خەباتی چینایەتی هەموو چەوساوەکان بەبێ جیاوازی گیانی بەرەو ئەو ئامانجە دەمانبات،نەك خەباتی ئافرەتان بێ جیاوازی چینایەتی کە سەرلەنوێ بۆ ژێر دەسەڵاتی پیاواندا دەمانباتەوە(...).بیرورراو پراکسیسەکان وامان پێشاندەدن، مێژووی کوێلایەتی جەستەیی ئافرەتان لەسەر بنچینەی موڵکایەتی تایبەت ولە پەیوەندی لەگەل ویدا پەرەی سەندووە.

داوا سەرەکێکانی بزووتنەوەی ئافرەتانی بۆرجوازی بۆ تێکشکاندنی دەسەڵات وهێزی جەستەیی پیاوان بە سەر ئافرەتاندا بریتین لە:هەمان مافی بریاردانی مێردکردن،یەکسانی مافی پێکەوە ژیان وجیابوونەوە،هەمان ماف بۆ پێکەوە ژیان لەکەڵ منداڵدا لەکاتی جیابوونەوە، یەکسانبوون لە رەوشتی سێکسی بۆ هەردوولا، مافی بریاردانی ئازاد بۆ موڵکایەتی وموچە ودەسکەوتەکانی، ئازادی فێربوون، مافی یەکسانبوون لە هاتووچوون، چالاکی ئافرەتان لەگەڵ پیاواندا لەهەموو بوارێکی ژیانی کۆمەڵایەتی،مافی یەکسانی سیاسی لەنێو دەوڵەت ورێکخستنەکاندا. بێ گومان ئەم داخوازیانە بەهایەکی گەورەیان هەیە بۆ ئافرەتانی پرۆلیتارو زەحمەتکێش، بەتایبەتی لە دانپێنان بە یەکسانی بنەڕەتی ئافرەتان.

ئەم ریفۆرمەو بەهاو و واتاکانی بۆ خۆشەکردن و لابردنی کۆیلایەتی گیانی بۆ زۆربەی ئافرەتان لە ناو کۆمەڵگای

بۆرجوازی کەم دەکاتەوەو دەیکات بە هیچ،بە رێگای بەردەوامبوون ومانەوەی کوێلایەتی چینایەتی جەستەیی ورووحی چەوساوەکان بەپەتی زنجیرەکان رادەگرێت .

سەرئەنجامی ئەم بزووتنەوەیە بە شێوەیەکی تایبەت،زیاتر بۆ ئازادی ئابووری موڵکدارەکان، دەسەلاتدارەکان وچینی چەوسینەرەکانەو دەربارەی خەبات دژی کوێلایەتی چینایەتی بەبێ دەنگ دەمێنێتەوە. ئەم کوێلایەتیە کە زۆربەی ئافرەتان دەگرێتەوە،لە هەمان کاتدا کوێلایەتی جەستەیی دەپارێزێت و توندووتیژی دەکات،تەنانەت لەوەش زیاتر، ئەمانە ئەم جۆرە خەباتە ڕەتدەکەنەوە وشەڕی چینایەتی(چین دژی چین)دژی پیاوە بەرێزەکانیان دەخەنە ژێر پێیانەوە ...

ئەم بزووتنەوەیە لەسەر زەمینەی کۆمەڵایەتی بۆرجوازی پابەستەو دژی هاتنە پێشەوەی پرۆلیتاریایە،هەوڵ دەدەن بەڕێگای چارەسەردۆزینەوەی یاسایی مەرجە کۆمەڵایەتێکان ریفۆرم بکەن، بەم شێوەیە گیانی ئافرەتان بۆ قازانجی پیاوان دەست بە دەست دەکەن.ئەم ئافرەتانە دوژمنی سەرسەختی خەبات وشۆرشی رزگاری ئافرەتانن ودژی دەسەڵاتگرتنەدەستی پرۆلیتاریان بەسەر هەموو ئامێرەکانی کۆمەڵ وبەرپاکردنی سۆسیالیزم رادەوەستن. ئەمانە ئێستا وەکو جاران نین، هەندێکیان لەسەرەتای بزووتنەوەکەیاندا بەبێ لایەن رادەوەستان .

ئەم بزووتنەوەیە لەمەودوا چیتر پێشرەو و نوێنەری ئافرەتانی ئازادیخواز نین. ئێستا بزووتنەوەیەکی چینی بۆرجوازین وهەر بەم شێوەیەش دەمێننەوە، پاشماوەی خەباتگێرانی بزووتنەوەی ئازادی چینی بورجوازین، ئەو چینەی وا دەسەڵاتداران وحکومەتی چینی فئوداڵیان لەناوبردو خۆیان بوون بەدەسەڵاتداری سیاسی. ئامانجیان، جێبەجێکردنی یاسایی ئەو پرنسیپانەیە کە بۆرجوازیەت خەباتی بۆ دەکرد. ئەو پرنسیپانە کە لەلایەن فیئوداڵەکانەوە ژێر پێ دەخران. ئەو پرنسیپانە رووکەشی دیموکراتی بۆرجوازی بوون لە دانپێنانی یاسایی عەدالەت وهاوسانی هەموو بەشەکانی کۆمەڵگای بۆرجوازی وەك دەربڕینێکی گشتی مافی مرۆڤ..

بەگوێرەی ئیدۆلوژی زەردووسوورکراوی ئاینانەی پێشرەوانی خەباتگێرانی دەسەڵاتی بورجوازی بریتانیا لە سەدەی هەڤدەهەم،مافە مرۆییە گشتێکان بە پەخشندەیەکی خالقی ئاسمان لەقەڵەم دەدا.بەگوێرەی تێروانینی فەیلەسوفە مەتریالیستەکانی کە سەد ساڵ پاشتر هاتنە میدانەوە و بوون بەبروای رابەرانی دەسەڵاتی بورجوازی لە فەرەنسا دژی تیرۆری فئوداڵەکان،ئەو مافە مرۆییە گشتیانە، وەك مافێکی سروشتی ناسران، کە هەموو زنجیرە کۆمەڵایەتێکان بە بێ جیاوازی لەگەل لە دایك بوونیاندا دێنەپێش. هەندی لە بزووتنەوەی ئافرەتانی بۆرجوازی جیهان، بەسەرپەرشتی ئەو دوو بۆچوونە، داوای مافی یەکسانێتی ئافرەتان لەگەل پیاوان دەکەن وەك"مافێکی گشتی مرۆڤ"وەك"پێدانێکی خواوەندانە"ومافێکی سروشتانەی" ئافرەتانی بێدەسەلات. ئەو مافەی کە لە لایەن پیاوانی دەسەڵاتدارەوە دزراوە. پاشان ئەم بزوتنەوەیە پەیتا پەیتا و بەنیوە چڵیەوەلە ژێرکارتێکردنەکانی بیری سۆسیالیستی ورخنەکانیدا- داخوازێکانیان بەپێی گۆرانکاری چالاکی ومەرجەکانی ژیانی ئافرەتان گۆری.ئەمانە دژی ئەو راستیەن،کە لەناو کۆمەڵگای بۆرجوازی وسویندخواردنەکانیان بۆ جێبەجێکردنی "بنەماکانی دیموکراتییەت"وەك دیکتاتۆریەتی بۆرجوازی کۆتایی پێهات،و" مافە گشتێکانی مرۆڤ"وەك ئیمتیازی موڵکدارەکان تەواو بوو .

ڕەگی بزوتنەوەی ئافرەتانی بورجوازی دەگەرێتەوە بۆ شۆرشی فەرەنسی لە ساڵانی یەکەمی سەرەتای سەدەی هەژدەهەم. لەنێو هەورەتریشقە وبڵێسەی ئەو رووداوە پڕ زەبروزەنگەدا، ئافرەتە خەباتگێرو رێکخرابووەکان، داخوازی هاوسانی تەواوی گیانی ئافرەتان لەنێو خێزان، کۆمەڵگاو دەوڵەت بەرزکردەوە .

ئافرەتی بەناوبانگ(Olympe de Gouges)بەشێوەیەکی لۆژیکانە،بانگەوازی مافە گشتێکانی مرۆڤ بەرستە بەناوبانگەکەی بەرزکردەوە:"ئەگەر ئافرەت مافی سەرکەوتن بۆ سەر ملپەڕ(مقصلە)ی هەبێت،دەبێ بەهەمان شێوەش

مافی ئەوەیشی هەبێت بۆ سەر تریبونەکان سەربکەوێت".بەڵام سەرەرای قوربانی ورەنجدانی جەماوەری ئافرەتان لە بەرگریکردن بۆ سەرکەوتنی شۆرش، مافی مرۆڤ، مافی ئافرەتانی بەسەر نەکردەوە. سەرمایەداری تازە پێگەیشتوو هێشتا کۆمەڵگای بۆرجوازی بە قووڵاییەکی پێویست بۆ ئەم پێشکەوتنە نەگۆریەوە، هێشتا ناکۆکی چینایەتی نێوان بۆرجوازی وپرولیتاریا بەئاستێکی تیژ وپێگەیشتوو پەرەی نەسەندووە، تا سروشتی کارەکتەری مافی ئافرەتان بە مافی مروڤ بەروونی دانی پێبنرێت، ئەوەی ماوەتەوە بۆ جاری جاردان: مافی تێروتەسەلی ئازادی جەستتەی بۆ هەموو ئافرەتان.

شۆرشەکانی نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەم لە فەرەنساو ئەلمانیا وبەهەمان شێوەش خەباتە سیاسی و کۆمەڵایەتێکانی بەریتانیا وشۆرشە خوێناوێکانی باشووری ئەمریکای پیشەساز دژی ئەمریکای باشووری فیئودالٚ ولابردنی کوێلایەتی ڕەشپێستەکان، لە لایەن هەڵگرانی داخوازی مافی هاوسانێتی ئافرەتان بەرێوە چوون. لەم کاتەدا گروپی جیای ئافرەتان پێك دەهات وئەم داخوازیانە بەرزدەکردەوە. لە فەرەنسا وئەلمانیا، هەندێ لە پێشەواکانی ئەم بزووتنەوەیە شانبەشانی ئازادی بۆ ئافرەتان، داوای باشکردنی مەرجەکانی ژیانی کرێکارە ئافرەتەکانیان دەکرد. ئەم بۆچونە لەسەر بنەمای چینایەتی پرولیتاری دانەمەزرابوو،بەڵکو بەناوی هەستی هومانیستانەوە،بۆ ئەوەی لەشوێنە بەرزەکانیانەوە یارمەتی"خوشکە هەژارەکان"نیان بدەن، بانگەوازی خەبات بۆ خۆیارمەتیدانیان بەرزنەکردەوە.هاتنەپێشەوەی کرێکاران لەشۆرشەکانی فەرەنسا وئەلمانیا وەك چینێکی خەباتگێرو یەکگرتوو۔ جەنگی پاریسێکان لە یونی ١٨٤٨۔ ترسیان خستە گیانی بۆرجوازیەت،لە هەموو وڵاتاندا ولەهەرکوێ سەرمایەداری هێرشی دەکرد، ناکۆکیە چینایەتێکان لەنێوان چەوسێنەران و چەوساوەکان توندوتیژتر دەبوون، پرۆلیتارەکان دەستیانکرد بەمارشی خۆرێکخستنی سەندیکایی وسیاسی لە پێناوی دەسەڵاتی شۆرشگێرانە. بۆرجوازێکان یەکەم جار هەوڵیاندا گێلە بەم دەسەڵاتە بکەن ولەدواییدا لەناویان بدەن.ئەمانە لە چینێکی شۆرشگێرەوە بوون بە هێزێکی کۆنەپەرەست ولە کۆتاییدا رێك بوون بە چینێکی دژ بە شۆرش.لەم پەڕەسەندنەدا بزووتنەوەی ئافرەتانی بۆرجوازی بەشداریکردو تا دەهات کارەکتەرە چینایەتێکەی روونتردەبووەو وبە ئاشکرا بەهەمان چەنەبازی دەهاتنە پێشەوە.سەلٚماندنی ئەم قسانە،لە بۆچونەکانیاندا بەدەرکەوتن لەمەڕ یاساکانی پاراستنی ئافرەتە کرێکارەکان ومافی دەنگدان بۆ ئافرەتانیان کرد بە ماف بۆ"ئافرەتە خانەوادەکان".لەم کاتەدا مافخوازانی ئافرەتانی"رادیکالتر"هەنگاویان بۆ پێشەوە دەنا، لەپشتیاندا پێداویستی وداخوازی جەماوەری ئافرەتانی چینی بۆرجوازی بچوك ورۆشنفکر راوەستابوو. ئەمانە دەسەڵاتی کەپیتالیزمیان بە دەسەڵاتێکی تالٚ دەبینی .

دەبێ سرنجی ئەوەش بدەین کەبزووتنەوەی ئافرەتانی بۆرجوازی لەئاهەنگەکانیاندا سروودی ئینترناسیونالیزمی خۆشکایەتیان دەخوێند،بە سۆزێکی گەورەوە سروودی خۆشەویستی بۆ دنیای ئاشتی دەوت، لەگەل زۆربەی رێکخراوەکانی ئافرەتانی بۆرجوازی هەموو وڵاتان بەناوی"بەرگری لە وڵات"وەکو ناسیونالیستێکی تیژرەو،پشتگیریان دەکرد لە جەنگی چوار ساڵەی ئیمپریالیستەکان بۆ سەربڕینی گەلان.لەهەرکوێ چین وگەلی چەوساوە ورووتکراوە دژی ئیمپریالیزم رادەپەرین وبەرپادەکرد، ئافرەتانی بۆرجوازی دەبوون بەیارمەتیدەری ئیمپریالیستەکان وئافرەتانی زەحمەتکێش لەخەباتی شۆرشگێرانەی براکانیان بە بۆچوونی پوچ دوردەخستنەوە وملیونان ئافرەت بۆ خۆیان رادەکێشا.

ناوەرۆکی ئەم بزووتنەوە دژ بە شۆرشە، بریتییە لە رێکخراوی ئافرەتانی فاشست لە ئیتالیا،پۆلەندا وئەلمانیا و ئەمەریکا ولاتەکانی تر. بەکورتی، بزووتنەوەی ئافرەتانی بۆرجوازی دەسەڵاتێکی ترسناك وجددی دژ بەشۆرشە،لەگەلیاندا،نابێت هیچ هەولێك بۆ رێککەوتن یاهاوکاری بدرێت، دەبێ لێیان بدرێت بۆ ئەوەی شۆرشی پرۆلیتاریای جیهانی بەسەرکەوتن

بگات وهێزی ئۆپەکتیف وسوپێکتیڤی مێژوو بە لوتکەکەی بگات.

## بزووتنەوەی ئافرەتانی سۆسیال دیموکرات

بزووتنەوەی ئافرەتانی سۆسیال دیموکرات توانی لە گرنگترین وباشترین کاتە مێژوویەکەیدا،وەك بزووتنەوەی ئافرەتانی پرۆلیتار بەرامبەر بە ئافرەتانی بۆرجوازی رابووەستێت. لەم قۆناغەدا،لەبواری تیئۆری وپراکسیسدا، پێشەنگی خەبات بوون بۆ ئازادی وهاوسانی تەواوی کۆمەلایەتی ومرۆڤایەتیانەی هەموو ئافرەتان. کێشەی ئافرەتانیان هێنایە بەر تیشکی مەتریالیزمی مێژوویی وەك بەشێکی جەوهەری کێشەی گشتی کۆمەلأیەتی ولەبەر ئەمە دانیان بەوە دەنا، کە ناکۆکی وخەباتی چینایەتی نێوان چەوساوەکان وچەوسێنەران ناو کۆمەلگای برجوازی، واتایەکی هەرە گرنگی هەیە بۆ ئیمانسەی تێروتەسەلی ئافرەتان. مامەلەکردنەکانیان بە پێی ئەو بڕوایەدا بوو،کە تەنها بەرێگای روخاندنی شۆرشگێرانەی کۆمەلگای بۆرجوازی وجێبەجێکردنی سۆسیالیزم وەك کارێکی خۆرزگارکرنی پرولیتاریای خەباتگێر بەرپادەکرێت.هەموو ئافرەتان دەپشکوێنێ وکاتێکردنی مرۆڤایەتیانەی خۆی لەگەل خۆی دەهێنێت، نەك رێگاگرتنەبەری بەرابەرێتی گیانی رووکەشانەی نێو یاساکان.

ئەم بزوتنەوەیە بەپێچەوانەی مافخوازی ئافرەتانی بۆرجوازی، بانگەشەی ئافرەتانی پرولیتاریا بۆ بڕوا بنەرەتییەکانی دەکرد ،نەك بۆ ئافرەتانی هەموو چین وتوێژەکان بۆ پێکەوە خەباتکردن وەك ئافرەت دژی پیاوان، یا بۆ ریفۆرمکردنی کۆمەلگا بەرێگای لابردنی ئیمتیازاتی پیاوان.ئەمانە ئافرەتانی پرولیتاریا بۆ خەباتکردن لەریزو ئەلقەکانی برا پرولیتارەکانیان کۆدەکردەوە ورێکدەخست وفێردەکرد،لەهەمان کاتیشدا بانگەوازی ئافرەتە چەوساوەکان وژێردەستەکانی چین وتوێژەکانی تریان دەکرد، پێکەوە لە گەڵ پرولیتاریا وبۆ بەرپاکردنی خەباتی چین دژی چین ولەپێناوی شۆرش دژی سیستێمی بۆرجوازی ولابردنی مولکایەتی تایبەتی ئامێرەکانی بەرهەمهێنان خەبات بکەن.

بزووتنەوەی ئافرەتانی سوسیال دیموکرات بە فکر وکردەوە شەرەفی بوون بە بزافی ئافرەتانی پرولیتار لەدەستدا.ئەمرۆ ناوەرۆك وئامانجیان بووە بە بزافێکی ریفورمیست،یاریەکی تایبەتیە لە مافخوازی ئافرەتانی بۆرجوازی ودیموکراتی بۆرجوازی.بەهۆی پەیوەستبوونیان بە ئینترناسیونالی دووهەمەوە وخیانتکاریان لە پرولیتاریا،لەگەل دەستپێکردنی جەنگی جیهانی یەکەم ١٩١٤،گەشەسەندنیان پلە بە پلە دابەزی .

بزووتنەوەی ئافرەتانی پرولیتاری وبۆرجوازی لەپێناوی ئیمانسەبوونیان هەمان ئەساسیان هەیە:لەناوبردنی کاری ناوماڵ وچالاکێکانی ئافرەتان لەناو خێزان بەرێگای شێوەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری،بەلأم جگە لەوانە،کۆمەلگای بۆرجوازی رێگا بە ناکۆکی چینایەتی ئافرەتان دەدات ... فشار بەسەر کرێی کاری هەرزان کە ئافرەتانیش ئازادانە دەیانەوێت، تەنها سەرئەنجامی بەرفراوانی سەرمایەداری نیە، بەڵکو لەهەمان کات سەرئەنجامی گەشەکردنێتی .

کاری کرێگرتەیی لەنێو کۆمەلگا، پابەندبوونی ئافرەتانی پرولیتار بۆ پیاوان لەناو ئەبات،لەکار دەستکەوتن لەگەل پیاواندا هاوسانی دەکات،سەرای ئەوەش کوێلایەتی گیانی وەك ئافرەت لە بواری ماف ویاسا بەزنجیر بە ئەوەوە بەسراوەتەوە، دەبی نرخێکی بەرز بۆ سەربەخۆیی ئابووری خۆی بدات،لەگەڵ سەرئەنجامە بێبەزەییەکانی کوێلایەتی چینی پرولیتار.هەروا تەنها ئافرەت ئەم نرخە نادات، بەڵکە پیاوی پرولیتاریش،بەشێوەی کەمکردنەوەی کرێکەی،هەرەشەی دەرکردن لە کار وکەم بوونی کات بۆ بەخێوکردن وئاگادارکردنی منداڵەکانیان(...). ئەو کرێکارانەی وا هێشتا بەباشی لە سوسیالیزمی زانستی شارەزا نەبوون،کارتێکردنەکان وهۆکانی ئەو سەرئەنجامانە جێگۆرکێ دەکەن،لە جیاتی ئەوەی رژێمی کۆمەلأیەتی چەوسێنەری سەرمایەداری بەبەرپرسیار بزانن بەرامبەر نەبوونیان،کار بەبەرپرسیار دەزانن. ئەمانە خەبات دژی کارکردنی ئافرەتان لەبواری کاری پیشەسازی دەکەن، وداوای قەدەغەکرنی یاسایانەیان بۆ دەکەن. خەباتی

جەستەیی لە جیهانی پرولیتاریاش ئاگر دەسەنێت،لە چوارچێوەی داخوازیەك،بۆ ئەوی ئافرەتان لە واقیعدا سەرلەنوێ بێن بە پابەندی پیاوان ...

* لە کۆنفرانسی ئینترناسیونالیزمی یەکەم، پرولیتاریا وەکو پێشەنگ ونموونە لەپێناوی ئازادی بێقەیدو شەرتی ئافرەتان هاتەپێشەوە. لە کۆنگرەی جنیف ساڵی ١٨٦٦ پێشنیاری دژایەتی قەدەغەکردنی کاری ئافرەتان لەبواری پیشەسازی کرد. داخوازی قەدەغەکردنی کاری ئافرەتان لەلایەن سەندیکا راسترەوەکان، برۆدونێکان وئەنارشیستەکان لە بریتانیا بانگەوازی بۆ کرا ...

* لە کۆبوونەوەکانی ئینترناسیونالیزمی دووهەم لە باریس ساڵی ١٨٨٩ یەکێك لەو دوو ئافرەتە پرۆلیتارە، لەسەر داخوازی نوێنەرانی کرێکارانی ئەلمانیا ، دژی قەدەغەکردنی کاری ئافرەتان، بەرپەرچی فێمینستەکانی دایەوە، بەوەی کە ئافرەتە پرۆلیتارێکان دەبێ قسەکانیان لە گەڵ پرۆلیتارەکان کرێ بدەن. ئینتەرناسیونالیزم سمپاتی خۆی بۆ ئەم داخوازییە پێشاندا، بەلام نە حزبەکان ونە سەندیکاکان بڕیاریان لەسەر مەسەلەی دەوری ئافرەتان دا. ئەمە دەوری ئینتەرناسیونالیزمی دووهەم بەرامبەر بە ئافرەتە پرۆلیتارەکان پێشاندا. ئەم ئینتەرناسیونالە لە دەوری پێشڕەوایەتی ودەستپێشخەری ئافرەتە پرۆلیتارەکان وخەباتیان لە پێناوی ئازادی، ڕێکخستن و ئیدۆلۆژیان بۆ شۆرشی کۆمەڵایەتی پشت کوێ خست.

لە ئەلمانیادا، بزووتنەوەی ئافرەتانی کرێکار لەبواری پراکسیس و تیئۆری گەیشتنە ئەو بڕوایە کەوا، گیروگرفتی کێشەی ئافرەتان، تەنها وەك گیروگرفتێکی کۆمەڵایەتی وتەنها لە چوارچێوەی شۆرشی پرۆلیتاریا ودکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریا و سۆسیالیزم چارەسەر دەکرێت.

- لە کۆنگرێسی زیۆریغدا١٨٩٣لەسەر مافی دەنگداندا، ڕێگای ریفۆرمیست و لادەریان گرتە بەر
- کۆبوونەوەکانی ئینتەرناسیونالیزمی دووهەم لە ساڵی ١٩٠٧لە شتوتگار، سەرکەوتن بوو بۆ مارکسسیتەکان.

بزووتنەوەی ئافرەتانی سۆسیال دیموکرات لەباشترین ماوەی خەباتی باڵی چەپی حزبە(س.د)ەکانی ئینتەرناسیونالیزمی دووهەمی پێکهێنا. ئەمانە لە بازنەی ئۆپۆرتۆنیزم وریڤژنیزم دەخولانەوە.

- لە کۆنفرانسی یەکەمی ئافرەتانی سۆسیالیست لە شتودگارد١٩٠٧، بڕیار درا، بلاوکردنەوەی(هاوسانی)وەك ئۆرگانێکی سۆسیال دیموکرات، ببێت بە ئۆرگانی ئینتەرناسیونالی دووهەم وسکرتێرەکەیان هەڵبژارد.
- لە کۆنفرانسی ئافرەتانی سۆسیالیستی ئینتەرناسیونال لە کۆبنهاگن١٩١٠،لەسەر داخوازی ئافرەتە پرۆلیتارەکان، بەیەکدەنگ بڕیاردرا، ناوی چالاکیکانیان بنێن رۆژی جیهانی ئافرەتان.
- لە کۆنفرانسی ئینتەرناسیونالی ئافرەتە سۆسیالیستەکان لە بێرن١٩١٥لەسەر بنەمای چینایەتی پرۆلیتاریا، بانگەوازی ئافرەتان کرا بۆ خەبات لە دژی خیانەتکاری زۆربەی سۆسیال دیموکراتەکان وسەندیکاکان لە هاوپشتی ئینتەرناسیونالیستی پرۆلیتاریای هەموو گەلان، و بانگەوازی خەبات کرا لەپێناوی ئاشتی بۆ گەلان وبۆ رووخاندنی کۆمەلگای بۆرژوازی. زۆربەی ئافرەتانی سۆسیال دیموکرات کەوتنە ژێر کارتێکرنی سەرکردایەتی ئینتەرناسیونالی دووهەمەوە و پشتگیریان لە (بەرهەڵستی لە نیشتیمان)ی ئیمپریالیزم کردو شانبەشانی ئافرەتە خانەوادەکان درێژەیان بە پروپاکەندەی شۆفێنیستی دەدا. بەم هەڵویستەیاندا دەربارەی خەسڵەتی ئەم جەنگە ئیمپریالیستەیە وچوونیان بۆ سەنگەرە ئابوورییەکە ولەهەموو پرسیارە کۆمەلایەتییەکان، پشتگیری تەواوی خۆیان بۆ بۆرجوازی پێشاندا. بەمە ئافرەتە پرۆلیتارەکانیان بێ ئومید کرد.
- ئەم رابردووە بەناوبانگەیان تیشك دەخاتە سەر ئەوەی، کە تا چ رادەیەك بزووتنەوەی ئافرەتانی سۆسیال دیموکرات تێکشکا و پەردەی لەسەر رووخساری ریفۆرمیست و لادەریان لادا بەوەی کە نایانەوێت ڕێکخستنی

سەرمایەداری بروخێنن، بەڵکە پشتگیری لێ دەکەن. بەمەیش کوێلایەتی چینایەتی ئافرەتانی پرۆلیتاریا بەهێزتر دەکەن و رایدەگرن. بەلاّم ئەمانە بۆ ئەوەی رێگا لە ئافرەتانی زەحمەتکێش بگرن، هێشتا هەر لە سۆسیالیزم دەدوێن. ئەمانە، ئافرەتە پرۆلیتارێکان بەرەو تاقە رێگای سۆسیالیزم وسیستێمی کۆمۆنیوم لە جیهان نابەن،بەرەو شۆرشکردن لەپێناوی دەسەلاّت گرتنەدەست نابەن، بەڵکە بە خەونی گەشەسەندنی ئاشتیانە بەرەو سۆسیالیزم وبەرێگای ریفۆرمی کۆمەلاّیەتی دیموکراتی بۆرژوازی دەیانکەن بە قوربانی بۆ سەرمایەداری.

ئەم خەسڵەتە تایبەتیانە بەندە بە کۆنفرانسی جیهانی ئافرەتانی سۆسیال دیموکرات لە مارسیلیا١٩٢٥ولە برۆکسل ١١٩٢٦ ولە ١٩٢٨ هەمان سیاسەت و بەرنامەی ئینتەرناسیونالیزمی دووهەم پێکدەهێنن. لەبواری مافی یاسایی بۆ پاراستنی ئافرەتە کرێکارەکان وبایەخ پێدانی کۆمەلاّیەتی وپاراستنی دایکان ومندالاّن و پێداویستەکانیان بە هەموو شێوەکان بەستەوە بەداخوازییە کەمەکانی کۆبوونەوەکانی واشینتون١٩١٩ومافی مرۆڤ. ئافرەتانی سۆسیال دیموکرات پروپاگەندەیان بلاّودەکردەوە دژی" ئیمپریالیزمی سوور"ی ولاّتی شووراکان و لەبارەیەوە درۆو دەلّەسەیان بلاّو دەکردەوە. ئەم بزووتنەوەیە خەباتی نەدەکرد لە دژی سیاسەتی داگیرکردن و بوون بە بۆرژوازی وچیتر بۆرژوازی نەیانی دەچەوساندەوە، لە بلاّوکردنەوەی بیرورایان رێگایان لێ نەدەگیرا ولە هەرکوێ حکومەتی ئیئتیلافی هاتە دەسەلاّت، ئەمانیش بۆیان هەبوو دەنگ بدەن، لەلایەن حکومەتەوە پشتگیریان لێ دەکراو نوێنەرانیان لەناو پەرلەمانەکانیان دادەنیشتن، وترس لە شۆرشکردن بوو بە زادیان...

لەسەر رێگای ئازادی ئافرەتاندا، شۆرشی پرۆلیتاریا کە کەپیتالیزم دەروخێنێ، دەبێ ریفۆرمیزم لە نێو چینی کرێکاران لەناو ببرێت.

پاشان کلارا زێتکین باسی بزووتنەوەی ئافرەتانی کۆمونیست دەکات. ئەم بەشە بۆ کاتێکی تر دەهێڵمەوە.

********************

## کلارا زێتکین(١٨٥٧–١٩٣٣)

قەیسەری ئەلمانیا ڤیلهیلمی دووهەم، بە کلارای دەوت"جادوگەری مەملەکەتی ئەلمانیا". شاعری فەرەنسی ئەراگۆن بە"ئافرەتی سەردەمی نوێ...کە هاوسانە لە گەڵ پیاودا" دادەنا. کلارا نزیکەی ٥٠ساڵ کاری بۆ بزووتنەوە ئافرەتانی پرۆلیتار و بزووتنەوەی کرێکاری کرد، رێکخەری رۆژی جیهانی ئافرەتان بوو. ئافرەتێکی یاخی بووە لە ژیانی تایبەت و لە کاری سیاسی، هاورێی رۆزا لۆکسمبۆرگ، ئەلکسندەر کۆلنتای ولینین بووە. کەسایەتییەکی فرەلایەن بووە: مامۆستا، زانایەکی لیتراتوورو هونەر، نووسەر، رۆژنامەنووس وقسەکەرێکی لێهاتوو بووە...

سالّێکی برپاردەر لە پاریس

لە ئۆکتۆبەری ١٨٨٢دا گەیشتووەتە پاریس ولە بۆلیڤارد دیپۆرت رۆیاڵ ژمارە٦٤دا ژوورێکی بە کرێ گرتووە. لەو کاتەدا پۆلیسی فەرەنسی چاودێری شۆرشگێرە رووسەکانی دەکرد، و بەتایبەتی هاوسەرەکەی کلارا کە ناوی(ئۆسیب زێتکین) بووە وپۆستەکەی کلارایش. لە یەکی ئۆگۆست١٨٨٣(مەکسیم)ی کورپیان هاتە دنیا، بەلاّم ژیان لە گەڵ مندالّێکدا لە تەنیا ژوورێك ولەهەمان کاتدا ئیشکردن، ئاسان نییە.لە مانگی ئۆکتۆبەردا مالّەکەیان گۆاستەوەو مالّێکی دوو ژووریان بەکرێ گرت، پاش کەمتر لەساڵ ونیوێك، کورێکی تریان بوو و ناویان نا(کۆستیا). هەردووکیان بریاریاندا بوو بەرەسمی زەواج نەکەن.

باری دارایی کلارا لە پاریس دژوارترین کات بووە لە هەموو ژیانی. زۆر جار بە کۆڵەمەرگی دەژیان، تا رادەی ئەوپەری دەیتوانی شیرو میوە بۆ مندالّەکانی مسۆگەر بکەن، تەنها گۆشتی ئەسپیان پێدەکرا. لەمالّەوەیش خاوەنی یەك فلسیش نەبوون، نانیان بە قەرز دەکری، یا بۆ مێوانی دەچوون بۆ لای ناسیاوەکانیان. هاورێیەکی کلارا(گێرترود ئەلکسەندر) کە

یەکەم نووسەری بیوگرافی کلارایە، نووسیویەتی"ئەو کاتە لە نێوان رووسە شۆرشگێرکان کە لە پاریس دەژیان، شێوە شیوعییەتێك هەبووە. ئەوانەی پارە یا خەلۆزیان هەبووە، مێوانداری ئەوانەیان کردووە کە هیچیان نەبووە.هەرچەند ئەم هاوپشتییە باش و واقیعی بووە، بەلام ئەمەش سنووره خۆی هەبووە. کلارا لە نامەیەکیدا بۆ کاوتسکی دەنووسێت: پارە چلکی دەستە، بەلام بەداخەوە چلك پارە نیە". لە ١/ئەپریل/١٨٨٧ لە دەرگای ماڵەکەیان درا. ئەوە شیرفرۆشەکە نەبوو، بەلکە پۆلیس بوو. دەمێکە کرێی خانووەکەیان نەداوە، بۆیە خاوەن ماڵەکە بە هێزی پۆلیس لە ماڵەکە دەریان دەکات، لەم کاتەدا کلارا خەریکی شۆردنی منداڵەکان بوو، کاتی ئەوەشیان پێنەدا، جلوبەرگی تەواویان لەبەر بکات، دەبوایە یەکسەر لە ماڵەکە دەربچن. لەم کاتەدا پۆلیس شتومەکانیان لەگەڵ خۆدا برد، هەموو نامەو بابەتەکان و ئەوانەی هێشتا تەواو نەبوو بوون. تەنها جلوبەرگی بەریان پێ رزگارکرا. سەرەرای ئەو بارودۆخەش، ژوورێکیان دەست نەکەوت لە هوتێلێك. کاتژمێری ٩ی ئێوارە، رووت و رەجاڵ لەسەر شەقامەکان دەرۆیشتن، تا رووسێك جێگای بۆ کردنەوە. دەبێ تا ژوورێکیان دەست دەکەوێت، لە ماڵە رووسێکەوە بۆ ماڵە رووسێکی تر بڕۆن". کلارا لە ژیانی پاریسدا فێری سیاسەت وخەریکی خوێندنەوەو فێربوونی بنەماکانی مارکسیزم بوو.

لە نامەیەکیدا بۆ کاوتسکی لە رۆژی ٢٢/٣/١٨٨٦دەنووسێت: من کاری بەرگدووری، چێشت لێنان و جلوبەرگ شۆری دەکەم. بەکورتی دەڵێم من کچێکم بۆ هەموو کارێك. شان بەشانی ئەمانەیش دوو کورەکەم نایەڵن پشوویەك بدەم. دەمویست لە کارەکتەری لویس میشائیل شارەزا ببم، دەبوایە لووتی ژمارە یەك پاك بکەمەوە، پاشان چوومە سەر مێزی نووسین، ژمارە دوو ووتی برسیمە. سەرباری ئەمانەیش ژیانێکی بۆهیمی بەسەر دەبەم.".

کلارا یەکەم هەنگاوەکانی لەبواری رۆژنامەنووسی دەنا، بەلام تەنها شەوان پێدەکرا بنووسێت، ئێوارانیش زۆر جار ماندوو و بێ هێز دەبوو. دەیویست ئێواران بۆ کۆبوونەوەکان برۆات کە لە ماڵان دەکرا. ناچار دەبوون هەردوو منداڵەکەیان لە گەڵ خۆیان ببەن و لە ژووری تەنیشت بیانخەوێنن.

کلارا زۆر خەریکی لێدوان و گفتوگۆ بوو لە گەڵ ئۆسیب لە مەڕ گیروگرفتی بزووتنەوەی کرێکاری لە ئەلمانیا، رووسیاو فەرەنسا و بەشداری کارە پراکتیکەکانی دەکرد(کۆبوونەوە،مانگرتن، خۆپیشاندان)، هەروەها خەریکی بیرورا گۆرینەوە لە گەڵ(پاول لاڤارکۆس) مێردی کچەکەی مارکس(لاورا) بوو.

کلارا وەك ئینتەرناسیونالیستێك بیری دەکردوە. لە ١٨٨٧–١٨٨٨نامەیەك لە پاریس دەنووسێت:سۆسیالیزم نە فەرەنسییە،نە ئەلمانییە، بەلکە ئینتەرناسیەناڵە... کە چەوسانەوە ئینتەرناسیونال بێت، کەواتە دەبێت هاوپشتی کرێکارانیش ئینتەرناسیونال بێت". هەروا لە نامەیەکی تردا بۆ ئەلکسەندەر کۆلونتای دەنووسێت:"تەنها ئینتەرناسیونالیزم رێگای درووستە. لەهەرکوێدا بۆمان برەخسێت، لەوێدا کار بۆ بیروباوەری خۆمان دەکەین، هەر وەك من و ئۆسیب ...".

لە سەرەتای ١٨٨٦کلارا هەستی بە ماندوو بوونێکی نائاسایی کرد، پزیشکێکی رووسی ناسیاو، پێشبینی نەخۆشی سیلی لێ کرد، بۆیە پێشنیاری ئاوهەوا گۆرینی بۆ کرد.سەرنووسەری(سەردەمی نوێ)لە رۆژی٦/٥/١٨٨٦سەد مارکی بۆ رەوانەکرد. ئارتۆی برای دەعوەتی کردو هەندێك پارەی بۆ نارد. بەم جۆرە کلاراو دوو منداڵەکەی بۆیان کرا بەرەو شاری لایبزك بکەوێتەرێ. بەخۆشگوزەرانییەوە هاورێ کۆنەکانی خۆی و ئۆسیب دەبینێت. لەم کاتەدا یاساکانی دژ بە سۆسیالیستەکان بەکار دەهێنران، حزبی سۆسیال دیموکراتەکانیش وەك جاران بەنیوە نهێنی کاری دەکرد. لەم ماوەیە بەناوی(لیسلی) بەخەلك دەناسرا،لەبری پشوودان خەریکی کۆبونەوەو سمینارگێران بوو.

پاش دوو مانگ گەرایەوە بۆ پاریس. لەم کاتەشدا باری ئابووریان بەرەو باشی نەدەرۆیشت.ئۆسیب لەماڵەکەی دەرکرا، لەوەیش خراپتر، تووشی نەخۆشی ببوو. پزیشکەکان نەیانتوانی دەستنیشانی نەخۆشییەکەی بکەن، لەچەند رۆژێکدا

توانای لاواز بووەوە وبایەخی بەهیچ شتێك نەدەدا، تەنانەت كاری سیاسیشی نەدەكرد. تا دەهات باری تەندەرووستی بەرەو خراپی دەچوو و لە ماوەی چەند مانگێكدا ئەفلیج بوو و لەناو جێگەدا كەوت. دەبوایە كلارا ژیانی خێزانی بەڕێوەوە ببات وخزمەتی هاوسەرە نەخۆشەكەیشی بكات.

لە ٢٥/٣/١٨٨٨لە نامەیەكدا دەنووسێت: جێگای پیاوانم گرتۆتەوە، بەلأم سەرەرای ئەوەیش گرانی ئەم بارودۆخە لە وەتەن نایەت". پاش چل ساڵ تشارلس راپۆپۆرت دەنووسێت: بۆ ماڵیان رۆیشتم، ئەو ماڵە بچوك وهەژارە لەشەقامی رووی دی لاگلاسیر. باری هەژاریان زۆر گەورەبوو، بەلأم لەوە گەورەتر، ئازایەتی كلارا بوو كە دەگەیشتە ئاستی ئازایەتی قارەمانەكان. لەو كاتەدا ئۆسیبی بێچارە، بەهۆی ئیفلیجییەوە بە جێگاكەی بەسترابووەوە(ئەم نامەیە لە ئومانیتیێ لە ١٠/یولی/١٩٢٧بلاوكرایەوە).

كلارا چیتر هیوای بەچاك بوونەوەی هاوژینەكەی نەما، ئۆسیب باری دارایی خێزانەكەی ئەوەندی تر خراپتر كرد. كلارا ناچار بوو پەنا بۆ هاورێیان و دۆستانی ببات. داوای یارمەتییان لێ بكات.لە بێچارەییدا، داوای پشتگیری كرد لە هاوسەری كچەكەی ماركس، بیرنشتاین، كاوتسكی، لیبخنت. ئەمانیش دەستی یارمەتیان بۆ درێژ كرد. لە نامەیەكیدا دەنووسێت: هەموو وەك خەون دەهاتە بەرچاوم، ئاشكرایە یەك شت هەبوو هەستم پێدەكرد، ئەوەش زۆر كارەسات و دڵتەزێن بوو: ئۆسیب دەمرێت. ئێوارە پاش كاتژمێری هەشت دڵ و هەناسەی راوەستا، منیش وام لێ هاتبوو وەك بڵێی ژیانی منیش رادەوەستێت(لەنامەیەك بۆ یلینا ستازڤا). هەروا لەو نامەیەدا نووسیوویەتی: منداڵەكان، ئارەزووەكان و كارە خەباتگێرانەكەی ئۆسیب درێژەی پێدەدەم". تشارلس راپۆپۆرت دەنووسێت: مەرگی ئۆسب، كلارای خستە ناو ئازارەوە، تا بمرم لەیادم دەمینێت. بەدرێژایی چەند مانگێك، هەر جارێك كە سەردانم بكردایە، دەمبینی كلارا نامە درێژەكانی خۆشەویستە مردووەكەی دەخوێنێتەوە، هۆن هۆن فرمێسكی بۆ دەرشت. كلارا تەنها بیری هاوسەرە خۆشەویستەكەی ویادی باوكە رۆحێكەی دەكرد. سوپاس بۆ ئۆسیب، كەسێكی باوەر بە ماركسیزم، كەوا بووە هۆی ئەوەی كلارا رێگەی بەرەو سۆسیالیزمی ماركس وشۆرش بگرێتەبەر".

ئۆسیب لە ٣١/یەنیوەری لە گۆرستانی فۆن ئیڤری نێژرا ولە تەمەنی ٣٩ساڵیدا گیانی لەدەستدا. كلارا بەتەنهایی رێگەكەی درێژەپێدەدا. لە ئۆرگانی پارتی كرێكارانی فەرەنسا(لی سۆسیالیستا) ووتارەكانی بلاودەكردەوە ولەهەمان كاتدا ووتاری بۆ رۆژنامەی هاوسانی دەنارد. و بۆ رۆژنامەی (تریبۆنی گەل)ئۆرگانی سۆسیال دیموكراتەكانی ئەلمانیا لە بەرلین.

لە نێوان دیسەمبەری ١٨٨٦ ویونی١٨٩٠دا لەناو رۆژنامە ناوبراوەكاندا،٣٠٠وتاری ئۆسیب و كلارا بلأوكراوەتەوە. ئەنگلز لە١٦/٥/١٨٨٩نامەیەك بۆ پاوڵ لافاركوی دەنووسێت: كلارا ووتاری زۆر باشی لە رۆژنامەی(تریبۆنی گەل)لە بەرلین بلاوكردوەتەوە، ئەگەر ئێمە پێش سێ مانگ باسێكی وا روونمان لەبەر دەست بوایە، ئەوا سوودێكی لە رادەبەدەری دەبوو"....

كورتەیەك لە پەیوەندی كلارا و رۆزا

(...)لە ١١/١١ رۆزا لە زیندانی بروسلاو بەربوو ولە هەمان رۆژ خۆیی گەیاندە شاری بەرلین ودرێژەی بەكارەكەیدا، وەك بەرپرسیاریكی رۆژنامەی سپارتاكیستەكان وئالأی سوور. یەكەم ژمارەی لە ٩/١/١٩١٩ دەرچوو ـ كلارا زۆر هەوڵیدا بە تەلەفۆن پەیوەندی بە رۆزا بكات، بەلأم بەهۆی پەككەوتنی دائیرەكانی تەلەفۆن، هەوڵەكانی بەئەنجام نەگەیشتن. لە رۆژی١٦/١پێ كرا لەگەڵیدا بدویت، بەلأم زۆر بەخراپی ونەیشیتوانی بەدووردرێژی لەسەر بارودۆخەكە قسە بكات،بۆیە كلارا لەرۆژی دوایی زۆر بەخێرایی نامەیەكی بۆ رۆزا نووسی(ئەم نامەیە بۆ یەكەم جار لە ساڵی ١٩٦٩لە رۆژنامەی بۆ پێشەوە بلأوكرایەوە. یەكێك لە ئەفسەرەكانی ئەو تیپە كە لە شەوی رەشی١٥ـ١٦/١٩١٩رۆزایان كوشت، ئەو نامەیە لە جانتا دەستییەكەی دەركردووەو وەك"یادگاریەك "بۆ خۆی هەڵگرتووە).

له١١/١٨رۆزا تەلیگرامێك بۆ كلارا رەوانە دەكات:"خێرا وتارێك بۆ(رۆتە فانەـ ئالای سوور) بنووسەو ئیمزاكەتی لەسەر دابنێ. ئێمە خوازیاری بابەتێكین دەربارەی ئافرەتان".لە هەمان رۆژ نامەیەكی رۆزای پێگەیشت"بەدڵەوە چاوەروانی ووتارەكەت دەكەم ـ با زۆر كورت بێت! . خۆت زۆر ماندوو مەكە. ناوەكانیشمان دەوێت. هەندێ لەسەر ئافرەتان بنووسە، ئەمە ئێستا زۆر گرنگە،لەم بارەیەوە هیچ كەسێك لەئێمە تێناگات".كلارایش ووتارێك لەژێر ناوی(شۆرش و ئافرەتان) دەنووسێ.

سەفەرەكەی كلارا بۆ بەرلین بەناچاری هەفتە لەدوای هەفتە دوادەخرا، رۆزایش لەبەر ئەوەی بە دەستەی دەرهێنانی رۆژنامەكەوە بەسراوەتەوە، ناتوانێت بەرلین بەجێبهێڵێت.لەم كاتەدا بارودۆخەكە بەرەو خراپی دەچوو.رۆزا نامەیەكی تری بۆ كلارا دەنووسێت:" هەر چەند رۆژی جارێك لەلایەن بەرپرسیارەكانەوە بەخێرایی ئاگاداركردنەوەمان پێ دەگات، من و كارڵ بەرادەیەك لەلایەن سەفاحەكانەوە چاودیری دەكرێین كە بۆ خەوتنیش بۆ ماڵی خۆمان ناروێن، بەڵكە هەموو شەوێك دەگەڕێین بۆ جێگایەك تێیدا بخەوین.

لەم ماوەیەدا رۆزا هیوای بەخۆدا كە لە هەفتەی ئایندە بارودۆخەكە"بەچاك یان خراپ"روونەدەبێتەوە،پاشان كلارا دەتوانێت بۆ بەرلین بێت. بەڵام لە هەفتەی دووهەمی مانگی یەنیوەری١٩١٩لە شتوتگارد،سپارتاكیستەكان زیندانی دەكران وكەسیش نەیدەزانی چییان بەسەر هاتووە.

له رۆژی١٣/یەنیوەری كلارا بریاریدا نامەیەك بۆ رۆزا بنووسێت، لەبەر هۆی ئەمنیەتی هەمان نامە بۆ دوو ئەدرەسی جیاواز دەنێرێت، لەم نامەیەدا دەنووسێت:"خۆشەویستە گەورەكەم،تاقە رۆزاكەم،تۆ بڵێیت ئەم نامەیە، ئەم خۆشەویستیەم بە تۆ بگات؟.....سەرای هەموو شتێك...ئاخ رۆزاكەم ئەمە چ رۆژگارێكە ! . گەورەیی مێژوویی وبایەخی مامەڵەكردنی تۆم لە بەرچاودایە. بەڵام ئاگاداریم لەم بوارەدا، ناتوانێت بەسەر ترپەترپی دڵم سەربكەوێت.من ناتوانم زاڵ ببم بەسەر خەمخواردنی پڕ ئازارم ومەترسیم لەسەر ژیانی...من هەست بەئازار دەكەم و شەرمەزارم لەوەی كە لەلای تۆ نیم و بەشداری لە خەباتی تۆ ناكەم...دوێنی رۆژنامەكان هەواڵی دەستگیركردنی تۆیان كرد بەدەست چەتەكانی حكومەتەوە. ئەم هەواڵە رووخاندمی، بۆ ئێوارەكەی هەواڵەكەیان بەدرۆخستەوە، هەناسەی ئاسوودەبوونم هەڵكێشا وخۆمم بە هیواوەوە بەستەوە...توند لەئامێزت دەگرم،بەدڵمەوە...كلاراكەت بۆ ئەبەد".

رۆزا فریای خوێندنی ئەم نامەیە نەكەوت. پاش تیرۆركردنی رۆزا وكارڵ بەدەست سوسیال دیموكراتەكانەوە،كلارا نامەیەك بۆ ماتیڵدا یاكوپ دەنووسێت:"من لەو بروایەدا نیم ژیان بەبێ كارڵ ورۆزا بتوانێت بەردەوام بێت، لەدەرەوە رۆژ هەڵبێت... ماتیڵدا،ماتیڵدا، داخۆ دەتوانین بە بێ كارڵ و رۆزا بژێین؟. ئەم هەوڵدانە بۆ من یەك واتای هەیە، ئەویش ئەوەیە، ژیان ناوەرۆكی ئەوانی بدەینێ،بەهۆش وگیانی هەردوكیان لەنێو ولەگەل جەماوەر كار وخەبات بكەین، بەخەمخۆاردنێكەوە خەبات بكەین، بۆ ئەوەی گیانی غەدر پێكراوەكان بەڕابەرایەتی بمێنێتەوە. ئەمە وەك وەسیەتێكی رۆزایە بۆ من، شانبەشانی ئەمەش دەبی كارەكانی رۆزا كۆبكرێنەوەو بلاوبكرێنەوە...

تیرۆركردنی ئەم دوو كۆمونیستە بوو بە هۆی تورەیی ونارەزایەتی لە هەموو كۆڵانە كرێكارنشینەكانی ئەڵمانیا. لە كۆتایی ئەم مانگەدا كلارا لە شاری ئێسلنگن لەبەردەم هەزاران كەس ووتاری خوێندەوە، پاشان لە شاری شتوتگارد پرسە رێكخراو هەمیشە كلارا لەسەر ئەم رووداوە دڵتەزێنە قسەی دەكرد.

كلارا لەماوەی دوو ساڵ كەمتر دوو كارەساتی گەورەی بەسەر هات، ئەوەش مەرگی هەرە خۆشەویستەكانی بوو ـ جگە لەدوو منداڵەكەی كە زۆر خۆشیدەویستن ـ، یەكەم هاورێی ژیانی و دوو هاورێ خۆشەویستەكەی. لەم رۆژە بەدواوە پرچی سپی رووخساری كلارای پۆشیەوە، وەك ئافرەتێكی پیری لێهات،ئافرەتێك كە بۆ بیروراكانی هەتا دوا هەناسە درێژەی پێدەدات .

کلارا، پاش هەفتەی خوێناوی لەبەرلین ولەناوبردنی شۆرش ولەدەست دانی گیانی هەزاران کرێکار، چیتر باسی لە نەخۆشیبوونی نەکرد. لەم کاتەدا شۆرش لە هەنگاریا ودەسەلاتەکەی بۆ چەند مانگێك درێژەی هەبوو،لە روسیاشدا سەرای تاوانەکانی دوژمنانی شۆرش وسەختی بارودۆخی ژیان بەهۆی ئابلوقەدانی ولاتە ئیمپریالیستەکان،دەسەلاتی شووورای بۆلشەوێکان جێگیرتردەبوو، لە مانگی مارس/١٩١٩لەچەندین شارو شارۆچکەکانی ئەلمانیا راپەرینی چەکدارانە بەرپادەکرا،تەنانەت حکومەت بۆ لەناوبردنی کۆمونیستە چەکدارەکان فرۆکەکانیشی بەکارهێنا،تیرۆری گشتیان بەرپاکرد. بەم شێوەیە دەسەلاتی دیموکراتی بورجوازی سەرمایەدارەکان بە تیرۆر ولەناوبردنی شیوعیێکان جێگیربوو، دەستدرێژی ئەم تیرۆرە گەیشتە گیانی کلاراش، بەلام کرێکارەکان لە دوا چرکەدا رزگاریان کرد.

لەکۆتایی مانگی مارس/١٩١٩ کلارا لە سەرکردایەتی حیزبی شیوعی ئەلمانیا کاریکرد ولە هەمان کاتدا سەرنووسەری رۆژنامەی(ئافرەتانی کۆمونیست) بوو ـ ئەم رۆژنامەیە ئۆرگانی حزب بوو بۆ رێکخستنی ئافرەتە پرۆلیتارێکان.

لەدیسەمبەری١٩٢٠بۆ سۆڤیێت سەفەر دەکات. هەڵدەبێژرێت بۆ سەرکردایەتی کۆمونیستی ئینترناسیونال، لەبواری ئیئۆری شێکردنەوەی رەگ و ریشەی فاشیزم دەورێکی بالای هەبوو. لە ٨مارس/١١٩٣٣بۆ ئاخرین جار لە راگەیاندنەکاندا قسەیکرد. لە٢٠/یونی/١٩٣٣تەوی لێهات وبەسەختی هەناسەی پێدەدرا. لەم کاتەدا باسی رۆزا لۆکسمبۆرگی دەکرد. لە کاتژمێری دووی بەیانی بزووتنەوەی ئافرەتانی کۆمونیست رابەرو تێکوشەری نەمری خۆی لەدەستدا.٤٠٠هەزار کەس لە خەلکی مۆسکۆ هاتن بۆ مالئاوایی لە کلارا. گەورەترین پرسەیان بۆ رێکخست. یەکەم جار فریتس هێکەرت وتارەکەی خوێندەوە، پاشان مۆلۆتۆڤ وئەمجار کرۆبسکایا ونوێنەرانی حزبە کۆمونیستەکانی جیهان وکرێکارە رووسەکان. پاشان لە دیواری کرێملن، لەتەنیشت کۆری کۆمۆنیستە بەناوبانگەکان نێژرا.

٢٠٠١/٢/١٥

سەرچاوەکان:١/کلارا زێتکین: دەربارەی مێژووی بزووتنەوەی ئافرەتانی پرۆلیتاری ئەلمانیا.

٢/گیلبەرت بادیە: کلارا زێتکین–بیوگرافییەکی نویٚ–.

**********

## بۆ خوشکە نەسرین شاکەلی لە گەلٚ رێز...

١/ بە شێوەیەکی نموونەیی تالی کارەساتی ئەو کچەی خستووەتە بەرچاو. ئەمە خۆی لە خۆیدا نیشانەی بەرزی ئاستی تێفکرین وهەولدانی ئیمانسەی ئافرەتانی کوردستان پێشاندەدات، واتە بەکورتێکەی: ئافرەتی کوردستانیش لە ئاستی رەخنە جیهانییەکانە بۆ بەربەرەکانی بیروبۆچوونە سواو و دواکەوتووەکانی سەدەکانی رابردوو دژ بە مافە سەرەتاییەکانی ئافرەتان وچیتر بێدەنگ نابن لە رووی تاوان دژی خوشکەکانیان.حزبە دەسەلاتدارەکانی کوردستان دەبیٚ مل بۆ داوا رەواکانی ئافرەتان بدەن و ئەو شەرمەزارییە لە ناوچەوانمان بسرنەوە.

٢/ بەبڕوای من ئەوەی درووست نەبێت لە بۆچوونەکانی نەسرین خان، بریتین لەم خالانەی خوارەوە:

*بەرێزی کازندەی بێدەنگبوونی ئەوانە دەکات کە باوەڕیان بە دیموکراسیەت هەیە، یا ئەو کەسانەی خۆیان بە رووناکبیر دەزانن. پێموابێت جەنابیشی دەزانێت و دەبینێت، کەوا سیستێمی دیموکراتی بانگەشەی مافی مرۆڤ دەکات، یاسا بۆ رێگرتن لە هەندیٚ لایەنی چەوسانەوەی ئافرەتان دەردەکات، بەلام بەهەمان ئەندازە،زەمینە بۆ کوشتن، زەوتکردن، رفاندن و سووکایەتی بە ئافرەتان خۆشدەکات، بۆ نموونە( زۆربەی هەرە زۆری فیلمەکان –فیلمی کارتۆنیش دەگرێتەوە بۆ مندالان–، جەنگ، زەوتکردن، سووکردن، کوستن و زەبروزەنگ دژی ئافرەتان پێشاندەدەن، ریکلامی سەر جادەکان و

دەیان گۆڤاری سێکس..هتد). مەبەستم لێرە ئەمەیە: دەسەڵات و پراکسیسی دیموکراتەکان، ئازادی بە گەواد ولەش فرۆشتن(بەرەسمی، سۆزانی بەرەش یاساغە، چونکە باج نادەن)دەدات. جا رەنگە"پیاوە دیموکراتە بەرێز وبەشەرەف وبەحورمەتەکان"بە قسە شتێك دژی چەوسانەوەی ئافرەتان بڵێن، بەڵام هەرگیز لە گەڵ ئازادی بێقەید وشەرت وهاوسانی ئافرەتان نین. تا ئەو رادەیە پشتگیری لە مافەکانی ئافرەتان دەکەن، سیستێم و نۆرمەکەیان بپارێزن، ئافرەتانیش لە خزمەتی دەسەڵاتەکەیان بیر بکەنەوەو لە سنوورە دیاریکراوەکانی دەرنەچن، لە هەموو بوارە سیاسی و ئەخلاقی و نۆرمی نێرانەکان بە گوێیان بکەن. ئەو ئافرەتانەی بیانەوێت تەختی تیرۆر و نابەرابێتیان بهێنێتە خوارەوە، بەناوی گەلەوە سەخترین سزا دەدرێن!

* سویسرا یەکێکە لەباشترین نموونەی دەسەڵاتی دیموکراتی، کەچی لە یەکێك لە کانتۆنەکانی، پێش چەند ساڵێك مافی دەنگ دان بۆ ئافرەتان بە رەوا بینی! لەلانکەی دیموکراتییەت(فەرەنسا)، لە ١٩٨٥وە ئافرەتان بۆیان هەیە کۆنتۆی بانقی تایبەت بەخۆیان هەبێت! لە ئەلمانیا پێش نزیکەی مانگێك، ئافرەتان بۆیان هەیە ببن بە سەرباز(بۆ نموونە: ینگ، ئەوە چەندین ساڵە ئەم مافە داوە بە ئافرەتان! ! !) بۆیە دەبوایە نووکی رەوای رەخنەکانی ئاراستەی پەتریارشەکان بکات.

بەداخەوە زیاد لە پێویست ولەبەر نارۆشنی تێروانینی بۆ مەسەلەی چەوساندنەوەی ئافرەتان"سەری دەبێتە خولخۆلۆکە بۆ بیستنی رەفتاری سەیرو سەمەری  خاوەن شەهادە وپلەی بەرزی خوێندن"لەبەر ئەم هۆیە: چەندین خاوەن شەهادەی بەرز هەیە لە خزمەتی دەسەڵات وسیستەمە تیرۆریزمەکانی دنیا؟ هەروا لەلایەکی ترەوە خۆیشی بەباشی ئەم خاڵەی پێکاوە لە نەموونە هێنانەوەی"...مامۆستای زانکۆ و جەنابی دۆکتۆر، هەر کات مەیلیان لێ بێت، سەفەری کوردستان دەکەن و لەو سەرەوە بە شۆخە بووکێکی نیوتەمەنی خۆیانەوە دەگەرێنەوە!"– لە گفتوگۆکەی رێگای کوردستان لە مانگی یازدەی/٢٠٠٠ناوی ئەم جۆرە ئەزدواجە ناوە: ئافرەت کڕین–!

*نەسرین دەنووسێت"... میللەتی گوڵ هەڵوەرێن، کانیاو لێڵکەر، ئاگردان کوێرکەرەوە، باڵسوتێنەری پەپولە، کەی میللەتە"هەڵەیەکی زۆر کوشندە دەکەن، بەوەی هەموو گەلی کورد مەحکوم دەکەن، وەك بڵێت تەنها کوردان ئەم تاوانە درێو و وەحشیگەرییە دژی ئافرەتان ئەنجام دەدەن. بەم دەربڕینە وادەزانێت و وایشی پێشاندەدات. ئەمە راست نیە. دەسەڵاتی ئافرەتان دەکوژن، رسوادەکەن، دەرفێنن، زەوتیان دەکەن، وەك کویلەیەك، زۆر بە هەرزانی بازرگانی بە لەشیان دەکەن.لە باوکسالاری لە بنکەی ولاتانی"دیموکرات وپارێزەرانی مافی مرۆڤ"هەموو رۆژێك بەچەندین شێوە دەیان وسەدان وهەزاران جار ولاتەکانی ئۆروپادا، چگە لە بازاری چەکسازی، هیچ بازارێك هەیە، لە بازاڕی بازرگانی بە لەشی ئافرەتان گەرمتر بێت؟

بەرای من درووست ئەمەیە: دیموکراتییەتی باو لە لووتکەی سەرکەوتن و پێشکەوتنیدا، نموونەیەکی واقیعیە بۆ زەبروزەنگ دژی ئافرەتان، بۆیە دەبێت ئافرەتان درێژە بە(بیروبۆچوون ومێژووی نوێترین بزووتنەوەی ئافرەتانی جیهان، کە خۆی لە بۆچوونەکانی کلارا زێتکین، کرۆبسکایا، کۆلینتای دەبینێت،وبزووتنەوەکەیان، بزووتنەوەی ئافرەتانی کۆمونیست پێشاندەدات، خەبات بکەن). بە وانەی دەڵێن"باوی نەماوە"، بەهەموو راستگۆی و بێشەرمییەوە دەڵێم" کالای دیموکراتییەت بەم شێوەیە هەیە بەقەد بالاتانە!.لە گفتوگۆیەکدا لە گەڵ ئافرەتێکی ئەکادیمی کورد لە(...) بە شانازییەوە باسی ئەندام بوونی دەکات لە رێکخراوی (یەکێتی ئافرەتانی لە دەوڵەتی...)هەر بۆ ئاگادارییەکی زیاتر، ئافرەتانی فلیپین لە ساڵی ١٩٧٢وەوە، بەناوی بزووتنەوەی ئازادی ئافرەتان رێکخستووەو لەژێر ناوی(Makibaka)خەباتی چەکداری دەکەن. لە نووسینێکیاندا:"ئافرەتان لە کۆمەڵگای فەلپین لەژێر سێ بار چەوسانەوە دەناڵێنن، یەکەم جار وەك بەشێك لە گەلێکی نیو کۆلۆنیال ونیو فئودالْ، دووهەم وەك بەشێك لە چینێکی چەوساوەو وەك ئافرەت لەژێر دۆمینی پیاوان."ولە نوسینێکی تریاندا:" ئێمە خەبات دەکەین لە دژی ئیمپریالیزم،

فئودالیزمی، سەرمایەداری بیروکراتەکان و پەتریارشات(باوکسالاری). ئافرەتانی نیکاراگوایش بەهەمان شێوە خۆیانیان چەکدار کردووە، لە ئەلمانیادا بەناوی(رۆتە تسۆرا)خەباتی چەکدار دەکەن و لە هیندستان.

دەبێ ئافرەتانی ئەمڕۆ، زیاتر لەهەر کاتێکی تر، رچەشکێن بن لەبواری نابووتکردنی ئەم سستێمە، ئیلزیونە رەنگاورەنگەکانی داغون بکەن، ئەلتەرناتیڤی ژیانێکی شایستە بۆ دایك وخوشك وهاورێ ومنداڵەکانمان مسۆگەر بکەن.

گرنگ نیە پیاوە دیموکراتەکان قسە بکەن یا نا، گرنگ ئەوەیە ئافرەتان خۆیان زیاتر بێنە گۆرەپانی خەیات لە ریزی کۆمونیستەکان، فشار لە سەر حزبە کۆمونیستەکانیش بهێنن، چیتر مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی مەرکەزی حزب تەنها لە پیاوان پێك نەیەن.....

٢٠٠١/٢/١٨

## ئەم وەحشیگەرییانە بۆچی روودەدەن؟ چارەسەر چییە؟

لە دەربەندیخان دایکێك منداڵی دەبێت، خێرا کەس و کارەکەی کورپەکەی دەبەن، پارچەپارچە دەکەن، دەیخەنە ناو کیسەیك و فرێی دەدەنە ناو زبڵخانە. لە شاری لیشتنبێرگ(ئەلمانیا): ئەوە ٣٩رۆژە منداڵێکی ٩ساڵە بەناوی(پێگی)بزربووە. هانز یوئاخیم(٣٨ساڵ) دانی ناوە بە زەوتکردنی ١٠ئافرەت (بیلد لە ٦/٢). کلاودیا.ڤی تاوانی زەوتکردنی بەدەست ئەکتەری بەناوبانگی ئەلمانی (کلاوس لوڤیچ) دەخاتە بەر دادگا! (بیلد لە ٦/٤). کیژۆڵە(یوسفینە بوو، ١٣ساڵ)لە(Häganäs) لە خوارووی سوید کوژراوە. پاش لێکۆڵینەوە دەرکەوت کە بەرێگای ئینتەرنێتەوە لەگەڵ لاوێکی١٥ساڵە ئاشنابووە، پێکەوە چوون بۆ ناو دارستان، لەوێ لاوەکە بەبەردێك یوسفینەی کوشتووە. لە یابان باوکێك لە تورەییەوە کچە٨ساڵییەکەی بەدارێك بەستۆتەوە لەبەر ئەوەی بەبێ رێپێدان، شرینی بەر دەرگای شوێنی بودائیستەکانی خواردووە. پاش ٢ سەعات داپیرەکەی چاوی پێکەوتووە خێرا پەتەکەی لێکردۆتەوە، بەڵام هەر سوودی نەبووە، کیژۆڵەکە گیانی لەدەستدا! لە سالت لۆکا ستی(ئەمریکا)"کاک" تۆم گرین(٥٢ساڵ) لەگەڵ هەر پێنج هاوسەرەکانی و کۆنە هاوسەرێکی تری چوون بۆ وێنەگرتن( وا نەزانن بووە بە ئیسلام، ١٠٠٪ئەمریکییەکی سپییە و دوورە لە ئیسلام! !). لە ئەلمانیا زۆربەی ئافرەتەکان(تیراپی ـ عیلاجی سایکلۆژی)، وەرزشی بەرگری لەخۆکردن دەکەن....

کێ بەرپرسیارە لەبەرامبەر ئەم تاوانانە؟ بۆچی روودەدەن؟ ئەی ئێمە کەی راستەوخۆ لەبارەیانەوە دەدوێین، دەنووسین و هەڵویستی درووست لەبەرامبەریان وەردەگرین؟ ئایا بەرێگای یاسا گۆرین چارەسەر دەبن؟

## لە بارەی کۆبوونەوەی سەردارانی ئۆروپا لە گویتەبۆرگ(سوید)

لە سیاتل(ئەمریکا) کۆبوونەوەی رێکخراوی بازرگانی جیهانی تێکدرا. لەو رۆژەوە تا ئێستا، بەرگری لە دژی رێکخستنە جیهانێکانی سەرمایە و دۆگمای لیبرالیزمی نوێ گەیشتووە بە ئاست وهێزێك کە دەکرێت ناوی بزووتنەوەی لێ بنرێت، وەك زەمینەیەکی نوێ بۆ هاریکاری نێونەتەوەی چەوساوەکانی جیهان و هەوڵی گەشەسەندنی دەدرێت.

ئەم بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە توانی لەدافۆس (سویسرا)، سەرەرای کۆنترۆڵی بەهێزی پۆلیس سەردارانی جیهان، شار بەدەر بکەن. بەهەمان شێوە کۆبوونەوەکانی سەنوقی دراوی جیهانی و بانقی جیهانی لە واشینتون شکستی پێهێنرا. لە براغ سەرەرای ئابلوقەدانی خۆپیشاندەران و رەشبگیری(سەدان کەس دەسگیرو بێ سەروشوێنکران) کۆبوونەوەکەیان

تێکدرا. له ئیتالیاش بەهەمان شێوە. بەرگریکەران، جیهانێکی تریان دەوێت لەو جیهانەی وا دەسەڵاتدەرانی ئەمڕۆی جیهان نەخشەی بۆ دەکێشن.

له ١٤-٦/١٦ له شاری گویتەبۆرگ(سوید) سەرۆکی وەڵاتە ئۆروپییەکان کۆدەبنەوە. لەم کۆبوونەوەیەدا دەیانەوێت پرۆژەی یەکێتی ئۆروپا و دوا ڕۆژی چەمنتۆریز بکەن. بابەتە سەرەکیەکانی ئەم کۆبوونەوەیە بریتین لە: بەرفراوانکردنی یەکێتییەکەیان له ڕۆژهەڵاتی ئۆروپا، گەشەپێدانی سیاسەتی بەرگری، گەیشتن بە بەروبووم، ماددە خامەکان، هێزی کاری هەرزان و چۆنێتی ئازادی هاتوچۆ لەناو وەڵاتەکانیان.

له ئەلمانیا و له وەڵاتەکانی تری ئۆروپا، کۆمۆنیست و هێزە ئەلتەرناتیڤەکان له دژی ئەم کۆبوونەوەیە سیمینار لە دوای سمینار ڕێکدەخەن، کۆمەڵناسی فەرەنسی( پیری بۆردیو) له یەکی ئایار بانگەوازێك بەناوی(شارتای ٢٠٠٠)بڵاوکردەوە. ئەم شارتایە هەوڵێکە بۆ دیاریکردنی ئەلتەرناتیڤێکی سیاسی بۆ سیاسەتی لیبرالیزمی نوێ.

شایانی باسە، ئینتەرنێت ڕۆڵێکی گەورە دەبینێت له ڕێکخستنی ئەم خەباتە. زۆربەی حزب و گروپەکان لەسەر ئاستی جیهان، خۆیان له سایت(چەند سایتێك) بە زمانی جۆراوجۆر ڕێکخستووە. بۆ نموونە:www.no-rasicm.net ، بەڕێگای [www.nadir.org](http://www.nadir.org) لێرە دەکرێت تەماشای لینکەکەی بکەیت: نیولیبرالیزم)...

شاری گویتەبۆرگ له ڕۆژی ١٤-١٦ دەکرێت بە ڕۆژی ڕسواکردنی سەردارانی ئۆروپا و کۆنسێپتە جیهانییەکەیان!!

---

(٢)

لیبرالیزمی نوێ، ڕاسیسزمی کۆمەڵایەتی، سیاسەتی دژ بە پەنابەران، بیروباوەڕ و کرداری فاشیستانە، وێرانکردنی ژینگە، چەوساندنەوەی ئافرەتان، بێکاری، هەژاری و جەنگ بەرفراوان و بەتینترکردووە.

بەرەو (Genua)!

لە ٢٠-٢٠٠١/٧/٢٢ سەرۆك حکومەتی، شالیاری فینانسەکان و وکەسایەتییە پوولدارە گرنگەکانی دەوڵەتە پیشەسازیی گەورەکانی دنیا G٧/ G٨ له شاریGenuaله ئیتاڵیا کۆدەبنەوە. لەم کۆبوونەوەیەدا، دوا بڕیارەکانیان لەبارەی ژیان و گوزەرانی ملیاران مرۆڤ کە پێشوەخت لەبارەیانەوە ووتووێژیانکردووەو لەسەریان کۆکن، بۆ ڕای گشتی جیهانی نمابشیان دەکەن. خاڵی سێنتراڵی ئەمجارەیان بریتیە لە( Generales Agreement on Trade in Services- GATS-ڕێککەوتنی گشتی لەبارەی بازرگانی لە بواری خزمەتگوزاری ). ئارمانجیان: درێژەپێدانی پریڤاتیزیرەکردنی بواری خزمەتگوزارییە دەوڵەتییەکانە، واتە پەروەردە، تەندرووستی، ئاو لەلایەن کۆمپانییە تایبەتەکانەوە بەڕێوەوە ببرێن. بۆ بڕیاردان لەسەر هەر سەرپێچییەك بێتەپێشەوەیان-لەسەر ئاستی جیهان- ، دەخرێتە بەردەستی دادگای ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی( WTO) بڕیاری لەسەر بدات. لە ئەلمانیا(بۆ نموونە) نە سەندیکای کرێکاران، نەیش حزبەکان، بە گوێرەی پێویست دیسکسیون دەکەن لەسەر کارتێکردنی پریڤاتیزیرەکردن لەسەر هاووڵاتیان. ڕوونیش نیە لەلایان کەوا ئەم سیاسەتە پەیوەنداری لە گەڵ GATS یا WTO هەیە. لەسەر ئاستی ئۆروپادا، کۆمسیونی یەکێتی ئۆروپا بەرپرسیارە لەجێبەجێکردنی بڕیارەکان. GATS تەنها هەڕەشەی بێکاربوون ناکات، بەڵکو هەڕەشەی لەناوبردنی ئۆتۆنۆمی کۆمۆنەکانیش دەکات، باج و نرخی شمەکەکان بەرزدەکات، زەرەر لە دیموکراتییەت دەدات و سەرئەنجامێکی نێگەتیڤی دەبێت بۆ ژینگە.

لەم كۆبونەوەیە سەرلەنوێ باسی قەرزەكانی "وەڵاتە هەژارەكان" دەكەنەوە. ئەمانە لە كۆبوونەوەی رابردوویاندا لە شاری كوڵن(ئەلمانیا) گفتیاندا لە٢٠٠ملیار دۆلار خۆشبین، بەڵام لەئاستی پراكسیس تا ئێستا تەنها لە ١٨ملیارد خۆشبوون. بۆ ئاگاداری، وەڵاتە هەژارەكان تەنها لە ١٩٩٢دا ٤٥٠ملیارد دۆلاریان گەڕادووەتەوە بۆ بۆ دەوڵەتە دەوڵەمەنەكان!

بەهۆی سیاسەتی نیولیبراڵی جیهانگیرییەوە لەبواری ئابووری و كۆمەڵایەتی، ئاستی ژیانی دەوڵەتە دەوڵەمەنەكان ئەوەندەی تر بەرزتر بووە لە وەڵاتە هەژارەكان. بەڵام لەناو ئەم بەشە بچوكە دەوڵەمەندەشدا، تەنها لەوەڵاتە ئۆروپێكان ٦٠ملیون كەس بەهەژاری دەژێت، ١٦ملیون كەس بەرەسمی وەك بێكار ناونووسكراون، ٥ملیون لانەواز هەیە و لە ئەمریكایش ٣٠ملیون كەس نانیان نیە بیخۆن.

سەركەوتنی ئابلوقەدانی كۆبوونەوەكەی رێكخراوی بازرگانی جیهانی لە Seattle(ئەمریكا) لە نۆڤەمبەری١٩٩٩و سەرنەكەوتنی(لە ٣٠٠٠نوێنەری، تەنها ٢٠٠ نوێنەر توانیان لە كۆبوونەوەكە بەشدای بكەن) بووە هۆی دامەزراندن و رێكخستنی بزووتنەوەیەكی جیهانی هەمەرەنگ لە حزب و گروپ و تۆرە جیهانییە جیاوازەكان. ئەم بزووتنەوە جیهانیە دژی فۆرمی لیبرالیزمی نوێی سەرمایەداری و ئابووری جیهانگیرە..

پاش سەركەوتنەكەی سیاتل كۆبوونەوەیەكی سەردارانی جیهانی بە بێ پرۆتێست كردن و موقاوەمەت تێناپەڕێت: واشینتون، میلبۆرنە، پراگ، نیزا، كوێبس، و گویتەبۆرگ. ئەمجارەیان لە ئیتالیا: تا ئێستا ٣٧٥حزب، رێكخراو و گروپ لەناوەوەی ئیتالیا و لە دەرەوە بانگەوازەكەیان ئیمزاكردووە بۆ پرۆتێستكردن لە گینوا. شانبەشانی ئەمەیش لەسەر ئاستی وەڵات و شارەكانیش ئەكتسیونی لۆكال بەڕێوەوە دەچێت.

سەركەوتنی راستەرەو وملیونێر بەرلسكۆنی و هاوپەیمانە فاشیستەكانی(لیگا نۆرد) لە هەڵبژاردن، ساردوسڕی مۆبیلیزیركرنی پرۆتێست و موقاوەمەت، بە پێچەوانەوە، ئەكتسیونەكان وەك تواناییەك دەبینرێت لە دژی ئەم پەرەسەندنە راستڕەوە لە ئیتالیا و بۆ ئەوەی نەهێلرێت بەرلسكۆنی و حكومەتەكەی ئاسوودەیی ببینن. لە ئیتالیا دەیانەوێت مافی خۆپیشاندان كەم بكەنەوە، هەروا مافی سەفەركردن تەگەرەی تێبخەن، توندوتیژترین كۆنترۆڵە بكەن تا رادەی سنووورداخستن. لەوە دەچێت ئەمجارەیان لە گینوا، زیاتر لە ئەكتسیونەكانی بقلیشێتەوە! لە كۆبوونەوەكەی(نیاپل-ئیتالیا) پۆلیس توندوتیژییەكی نائاساییان لە دژی ٣٠٠٠٠ خۆپیشاندەر پێشاندا. لە ئێستایشەوە پروپاگەندەی ژەهراوی بلاودەكەنەوە، بەتایبەتی پاش تەقەكردنی پۆلیسی سویدی دژی خۆپیشاندەران و بریندراكردنی سەختی دوو هاوڕێ( هەرچەند پۆلیسەكان بە فیشەكی پلاستیكی چەكداركرابوون، بەڵام فەرماندەران تینوێتیان بەمە نەشكا و بەفیشەكی ئاسنین تەقەیان كرد. ئەمەش ئاستێكی نوێیە، بەتایبەتی لە وەڵاتێك وەك سوید!!). شاری گێنوا بەدەستی هاوپەیمانی چەپی ناوەراستە لە ژێر كارتێكردنی(ریفۆرداتسونا كۆمونیستا)، بەڵام وەزارەتی ناوخۆ و حكومەتی ناوچەكە تەنانەت ئامادەیی گفتوگۆشیان نیە لە گەڵ رێكخەرانی پرۆتێستكردن، بۆیە تا ئێستا هیچ شوێنێك و هیچ مافێك بۆ نوستنی هەزاران كەس و پاراستنی یاسایی مسۆگەر نەكراوە. واتە خۆپیشاندەران پێش هەر هەنگاوێك ناچاركراون شوێنی چالاكی و نووستن بە هێزبەكارهێنان داگیر بكەن!

ئەو هێزانەی وا لە پشت( بواری هاوپەیمانێتی كومەڵایەتی لە گێنوا) راوەستاون ئەوەندە گەورەیە، لە كۆبوونەوەی خۆئامادەكردن لەئاستی ئۆروپا لە سەرەتای مانگی پێنج بانگەشەی توانای كۆئۆردیناتۆری جیهانیان كرد بۆ رێكخستنی هەموو چالاكی و ئەكتسیونەكان. لە ئێستاوە ئاست و شێوەی رێكخستن لە ئیتالیا ئەوەمان پێشاندەدەن كە بزووتنەوەكەیان، شان بەشانی فەرەنسا، ببێت بە سەنتەر و رابەری خەبات لە دژی ئیمپریالیزم و سیاسەتی لیبرالیزمی نوێ.

چەندین کاروان بەرەو گێنوا رێکخراوە: لە بەریتانیا، کاروانی کەرنەڤال و کاروانی(No border-No Nation) دەکەونە ری. لە ئەلمانیا، کاروانی بیلەفێلد–گێنوا. ماڵپەڕی ئیتالیا بۆ ئینفۆرماتسیون و رێکخستن: www.genua-g8.org.

E-mail: yabastagenova@hotmail.com و چەندین ئەدرەسی تر.

## دەربارەی ناوەڕۆکی پرۆتێستەکان:

زۆربەی بەشداربوانی کۆبوونەوەی خۆئامادەکردن لە سەرەتای مایی/٢٠٠١ پێشنیاری ئەوەیان کرد کە ئەمجارە هەنگاوێکی زیاتر بڕۆن بۆ پێشەوە لە پرۆتێستەکەی دژ بە کۆبوونەوەکانی لیبرالیزمی نوێ لە مانگی یەك لە( Porto Allegre– بەرازیل) کە مارگینالیزەکردنی(پەراوێزکردنی) بەشێکی دانیشتیوان کرد بە بابەتی سەرەکی دیسکسیونەکان. ئەم جارەیان دەبێ زیاتر باس لە بارودۆخ و گوزەرانی کرێکاران و کارتێکردنی لیبرالیزمی نوێی جیهانگیر بکرێت. دەبێ خەبات لە دژی راسیزم و سنووردانان دژی پەنابەران و کۆچبەران و خەبات و بزووتنەوەکەیان لە پێناوی ئازادی هاتوچۆو هاوسانی لە مافەکان به خاڵێکی زۆر گرنگی چالاکێکان و ئەکتسیون و دیسکسیونەکان.

لە ٧/١٤ کۆنفرانسەکان دەستپێدەکەن. لێرەدا گفتوگۆ و ریفەرات لە بارەی خەبات دژی هەژاری، مافی مرۆڤ و هاووڵاتیان، جەنگ و ئاشتی، کار و کارکردن، دارایی، ژینگە و لێبوردن لە قەرز. لە ٧/١٩دا خۆپیشاندنێك ئۆرگانیزەکراوە لە دژی دوورخستنەوە و گیتۆزیرەکردنی پەنابەران و کۆچبەران. لە شەوی ٧/١٩وە ئابلۆقەی شوێنی گۆنگرەکەو< پەرژینی سوور> دەدرێت. بەرێگاشەوە تا شوێنی مەبەست بە ئەکتسیونی سەرپێچی تسیڤیلانە(العصیان المدنی) و ئەکتسیونی راستەوخۆیانە بۆ پێشەوە بڕۆن. ئامانجی ئەم چالاکیانە ئەوەیە، کۆبوونەوەی رەسمی دانیشتی سەرداران لە پاش نیوەڕۆی ئەم رۆژە تێکبدرێت. لە ئێستاوە رێکخران روونیانکردووە کە لە تواناداا نیە کۆبوونەوەکەیان تێکبدرێت یا شوێنی حکومەت داگیر بکرێت! لە رۆژی شەمە، لە کاتژمێری پێنجی ئێوارە، بەبەشداربوونی پتر لە ١٠٠هەزار کەس، بە رابەرایەتی کرێکارانی(Danone) و سەندیکاکەیان کە ئێستا لە خەباتی داواکارییە کرێکارێکاندان ، خۆپیشاندانێکی جەماوەری دەکەوێتە رێ . ئەم خۆپیشاندانە تا ئێستا لەلایەن حکومەتەوە رێی پێنەدراوە. بۆ ئینفورماتسیونێکی زیاتر دەتوانین تەماشای ماڵپەڕی:.www.aktionsinfos.de/neolib.

جگە لە گێنوە، لەهەموو جیهان پرۆتێست رێکدەخرێت!

جیهانگیری ئەوان، پێویستی بە موقاوەمەتی جیهانی ئێمە هەیە!

لە سیاتلەوە تاکو پراگ

لە کویتەبۆرگەوە تاکو گێنوە

باری یەکگرتووی گەلانە

یەك هیواو یەك ئامانجە

تاکو سەرکەوتنی کرێکاران

ناوەستین!

پێشنیار: لە ٧/١٩دا پەنابەران و کۆچبەرانی کوردی باشوور دەتوانن لە پێناوی مافە رەواکانیان و لە دژی سیاسەتی راسیستی حکومەتی نەرویج، سوید، هۆلەند، ئەلمانیا، ئوستراليا و یونان(ناونووسی پەنابەرە"ناشەرعی"کان دەکەن بۆ ئەوەی نەتوانن لە وەلاتەکانی ئۆروپای خۆرئاو داوای پەنابەری بکەن) لە شوێنی خۆتان یا لە پایتەختی ئەو وەلاتەی تێدا دەژین بەچالاکی جۆراوجۆر بەشداری لەم موقاوەمەتە بکەن! !

### لەسیاتل، براغ، داڤۆس، ناپۆلی، بەرشەلۆنە، ئینسبروك، گویتەبۆرگ وئەم جارەیان لە جێنوا،

لەهەرکوێ ئیلیتەی ئابووری، دەولەت و زاناکانی دەسەلاتداران کۆببنەوە، موقاوەمەتێکی بەهێزی کرێکاران، بێکاران و زەحمەتکێشان رووبەروویان دەبنەوە. ئەم بارووذۆخە بووە بە گرفتێکی جددی بۆ ئیلیتەی سەرمایەداران. لەهیچ شوێنێکی سەرزەمین ناتوانن"بەئارامی"کۆبوونەوەکانیان بکەن.

رۆژ لەدوای رۆژ دینامیکی بزووتنەوەیەکی جیهانی بەزەقی بەدیدەکرێت. موقاوەمەتکەرانی دژ بە سەرلەنوێ ئۆرگانیزەکردنی بزووتنەوەی سەرمایە و"کۆتایی پێهاتنی مێژوو" ناناسن و نایانەوێت لە بەرامبەریاندا دەست بە ئەژنۆوە راوەستن! بۆیە تەنها لە شوێنی کۆبوونەوەکان لە دژیاندا راناوەستن(جنێڤ، کوێلن، سیاتل...)، بەلکو لەرۆژانی ئەکتسیونەکاندا، پێکەوە لەسەر ئاستی جیهان، لەهەر پێنج کیشوەرکان، لە فیلیپین، ئوستراليا، زیمبابۆی، پاکستان، هیند، ئەرجەنتین، کەنەدا و ئەمریکا، ئیسرائیل، کۆماری چیك و لەچەندین وەلاتی ئۆروپای رۆژئاوا لەدژیاندا ئەکتسیون و خۆپیشاندان رێکدەخرێت.

زنجیرەی رۆژی ئەکتسیونە جیهانییەکان لە ١٩٩٨/٥/١٨، بەبۆنەی کۆنفرانسی رێکخراوی بازرگانی جیهانی لە جنێڤ دەستپێکرد. لە ٢٩شاری دنیا لە دژیاندا پرۆتێستکرا. لە مانگی١٩٩٩/٧دا بەبۆنەی کۆبوونەوەی گی٨لە کوێلن(ئەلمانیا)، لە ٧٠ شاری دنیا زیاتر لە دژیاندا پرۆتێستکرا. ئەم فۆرمە لە دیسێنترالێ، پەیوەندی ئۆتۆنۆم و ئەکتسیونە جیهانییە، ئەترەکتیڤیتێت(سەرنجراکێشان) بۆ ئەو ئادەمیزادانە رادەکێشێت کە لەگەل تاقیکرنەوە سەرکەوتوانەکەی ئەم سترکتورە پێکەوە کاردەکەن و کارتێدەکەن....

بەشی زۆری هێزی رێکخستنی ئەم تۆرە دەگەرێتەوە بۆ رەتکردنەوەی جۆراوجۆر بۆ سترکتوری دەسەلاتدارەکان. بانگەوازکردن بۆ رۆژی ئەکتسیونی گلوبال لە چورچێوەی(People Global Aktion )بلاوکرایەوە. ئەم تۆرە لە مانگی ١٩٩٨/٢دامەزرا. لەم ماوە کورتەدا زۆر چالاکی نواند، دەشتوانین بلێین بەبێ ئەوەی هەستی پێبکەین، چونکە زۆربەی بەشداربووان لە رۆژی ئەکتسیونی جیهانی دژی بازرگانی"ئازاد" و رێکخراوی بازرگانی جیهانی،گوێیان لە(PGA)نەبووە، هەروا ئێمە خۆمان بە رێکخستن و ئەندامی رێکخستن نازانین، بەلکو بە یەکگرتنەوەیەکی بەیەکگرێنەدراوی بزووتنەوەی بنچینەکان لەهەر پێنج کیشوەرەکان. (PAG) وەسیلەیەکە بۆ کۆمینیکاتسیون(پەیوەندی)، بۆ کۆرینەوەی تاقیکردنەوە جیاوازەکان و بۆ کۆئۆردیناتسیونی ئەکتسیونەکان(رێکخستنی چالاکێکان).

بزووتنەوەی بنچینەکان(حرکە القاعدە)ی(PAG) لەسەر پێنج پرەنسیپ رێککەوتوون:

- دژوەستاندنی روون و ئاشکرای ئینستیتوتی وەك رێکخراوی بازرگانی جیهانی، رێکەوتنی بازرگانی ئازاد وەك(NAFTA – رێککەوتنی بازرگانی ئازاد لە ئەمریکای باکور)، یەکێتی ئۆروپا، دژایەتی باوکسالاری، راسیزم ، دژایەتی هەموو فوندەمێنتالیزمێکی ئاینی، هەلویستی رۆشنای بەرنگاربوونەوە، چونکە لۆبیزم ناتوانێت گۆرانکاری واقیعی بەدیبهێنێت وهەروا ئینستیتسیونەکانیش(رێکخراوە جیهانیەکان) ریفۆرم ناکرێن. بانگەوازمان بۆ یاخیبوونی

تسیڤیلانە، دوور لە بەکارهێنانی توندوتیژییە. بۆ دامەزراندنی دەستە لەسەر ئاستی لۆکال(بۆ نموونە کۆڕی ئابووری ئەڵتەرناتیڤ) یا ستروکتوری دیسێنترالْ و ئەتۆنۆمییانەیە. ئەوەی لە پرەنسیپی توندوتیژی بەکارنەهێنانی یاخیبوونی تسیڤیلانە هاتووە، دەرگادااناخات بەڕووی فۆرمی ئەکتسیونی ئەوانەی لە هیند(KRRS) کە هێرشیان هێنا بۆ سەر کۆمپانیای تۆی کشتوکاڵی مولتی ئەمریکی(Cargill)و لەدوواییدا ئاگریان تێبەردا یا وێرانکردنی مێکدۆناڵد و(Kenttucky Fried Chicken)، تەنها ئەوە نەبێت، زەرەر لە مرۆڤ نەکەوێت...

تێبینی: ئەم ڕێککەوتنە بوو بە بنچینەی ڕاگەیاندی مانیفێستێك. لە کۆبوونەوەکەیان لە هیند(ڕەخنە لەسەر نوقسانی باسکردنی ڕۆڵی دەوڵەت لە سەرمایەداری کرا)، و پاشان لە پۆلیڤیا پەرەیان پێداوەو پێشوای دەکەن لەهەر ڕەخنە و بۆچوونێك بۆ ڕێکوپێککردنی مانیفێستەکەیان.(PAG) تەنها بەشێك پێکدەهێنێت لە بزووتنەوەی دژی جیهانگیری.

لەبەشی یەکەمی مانیفێستەکەیان کە لە فێبروەری/١٩٩٨لە ژنێڤ ڕاگەیاندرا، نووسراوە:

ئێمە لە سەردەمێکدا دەژین، سەرمایە بە هاریکاری ڕێکخستنە جیهانێکان وە(World Trade Organisation)،(International Monitary Fund)، (World Bank) وئەوانی تر، سیاسەتێکی وایان ڕێکخستووە، دەسەلأتیان لەسەر ژیانی سیاسی، ئابووری وکلتووری توندکردووە و توندتری دەکەن. سەرمایە هەمیشە لەئاستی جیهان کاریکردووە– هەوڵ و کۆششی بۆ بەرفراوانبوون و قازانج، هیچ سنوورێك ناناسێت. هەر لە بازرگانی کۆیلە پێش چەند سەد ساڵێك تا کۆلۆنیکردنی ئیمپریالیستانەی گەلان، وەلأت و کلتوورەکان لە هەموو جیهان، ئەکومولاتسیونی سەرمایە(التراکم الرأسمالی)بە خوێن و فرمێسکی مرۆڤایەتی ئاودەدرێت. ئەمڕۆ سەرمایە ستراتیژێکی نوێ بەکاردەهێنێت بۆ سەپاندنی دەسەلأتەکەی و بۆ لەناوبردنی موقاوەمەتی مرۆڤەکان. ناوی ئەم ستراتیژییە ناوناوە"ئابووری جیهانگیر"و پێکهاتووە لە لەناوبردنی سنوورە ناوەچەییەکان وئەو ڕێگرانەی لەبەرامبەر هاتوچووی ئازادانەی سەرمایە راوەستاون.

کارتێکردنی ئابووری جیهانگیر دەچێتە ناو سترکتوری کۆمەڵگا و کۆمەڵەکان و مرۆڤ دەبەن بەرەو سیستێمێکی زلهێز کە تەنها حیساب بۆ قازانج و کۆنترۆڵکردنی مرۆڤ و سرۆشت دەکات. ووشەگەلێك وەك" جیهانگیری"، "لیبرالیزەکردن" و"سەرلەنوێ ڕێکخستن" دەمامك دەخنەسەر گەورەبوونی جیاوازی مەرجەکانی ژیانی ئیلیتە و جەماوەری بەرین، چ لە دەوڵەتە پریڤلیگەکان یا لە وەلأتە"پیریفیرێکان" بەهەمان شێوە دەکەونە پێشچاو.

نوێترین، ڕەنگە گرنگترین فینۆمینی گشت پرۆسێسی جیهانگیری، هاتنەپێشەوەی بەهێزی ڕێککەوتننامەکانی بازرگانییە وەك وەسیلەیەکی سەرەکی بۆ ئەکومۆلاتسیەن و دەسەلأت.(WTO) یەکێکە لە گرنگترین ئینستیتوتیان لەبواری بەکارهێنان و جێبەجێکردنی ئەم ڕێکەوتنانە. ئێستا(دۆبلیو. تی.ئۆ) وەك جاران تەنها لەبواری بازرگانی کالأ چالاك نیە، بەڵکو لە کۆبوونەوەی ئۆرگوایەوە، ئەوەندە بەرفراوان کراوەتەوە، بۆ نموونە، لەبواری بازرگانی بە کەرتی خزمەتگوزارییەوە(General Agreement on Trade in Services ) کە کاردەکاتە سەر بواری کلتووری لەهەموو جیهان.

- بازرگانی بە مافی مولکداری ڕۆحی(Trade Related Intellectual Property Rights)

ڕێککەوتنی بازرگانی لەئاستی ناوچەکانیشدا پەرەی سەندووە:

- ڕێککەوتنی بازرگانی ئازاد لە ئەمریکای باکور: North American Free Trade Agreement
- Asia Pacific Economic Cooperation
- ڕێککەوتنی ماستریخت(Maastricht)
- Association of Southeast Asian Nations

- Southern African Development Corporation
- Southern Common Market

هەموو ئەم ڕێککەوتننامانە دوورن لە بیروبۆچوونی دانیشتوان و زۆر نادیموکراتیانەتر لە دەوڵەت بڕیاریان لەسەر دراوە.

خاڵەکانی تری ئەم مانیفێستە بریتین لە:

- چەوساندنەوە، هێزی کار و بنچینەی بوون
- تایبەتمەندی چەوساندنەوەی جەستەیی
- خەباتی مان و نەمانی گەلانی هیندۆ
- پەلاماردانی سرووشت و کشتوکاڵ
- کلتوور
- زانست و تەکنەلۆژیا
- لاوان، پەروەردەکردن و فێربوون
- ملیتاریزم
- کۆچکردن و جیاکردنەوەی ڕەگەزایەتی... هتد

---

(٣)

- کاتێك لەسەر میوانداری بانقی جیهانی، کۆڕی ئابووری جیهان لە ناپۆلی کۆببونەوە، موقاوەمتێکی ملیتانت، رادیکالانە لە لایەن پرۆلیتەکانی ئیتالیا رووبەروویان وەستانەوەو پابەندبوونیان بە موقاوەمەتی دژی سەرمایەداران لە سەر ئاستی جیهان دووپاتکردەوە. ئەوانەی ویستیان ئەم بزوتنەوەیە بەشێوەیەکی "ئاشتیخوازانە" بەڕێوەوەببەن، تووشی شکستی هاتن!

  ئاشتی ئامراز نیە، ئامانجە!!
- کۆبوونەوەکەیان لە گویتەبۆرگ(سوید) کەوتە بەر موقاوەمەتێکی گەورە. ٧٧لە خۆپیشاندەران و ٢٠ پۆلیس بریندارکران، ناو شارەکەش ویران کرا.
- بانقی جیهانی نیازی هەبوو لە مانگی شەش/٢٠٠١ لە شاری بەرشەلۆنە(ئیسپانیا) کۆببنەوە. لەترسەوە ئەم کۆبوونەوەیەش رەفزکردەوە!
- کۆبوونەوەکەی براغ ڕۆژێك زووتر کۆتایی پێهات!
- کۆنفرانسی ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی لە سیاتل لە کۆتایی نۆڤەمبەر١٩٩٩، شکستی هێنا!
- ئەی لە جێنوا چی روودەدات؟

هێشتا هیچ نەبووە:

– هاوسەرەکەی سەرۆك حکومەتی ئیتالیا رایگەیاند کەوا بەشداری ناکات لە کۆبوونەوەکە!(سەرچاوە:گۆڤاری دێر شبیگل،٢٦ژ)

– چەندین خۆپیشاندەر لە بەرلین سەفەرکردنیان لێ قەدەغەکرا!

– وەزیری دەرەوەی وەڵاتەکان، دەیانویست دوو ڕۆژ پێش کۆبوونەوەکەیان، تەنها لە دووری٤٠کیلۆمەتر لە گێنوا، لەدەربەندی(Portofino) کۆبوونەوە بکەن، بەڵام ئێستا لە ترسەوە، کۆبوونەوەکەیان لە ڕۆما دەکەن!

- بەرپرسیارانی "ئاشتی ناوخۆیی" پێشنیار دەکەن، کۆبوونەوەکە لەسەر پاپۆڕێکی سەربازی بکرێت!
- حکومەتی ئەمریکی ئامۆژگاری هاووەلاّتێکانی دەکات، سەفەر بۆ ناوچەی کۆبوونەوەکە نەکەن!
- ٧/١٧"نامەیەك تی.ئێن.تی" لە سەنتەرێکی پۆلیس لە جێنوا تەقییەوە!
- هەر ئەمڕۆ هەولێك دراوە بۆ کوشتنی نوێنەرانی(توتە بیانچە) لەکاتی گەیشتنیان بە بیرۆی کۆڕی کۆمەلاّیەتی جێنوا بەرێگای تەقاندنی بۆمبێکی کاتی!

هەواڵەکانی ئەمڕۆ

- ٧/١٨ لە کاتژمێری ١٠ی بەیانی باڵوێزخانەی سوید لە جێوا بەشێوەیەکی ڕەمزی داگیرکرا. ئەم ئەکتسیونە نیشانەیەك بوو بۆ هاوپشتی لە گەڵ خۆپیشاندەرە زیندانیەکان کە لە گویتەبۆرگ دەسگیرکران. داواکارییەکان:١/ زیندانیەکان وەك زیندانی سیاسی ناونووس بکرێن
- ٢/ ئەو پۆلیسانەی تەقەیان کرد و دوو خۆپیشاندەریان بەسەختی بریندار کرد، بدرێنە دادگا بە تاوانی هەوڵی کوشتن.
- شەمەندەفەرێکی فەرەنسی کە ٥٠٠ خۆپیشاندەری ئاشتیخوازی تێدابوو، بەرەو جێنوا سەفەریان دەکرد، لەلایەن بەرێوەبەرانی هاتوچۆی شەمەندەفرەکانەوە ڕاگیرا! خۆپیشاندەران لە بەرامبەر باڵوێزخانەی فەرەنسی لە جێنوا پرۆتێست دەکەن.
- ٥ئافرەتی ئەنتی فاشیست لە جێنوا دەسگیرکران، چواریان بەربوون و یەکێکیان هەرەشی حوکمی ٣ساڵ زیندانی لێدەکرێت. هەر ئەمڕۆ ٢ ڕۆژنامەنووس بی بێ هۆ دەسگیرکران، سەرەرای ئەوەی شناسنامەی ڕۆژنامەنووسیان پێشانی پۆلیسەکان داوە.
- شوێنی کۆبوونەوەی خۆپیشاندەران لە شتادیومی جێوا لەلایەن پۆلیسەوە پشکێنرا، لەژێر فشاری خۆپیشاندەران ملیانشکاند!

بەگشتی ٧٠٠حزبە و گروپ بەشداری دەکەن لەم موقاوەمەتە، جگە لە بزووتنەوەی ئەنتی فاشیست، ئەنتی ڕاسیست و ئەتۆنۆمەکان!

- بەرامبەر بەوان، باڵی ڕادیکاڵ، ریکاردۆ جێرمانی(٣٦ساڵ) ڕابەری بزووتنەوەی ئەنتی گلوبالیزیرونگ (جیهانگیری) لەشاری مایلەند کە ناویان لە خۆ ناوە( Tute bianche) دەڵێت: <u>"ئامانجی ئێمە ئەوەیە، بەزۆر پەرژینی سوور ببەزێنین، بۆ ئەوەی لوتکەی گی٨ تێکبدەین".</u>
- چاوەڕواندەکرێت لە وەلاّتەکانی دنیا و لە ئیتالیا١٥٠هەزار خۆپیشاندەر لە جێنوا ئامادەبن، جگە لە ڕێکخستنی ئەکتسیون لەسەر ئاستی شارەکانی دنیا!
- یارمەتیدانی سووری ئینتەرناسیونال دامەزراوەو لەئاستی یارمەتیدانی یاسایی، تەندەروستی و پوولی چالاکە.
- رێگای شەمەندەفەر لەنێوان بۆن–جێنوا، بازل–جێنوا ڕێکخراوە.
- لەشارەکانی ئەلمانیا، بریتانیا...هتد بوس ڕێکخراوە!
- لە بەرلینەوە بۆ جێنوا: بەناوی بزووتنەوەی ئازاد دژی دیپۆرتاتسیون، لە دژی یاسای ئەپارتەهایدی ئەلمان(سنووردانان بۆ ئازادی هاتوچووی پەنابەران. ڕێکخراوی پەنابەرە ئەفریقێکان(The Voice)ڕایگەیان: بەناوی هەموو پەنابەران و کۆچبەرانەوە، لە ڕۆژی ٧/١٥، کاتژمێری ١٦ بەبوس سنووری ئەلمانیا– سویسرا دەبەزێنین. لەپێناوی

- درێژەپێدان بە یاخیبوونی تسیڤیلانە

- ئه‌م خه‌باته‌ له‌سه‌ر ئاستی ئۆرووپا بكه‌ین
- له‌ پێناوی خه‌بات دژی جیهانگیری.

به‌شداربووان داوای په‌نابه‌ریان كردووه‌ له‌ ئه‌لمانیاو هێشتا ئه‌و مافه‌یان وه‌رنه‌گرتووه‌ !

درووشمی ئه‌مرۆ: جێنوا له‌ گی٨ ئازاد ده‌كه‌ین !

له‌پێناوی جیهانێكی ئازاد له‌هه‌موو جۆره‌كانی چه‌وساندنه‌وه‌ !

---

كورته‌ی دوا هه‌واڵه‌كانی خۆپیشانده‌ران له‌ دژی لوتكه‌ی ئابووری جیهانی له‌ ئیتالیا

ئه‌مرۆ ٧/٢٠

* له‌ كاتژمێری١١,٥٢:

قونسلییه‌ی ئه‌لمانیا له‌شاری (Lugano) داگیركرا. ئه‌م ئه‌كتسیونه‌ له‌ دژی قه‌ده‌غه‌كردنی سه‌فر له‌وانه‌ی ویستیان بۆ جێنوا برۆن وبۆ پشتگیریكردنی له‌ مافیپه‌نابه‌ران. * له‌ كاتژمێری ١٢,١٥: ٣٠٠خۆپیشانده‌ر بیرۆی بانقێكیان وێرانكرد. ئه‌م ئه‌كتسیونه‌ بۆ ئه‌وه‌یه‌ رۆڵ و تاوانی سه‌ره‌كی بانقه‌كان پێشانبده‌ن له‌ چه‌وسانه‌وه‌ی هه‌موو جیهان.

- پۆلیسی ئیتالیا له‌سه‌ر سنووری وه‌لاته‌كه‌یان، رێگایان گرت له‌ چوونه‌ژووره‌وه‌ی ٣٥كه‌سی نه‌مساوی له‌ پرۆتێستكه‌رانی دژی(گی٨). به‌قسه‌ی پۆلیسی ئیتالیایی، وه‌زاره‌تی ناوه‌وه‌ی نه‌مساوی دوسییه‌یه‌كی تایبه‌تیان پێیان داواه‌ له‌ باره‌ی كه‌سایه‌تییه‌ رادیكال وچالاكه‌كانی دژ به‌ جیهانگیری، كه‌ له‌رابردوودا سزاش دراون. به‌لام قسه‌كه‌رێكی ئه‌م گروپه‌ وتی"هیچ یه‌كێك له‌ ئێمه‌ پێشتر سزانه‌دراوه‌"!!
- كاتژمێری ١٥: پۆلیس به‌هه‌موو درندایه‌تییه‌كه‌وه‌ غازی(مسیل للدموع!!)و ئاورژ له‌ دژی خۆپیشانده‌ران به‌كار ده‌هێنێت. ئه‌وه‌ی به‌رده‌ستیان بكه‌وێت ده‌یده‌نه‌ به‌ر لێدانی كوته‌ك، ته‌نانه‌ت ده‌ست له‌ رۆژنامه‌نووسه‌كانیش ناپارێزن.
- له‌به‌ر به‌كارهێنانی ئه‌م توندوتیژییه‌، خۆپیشانده‌ران دادگایه‌ك، چه‌ند سوپه‌رماركتێك وێرانده‌كه‌ن. تا نووسینی ئه‌م هه‌واڵه‌، هێرشی پۆلیسه‌كان هه‌ر به‌رده‌وامه‌.

**هه‌واڵه‌كانی ئه‌مرۆ ٧/٢١**

- ١١,٢٣له‌هه‌موو شاره‌كانی جیهان خۆپیشاندان رێكخرا له‌ دژی كوشتنی خۆپیشانده‌رێكی ئیتالیایی له‌ جێنوا.
- ١٣,٥٢خۆپیشاندانه‌كه‌ له‌ له‌ ستادیومی(Carlini) ده‌ستنی پێكرد. پۆلیسه‌كان توندوتیژی به‌كار ده‌هێنن له‌ دژی خۆپیشاندانه‌ ئاشتیانه‌كه‌ی گۆره‌پانی(Piazza Kennedy).
- كاتژمێری ١٥,٠٨پۆلیسی ئیتالیا به‌درێژایی خۆپیشاندانه‌كه‌، هێرش ده‌هێنێت بۆسه‌ر خۆپیشانده‌ران. وه‌ك وه‌لامێك بۆ ئه‌م تاونه‌، خۆپیشانده‌ران به‌ به‌رد و مۆلۆتۆف كۆكتێل وه‌لامیان ده‌ده‌نه‌وه‌. به‌گوێره‌ی هه‌واڵه‌ ره‌سمێكان، ئه‌مرۆ ١٥٠هه‌زار كه‌س له‌خۆپیشاندانه‌كه‌ به‌شدارییانكردووه‌.

**بانگه‌وازێك له‌ كاتژمێری 00:56 ی ٧/٢٢**

پـۆلیس گـەمارووی سـێنتەری کۆمۆنیکاتسـیون(IMC)–تەلـەفۆن، کۆمپیوتـەر...هتـد– و یارمەتییـە پزشـکییە سەرەتاییەکانی داوە لە جێنوا

دەقی بانگەوازەکە

پۆلیس گەمارووی قوتابخانەکەی دراوە، کە سێنتەری پریسەی لێیە. نزیکـەی ١٠٠ کەسـی تێدایـە و زۆر کەسـی تـریش لـە قوتابخانەکەی بەرامبەر. پۆلیسەکان دەرگاکەیان شکاند و بەزۆر هاتنەژوورەوە. بەبێ گومـان، ئامانجیـان لـە ئەکتسـیونە ئەوەیە، بۆ لای ئێمـە سـەربکەون. ئێمـە چـاومان لێیـە، لـە قوتابخانەکـەی بەرامبەرمانـەوە خـەڵکی بـە دەسـت لەسـەر سـەریانەوە لەدەرگاکـەوە دەردەچـن. ئێمـە لـە بەشـی سـەرەوەین، لەشـوێنی تەلـەفۆن، ئینتـەرنێت و کـامیراین. هیلیکۆپتەرێت لەسەر قوتابخانەکە دەسوڕێتەوە، هەموو قوتابخامەکە گەمارۆو دراوە. یەکجار غـازی دژی بـینی تەقانـد و نەختێکی هاتە ناو قوتابخانەکە.

تکایە خێرا فشاری سیاسی بهێنن.

مۆبیلەزیری میدیاکان بکەن...فشار بەسەر باڵویزخانەکانی ئیتالیا بهێنن...ئەوەی کە پێتان دەکرێت.

ئێمە دەزانین کە لە زیندانـەکانیان ئەشـکەنجە بـەکار دەهێـنن. لێـرە چـەندین برینـدار کـەوتوون. ئێمـە نـازانین چـیتریش روودەدات، ئەگەر پێمانکرا... بەم زووانە ئینفۆرماتسیونی زیاترتان دەدەینێ.

ئەدرەسی قوتابخانەکە لە جادەی: Cesare Battisiti .

٧/٢٥ تەرمی Carlo Guiliani (٢٠ساڵ) لە شارەکەی خۆی نێژرا، لەهەمان کاتدا شـیوعی و چـەپەکان لـە زۆربـەی شارەکانی ئیتالیا و جیهان خۆپیشاندان رێکخست! ماڵئاوا بـرا! ...... هێشـتا(٧/٢٦)، ١٠٠کـەس لـە زیندانـەکانی ئیتالیـا ماونەتەوە.

## ئێمە و کۆبوونەوە جیهانییەکان

تا چ رادەیەك کۆبوونەوەکانی رێکخراوە جیهانییەکان پەیوەندی بە ئێمـەوە هەیـە( لـە کوردسـتان یـا وەك پەنابەر)؟ چۆن مامەڵەی لە گەڵدا بکەین؟ چ هەڵویستیك وەربگرین لە جیهانگیری وخەباتی فرەلایەنەی ئەنتی جیهـانگیری سەرمایەداری؟

جێگای داخە، سیاسەتمەدار، رۆژنامەنووس و نووسەرانی کورد(بەتایبـەتی ئەوانـەی لـەدەرەوە دەژێـن. لـەناو ئەمانەشـدا کۆمونیست و چەپەکان) و زۆربەی هەرە زۆری پەنابـەران"بەتایبـەتی بەنابـەرە سیاسـییەکان و ئەوانـەی داوای پەنابـەری دەکەن یا داواکەیان رەتکراوەتەوە" بایەخ نادەن بە نووسین، لێکۆڵینـەوە یـا بەشـداریکردن لـە چـالاکی دژی کۆبوونـەوە جیهانییەکان، وەك بڵێی ئەم کۆبوونەوانە بریاری پرمەترسی نادەن لەسەر چارەنوسی خۆیان، منـداڵ و گەلەکـەی. باسـی بەشدارنەکردنیان ناکەم لە بواری خەباتی دژ فاشییەت، راسیزم و تیرۆریستی دەوڵەتی. وەك بڵێـی ئێمـە و مەسـەلەکەمان پەراوێزی رووداوەکانین!

لەو بروایەدام، ئەمە بووە بەفاکتێك و دەگەرێتەوە بۆ چەند هۆیەك:

١/ سەرمەستی زۆربە بە پروپاگەندەی"وەلاّتە دیموکراتـەکان". باسـکردنی بـارودۆخی سیاسـی، کۆمەلاّیـەتی...جیهـان و راستێکان بەگشـتی، تـەنها لـە دیـدەنیگای پسـپۆرە زۆر شـارەزا و بلیمەتـەکانی بیروبـاوەڕی بـاو لـە (BBC) و دەنگـی ئەمریکا و (ntv) دەبینن. زۆربە وەریدەگرن، بڕوای پێدەکەن و بلاّویدەکەنەوە. هۆش دراوە بە دەستی جـەنگی ماشـینی پرۆپاگەنەی زلهێزەکان ولێی تێپەڕ ناکەن.

٢/ بەشداریکردن لەبەرەی دژ خاوەن شـکۆ، لـەدژی ئـەو ئیدیالـە زەردەیـە کـە لـە نـاو مێشـکیان درووسـتکراوە. گەرچـی بەشـداریکردنیان لەبـەرەی دژدا، لـە پێنـاوی بـەجیهانیکردنی مەسـەلەی کوردسـتان و گـەڕان بـەدوای ئەلتـەرناتیڤێکی درووستیش بێت، یا لەپێناوی سنووردانان بێت بۆ راگرتنی هەڕەشەی دیپۆرتاتسیون و جەنگی دەروونی دژی خۆیـان وەك پەنابەران !

ئەمڕۆ هـەژاران و چەوسـاوەکانی جیهـان لـە دژی دەسـەلاّتی ئـابووری و ئـەو سیسـتێمەی بەبەرهـەمی دەهێنێـت خـەبات دەکەن، ئامادەیشن گیانی خۆیان لە پێناوی بەختبکەن، کەچی رۆژنامەی وا هەیـە، بـەبالاّی شـاندی سۆسـیال دیموکراتـە نەفرەتلێکراوەکان دێن، کەسانی وا هەن وەك شێرکۆ مەنگوڕی(کوردسـتانی نـوێ ٢٢/٧) دەنووسـێت:" ... ژمارەیـەك لـە بەرهەڵسکارانی جیهانگیری بەبەرزکردنەوەی درووشمی جۆراوجۆر کە دژ بەبەستنی ئەو کۆنگرەو مـەغزاکانی جیهـانگیری خۆپیشاندان رێکدەخـەن و دەیانـەوێت بەبـەردەباران و پـەلاماردانی پـۆلیس و تێکوپێکـدانی شـوێنە گشـتییەکان بـەر لـە بەستنی کۆبوونەوەکە بگرن ، هەروا بەرنامەی مەودا درێژیان ئەوەیە کە بەر بـە شـەپۆلی عەولەمـە بگـرن و نـەهێڵن چـیدە چـینی هـەژاران و کرێکـاران ببنـە قوربـانی مـەرام و پرۆژەکـانی جیهـانگیری ، ئەگـەر ئـەو داخـوازی و داواکارییانـەی ئـەو بەرهەڵستکارانەش هێندێك رەوایی تێدابێت، بەلاّم بـەو جـۆرە گـرژی و توندوتیژییـە نـەك هـەر رەوایـی لـە خواسـتەکانیان دەسنرێتەوە، بە پێچەوانەوە زیانێکی ئەوتۆش دەکـەن کـە نـەك هـەر کەسـێك و دوانیـان لێ دەکوژرێـت و بـە دەیانیـان لێ بریندار بێت، بەڵکو هەتاهەتایە بەو ئامانجە ناگەن کە بەرزیانکردووە....".

وەك دەبیـنن، کـاکم گومـان لـە ڕەوایـی داواکـاری بەرهەڵسـتکارەکان دەکـات، سـەخڵەت بـووە لـەوەی بەرهەڵسـتکارە کۆمونیست و چەپە رادیکالەکان بە تێگەیشتن وپشتیوانی هێزە ئاشتیخوازەکان و زۆربەی دانیشتیوانی جێنوا، بەو شـێوە شۆڕشـگێرانەیە موقاوەمـەت دەکـەن. تێگەیشـتنی ئـەم بـرادەرە بـۆ دەسـەلاّتی حکومـەتی هاوپـەیمانێتی راسـتڕەو و فاشیستەکانی ئیتالیا و وێنە هەڵواسـراوەکانی مۆسـۆلینی گۆربـەگۆڕ لـە بنکـەکانی پـۆلیس و چـۆنێتی <u>هێرشبدرنەسـەری تیرۆریسـتانەی پۆلیسـەکان بـۆ سـەر هاوپیشـەکانی(رۆژنامەنووسـەکان) کـە تاقـە چـەکی دەسـتیان تـەنها کۆمپیوتـەر، تەلەفۆنە</u>(ئەمڕۆ٢٣/٧هـەواڵی خوێنـاویکردن و دەسگیرکردن، تێکـدانی هـەموو فیلمـی ڤیـدیو وکۆمپیوتـەر و شمەکـەکانی رۆژنامەنووسـەکان بلاّوکرایـەوە، تەنانـەت رۆژنامەنووسێکیشـیان(Kirsten wagenschein) کـە ناسـنامەی رۆژنامەنوسی پێبووە، سەرنگونکراوە، کۆمەڵێ برینداریش لـەناو نەخۆشـخانەکاندا دەستبەسـەرن) زۆر قیـزی هێنامـەوەو نامەوێت لەسەری بڕۆم. ئاخر ئەوە چ رۆژنامەنووسێکە شان بەشانی تاوانی پۆلیسێکی ئیتـالی راوەسـتێت؟ هیـوادارم کـاك شێرکۆ هەوڵبدات نەختێك زیاتر ئاگاداری کۆبکاتەوە لەمەر ئەم بابەتە،وەك خاوەن قەڵەمێك بۆ راستی دەگەڕێ، یەکلایەنە بۆ شتەکان نەڕوانێ، هەروا بگەڕێ بۆ وڵامی پرسیاری بۆچی بەرهەڵسکاران بەو شێوەیە بەرهەڵستی لـەخۆیان و کرێکـاران و هەژارانی دنیا– بە گەلی زوڵملێکراوی کوردستانیشەوە– دەکەن، یـا بۆچـی لـە ئەرجـەنتین مـانگرتنی گشـتی کـرا، هـیچ بەدووریشی نەزانن، سبەی جەنەڕاڵەکان بگەڕێنەوە. چیهات بەسەر ئابووری مەکسیك پـاش رێککـەوتنی (نـەفتا) و بۆچـی ساباتیستەکان دەستیان بۆ چەك برد؟دەوڵەتەکانی حەوت پڵنگەکە بۆچی لەماەی چەند رۆژێك،کران بـە دەوڵـەتی حـەوت گوێرەکەکە، و قەیرانەکـەیان ئێسـتایش بەردەوامـە و نـازانن چـۆن لێـی دەربچـن؟ قـەیرانی ئـابووری تورکیـا بۆچـی بـەو سەختییە روویدا؟...هتد. لێرەدا بە پێویستیشی نـازانم باسـی وتارەکـەی کـاك دلێـر ئەحمـەد و نووسـینەکەی هـەواڵنێری

رۆژنامەی برایەتی لە ئیتالیا کاك شۆرش عەزیز سورمی(بڕوانە برایەتی لە ٧/٢٥، یەکەم لاپەڕە) بکەم. هەر ئەوەندە دەڵێم:

١/سەرەرای زلهێزی زلهێزەکانی سەرمایەداری، چەوساوەکان دەتوانن هێرشیان لەسەر بکەن و سەربکەون!

٢/ لەم شەڕەدا دیکتاتۆرییەتی میدیای جیهانگیری و درۆودەڵەسەکانیان زۆر بەسەختی دۆڕاندیان.

٣/ کارتێکردنی ئەم موقاوەمەتە، جەماوەری زەرەر لێکەوتووی جیهانگیری ئەوەندەی تر وریاکردەوە.

٤/سەردارانی دنیایان ناچارکرد جارێکی تر نەتوانن بەم شێوەیە کۆنەبنەوە.

٥/ بێدەنگی ئەو زلهێزانە لەئاستی دەسەڵاتی راسیست و فاشیستی ئیتالیا. ئەمجار بۆمان هەیە پرسیار بکەین: ئەی پڕپاگەندەی رێگەگرتن لە دیکتاتۆرییەت و فاشیزم چی لێهات؟ ئایا کۆمەڵگای مەدەنی و مافی مرۆڤ جێگایان دەبێتەوە لەژێر دەسەڵاتی ملیاردێرێکی تاوانبار وەك بێرلسکۆنی؟

٦/ ریسواکردنی دەسەڵاتدارە سەرکێکانی سۆسیال دیموکرات لە ئۆروپا(ئەلمانیا، بەریتانیا)، کۆنزەرڤایتف (ئیسپانیا، فەرەنسا)و راسترەوەکان(ئیتالیا، نەمسا). لە جێنوا ئەو راستییە زۆر روونتر دەرکەوت کە سەرمایەدان لەژێر ناوی جۆراوجۆر حکومڕانی خۆیان دەکەن، ئەم جۆرە حزبانە تەنها سەگی خوێڕی سەرمایەدارانن و هیچی تر

٧/ هەرەسپێهێنانی وێنەی درووستکراوی ئۆروپا لە مێشکی زۆربەی خەڵکی "جیهانی سێ".

٨/ ئێستا خەڵکی پرسیارێکی ستراتیژی و مێژوویی دەکەن: ئەم هەشت دەوڵەتە، بەپێی چ بەرنامەیەکی دیموکراتی، کراون بە دەسەڵاتی سەرەکی جیهان تا بڕیارە چارەنووسسازەکان لەسەر ژیانی هەموو مرۆڤایەتی بدەن؟ مەگە ئەمانە "دیموکرات و پارێزەرانی مافی مرۆڤ "نین؟ ئایا هاووەڵاتییەکانی خۆیان یا ئەو چەند ملیار ئادەمیزادەی سەر زەمین هیچ پرسیارێکیان لێ کراوە بۆ ئەوەی ئەمان لووتکە دەسەڵات بن لە جیهان؟ هەرگیز نا. ئەمانە لەهەموو ئاستێکدا کەمایەتی پێکدەهێنن، نەنانەت لەسەر ئاستی سەرژمێری دانیشتوانی وەڵاتەکانیشیان. بەڵێ مۆدێڕنن، بەڵام لە درووستکردنی چەکی کۆمەڵکوژ، لە چەوسانەوەی زۆربە، لە بەدرەوشتی بڵاوکردنەوە و تەحقیرکردنی مرۆڤایەتی، لە....هتد. بۆیە موقاوەمەت لە دژیاندا تاقە رێگایەو تاقە وەڵام، تەنها: سۆسیالیزم یا بەربەرییەت!

لەلایەکی ترەوە لەبەرچاومانە، چۆن وەڵاتانی ئۆروپا، هێرشێکی هەمە لایەنە دەکەن لە دژی پەنابەران و (بە پەنابەرە کوردەکانیشەوە). هەر لە دیپۆرتکردن تا دەگاتە بەردانی گورگە خوێڕێکانیان بە گیان ئەو کەسانەی بۆ کار دەگەڕێن وبە بەکارهێنانی ئامرازی کوشتنیش(فاشیزم بەرهەمی سیستێم و ناکۆکی دنیای ئیدۆلۆژی، چینایەتی خۆیانە). ئایا ئەمە هۆیەکی بەس نییە بۆ ئەوەی بەشداری بکەین لەدژی ئەم هێرشە سێنتڕالیستەی خاوەن شکۆ"مۆدێرنەکانی"جیهان؟ هەڕەشەی دیپۆرتکردن خۆی لە خۆیدا، بەبێ ئەوەی جێبەجێش بکرێت، بەسە بۆ ئەوەی بارووداۆخی دەروونی، کۆمەڵایەتی ...هتد پەنابەران بەرەو وێرانکردن ببات. بۆیە دەبوایە پەنابەران بەبێ سڵکردنەوە چ لە شوێنی خۆیان(لۆکاڵ) یا لە خۆپیشاندنەکانی جێنوا یا لەئاستی لۆکاڵ بەشداریان بکردبا. ئێستایش هیچ نەبووە، بۆ کۆبوونەوەکانی داهاتوو!

بۆ ئاگاداری هەموو لایەك، بانقی جیهانی و سەنوقی دراوی جیهانی لە واشینتون لە ٩/٢٨ کۆدەبنەوە. لە دژی ئەم کۆبوونەوەیەش موقاوەمەتێکی جەماوەری جیهانی رێکدەخرێت، رەنگە بەشێوەیەکی توندتر، چونکە ئەم دوو ئینستیتوتە و سیاسەتی نیولیبراڵەکەیان، بەشێوەیەکی زۆر دیکتاتۆرییانەوە، بە لوولەی تانك و تۆپە مۆدێڕن و دیموکراتییەکانیانەوە، جیهانیان بەرەو چارەنووسێکی نادیار بردووە، (ئینفراسترکتوری ئابووری، کۆمەڵایەتی و کلتوری لە جیهان وێرانکردووە)، گفتەکانیان لە سڕینەوەی قەرزەکانی "جیهانی سێ"جێبەجێ نەکردووە. لە کاتی ئەم

کۆبوونەوەیەدا ئەمریکا، رووبەرووی (سیاتل)ێکی نوێ دەبن و ئەمریکای لاتین دەنکی نارەزایەتیان بەرزتر بە گوێی جیهان دەدەن.

ئەی لە کوردستان و عیراق چبکەین؟ چ سیاسەتێکمان هەبێت بۆ لەناوبردنی رژێمی فاشیستی لە عیراق(بەرهەمی خودی ئیمپرسیالیستەکان: چەك، بازاڕ، ئیدۆلۆژی، پەیوەندی دیبلۆماسی...هتد)؟ چۆن کۆتایی بهێنین بە ئابلۆقە(بەرهەمی ئیمپریالیستەکان) لە دژی خەڵکی عیراق و کوردستان، کە بووە بەئامرازێك بۆ مانەوەی سەگە خوێرکەی بەغدا و بەکارهێنانی بۆ پڕوپاگەندە دیماگۆگییەکانی؟ بەگشتی جیهانگیری چی بەسەرمان هێناوە ؟و سەدان پرسیاری تر..

بەلام، تۆ بڵێیت، بەرەیەکی ئەنتی فاشیست و ئیمپریالیست رێگاچارەمان نەبێت؟

٢٠٠١/٧/٢٣

---

## داواکارییەك لە ماڵپەڕە کوردییەکان!

بۆ ئەوەی خەڵکی کوردستان، باشتر لە راستێکان ، گۆڕانکاری و بۆچوونە جیاوازەکان ئاگادار بن، نەك تەنها(بی بی سی و دەنگی ئەمریکا و پڕوپاگەندەی فاشیستەکانی بەغدا)، داوا دەکەم لە ماڵپەڕە کوردیەکان دەکەم، لینکێك بۆ ئەدرەسی ماڵپەڕە جیهانییە ئەڵتەرناتیڤان کە زۆر پێشکەوتوون بلاوبکەنەوە. لەم ماڵپەڕانەدا دەتوانن( فیلمی ڤیدیۆ، رادیۆ، ووتار، هەواڵ، کتێب،گۆڤار، چالاکی، کۆنفرانس، گفتوگۆ و چات بە زمانی ئەنگلیزی، ئەلمانی، سویدی، فینلەندی، ئیسپانی، رووسی، پۆڵەندی، دێنیمارکی، نەرویژی، یونانی و فەرەنسی...هتد لەخۆیان گرتووە)ودەشتوانن راستەوخۆ نووسینەکانیشتان بلاوبکەنەوە، بەبێ ئەوەی بخرێنە لاپەریەك بەناوی"لاپەڕەی ئازاد"یا بەشێك لە ووتارەکەت بقرتێنن، بەبێ ئەوەی هیچ کۆنترۆڵێك هەبێت.

خەڵکی کوردستان بەشێکی گرنگ پێکدەهێنن لە دانیشتیوانی زەمین، هەزاران کێشە و پرسیارمان هەیە، خاوەن توانای لێهاتوومان هەیە بۆ بەشداریکردنی راستەوخۆی لە هەموو رووداو و بۆچوون و ململانییەکانی مرۆڤایەتی.

هەستانتان بەم کارە، دیکتاتۆریەت و جەنگی ئینفۆرماتسیونی دەسەلاتداران وەروخاش دەکات، بواری ئاشنابوون، تێگەیشتن لە یەکتر، دیالۆك و رەخنەو یەکتری بۆ پێشەوەبردن خۆشدەکەن، توانایەکی لەبن نەهاتوو دەرەخسێنن بۆ گەشەسەندنی هەموو بوارەکانی ئینفۆرماتسیون و کاری رۆژنامەگەری مرۆڤدۆست و ئازادیخواز لە کوردستان.

چاوەڕوانی هەڵمەتی دڵسۆزانەتان دەکەم.

ئەدرەسی ماڵپەڕەکان:

www.Indymedia.org بەزمانی ئینگلیزییە، لێرەدا دەتوانن لەسەر لاپەڕەی یەکەمی(بەدیوی دەستی چەپ) لیستی ناوی وەڵاتەکان ببینن. کلیکێکی لەسەر بکەن، دەتانبات بۆ ماڵپەڕی زمانی ئەو وەڵاتە. پاشان دەیان ماڵپەڕی تریشتان بۆ دێتەپێش.

Hem.passagen.se/kcpz/il-html

www.nadir.org

٢٠٠١/٧/٢٣

تێبینی. ماڵپەڕی www.nuserikurd.com دەستپێشخەری خۆی کرد بۆ بلاَوکردنـەوەی ئەدرەسـی ئێندی میدیا. تەماشای لینکی روانگە بکەن... هیوای سەرکەوتنیان بۆ دەخوازم.

---

## جیهانگیری: ناوەرۆکی کتێبێك، وتارێك بەئەلمانی و چەند وتارێکی عەرەبی و کوردی!

(خوێندنەوە و بۆچوون)

پسپۆرە ئیدۆلۆجی و ئەکادیمی، دەزگا پروپاگەندەیەکانی سەرمایەدارانی جیهان هەموو وزەو تواناکانیان، بە توانا ملیتاری و موخابەراتێکانیانەوە خستووەتە گڕ بۆ ئەوەی ژێردەستەکان بگەیەنن بەم بۆچونانەی خوارەوە:

١/تارمـایی کۆمـونیزم لـەناوبرا... مارکسـیزم لینینیـزم خرایـە نـاو مۆزەخانـەی مێـژوو... سـەرمایەداری خـۆی لـە گۆڕنانێت،بەڵکو دەتوانێت خۆی نویێ بکاتەوە!!

٢/کـارتێکردنی رامیـاری بۆ گـۆڕینی بـارودۆخی ژیـان لـە وزە کـەوتووە و ئـابووری بـەخۆی هەڵدەسـتێت بـە رێکخسـتنی کارەکانی!

٣/ کۆتایی پێهاتنی مێژوو، ئیدۆلۆجیا ...سەرمایەداری بۆ هەتا هەتایە گرەوی بردەوە! – بژی کۆکاکۆلا،ماکدۆناڵد،رامبۆ و مایکل جاکسون و ئاواکس و داب ونەریتی ئەمریکایی و ئەوانەی بەباڵایدا هەڵدەدەن!!

٤/ باوی خەباتی چینایەتی نەماوە،سەردەمی داهاتوو، سەردەمی پێکدادانی شارستانییەتەکانە(سـاموئیل هـانتنغتۆن) – لەم چەند ساڵە دواییانەدا باس لە:مەترسی زەردەکان– بەپلەی یەکەم مەبەست صینە– لە مانگی چـواری ١٩٩٩ ئـەمریکا پەیمانێکی سەربازی لە گەڵ یابان بەستووە لە ژێـر نـاوی – هاوکـاری ئاسایشـی ئـەمریکی/یابـانی–، مەترسـی ئیسلام و رووبەڕووبوونەوەی لە گەڵ مەسیحییەت هتد... . بۆچـونی ئـەم پیـاوە بـەرێزە لـە بـەر ئـەوە نییـە کـە بۆچـونێکی نـوێی هێناوەتە ئاراوە،بەڵکو لەوەدایە، رێك بەشێکە لە سـتراتیجی بیرکردنـەوەی دەزگـای سـەربازی/ئـەمنی خـاوەن کارەکـانی ئەمریکایە.

٥/ کوشتنی هیوا و گەشبینی کرێکاران و زەحمەتکێشان بە دوارۆژێکی بەختیار بۆ هەموو مرۆڤایەتی!

٦/ لەسـەر ئاسـتی کوردسـتاندا، بـۆ نموونـە دەوترێـت :جیهـانگیری باشـە ... دیمـوکراتی لـەناو گـەلان بلاودەکاتەوە...بەزۆرەملیٚدەوڵەتان،گەلان،میللەتان، کەمینەکان و مەڵبەندەکان لە قاڵب نادا،(مەلا بـەختیار، بـیری نـویٚ ژمارە ١٩).

کاك نەوزاد ئەحمەد دەنووسێت:کردنەوەی دەرگاکان بەرووی بەجیهانکردنی ئابووری و کلتووری، هەنگاوەکانمان خێراتر دەکا بۆ چوونە ناو سەدەی زانست و عەقلانییەت و دیموکراسی.(هەمان سەرچاوە).

من هەوڵ دەدەم بۆچوونەکانی ئەم دوو زانایە (خۆشیان باسی چەندین بۆچونی تر دەکەن) بخەمە بەرچاو ئەوانـەی بایـەخ بە بابەتی گلۆبالیزیرونگ(جیهانگیری) دەدەن:

١/ئۆلریش بێك (مامۆستای سۆسیۆلۆگی لە زانکۆی میونخ و قۆتابخانەی ئیکۆنۆمیك لە لەندەن)

٢/ماریا میس(پرۆفیسۆری سۆسیۆلۆگی لە کوێلن،ئێستا خانەنیشینە)

*** ***

ئۆلریش بێك مامۆستای سۆسیۆلۆگی لە زانکۆی موینشن و قوتابخانەی ئیکۆنۆمیك لە لەندەن ) کتێبێکی لە ژێر ناوی (گلۆبالیزیرونگ – جیهانگیری– چییە؟) ــ بەئەنجام گەیشتنی دووهەم مۆدێرن.چاپی پێنجەم –٢٦٩ لاپەرە، ساڵی١٩٩٨بلاوکردەوە..

ناوەرۆکی گرنگی ئەم کتێبە بریتین لە بابەتی:

ا/مەبەست لە گلۆبالیزیرونگ چییە؟ دیمزیونەکانی(رەهەندەکان)، مشتومڕەکان، واتاکانی

لێرەدا نووسەر پێنج نموونە دەهێنێتەوە بۆ روونکردنەوەی (گ):

١ـ شکست هێنانی دوژمنانی شۆرش.

لە قۆناغی روخاندنی ئیمپراتۆرییەتی سۆڤێتی، بۆریس یەلسین کە ئەو کاتە هێشتا سەرۆکی روسیا بوو، لە سەر تانکێك ووتارێکی ئازایانە دژ بە کۆمۆنیستە کودەتاکەرەکان بۆ دانیشتیوانی مۆسکۆ خوێندەوە. ئەم ووتارە لەلایەن رادیۆی سۆڤێتییەوە پەخشنەکرا(بەدەست کۆنە شوعێکانەوە بوو)،بەڵکو بە سەتەلایت لەلایەن CNN پخشکرا. لەم چرکە مێژووییەی بریاردانی سیاسییەدا، بەرونی مانای تۆری ئینفۆرماتسیون(سەتەلایت) دەناسرێت. سەربەخۆیی ئینفۆرماتسیۆنی دەوڵەتی ناسیونال وەك بەشێك لە سەربەخۆیی رامیاری هێزی لەدەستدا. ئەمە نمونەیەکە بۆ ئینفۆرماتۆری گلۆبالی.

٢/ گۆشتی پەنگوینی ژەهراوی: لە حەفتاکاندا بیولۆگێکان لە (راس الرجاو الصالح)دا رادەیەکی بەرز لە ژەهری پیشەسازی خەستی بەرهەم و دوکەڵی کۆنزێرنە شیمێکان لە گۆشتی پینگوین دۆزییەوە.لە گەل کۆنفرانسی ژینکە لە ریودۆجانیرۆ ساڵی ١٩٩٢ ئەم تاقیکردنەوە مێژووییەی قەیرانی ئیکۆلۆکی گلۆبال بە شێوەیەکی رەسمی ناسرا و وەك داخوازییەك، بەبەردەوام لەباری سیاسییەوە کۆنکریت کرا و جێگایەکی بەرزی بەخۆ گرت. هەروا ئەم پرنسیپە لە کۆنفرانسی نیویۆرك لەهاوینی ١٩٩٧ باس کرا ولەهەموو جیهان ولە سیاسەتی رۆژانە لەلایەن گروپی جیاجیاوە باس دەکرێت (...). *گلۆبالیزیرونگی ئیکۆلۆگی*.

٣/ پاڵەوانێتی فینانس(دارایی)

پێش چەند ساڵێك پاڵەوانێکی دارایی بەرێگای رێپێدراو و پێنەدراوی مامەڵەیەکی ترانسناسیونال، یەکێك لە کۆنترین و بەناوبانگترین بانقی بریتانی بەرەو وێرانبوون برد، لە ماوەیەکی کورتدا چەندین ملیارد فوندی دۆراند. لەناو دارستانی بازاری جیهاندا، رەوتی پوولی ترانسناسیونال(فوق القومی) وا پێکهاتووە کە هەمیشە کەمتر بە پێداویستە مادییەکانەوە بەستراوەنەتەوە، زیاتر بە یارییەك لە داتا و ئینفۆرماتسیون بلاوبووەتەوە. ئەمە کۆنترۆلی دەوڵەتی ناسیۆنال ناهێڵێت و بنەمای ئیکۆنۆمی نەتەوە دەدزێت، بەبێ ئەوەی چوارچێوەیەکی رێکخراو بۆ ترانسناسیۆنال یا ئیکۆنۆمی گلۆبال لەبەرچاو بێت:

گلۆبالیزیرونگی ئیکۆنۆمی.

٤/هەواڵەکانی فرۆکەخانەی بەرلین ـ کالیفۆرنیا

لە فرۆکەخانەی تیگل لە بەرلین، کاتژمێر بیست ویەك و دە دەقەیە، دەنگێکی دۆستانەی رۆتین بە مێوانە ماندوو و چاوەروانەکانی سەفەرکردن دەڵێت:ئێستا فرۆکەکەتان ئامادەیە بۆ سەرکەوتن. ئەو دەنگە، دەنگی (ئەنگلیکا. ب)یە لە

کالیفۆرنیـاوە، لـە پێشـی مۆنیتـۆری کۆمپیوتەرەکـەی دانیشـتووەو خزمـەت بـە موسـافرەکان دەکـات. خزمـەتگوزاری هەواڵەکانی فرۆکەخانـەی بـەرلین لـە پـاش کاتـژمێری هـەژدە بـە ڕێگـای (وەنلاینـەوە) لـە کالیفۆرنیـاوە خزمەتـدەکرێت: پێکەوەکارکردن یا بەرهەمهێنانی گلۆباڵ .

*٥/ خالید، پاشای (ڕای - جۆرە گۆرانییەکی جەزایەرییە)*

لە مانگی دووی ١٩٩٧ گۆرانی عەیشە، تازەترین گۆرانی خالدە( خەڵکی جەزایـەرە و لـە هەنـدەرانی فەرەنسا دەژی)، لـە ئۆلۆمپیای مۆسیقای (پۆپ) بەرز دەبێتەوە وبەباشترین گۆرانی بێژی ساڵ دادەنرێت . ئەم گۆرانییە لـە هـەموو ڕادیۆکـانی فەرەنسـا( نـەک تـەنها ڕادیـۆ عەرەبییـەکان) پەخشـکرا،ئەمە شـایەنی سـەرەنج کێشـانە. ئەمـە پێشـانمان دەدات چـۆن کۆچکراوە مەغرەبستانییەکان بۆ نـاو مۆسـیقای (پـوپ) هـاتوون . خالـد تەنانـەت پرەزەنتیرنـی(نوێنەرایـەتی) فەرەنسا دەکات ؛ فیگور و مۆسیقاکەی دوپاتی ئەوە دەکەن کە گلۆبالیزیرۆنگ (وەن وەی نییە) بـەڵکو بـە پێچـەوانەوە دەتوانێت کلتـوری مۆسـیقای ناوچـە جیاوازەکـان لەسـەر شـانۆ جیهانییەکانـدا پێشـان بـدرێت و گرنگـی بەدەسـت بکـەوێت: گلۆبالیزیرونگی کلتوری .

گلۆبالیزیرونگی ئیکۆنۆمی کەی دەستی پێکردووە؟

| نووسەر | دەستپێکردن | بابەت |
| --- | --- | --- |
| مارکس | سەدەی پازدەهەم | کەپیتالزمی مۆدێرن |
| ئیمانوێل ڤالرشتاین | سەدەی پازدەهەم | سستێمی جیهانی کەپیتالیزم |
| ڕۆبیرتسون | ١٨٧٠ــ ١٩٢٠ | ڕەهەندی فرەلایەنی |
| گیدینس | سەدەی هەژدەهەم | مۆدێرنیزەکردن |
| پێرموتە | کۆتایی پێهاتنی گیروگرفتی ڕۆژهەڵات - ڕۆژئاوا | شارستانییەتی کلۆباڵ |

پاشان دەڵێت: پێشەکییەکی سێنترالّی یەکەم مۆدێرن پالّی پێوەنرا. لێرەدا مەبەست بیروبۆچوونی ناو داخراوەیی و دژ بە یەکتریـەو سـنوردانانی شـوێنی دەوڵـەت و کۆمـەڵگا نەتەوەییەکانـە بـۆ ژیـان و بازرگـانی. مەبەسـتی (گ) توانـای سنورنەهێشتنە بۆ هەموو مامەلەکردنێکی ڕۆژانە لەهـەموو ڕەهەنـدە جیاوازەکـانی ئـابوری، ئینفۆرماتسـیون، ئیکۆلـۆگی، تەکنیك، گیروگرفتە گلتورییـەکان و کۆمـەڵگای مـەدەنی. پـوول، تەکنـەلۆژیا، کـاڵا، ئینفۆرماتسـیون وژەهـر سـنوورەکان دەبڕن، وەك بلێیـت بوونیـان نییـە، تەنانـەت شـتەکان، کەسـەکان، بیرەکـان کـە حکومەتـەکان زۆر حـەز دەکـەن ڕوو بـە وڵاتەکەیان نەکەن وەك (کەرەستەی گێژکار، کۆچکراوە ناشەرعییەکان و ڕەخنـەکرتن لـە ڕێزنـەگرتنی مـافی مـرۆڤ) ڕێگـای خۆیان دەدۆزنەوە . تێگەیشتن لە (گ)بەم شێوەیە واتە: کوشتنی دووری، زۆرجار بـەبێ ویسـت و تێگەیشـتن کەسـێك بـۆ جێگایەك فرەبدرێیت، بۆ ناو شێوە ژیانێکی ترانسناسیۆنالی.

واتە (گ): یەکێتی دەوڵەت و کۆمەڵگای ناسیۆنال ووردوخاش دەکات، پەیوەندی دەسەڵات وکێبڕکێی نوێ پێك دەهێنێت، لەلایەکـەوە گیروگرفـت و تێهەڵچـون لـە نێـوان یـەکێتی دەوڵـەتی ناسـیۆنال و مامەڵـەکردنی کەسـەکان پێکـدەهێنێت و لەولاوەوە بارودۆخ و پرۆسێس مامەلەکردنی ترانسناسیونال، کەسایەتی، شوێنی کۆمەڵایەتی، پێکدەهێنێت .

## کردنەوەی ئاسۆی جیهان: دەربارەی سۆسیۆلۆگی گلۆبالیزیرونگ

"لەبەر ئەوەی بۆرجوا بۆ فرۆشتنی بەرهەمی،هەمیشە بازاڕی تازەی دەوێت بۆ هەموو لایەکی سەر زەوی دەچێت.پێویستە بۆ هەموو جێگەیەك بڕوات و خۆی تێهەڵقورتێنێت و پێکەی خۆی لە هەموو شوێنێك قایم بکات و لە هەمو لایەك پەیوەندی ببەستێت.بۆرجوا بە هۆی بەکارهێنانی بازاڕی دنیاوە لە هەموو ولآتێکدا بەرگی کۆسمۆپۆلیتی بەبەر بەرهەمهێنان و بەکاربردندا پۆشی.لەنێوان وەرەسبوون و پەستی زۆری کونەپەرستەکاندا، بنچینە نیشتیمانییەکەی پیشەسازیی لە ناوبرد. پیشەسازییە کۆنە نیشتیمانییەکانی تێکداو رۆژ بە رۆژ زۆرتر بەرەو تێك و پێکچوون و نەمانیان دەبات تا پیشەسازی تازە جێگەی کۆن دەکرێتەوە، پەیدابوون و بلآوبوونەوەی پیشەسازی تازە بۆ هەموو نەتەوە پێشکەوتووەکان دەبێتە مەسەلەیەکی گرنگ. پیشەسازییەکی وا دێتەکایەوە، کەرەستەی خاوی ناوخۆ بەکار ناهێنێت، بەڵکو لە دوورترین ناوچەی دنیاوە کەرەستەی خاوی بۆ دێت ، بەرهەمەکانیشی نەك تەنیا لە ناو ولآتدا، بەڵکو لە هەموو لایەکی دنیا بەکاردەهێنرێت. لە جێگەی ئەو پێویستە کۆنانە کە لە رێگەی بەرهەمهێنانی ناوخۆییەوە مسۆگەردەکران، زۆر پێویستی تازە دێنەکایەوە. بۆ ئەمەش بەرهەمی دوورترین ولآت وئاووهەوای جۆربەجۆر پێویستەو لە بری کەلاکەوتوویی ناوخۆیی و نیشتیمانیی جاران، لە بری مسۆگەرکردنی هەموو پێویستییەك بە رێگای بەرهەمی ناوخۆیەوە، لە دنیادا ئاڵوگۆڕی بەروبووم پەرەدەسێنێت و نەتەوەکان لە هەموو روویەکەوە هاوپەیوەند دەبن. ئەمەش وەك چۆن دەربارەی بەرهەمی ماددی دەگوترێت، هەمان شت بۆ بەرهەمی بیریش دەگونجێت. بەروبوومی چالاکی ئایدلۆجی هەر نەتەوەیەك دەبێتە موڵکی هاوبەشی هەموو نەتەوەکان، بەرە بەرە وای لێ دێت بۆ هیچ نەتەوەیەك ناگونجێت لە ئاسۆی تەنگەبەری خۆیدا بمێنێتەوەو بەوەندە بەسبکات. لە هەموو وێژەکانی نەتەوایەتی و ناوخۆیی وێژەیەکی جیهانی پێکدێت."

ئەمە پەرەگرافێك نییە لە مانیفێستینیۆلیبرالەکان کە لە ساڵی ١٩٩٦ بلآوکرایەوە، بەڵکو لە مانیفێستی کۆمونیستی مارکس و ئەنگلس وەرگیراوە کە لە فەبیروەری ١٨٤٨ بلآوکراوەتەوە. لەم دەقەدا دەکرێت چەند شتێك دیاری بکرێت:١ـ نووسەرانی مانیفێستی کۆمونیستی بەگەرمی پێشوازی دەکەن لە رۆڵی شۆرشگێرانەی بۆرجوازی لە مێژووی جیهان. ٢ـ گفتوگۆکردن لەسەر ((بەکارهێنانی بازاری جیهان)) بروارێکی کۆنتری هەیە لەم دیباتە بیرکورتەی ئێستا کە دەیانەوێت خۆیان بە تاقە راستی پێشان بدەن.٣ـ لەیەکچوونی تێڕوانینی نییولیپڕال و مارکسستە کۆنەکان خەندەئاورە. ٤ ـ تێروانینی دەوڵەتی ناسیۆنال کە زانستی کۆمەڵ تا ئەمرۆ لە دیلی خۆی رایگرتووە، هەر لە قۆناخی دامەزراندنیەوە، لەناو بڕبڕە رامیارییەکانیدا، بەرزبوونەوەی کەپیتالزمی پیشەسازی خستووەتە ژێر پرسیار.

<u>a/ سۆسیۆلۆگی وەك رۆشنبیری دەسەلآت رێکخستن: تیئۆری شوێنی کۆمەڵگا</u>

سۆسیۆلۆگی ((مۆدێڕن)) خۆی بە زانستی((مۆدێڕن)) دەربارەی گۆمەڵگای ((مۆدێڕن)) دادەنێت و لەگەلیدا بابەتی شوێنە کۆمەلآیەتییەکان، بەشێوەیەکی نهێنی و وەك قبۆڵبوونێك بیری لێ کراوەتەوە بەستراوەتەوە، ئادەمیزا دەتوانێت ناوی لێ بنێت (Container-Theorie der Gesellschaft) تیئۆری کۆنتینێر کۆمەڵگا:١/مەرجی کۆمەڵگاکان– سیاسی و تیئۆری–((دەسەلآتی دەولەت بەسەر شوێن))(بۆچوونی یوت. ئاگنێڤ و س. کۆربریج). واتە: تێروانینی سۆسیۆلۆگی ملکەچی بۆ ئۆتۆرتێتی رێکخراو– دەسەلآت و زەبروزەنگی دەوڵەتی ناسیۆنال– دەکات. ئەمە لەوەدا خۆی دەنوێنێت کە کۆمەڵگا لەژێر دەسەلآتی دەولەت دەبێت؛گۆمەڵگاکان، کۆمەڵگای دەولەتن، مەبەست لە رێکخستنی کۆمەڵگا رێکخستنی دەوڵەتە. بەم شێوەیە مرۆڤ لە رۆژگار و زانست لە کۆمەڵگای((فەرەنسی))،((ئەمریکی))،((ئەڵمانی)) دەدوێن.

جگە لەوەیش زاراوە سیاسییەکان لەگەڵ کۆمەڵگا نابەسترێنەوە، بەڵکو لە گەڵ دەوڵەت.هەرچەند ئەمە لە مێژوودا هەمیشە وا نەبووە. یەکەم: لە ناو ئەم بیرکردنەوە ولەناو ئارشێتێکتی ئینیستیتوتەکاندا، کۆمەڵگای ((مۆدێڕن)) دەکرین

بە کۆمەڵگای تاك تاك، دژ بە یەك وسنور بەرووی یەکتر دادەنێن. ئەرێ، ئەوە لەناو شوێنی دەسەڵاتی دەوڵەتی ناسیونال وەك کۆنتێرن بایەخی پێدەدرێت. لەلایەکی ترەوە((مۆدێرنەکان)) بەگوێرەی زاراوەکەیان، کۆمەڵگایەکی غەیرە سیاسیین، لە کاتێکدا مامەلەکردنی سیاسی ئاساییە لەناو و تەنها لەناو شوێنی دەوڵەتەکە کاری خۆی دەکات.

دووهەم: ئەم بابەتی رێکخستنە تەنها بەرووی دەرەوە کاری خۆی ناکات، بەڵکو بۆ ناوەوەیش. شوێنی ناوەوە، سنوور بۆ دەرەوەی کۆمەڵگا تاکەکان دادەنێت و بە تۆتالیتێتەوە دەبەسرێتەوە.جارێکیان وەك ئیدەنتیتێتی کولەکتیف(( چین، شتەکان، ئاین، کروپی ئەتنی، فۆرمی ژیانی سنوردار نێوان پیاوان و ئافرەتان)) بۆی دەچێت و شێی دەکاتەوە.وجارێکی تر ئۆرگانیزمی (مجازی) –سیستێمی کۆمەلآیەتی – لەناو جیهانی تایبەتی ئابووری ،سیاسەت، یاسا، زانست، و خێزان لە یەك جودادەکاتەوە ورێکی دەخات هتد.... لەگەڵ لۆژیکی خۆیدا لە باری تیئۆرییەوە دایدەنێت و هەمەرەنگی دەکات.
(سیادەتی) ناوەوە لە ناوەرۆکدا خولقاوەی کۆنترۆڵی حکومەتە. هەموو شێوە پراکتیکە کۆمەلآیەتییەکان (بەرهەمهێنان، کلتور،زمان، بازاری کار، کەپیتاڵ، پێگەیاندن)دەپێوێت، سنوریان بۆ دادەنێت، (عەقلانی دەکات) و مۆرکی دەوڵەتی ناسیۆنالی پێوەوە دەنرێت، لە لانی کەمەوە ناوی بۆ دادەنێت(ئیکۆنۆمی ناسیۆنال ، زمانی ناتسیۆنال ، لیتراتوری ناسیونال ، مێژووی ناسیونال هتد..) .
دەوڵەت وەك شوێنێك(کۆنتنێر) هەیە و وەحدەتێکی ناوچەیی پێدەدات، لە ئەژماردنە سستێماتیکەکاندا لەبارەی ئابووری و پرۆسێسی کۆمەلآیەتی خزمەت دەکرێت. بەم شێوەیە کاتیگۆری چاودێریکردنی خودی حکومەت دەبێت بە کاتیگۆری تەجریبی زانیاری کۆمەلآیەتی، بەجۆرێك کە برِوا کردنی پێناسەکردنی واقیعی زانیاری کۆمەلآیەتی، بیرۆکرات دەکات .
سێهەم: لەلایەکەوە لە گەڵ ئەم وێنەیەدا بۆ دەرەوە و ناوەوەی سنوردار، رێکخراو، تاکەتاکی پێکهاتووی دەوڵەتی ناسیونال وێنەی گەشەو پەرەسەندنی( ئیڤۆلۆتسیون) خود و هۆشیاری کۆمەڵگای مۆدێرن پێشاندەدرێت. مۆدێرن بوون مانای ئەوەیە بیرکەرەوە بیت. ئەم داواکارییە گەردوونییە مافی(ئازادی مرۆڤ لە خۆ تاوانبارکردن بە کورتهێنان– ئیمانۆئیل کانت–) لە دانانی یاسا و بنگردی خۆرێکخستنی دیموکراتییانە دەردەبڕێت. لەلایەکی ترەوە ئەم داواکارییە بەختەوەرە، لە مێژووی زەبروزەنگی کۆلۆنیالیزم و ئیمپریالیزمی ئۆرۆپیدا شکستی هێناو بەهەمان ئەندازە، لەپاشاندا، لە دوای جەنگی جیهانی دووهەم لە وەی ناوی دەنێن((سیاسەتی گەشەپێدان)) و تیئوری ((دەوڵەتە گەشەکراوەکان ـ بۆ جیهانی سێ بەکاردێت ـ س))شکستی هێنا. ئەوە رێکەوت نییە کە وشەی ((مۆدێرنیزەکردن)) بۆ یەکەم جار لە سەرتای پەنجاکانەوە لە سەرناوی پەرتوکێکدا دەربارەی مۆدێرنیزەکردنی جیهانی سێ بەر چاو کەوت. (...).

b /<u>شوێنی کۆمەلآیەتی ترانسناسیونال</u> .

شوێنی کۆمەلآیەتی ترانسناسیۆنال چی دەگەیەنێت؟

١/ ئەفریقا کیشوەرێك نییە بەڵکو کۆنسێپتێکە

هەر چۆن پاتریکا ئالی ـ دیتمەر لە لێکۆلینەوەکەیدا (Trival Arts)پێشانیداوە، ئەفریقا پانتاییەکی جیوگرافی نەگۆر نییە، بەڵکو بۆچونێکی ترانسناسیۆناڵە لەگەڵ دەرهێنانی لە زۆر شوێنی جیهان ـ کارییبك ، لە گیتۆی مانهاتانس و ولایەتە باشورەکانی ئەمریکا، لە (ڤاڤیلاس)ی بەرازیل، هەروا لە گەورەترین شەقامەکانی ئۆروپا– شەقامی ماسکن بال لە لەندەن– هەیە و بەئامانجەوە ئۆرگانیزە دەکرێت.
دەرهێنانی ئەفریقا لە سەر شەقامەکانی لەندەن بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ هەموو کیشوەری ئەفریقا ناگونجێت. جا چۆن بگونجێت: ئەفریقا لە کوێیە لە ناو سنوری کونکراوی کۆمەڵگای جیهان؟ لەناو ئەو وێرانکاریەن کە وا دەسەڵاتە

کۆلۆنیالەکان لە ئەفریقا لە دوای خۆیان بەجێهێشت؟ لەناو روخساری ئەو شارە گەورانەن وا هێشتا لەسەر نیوەرێگای مۆدێرنیزەکردنی ئەفریقایە؟ لەناو هوتێلە چوار ئەستێرەکانی ئەفریقایە؟ لەناو هیواکانی back–to-the-roots و ئیلیزیۆنی(وەهم)ی ئەمریکایەکی رەش(نیگرۆئەمریکا)؟ لەناو ئەو کتێبانن کە سەبارەت بە ئەفریقا لە ناو زانکۆکانی رۆژئاوا دەنووسرێت؟یا لە کارییبك و کلتورە رەنگاورەنگەکانی؟ یا تەنانەت لە بازنەی دەوری ئیدێتیتێتی ناسیۆنال ناو سوپکلتوری بریتانییە رەش پێستەکانە؟

لە تێروانینی ئەو کەسانەی وا تانس و مۆسیقای ((کەرنەڤالی ئەفریقایی)) لە نۆتینگن دەبینن، ئەفریقا شوێنە جیوگرافییەکەی وونکردووە. ((ئەفریقا)) بۆ ئەو کەسە نیشانەی فزیۆنێکە، بۆچونێکە، دەشێت لە پێوەری ئەستێتیکی رەش دەرچووبێت. ئەمە خزمەت ناکات بە ئامانجی دامەزراندنی کەسایەتی ناسیۆنالیستی ئەفریقایی یا نۆێکردنەوەی بۆ رەشپێستەکان لە بریتانیا. ئەو بریتانییە (دژ)بە ئەفریقایە((imagined community))یە .ئەمە خزمەت بەوە دەکات، نامۆبوونی گروپە ئەفرۆ– کارییبێکان لە بریتانیا بروخێنێت ولاییبات. کەواتە ئەفریقایەك لە نۆتینگنهام(هەیە).

بەڵێ پەیوەندێکانی ناو (کۆمەڵە) ترانسناسیۆنالەکان بەم شێوەیە دژ بە یەکن(پەرادۆکس):ئەوەی لێرە (دەدۆزرێتەوە) لەراستیدا داهێنراوە، زۆر جار لەدژی ئەو(ئەفریقایە) رادەوەستێت کە لە ناو مێشکەکان هەیە، ئاوها ئەو (ئەفریقاییە)ترانسناسیۆنالە پەخشی کردووە. بەشی زۆری مێژووی ئەفریقا کوێلەکرا و بەسەر هەموو جیهان پەخشکرا. ئەفریقا و ئەفریقایی بۆ (ئەفریقایەکان) رێك بە پیچەوانەیەو نەفرەتی لێ دەکەن،رەنگە لەناو کلتوری تێکەڵ گەورەبووبن و تێدا لە مێژەوە هەموو رووبنییەکیان وون کردووە، بەتایبەتی خەسلەتەکانی رەشبوون بە نەگەتیف ناودەبەن. بەهەرحاڵ، سەرئەنجامەکەی دژ بە یەکە:رەشپێستەکان لە کاریبیك، لە شارە گەورەکانی بەریتانیا لە لەگەڵ (ئەفریقا)دا نا ـ ئیدێندتێتی، دواکەتن گرێدەدەن، واتە دەهۆڵ لێدان، تانس، خورافات، رووتی، ئەنداميتی عەشرەتە تێنەگەیشتوەکان، بێ هیوایی بەردەوام.

رەنگە یەکێك حەز بکات لەم نووسینەدا هەڵسنگاندنی نەگەتیڤی پەرچدانەوەی وێنەی ئۆرۆسێتریستێك بۆ وێنەی _ ئەفریقا_ بناسێتەوە، کە رەشپێستەکان لە میترۆپۆلەکانی جیهانی رۆژئاوا وەریانگرتووە. بەڵام ئەمە تەنها ئەم پرسیارە تیژتر دەکات: چیێ و شوێنی (ئەفریقا) لە ناو شوێنی کۆمەلە ترانسناسیۆنالەکاندا لە کوێیە؟

<u>٢/ئەمریکییە مەکسیکێکان و مەکسیکییە ئەمریکێکان</u>

شوێنە کۆمەڵایەتییە ترانسناسیۆنالەکان، بەستنەوە بە جێگای کۆمەڵە لەناودەبات: لە هەمان کاتدا ژیان و مامەڵەکرنی لێرە و لەوێ دادەمەزرێنێت. لویدگە پریزە مانای ئەمەمان لە نمونەی تۆژینەوەی کۆچکردن پێشان دەدات:

مارتین ئەلبرۆۆ دەڵێت: لە ژێرو لەنێوان جیهانە جوێکراو و رێکوپێککراوەکاندا، ((لادێی کۆمەڵایەتی)) پێکدێت؛ ئەو شوێنەی کۆچکراوەکان لێیەوە هاتوون و شوێنی نیشتەجێبوونیان بەیەکەوە دەبەستێتەوە ودەیانگۆرێت.

لودیگە بریزە لە تۆژینەوەیەکی لەبارەی ژیانی کۆمەڵایەتی وفۆرمی سیاسەت لە نێوان مەکسیکێکان لە ئەمریکای باکور و شوێنی هاتنەکەیاندا پێشانیدەدات چۆن ئەم پردە رۆژانەیە پێدەکرێت، لە نیویۆرکەوە بۆ چەند گمایەندەیەکی (Mixteca Poblana)، کۆمیتەی هاریکاریان رێکخستووە، بۆ نموونە ئامانجی گەیاندنی بۆری ئاو دەگەیەنن بۆ ئەو شوێنە لێیەوەهاتوون یا کڵیسا و گوندێك چاکدەکەنەوە یا دادەمەزرێنن. بۆ ئەم کارە لە نیویۆرك لەنێوان کرێکارە کۆچکراوەکان، پارە کۆدەکەنەوە. (بەخاڵ هێما بۆ نموونەکانی دەکەم ):١/تەنانەت ئەو پارەوپوولەی لە نیویۆرك کۆدەکرێتە بۆ دامەزراندنی ئینفراسترکتوری(شەقام،قوتابخانە، نەخۆشخانە) لە مەکسیك بەکار دەهێنرێت.((بۆ

بەراوردکردن لـە گـەڵ ڕێکخـراوی ئـاوەدانی، هیـوا، لـەناوبردنی مین،پشـتگیری ئـەنفالکراوەکان، منداڵەکان،پشـتگیری لـە منداڵی بێ دایك و باوك و چەندین ڕێکخراوی تر . نووسەر)

٢/ لایەنێکی زۆر گرنگ و ئەرگومێنتی بەهێز بەدیدەکرێت بۆ توندوتۆڵ بوونی شوێنی کۆمەڵایەتی ترانسناسیۆنال. ئەوەش ئەو بارودۆخەیە کە دەوڵەتی مەکسیکی لـەو بەینـە نـەك تـەنها گرنگـی بـە هێـزی ئـابووری کۆچـکراوەکان، بـەڵکو گرنگـی سیاسـییانی ناسـییەوە. هـەر لـە هەڵبـژارنی سـەرۆکی حکومـەت لـە ١٩٨٨ هێـزی دەنگـە ڕخنەگەرییـەکانی کرێکـارە کۆچکراوەکان (کە بە ڕێژەیەکی بەرز لە دژی سەرۆکی حزبی حکومەت PRI بوون) بەشێوەیەکی دیار بینـرا و حکومـەتی مەکسیکی هەوڵ دەدات سیاسەتێکی ئابوری و سیاسی– کلتوری ئەکتیف(چالاك) و پێکاو بەیەکەوە ببەستێتەوە. گەلێ لە پارێزگارەکانی ناوچە و شارە بچوکەکانی مەکسیك بۆ نیویۆرك سەفەر دەکەن بۆ ئەوەی لـەوێ پێشنیارەکانیان لـەبارەی پرۆژەی خەرجکردن بۆ گەشەپێکرنی لادییەکان بـە یـەکێتیکانی کۆچـکراوەکان پێشـکەش بکـەن. ٣/ کۆچـکراوە نوێکـان دەتوانن شان بە شانی خزموکارەکانیان یارمەتی و هاوپشـتی گروپـەکان وەربگـرن. ٤/ لـە کالیفۆرنیـا گـروپ و ڕێکخـراوی سیاسـی گەشەدەسـێنێت وەك( Frente Indigena Oaxaquena Binacional یـا گۆڤـاری La Mixteca Ano 2000) کـە لـە پێنـاوی پاراسـتنی مـافی مرۆڤـە کۆچـکراوەکان وبـۆ پاراسـتنی بەرژەوەندییـە ئابورییـەکانیان هەوڵدەدەن.٥/ هێزی کارتێکردنی سیاسی ئەو گروپانە لە ئەمریکا بە پلەی یەکـەم بەسـەر مەکسـیك بـەهێزە. بەڕێوبـەری تیپی تۆپێنی مەکسیکێکان لە نیویۆرك دەڵێت: من وەك مەکسیکییەکی سـادە، وەك کرێکـارێکی کۆچـکراوی سـادە، هـیچ حیسابێکمان بۆ ناکرا، بـەڵام ئێسـتا لـە پرێکـەوەو بـەجارێك لەلایـەن سیاسـەتمەدارە گـەورەکانی مەکسـیکەوە پێشـوازی گەرمان لێ دەکرێت.

بەهەمان شێوە، ئێستا شوێنی کۆمەڵایەتی ترانسناسیۆنالی تورکە ئەلمانەکان و ئەلمانە تورکەکان هەیە. بە بۆچـونی مـن، ئەم بوارە هەتا ئێستا لێکۆڵینەوەی لەسەر نەکراوە .

*__٣/ لۆژیکەکان، دیمزیۆنەکان، ئەنجامەکانی گلۆبالیزیرونگ__*

گلۆبالیزیرکردن چی بۆ پێشەوە دەبات؟

لەبەرامبەر ئەم پرسیارە دوو وڵامدانەوە هەیە. هەر یەکێکیان بەشێوەی جیاواز وەڵامی خۆیان دەدەنەوە. گروپی یەکـەم، دووپـاتی ئیکسسـتێنتی(بـوونی) لـۆژیکی بـاو دەکـەن. نووسـەرانی تـر هـەن، هـەوڵ دەدەن لەئاسـتی تیئۆریـدا بـۆ ئـەوە کاربکەن، کۆمپلێکسی مەرجە تایبەتە هەمەلایەنی لۆژیکەکانی گلۆبالیزیرۆك بناسن. ئەم کۆنترۆڤێرزە(مناقشە) سـێنتراڵە، ئاسۆی وشەی(گ) دەتەقێنێتەوە، چونگە زۆرجار واتایەکی دژ بە یەك لە گەڵدا دەبەستنەوە. لەهەمان کاتدا کۆنترۆڤێرزە مێژوویەکـەی مـاکس فیبـەر لـە نێـوان ڕەهەنـدی ئیکۆنـۆمی و بەشـی تیئۆرییـەکانی پلـورالزمی ئـابوری– کۆمەڵایـەتی– کلتورییەکان لە ناو بابەتی سۆسیۆلۆگی(گ) دووبارە دەکرێتەوە.

ئەو هەوڵانەی وا یەك لۆژیك دەهێننە ناوەندەوە، دیمزیۆنە سێنتراڵەکەی گلۆبالیزیرونگ دادەخەنەوە. بەڵام بە بەریزدانانی لۆژیکە تاك تاکە دوورخراوەکانی گلۆبالیزیرونگ، جۆرەها لایەنی لۆژیکـەکان(گ) لەگـەڵ یەکدا پێشـبڕکێ دەکـەن. هـەروا دەبێ ئەو جۆرە بۆچوونانە باسبکرێن کە هەر یەکێکیان یەك لۆژیك و دیمیزیۆنی تایبەت بۆ (گ)بە سێنتراڵ دادەنێت.

__A: سیستێمی کەپیتالیستی جیهانی: ڤالرشتاین__

لە(مجان)دا شـوێن بەشـێوەیەکی ئەنتاگۆنیسـت بـەکاردێت:سـیما سـەرەکییەکانی ئـەو (شـوێنانە) ئەوەیـە کـە *__دووربـوون__* لەناودەبەن.مەبەست لە ترنسناسـیۆنال: دروسـتبوونی فـۆرمی ژیـان و مامەلەکردنـە، لـۆژیکی نـاوەوەی لـە دەوڵەمەنـدی

داهێنانەکەی رووندەکاتەوەو لە گەلیدا مرۆڤ ، جیهانی ژیانی کۆمەڵایەتی و مامەلەکردنی بەیەك بەستراو ی((نادووربوون)) رێکدەخەن ودادەمەزرێنن.

ئیکۆنۆمی سەرمایەداری جیهان سێ ئامرازی سەرەکی هەیە: ١/ تاقە بازارێکە کە لەلایەن پرنسیپی ئەوپەڕی قازانج حوکمڕانی دەکرێت.٢/بوونی زنجیرە سترکتوری دەوڵەتی کە هێزێکی جیاوازی هەیە بۆ ناوەوە و دەرەوە. ئەو ستروکتورە دەوڵەتییانە پێش هەموو شتێك خزمەت بەوە دەکەن، ((رێگە بگرن)) لە ئازادی کارکردنی بازاری سەرمایەداری، بۆ ئەوەی قازانجی کەسێك یا گروپێك باشبکەن.٣/دەست راگرتن بەسەر کاری زیادە لە پەیوەندییەکی چەوسێنەرانەدا.

*b/ سیاسەتی پۆست– ئینترناسیونال: بۆچوونەکانی رۆزناو، گیلپین، هێڵد*

رۆزناو دەڵێت:مرۆڤایەتی سەردەمی سیاسەتی ئینترناسیونال لە پشتی خۆی بەجێهێشت، نیشانەکانی ئەمە بەرێگایەك بوو، دەوڵەتی ناسیۆنال زاڵ بوو بەسەر سیناریۆی ئینتەرناسیۆنال و مۆنۆپۆلیزەی دەکرد. ئێستا سەردەمی پۆست –ئینترناسیۆنال دەستی پێکردووە، تێیدا مامەڵەکەرانی دەوڵەتە ناسیونالەکان سیناریۆ ی گلۆبال و دەسەڵات لە گەڵ رێکخستنە ئینترناسیونالەکان و کۆنسێرنە ترانسناسیونالەکان و بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و سیاسییە ترانسناسیونالەکان دابەش دەکەن. تاقیکردنەوەکان پێشانیدەدەن کە ژمارەی رێکخستنە ئینترناسیونالەکان بە رێکخستنە ناحکومییەکانەوە(بۆ نمونە گرین پیس) کە تائێستا دەسەڵاتی گەورەیان نییە، تا دێت زیاد دەبن.

سکرتێری وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکی تیمۆتی ویرت دەڵێت:مەبدەئی(گلۆبال بیربکەوە،ناوچەیی مامەڵە بکە) بووە راستییەکی لەبەرچاو. ئێمە دەبینین چۆن ئینستیتسیۆنە ئینترناسیۆنالەکان و بڕیارەکانیان تا دێت گرنگتر دەبن. هێدی هێدی ئەو هەستە گەشەدەکات کە گەلان لەبری ئەوەی تەنها لەسەر ئاستی ناسیونال حوکمڕانی بکەن، دەشتوانن لە ئاستی ئینیستیتسیۆنە ئینترناسیوناله نوێیەکانیشەوە حکومرانی بکەن.

رۆزناو بە جۆرێکی شیاو بەڵگە دەهێنێت بۆ قۆناغی گواستنەوە لە سەردەمی ناسیونالیزم بۆ سەردەمی پۆستناسیونالیزم:١/ پەیوەندێکانی سیستێمی سیاسەتی جیهانی. ٢/ گۆرانکاری سترکتوری دەسەڵاتی تاکە سەنتەرە ریڤالەکانی(پێشبڕکەکان ـ المتنافسين)دەوڵەتە ناسیونالیستەکان کە لەناویاندا دەسەڵات دابەشکراوی فرەسەنتەرەکانەوە کە چەندین جۆری مامەڵەکەری ترانسناسیونال و دەوڵەتەناسیونالەکانەوە لەگەڵ یەکدا کێبڕکێ و هاریکاری دەکەن.

کەواتە دوو گۆرەپانی کۆمەڵگای گلۆبال هەیە:جارێکیان کۆمەڵگای دەوڵەتەکانە کە بنەمای دیپلۆماتی و دەسەڵاتی دەوڵەتی ناسیونال وەکو جاران کلیلی گۆرانکاری پێکدەهێنن. جارێکشیان سوبپۆلەتیکی(سیاسەتی سانەوی)ترانسناسیونالی جیهانییە کە لە ناویدا چەندین مامەڵەکەر وەك کۆنزێرنی مولتی ناسیونال(اتحادالشرکات الفوق القومیه)، گرین پیس، ئەمنستی ئینترناسیونال، هەروا بانقی جیهانی، ناتۆ، یەکێتی ئۆروپی هتد... یاری دەکەن.

## <u>پۆلیسێنتریستی(فرەناوەندێتی) سیاسەتی جیهانی</u>

ئولریش بێك دەڵێت ناکۆکی لە نێوان کۆمەڵگای جیهانی دەبڵ وتیئۆری سیستێمی جیهانی لەبەرچاوە:رۆزناو لە شوێنی (حکومڕانی) ئیکۆنۆمی بۆ سیستێمی بازاری جیهان، فرەناوەندێتی سیاسەتی جیهانی دادەنێت کە لە ناویدا نە کەپیتاڵ و نە حکومەتی دەوڵەتەناسیونالەکان دەتوانن تاقە بڕیاردەر بن. بەڵام نەتەوە یەکگرتووەکان و بانقی جیهانی و گرین پیسیش تاقە بڕیاردەر نین هتد...، بەڵکو <u>هەموویان</u> بە گوێرەی هەلی جیاوازی دەسەڵاتیان لە پێناوی جێبەجێ کردنی ئامانجەکانیان لە گەڵ یەکتر زۆرانبازی دەکەن.

قۆناغی گواستنەوە لە دەسەڵاتی حکومەتی ناسیونال بۆ سیاسەتی فرەناوەند، بەگوێرەی بۆچونی رۆزناو (بە پێچەوانەی بۆچونەکانی ڤالرشتاینە) بۆ رەهەندی تەکنەلۆجی کلۆبالیزیرونگ و دینامیکە تایبەتمەندێکەی دەگەڕێنێتەوە. لە هەمان کاتدا هێما بۆ :

– رێکخستنە ترانسناسیونالەکان وەك بانقی جیهانی، کلیسای کاسۆلێك، یەکێتی سۆسیۆلۆگێکان، مێکدۆناڵد، فۆلکس ڤاگن، کارتێلی موخدرات، مافیای ئیتالی و رێکخستنە ناحکومێکان.

– گیروگرفتە ترانسناسیونالەکان وەك گۆڕانی ئاووهەوا، موخدرات، ئایدز، گیروگرفتە ئەسنێکان، قەیرانی پارە کە بڕیاردەری باری سیاسەتی رۆژانەیە دیاریدەکات.

– رووداوە ترانسناسیونالەکان وەك یاری تۆپێنی جیهانی، جەنگی گەنداو، هەڵبژاردنی ئەمریکی، یا رۆمانەکەی سەلمان روشدی کە بەرێگای سەتەلاید– تەلەفزیون لەهەموو کیشوەرەکان هەرای نایەوە.

هاتنەکایەوەی کۆمەڵە ترانسناسیونالەکان وەك (ئیسلام)،لەبواری زانست(بسپۆرەکان)لە ژیانی رۆژانە(موسیقای پۆپ، ئیکۆلۆگی)، لەبواری خزمایەتی(خێزان)، لەبواری سیاسیشدا(بزوتنەوەی ژینکە، بۆیکۆتی بەکاربردن).

ستروکتوری ترانسناسیۆنال وەك فۆرمی کار و بەرهەمهێنان و پێکەوەکارکردن، بانق، رەوتی پوولی، زانستی تەکنیکی، مامەلەکردن و قەیرانە بەیەکەوە بەستراوەکان لەسەرووی دووریکانیانەوە دەخولقێنرێن و توند دەکرێن.

گیلبینس بۆچونێکی تری هەیە بۆ (گ)(بەپێچەوانەی ڤالرشتاین و رۆزناو). ئەم لەو باوەرەدایە کە حکومەتەناسیونالەکان لە ئەمرۆ و لە دوارۆژدا لەگەڵ یەکدا بابەندی یەکترن و(گ)تەنها لەژێر مەرجێکی تایبەتمەندی سیاسەتی ئینترناسیۆنالدا دروستدەبێت ،باشتر بلێین پرۆدۆکتی(بەرهەمی) رێپێدانی رێکخستنێکی گلۆبالە، واتا رێکخستنێك لەنێوان دەوڵەتەکاندا کە ئەو کاتە رێپێدەدەن، بتوانن وابەستبوون و تۆری پەیوەندێکانیان لەهەموو لایەکیانەوە لەنێوان ئۆتۆریتێتی دەوڵەتەناسیونالەکان دابمەزرێنن، تێکی بدەن یا بیهێڵنەوە.

پۆزتسیۆنی من ئەمەیە: هیگەمۆن(سیادە)یەك پێویستە بۆ ئەوەی بوونی بازاررێکخستنی لیبرالی نیونەتەوەیی بپارێزرێت...تاقیکردنەوە مێژوویەکان فێرماندەکەن، کەوا ئەگەر لە جێگایەکدا لەهەمان کات دەسەلاتێکی لیبرال و دۆمین(سائد) نەبێت، بازاری جیهانی و پەیوەندییە هاوبەشیەکان نەکراوەنەتەوەو بەشێوەیەکی نائاسایی سەخت و نەگونجاو بووە. ئەمەش لەبەر بەلگەیەکی ئاسانە: چونکە پڕ گیروکرفت بووە. بلاوبوونەوەی بازار لەناو تۆری گونجاوی گلۆبال و شوێنە کۆمەلایەتیەکاندا نەدەکرا دابمەزرێت، بەبێ بلاوبوونەوەیەکی بەتوانا و چاك و لیبراڵی دەسەلاتێکی بالادەست.

## سەربەخۆیی لێجیاکراو و کۆتکراو

ئەرگومێنتی داڤید هێلد: ئێمە دەبێ لە دژی تیئۆری بالادەستی ستروکتوری دەسەلات وەك مەرجێك بۆ (گ)راوەستین. زاراوەی سەربەخۆیی سیاسی بەبۆنەی (گ) کۆن بووە. و پێشانیدەدات چۆن سیاسەتی حکومەتی ناسیونال لەلایەن رێککەوتنە ئینترناسیۆنالەکانەوە و بەهۆی بەجیهانکردنی پرۆسێسی بڕیاردانە سیاسییەکانەوە، بەهۆی گەشەسەندنی وابەستەیی لەبواری سیاسەتی ئاسایش(شانبەشانی ئەوانەی تر لەبواری ئاسایشی ئینتەرناسیونالیزەکردنی بەرهەمهێنانی چەکی زۆر پیشکەوتوو)هەروا بەهۆی هاتوچۆکردنی کالاّ و دابەشکردنی کار و هەموو ئەوەی ناوکی دەسەلاتەکەیان پێکدەهێنێت دەدۆڕێنی: *سەربەخۆیەکەی دەدۆرێنێت*.

## کۆتایی پێهاتنی ئینفورماتسیۆنی ئازاد و سەرکەش

ئیگناسیۆ رامونێت دەنووسێت: سوود لە دیگیتالیزم وەربگرن و داوای دامەزراندنی هەموو پەیوەندیە خزمەتگوزارییەکان بکەن. ئەمە بەشێوەیەکی تایبەت پشتگیری لە تێهەڵچوونی سێ تەکنەلۆجی دەکات –کۆمپیوتەر، تەلەفۆن،تەلەفزیون – کە لەناو مولتی میدیا و ئینتەرنێت یەکدەگرنەوە.لەجیهاندا نزیکەی ١,٢٦ ملیارد تەماشاکەری تەلەفزیون هەیە(زیاد لە ٢٠٠ملیونیان پەیوەندی کابلیان هەیە و ٦٠ملیون خاوەن تەلەفزیونی دیگیتاڵن)،٦٩٠ ملیون بەشداری لە تەلەفونکردنی دوور دەکەن، ٨٠ ملیونیان بە جێب تەلەفۆن و ٢٠٠ ملیون کەس خاوەن کومپیوتەرە،٣٠ملیونیان کومپیوتەرەکانیان بە ئینتەرنێتەوە بەستووە. لەئێستاوە دەردەکەوێت کە لە ساڵی ٢٠٠١ پەیوەندیکردن بەرێگای ئینتەرنێتەوە زیاتر دەبێت لە پەیوەندیکردن بەرێگای تەلەفۆنەوە و ژمارەیان دەگاتە ٦٠٠ – یەك ملیارد کەس. قەوارەی مامەڵەکردن بە پیشەسازی کۆمونیکاتسیون ساڵی ١٩٩٥ گەیشتە نزیکەی یەك ملیارد دۆلار. دەتوانێت لە پێنج ساڵی داهاتوودا دووبەرابەر بێت، واتە ١٠٪ ئابووری جیهانی.

لەبواری میدیا جەنگێکی بێ رەحمانە بەرپادەکرێت... لە هەموو جیهاندا هەمان پێشبڕکێکەران لە گەڵ یەکدا پێشبڕکێ دەکەن.شەرکەتە زلهێزەکان کە بوون بە دەسەلاتداری نوێی جیهان :سەرکردەی بازاڕی تەلەفۆن لە جیهان:AT&T و MCI دووهەم گەورەترین تۆری تەلەفۆن لە ئەمریکا، کۆنترۆڵکەری تەلیکۆمی هۆنکۆك Cable&Wireless ، گەورەترین شەرکەتی تەلەفۆنکردن لە یابانNTT ، (IBM )ی ئەلمانی، میکرۆسۆفت ... لۆژیکی بەرزی ئەم گۆرانکارییە لە لای سەرمایەداران گەڕان نییە بەدوای هاوپەیمانەکانیان ،بەڵکو گەڕان بۆ وەرگرتنی شەرکەتەکانی ترە ...

واتا نوێیەکانی ناوچەگەرێتی

رۆناڵد رۆبێرتسون یەکێکە لە باوکەکانی تیئۆری و لێکۆلێری گلۆبالیزی کلتوورییە.ئەم هەمیشە دوپاتی ئەوە دەکاتەوە کە مەبەست لە (گ) تەنها ناوچەگەرێتیکردنە. بەردی بنەوانی بۆچوونەکەی: (گ) مانای ئۆتۆماتی و یەك لایەنی نییە. رەهەندی بینینی (گ) سەرچاوەیەکی وشکنەکراوە بۆ تێنەگەیشتن لەم دیاتەیە،لەوتەی حکومەتەکانی(G-word) زیاتر دەربارەی تازە دووپاتکردنەوەی ناوچەیەتی دەدوێن... کۆکاکۆلا و شەرکەتی سۆنی ستراتیجێکەیان بە ( ناوچەگەریکردنی گلۆبال)دادەنێن. بەرێوبەرەکانیان دوپاتی دەکەنەوە کە مەبەست لە (گ)ئەوە نییە لە هەموو جیهان فابریك بکەینەوە، بەڵکو دەمانەوێت ببین بە بەشێك لە کلتوری ئەو شوێنانە.

تسیگمونت باومان:<u>بەجیهانکردنی دەوڵەمەندی ، لۆکالیزەکردنی هەژاری</u>

(گ)و ناوچەگەرێتی تەنها دوو چرکەی هەمان رووخسار نییە.هەردووکیان لە هەمان کاتدا هێزی بزوێنەر و فۆرمی دەربرینی شێوە نوێیەکی پۆلاریزە و ریزکرنی چینەکانی دانیشتوانی جیهان لە دەوڵەمەندی (گ)و لۆکالەزیرکردنی هەژارییە. حەزئەکەن (گ)و (ل) دوو دیووی جودانەکراوی هەمان مەدالیا بێت، بەڵام هەردوو بەشی دانیشتوانی جیهان لەسەر دیوی جیاواز دەژێن و تەنها یەك رووی دەبینن– وەك چۆن مرۆڤ لەسەر زەمین دەژێت و تەنها یەك دیووی مانگ دەبینێت و چاودێری دەکات– هەندێکیان لەهەموو کلوبۆس دەژێن و ئەوانی تر لە شوێنەکانیان کۆتکراون ... گلۆکالیزیرونگ سەرلەنوێ دابەشکردنی(أمتیازات) و ماف زەوتکردنی سەروەت وسامان و هەژاری، فرسەت و بێ روانگەیی، دەسەلات و بێ دەسەلاتی، ئازادی و نائازادی دەچەسپێنێت... مرۆڤەکان دەتوانن کاتەکەیان تەنها بکوژن، چۆن خۆیان لەسەرخۆ لەلایەن ئەوەوە دەکوژرێن.

دانیشتوانی جیهانی یەکەم لە کاتێکدا دەژین،شوێن بۆیان هیچ واتایەکی نییە، راستەوخۆ دەگەن بە دووری. دانیشتوانی جیهانی دووهەم لە شوێندا دەژین زۆر سەخت و توند و نەبزوێنەرە و کات کۆتیاندەکات؛کۆنترۆلی دانیشتوان قەدەغەدەکات. کاتەکەیان بۆشە،تەنها کاتی تەماشاکردنی تەلەفزیون سترکتوری هەیە(کات پیلانکردن)؛کاتەکەی تریان بە مۆنۆتۆن(بێزاری – رتابە) بەسەردەچێت، هەروا دێت و دەڕوات بەبێ داخوازی و هیچ جێپەنجەیەك لە دوای خۆی بەجێ ناهێڵێت....

ئەوەی نوێ بێت لە سەردەمی(گ) ئەوەیە(Nexus – پەیوەندی) لە نێوان هەژاری و سەروەت بە هۆی (گ)وە وونەبێت. لە دوارۆژدا لە نێوان براوەو دۆڕاوەکانی(گ) نە یەکێتی و نە وابەستەیی بوون دەمێنێت و سەرئەنجامەکەی: دیالەکتیکی سالار – سەپان دەروخێت...بەلأم ئولریش بێك دەڵێ:باومان بەگوێرەی پێویست رۆشنایی ناخاتە سەر ئەم بۆچوونەیەدا.

## کەپیتالیزم بە بێ کار

سەرمایەداری کار لە ناو دەبات و بێ کاری چیتر وەك چارەنووسێکی هەژار و لات و لومپەکان نامینێت و بە هەموو هێزیەکەوە توشی هەموو کەسێك دەبێت وهەروا تووشی دیموکراتییەتیش دەبێت وەك فۆرمی ژیان.بەلأم سەرمایەداری گلۆبال کە بەرپرسیاربوونی لەبەرامبەر کارکردن و دیموکراتی رووتدەکاتەوە لیکتیماتێتی(شرعییەت)ی خۆی لە گۆڕ دەنێت.ئێستا پێش ئەوەی مارکسێکی نوێ ، رۆژئاوا بێدار بکاتەوە ،دەمێکە بیروبۆچوون و مۆدێل هەیە بۆ گۆڕینی کۆمەڵگا. دوارۆژی دیموکراتی دەبێت هەموو لایەکی کۆمەڵگای کار سەرلەنوێ دابمەزرێنێت.بۆ نموونە لە بەریتانیا تەنها یەك لەسەر سێی ئەوانەی کاریان پێ دەکرێت بە مانای کلاسیکی کارکردن (هەشت سەعات کار لەرۆژێ) کاردەکەن. لە ئەلمانیا هێشتا (٦٠٪ ) ە،بەلأم پێشی بیست ساڵ ، لە هەردوو ئەو ولأتە زیاتر لە ٨٠٪ بوون. ئەوەی بە دەرمانی چارەسەرکردنی نەخۆشی بێ کاری دادەنرێت – نەرمکردنەوەی کاتی کارکردن – سەر نەخۆشییەکەی پۆشی و بەدوای خۆیی رایکێشا، بەلأم چارەسەری نەکرد. بەپێچەوانەوە هەمووی زیادی کرد: تازە کرێکاری نیورۆژکار ، پەیوەندی کارکردنی بێ بیمە، کاری یەدەك. ئێمە بەرەو سەرمایەداری بێ کار دەڕۆین– لە هەموو ولأتە پیشەسازییەکانی جیهان – . لە گفتوگۆ گشتێکانیادا باس لە سێ ئەفسانە دەکەن:١/ مەسەلەکە هەرچۆنێك بێت زۆر ئالۆزە – ئەفسانەی کوێرەوەری.٢/ گەشەسەندنی داهاتووی گۆمەڵگای خزمەتگوزاری، کۆمەڵگای کار رزگار دەکات – ئەفسانەی خزمەتگوزاری – ٣./ ئێمە دەبێ تەنها کرێی کار بۆ ناو ژێرخان لێبخوڕین(کەم بکەینەوە ! !) بەم شێوەیە لە ئاسمان گیروگرفتی بێکاری چارەسەر دەکرێت – ئەفسانەی نرخ– . هەموو ئەمانە بە هەموو پەیوەندێکانیشیانەوە(گەر لاوازیش بن) بەو رادەیشە کە نابینرێت، بۆ پەرەسەندنی بازاڕی کار لە ژێر مەرجەکانی(گ) راستن. لە ئەمریکا باسی گەشەسەندنی کار کرا:"جوانە"بیل کلینتون ملیونان کاری نوێی دامەزراندووە. ئەوی تر وتی: بەڵێ،من سێ کارم دەستکەوتووە بەبێ ئەوەی بتوانم خێزانەکەم نانبدەم.

ئۆریش بێك دەڵێ: ئەگەر سەرمایەداری (گ) لە ولأتەپێشکەوتووەکاندا ناوکی بەهاکانی کۆمەڵگای کار بتوێنێتەوە،یەکگرتنی مێژوویی لە نێوان سەرمایەداری،دەوڵەتی کۆمەلأیەتی و دیموکراتی دەروخێت. کەواتە مەسەلەکە تەنها مەسەلەی ملیونان بێکار نییە ، مەسەلەی دەوڵەتی کۆمەلأیەتیش نییە، یا رێگرتن لە هەژاری ،بەڵکو مەسەلەکە هەموومانین، مەسەلەی ئازادی سیاسی و دیموکراتییەتە لە ئۆروپا.

پەیوەندی لە نێوان سەرمایەداری و مافە بنچینەیە سیاسیە، کۆمەلأیەتی و ئابووریکان لە رۆژئاوا(خێرخوازیەکی کۆمەلأیەتی)نییە، کە مرۆڤ تەنگانەی بەسەر هات بۆ خۆی دەیهێڵێتەوە. ئەو پاڵپشتە کۆمەلأیەتییەی سەرمایەداری زیاتر

ولاّمدانەوەیەکە لە سەر تاقیکردنەوەی فاشیزم وبۆ وەستان بە رووی شیوعییەت بـە دەسـت کـەوتووە. ئەمـە لەسـەر ئـەو تێگەیشتنە دامەزراوە کە تەنها مرۆڤ کاتێك خانوو و بەدڵنیاییەوە شوێنی کار و لـە تەکیانـدا بیمـە مەتریاڵـەکانی دوارۆژی هەبێت، کەسانێکن دەبن بە هاولاّتییەك دیموکراتییەت بە مولّکی خۆیان دەزانن و زیندووی دەکەن. تاقە راسـتی ئەمەیـە: بەبێ دڵنیـابوونی مـاددی، ئـازادی سیاسـی بـوونی نییـە. کەواتـە دیموکراتییـەت بـوونی نییـە. کەواتـە هەرەشـەکردن لـە هەموومان دەکرێت بەرێگای رژێم و ئیدۆلۆژی تۆتالیتاری کۆن و تازەوە.

## رووبەرەکانی کۆمەڵگای جیهانی: تێروانینە(پێرسپەکتیڤ)ە پێشبڕکێکەرەکان

١/ کلتووری سێهەم یا کۆمەڵگای مەدەنی(گ)؟

٢/ دیموکراتییەتی کۆزمۆسیاسی

٣/کۆمەڵگای سەرمایەداری جیهانی

٤/کۆمەڵگای سەرەڕۆیی(ریزیکۆ) جیهانی

٥/ کۆمەڵگای جیهان(گۆرینی)سیاسی

٦/تێروانین:دەوڵەتی ترانسناسیونال

### ١/ سێهەم کلتور یا کۆمەڵگای مەدەنی جیهانی؟

کانت لە نووسراوەکەی(بەرەو ئاشتی هەتاهەتایی)دا گەشەی بەو ئەرگومێنتەی دا کە لـە دواییـدا دیموکراتییـەت بـە هـیچ شێوەیەك بەدابڕاوی لەناو کۆمـەڵگا تاکـەکان و فـۆرمی حکومەتـە ناسـیونالەکان نامێنێتـەوە، بـەڵکو یەکـەم جـار لـە نـاو کۆمەڵگای هاوولاّتی جیهانی ممکینە.

ئەگەر تاقیکردنەوەکانی کۆمەڵگای جیهانی نیشانەی ناوەرۆکی کۆمەڵگای جیهان بێت، کەواتـە کۆمـەڵگای مولتیکلتـوری، لـەدایکبووی مێشـك نییە،بـەڵکو ریئـالیتێتیکی گلۆبالـە. ئەمـەش مـرۆڤ نـە دەتوانێـت هەڵبـژێرێت و نـە لاییبـات. هـەروا بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیش بەرەو لیبوردن ناچێت،بەڵکو بەرەو سنووردامەزراندن و (Xenophobie- ترس لـە هـەموو شتێکی نامۆ)ییش دەچێت. کاتێك هاوسەنگی دەبلّی کۆمەڵگای جیهانی لە شوێنێکدا پڕ گیروگرفـت دەبێـت، مانـای ئـەوە نییە تاقیکردنەوە مولتیکلتورییە کۆمەلاّیەتییـەکان سـەرنەکەوتن، بـەڵکو نیشـانەیەکە بـۆ دەسـت پێکردنـی سـەردەمێکی کۆمەلاّیەتی نوێ، لەناویدا فـۆرمی ژیـانی ترانسناسـیونال و ترانسـکلتوری ئاسـایی دەبێـت. دانیشـتوانێك لـە ئاقـاری ئـەم ریئالیتێتـە دەسـت بـە سەرچـاوی بنێـت و وەك جـاران خـۆی و دیکـە بـەبیرێکی یەکلایـەنی، کلتـوری(گـەل)ی شـتەکان ببینێت،زۆر سەختی دەبینێت لە گەڵ کۆمەڵگای جیهانی هەڵسوکەوت بکات .

J.N.Pieterse دەڵێت: مرۆڤ چۆن بڕیار بدات لەسەر یاری کچە مەغرەبییەك لە ئەمستردام یاری(ملاکمەی تای) دەکات؟ ئاسیاییەکان لە لەنـدەن مۆسـیقای ئیرەلنـدی لێـدەدەن، هینـدۆکان لـە نیویـورك ئاهـەنگی(Mardi gras)دەگێڕن، یـا قوتابییە مەکسیکێکان لەسەر تانسی (تۆگاس ئیسۆدۆرا دۆنسان) یونانی دەرۆن... ئەم حاڵەتانـە چۆن روون بکەینەوە. تاقیکردنەوە کلتورییەکان لـە رابـردوو و ئێسـتادا ملکەچێتی ئـارەزوی یەکگرتنـەوە و بـە پێوەربـوونی نـابن. ئەمـە ئـەوە ناگەیەنێت کە کۆنسێپتی یەکگرتنەوەی کلتورە جیهانییەکان بێ مانایە بەڵکو بە پێچەوانە. زۆر جار نایانەوی کـارتێکردنی کلتورەکانی تر(غەیرە رۆژئاوا) لە رۆژئاوا ببینن. کاریگەرێتی بەسەر یەکی کلتورە غەیرە رۆژئاوایەکان بایـەخی پێنـادەن، کلتورە تێکەلاّوەکان ناناسن، مەبەست گەشەسەندنی کلتوری سێهەمە لـە نـاو ریزەکـانی موسـیقای جیهـانی. پەیوەنـدی سەدان ساڵەی باشور و باکور مۆسیقای بان کیشوەری پێکهێناوە. هەموو کلتوری ئـۆرووپی و رۆژئـاوا بەشـێکن لـە گـۆرانی

گلوبالْ. ئەمەمان زیاتر بۆ رووندەبێتەوە، ئەگەر خۆمان هۆشمەندبکەینەوە کە ئۆروپا هەتا سەدەی چواردەهەم بەبەردەوام لە ژێر کارتێکردنی کلتوری رۆژهەلات بووە. هیگەمۆنی رۆژئاوا تا رادەیەك نوێیە، لە ١٨٠٠ دەستی پێکردووە، رێك لە گەلْ پیشەسازی کردن....

<u>٢/دیموکراتییەتی کۆسمۆپۆلێتیك</u>

سێ مۆدێل هەیە:١/ سیاسەتی ریئالیستی:مەرجی سەربەخۆیی دەولْەتەکان لە پێش خۆی دادەنێت..ریئالیستەکان دەلْێن مافی تاقە کەسەکان، بواری یاسایی دەولْەتە ناسیونالەکانە و لە نێوان رێکخراوە حکومی و ناحکومێکان لە باشترین حالْەت رۆلْی موستەشاری ببینن...

٢/تێگەیشتنی ریئالپۆلەتیك لەسەر ئاستی نیونەتەوەیی کردن گەشەی پێدەدرێت. لەم مۆدێلەدا دەولْەتان رۆلێکی سێنترالْ دەبینن و خۆیان بەبەرپرسیاری مافەکانی ئیندڤیدیوم دادەنێن، سەرەرای ئەوەش بەرخوردیان تا رادەیەکی زۆر، لە ژێر کارتێکردنی دانپێنانی ترانسناسیونال، تا رادەیەك لە بارەی یاساکانی مافی مرۆڤەوە گۆرانکاری بەسەر هات . رێکخستنە ناحکومییەکان هەولْ دەدەن رۆلێکی گرنگ ببینن بۆ پاراستنی مافی مرۆڤ ، لە هەندێ حالْەت بۆیان دەلوێت تواناکانیان کاریگەرانە بەکاربهێنن، بەلاْم هەر لەسەر ئامادەبوونی پێکەوەکاردنی دەولْەتەکان راوەستاوە.

سێهەم مۆدێل دەتوانین ناوی لێ بنێین کۆسمۆپۆلێتێك.لێرەدا ئیندیڤیدیوم لەسەنتەری شێکردنەوەکان رادەوەستێت، لە نێو کەسەکان و رێکخستنە حکومەتی و ناحکومەتییەکان پەیوەندییەکی راستەوخۆ داوادەکرێت. (أولویە)تی حکومەت بۆ مامەلْەکردن لەسەر ئاستی جیهان تا دێت زیاتر دەخرێتە ژێر پرسیارەوە و بەم رێگایەوە توانای گەشەکردنی کۆمەلْگای هاوولاْتیانی جیهانی دەبێت و واقعی دەکرێت. لایەنگرانی کۆسمۆپۆلێتیك دووپاتی بلاْوبوونەوەی ئینستیتسیۆنەکانی UN لە پێناوی مافی مرۆڤ لە کاتی کۆتایی پێهاتنی جەنگی سارد و گەشەسەندنی بەپەلەی ژمارەی ئەندامانی رێکخراوە ناحکومییەکان کە جەخت لەسەر مافی مرۆڤ و بواری تر دەکەن.

ئەوە دانپێنانی ترانسکلتورییەکان نییە دەربارەی مافە سەرەتاییەکان،بەلْکو رێبازی پێکەوەکارکردن و پابەندبوون بە یەکترە کە کلیلی گارانتی مافە سەرەتاییەکانی ترانسناسیونال پێك دەهێنن...

داڤید هێلْد وێنەی تێروانینی دوارۆژ بەم چەند هەنگاوانە دەکێشێت:

یەکەم: چوارچێوەی توانای دیموکراتی کۆسموپۆلێتیك لەسەر جۆرەها تۆر و رەهەندی جیاوازی هاوسەنگی دەسەلاْت لە نێو ناتسیۆنەکان و رێکخستن و مرۆڤ .

دووهەم: هەموو گروپ و رێکخستنەکان داوای ئۆتۆنۆمی رێژەیی دەکەن کە لە ماف و ئەرکی دیاریکراودا دەردەبرن. دەبێ نموونەی ئەم فەرمان و رێپێدانە پێکەوە ببەسترێنەوە و بکرێن بە دەستوری یاسایی کۆسمۆپۆلێتیکی دیموکراتی.

سێهەم: ئەو دەستورە یاساییە لە سەر ئاستی پەرلەمان و دادگاییە ترانسناسیۆنال و ناویەچەکان لیگتیم(شەرعی) و گارێنت بکرێن، بەگوێرەی – نموونەی پەرلەمان و دادگایی ئۆروپی– کە لە شوێنە ترانسناسیۆنالەکانی ئەفریقای خواروو وئاسیا و ئەمریکای لاتین دروستبکرێن.

٤/حکومەتە ناسیۆنالەکان خۆش بن لە بەشێك لە دەسەلاْت و سەربەخۆییان بۆ ئینستیتوت و رێکخستنە ترانسناسیونالەکان. (بدیهیە)تێکی نوێ وەك خالْی بەیەکگەیشتن و رێکخستنی ترانسناسیونالی پابەندبوون دابمەزرێنن.

٥/کەسەکان دەتوانن لە جۆرەها شوێنی دەسەلاْتی ناسیونال و ترانسناسیونال بن بە ئەندام و بەم شێوەیە مافی بەشداربوون و چارەنوسی خودیان لەسەر ئاستی ناوچە و گلوبالْ بەکاربهێنن.

٦/ پارەی هاوولاَتیان بۆ هەموو- بەبێ گوێدان بەوەی کەسێك کرێکاری یا کاری ناومالّ دەکات و بە رەسمی لەناو کۆمەلگای مەدەنی بەشداری دەکات. ئەمە گارەنتی ئازادی کاری سیاسی دەکات.

تێروانینی سۆسیۆلۆگی ریئالیزم بۆ ئەو خالاَنە ئەوەیە کە تەنها جوان و باشن و هیچی تر.

<u>٣/ کۆمەلگای سەرمایەداری جیهان</u>

مارکسیستە نوییەکان بۆچوونی دیموکراتی کۆسمۆپۆلێتیك بە دوور لە واقیع دەبینن لەسەر ئەساسی ئەوەی کە لێرەدا جێگای رەوشت(Ethik)لەگەلّ دەسەلاَت گۆراوە. پرسیار لەسەر بیری کۆمەلگای جیهانی و ئاسۆی بەهاکان وون بووە،چۆنکە پەیوەندییەکانی دەسەلاَتی ئابووری ترانسناسیۆنال بە هۆی پرۆسێسی گلۆبالی ئابووری تیژ بوونەتەوە. لەو کاتەی جەنگی سارد کۆتایی پێهات و بلۆکی دەسەلاَتی کۆمونیستی چووە ناو بازاڕی جیهانییەوە، لایەنە بنچینەکانی دینامیکی سەرمایەداری کە لەناو سەرمایەداری خۆشگوزەرانی(روی خۆی پێچابوو)زۆر بە توندی سەردەردەکات. مرۆڤ دەتوانێت ئەم بیروبۆچوونە لەم حەوت تیئۆر و خالاَنە پێشانبدات:

<u>*١١/ هاوکاتی گونجانی ترانسناسیۆنال و نەگونجانبوونی ناسیونال.*</u>

*٢٢/ کۆنزێرنە ترانسناسیۆنالەکان سەرنج لە ((دەولّەتە لاوازەکان))دەدەن.*

وەك تسیگموت باومان دایڕشتووە، ئەو دەولّەتانەی لاوازن، بەلاَم سەرەرای لاوازبوونەکەیان، وەك دەولّەتێك دەمێننەوە:بەمەبەستەوە یا بەبێ مەبەست مامەلەکەرانی بازاڕی جیهان، هەلّدەستن بە فشارێکی هەمەلایەنە بەسەر هەموو ئەندامەکانی یا بەسەر ئەو دەولّەتانە کە وابەستەیانن، بەشێوەیەکی نەخشەکێشراو تا هیچ شتێك نەهێلّن رێگا لە ئازادی هاتووچۆکردنی سەرمایە بگرێت، خاوبیکات یا سنوورێکی دیاریکراوی بۆ دابنێت. هەموو دەروازەکان تەواو بەسەرپشتدا بکرێنەوە. وازبهێنان لە هەر بیرکردنەوەیەك لە ئۆتۆنۆمی سیاسەتی ئابووری مەرجی سەرەکیین بۆ ئەوەی مرۆڤ بەبێ موقاوەمەت خۆبدات بە دەستەوە، ئەگەر کەسێك بییەوێ شیاو وبینراو بێت بۆ وەرگرتنی یارمەتی پوولی لە بانقی جیهانی و بووچەی پوولی جیهانی. دەولّەتە لاوازەکان رێك بەو شێوەیەن کە رێکخستنی نوێی جیهانی پێویستی پێ هەیە بۆ مانەوەی و سەرلەنوێ کۆپی کردنەوەی.

<u>*٣٣/خۆشگوزەرانی و دەولّەتی کۆمەلاَیەتی کیشوەری ئۆروپا، کەوتوونەتە ناو (لولب)ی داشکان.*</u>

لەناو بیرو مامەلّەکردنی ئابوورییە ترانسناسیونالەکاندا کە بەم رێگایەوە کۆنترۆلّ و سیاسەت لە دەولّەتی ناسیونال وەردەگرنەوە، دەبێ سەرئەنجامی ئابووری ترانسناسیونال- گەشەکردنی بێکاری و هەژاری- حکومەتی ناسیونال قبولّ بکەن و بەرگەی بگرن. لەلایەکەوە لەگەلّ زۆرهێنانی بازاڕی جیهان، کاتژمێری تاقیکردنەوە لێدەدات، لەسەر ئەوەی داخۆ تۆرە کۆمەلاَیەتییەکان خۆڕاگر دەبن و خەرجییان بۆ بکرێت . لە هەمان کاتدا لەولایشەوە کاتژمێری راستی لێدەدات ،چونکە نرخ تەقینەوە دادەشکێت لە گەلّ کەمبوونی باج وەرگرتن لە کارکردن و گلۆبالی قازانجی خاوەنکارە ترانسناسیونالەکان.

*٤٤/جێگرتنی شوێنی کار لەلایەن زانست و سەرمایە*

سەرمایەی گلوبال هەمیشە کەمتر کاری بە هێزی کار دەبێت بۆ ئەوەی هەمیشە گۆرەپانی نوێی بەرهەمهێنانی قازانج بکاتەوە. بەمە هێزی کاری مرۆڤ و نوێنەرایەتییەکانیان کە لە رێکخراوە جەماوەرییەکانی- حزبە کرێکارییەکان و نەقابەکان- پێك دێت لە هەموو جێگایەك دەسەلاَتی مامەلەکردن و کارتێکردنە کۆمەلاَیەتییەکانیان وون دەبێت. لەهەمان کاتدا ژمارەی ئەوانە زیاد دەکات کە لە بازاڕی کار و هەلی دلّنیابوونی مەتەری، کۆمەلاَیەتی و خۆگونجاندن دەرگایان بە

رووداو دادەخرێت. سەرئەنجامەکەیش: نەك تەنها نابەرابەرایەتی کۆمەڵایەتی زیاد دەبێت،بەڵکو چۆنایەتی نایەرابەرایەتی کۆمەڵایەتی بەشێوەیەکی درامی دەگۆڕێت، لەو خاڵەی کە هەمیشە بازنەیەکی گەورەتر لە دانیشتوان وەك پرنسیپێك(ئیکۆنۆمی ناچالاك)دوور دەخرێنەوە.

*٥٥/ دەبڵ نسبییەتی(رێلەتیڤ) هەژاری.*

لەم پرۆسێسەدا هەژاری لەم (تفاعل)ە توندەی داخستن و دوورخستەوەدا بەشێوەیەکی چۆنایەتی رووخساری دەگۆڕێت: کارەساتانە زیاد دەکات و چەند بار بەش بەش دەکرێت.هەر وەك تسیگمونت باومان ئەرگومێنتی بۆ دەهێنێت،کە هەرەشە لە پەتی پەیوەندیە کۆمەڵایەتی لە نێوان دەوڵەمەندان کە گلۆبالیزیر کراون و هەژارەکان کە لۆکالیزیرە کراون بە پچڕاندن،چونکە لەنێوان سەری سەرەوەی قازانجکەرانی(گ) و دۆڕاوەکانی(گ)لە خوارەوەی خوارەوە، هیچ گۆرەپانێکی بەرپرسیاربوون بوونی نییە تا لە ناویدا بتوانرێت زۆرانبازی بۆ هاوتاکردن و هاوسانی بکرێت.

لە هەمان کاتدا دوورخراوەکان –بە پێچەوانەی پرۆلیتاریا لە سەدەی ١٩ و سەرەتای سەدەی ٢٠ –گشت هێزی دەسەڵاتیان دۆڕاندووە لەبەر ئەوەی چیتر بەکارناهێنرێن. ئەوەی بۆ ئەمانە دەمێنێتەوە تەنها بەکارهێنانی زەبروزەنگی رووتوقوتە بۆ ئەوەی بارودۆخەکەیان مەحکوم بکەن...

((هەژاری ترانسناسیونال))واتە: مرۆڤ ژیانی خۆی لە ناو ناکۆکێکانی پێوەری ترانسناسیونالی هەژاری بەسەر دەبات: ئەوەی وەك لانەوازێك لە لەندەن دەژێت دەکرێت هێشتا بە گوێرەی پێوەری هەژاری بۆ خێزانەکەی کە لە هیند یا کارییبك دەژێت وەك کەسێك ببینرێت ژیانی خۆشگوزەرانە. ئەم بەش بەشکردنە مەرجێکی جەوهەرییە بۆ توندکردنی هەژاری.

*٦/ ناکۆکی دەرکراوەکان،خۆ رێکخستنی ژیانی ناوچەیی وەك کارتێکردنی پێوەری دەرکراوەکان.*

ئولریش بێك زۆر جار دووپاتی ئەوە دەکات کە دووهەم مۆدێرن لایەنەکانی ئاسایشی ترادیتسیون و مامەلەکردنی بابەتی سیاسی بۆ راست–چپ سەرلەنوێ ئازادی و شانسی گەشەسەندن پێشکەش دەکات. پرسیارەکە لێرەدایە:بۆ کێ؟لەبەر ئەوەی ناکۆکێکانی مۆدێرنی دووهەم دەبێ کەڵەکەکردنی داواکارییەکان لە تجانسە(ئینتگراتسیون) کۆمەڵایەتییەکان روون بکرێتەوە،لەوانەی هەتا دێت مرۆڤێکی زیاتر بە ئەنجام ناگەن،چونکە ئەوانەی وا هەر ئێستا لە ناو بۆربۆرینی توانا بە ((لاواز))،((هەرەشەلێکراو)) یا((سەقەت)) دادەنرێن،ئەوانەی بێ – یا شەهادەی نزمیان هەیە؛نەخۆشەکان یا ئەو کەسانەی وا هێزیان بۆنمونە لە بەرهەمهێنانی کاری دەستی مۆتۆری، هونەریان هەیە و لە سیستێمی توانا ئاساییەکاندا بە بێ ئاست دەژمێردرێن.هەموو ئەمانە هەرەشەیان لێدەکرێت لە ئاستێکی خواردا بۆ ناو قەیرانەکە بکەونە خوارەوە و لەناو هەمکاری پێش دەرگای هاتنەسەربار رێگەیان لێدەگیرێت و لە خوارەوە دەمێننەوە.

*٧/بێگومان سەرمایەداری بە بێ کار لە گەڵ مارکسیزم بەبێ ئۆتۆپی دەگونجێت.*

وێنەی نییۆ مارکسێکان بۆ سیستێمی سەرمایەداری جیهان گشت هێزپێدانێکی ئۆتۆپی ،هەموو هیوا و فەنتازیای سیستێمی سیاسی لەدەست چووە، چونکە ئەوەی بۆ ئەنالویزەکردن(شیکاری)دەگونجێت، سەرچاوەی هیچ سوبێکتی سیاسی نییە. داخۆ نابێت بۆ ئەم جۆرە نییۆمارکسیستە کۆسمۆپۆلێتیکە بۆ دوواجار بەشداری بکەین لە گۆرانییە خەمگینە گەورەکە بۆ رۆچوون نە گەڕاوەکەی تیتانیك (الغرق اللامحال لتیتانیك) – ئەرووەی بەبەتان، نەیخۆن تاڵە ! !سەلام–

## ٤/ کۆمەڵگای سەرەڕۆیی جیهان

پاراستنی مەترسییەکانی ئیکۆلۆگی گلوباڵ پاڵ بە زۆر کەسەوە دەنێت بڕوا بە قەزاوقەدەر(فەتالیزم)بکەن. مرۆڤ چۆن دەتوانێت لە ڕووی ئەم مەکینە خۆوێرانکەرەی سیستێمی پیشەسازی زلهێزە کە لەبەر چاودایە – گەر یەکێك درۆ لە گەڵ خۆی نەکات– سیاسییانە مامەڵەی لە گەڵدا بکات؟

لێرەدا باسی مەترسییەکانی (ناوکی ئەنرژی، تەکنەلۆژیای جینات)دەکرێت و چۆن هیچ گارانتێك نییە بۆ ڕێگرتن لە تەقینەوە ئەتۆمییەکان یا... و بایەخ دانی هەندێ زانا بە ئۆتۆپی دیموکراتی ئیکۆلۆگی...

### *٥/کۆمەڵگای جیهانی وەك سیاسەتێکی یاسایی نادیموکرات*

## کۆمەڵگای جیهان بەبێ حکومەتی (جیهان)

(مارتین ئەلبرۆڤ) دەنووسێت: مانای سۆسیۆلۆگی(گ) تازەترین هەوڵدانە بۆ دۆزینەوەی وڵامی ئەو پرسیارانە کە هەر نەوەیەك لەبەر خۆی دادەنێت. هەر نەوەیەك دەبێ ئەو پرسیارانە سەرلەنوێ بکاتەوە،چونکە تەنها بەو شێوەیە دەتوانێت تێبگات کێیە.کەواتە مەسەلەی (گ) نە تەکنیکە و نە شتە ئابوورێکانە.هەروا بە هیچ شێوەیەك پەیوەندی نییە بە ڕووبەڕوو وەستاندنی کۆنزێرن و سەرۆکی حکومەتەکان.هەمووی وایە ،بەڵام لە هەمان کاتدا شتێکی زۆر گرنگترە. مەسەلەکە ئەمەیە، چۆن من و تۆ ژیانمان بۆ پێشەوە دەبەین.

(مارك پۆستەر) پرسیار دەکات:ئەگەر من ڕێك یا بەڕێگای (ئیمیل) لەگەڵ برادەرێك قسەبکەم، لە کاتێکدا لە کالیفۆرنیا دانیشتووم؛ئەگەر بەدوای ڕووداوە سیاسی و کلتوریەکانی هەموو دنیا بکەوم بەبێ ئەوەی لە ماڵەوە دەربچم؛ئەگەر داتاکان لایەنی کەسایەتیم تێدابێت و لەلایەن حکومەت و کۆنزێرنەکان لە هەموو جیهان بەکاربهێنرێت بەبێ ئەوەی پێ بزانم یا بتوانم ڕێگەیان لێ بگرم، ئەگەر من لەماڵەوە بازاڕی بکەم بەڕێگای بەکارهێنانی کۆمپیوتەرەوە:ئەی من لە کوێم؟من کێم؟.

وەك وتمان گلوبالیتێت گەڕانەوەی تێدا نییە، مانای ئەوەیە ئێمە دەمێکە لە کۆمەڵگای جیهانی دەژین، مەبەستمان لێرە بنەمای حاڵەتەکانە:لەلایەکەوە سەرجەمی سیاسەتی ڕێکخراوی کۆمەڵایەتی و پەیوەندییە دەسەڵاتدارەکانی غەیری–حکومەتە ناسیونالەکان (NO N G)،و لەلایەکی ترەوە ئەو تاقیکردنەوانەی کە لەسەرووی سنوورەکانەوە بژێین و مامەڵە بکەین. یەکێتی دەوڵەت و کۆمەڵگا و ئیندیڤیدۆمی ژێر یەکەم مۆدێرن خۆی هەڵدەوەشێنێتەوە. مەبەست لە کۆمەڵگای جیهانی،کۆمەڵگای دەوڵەتی جیهان یا کۆمەڵگای ئابووری جیهان نییە،بەڵکو کۆمەڵگای بەبێ دەوڵت،واتە حاڵەتی کۆبوونی کۆمەڵگا(حالە تجمع المجتمع) بۆ زەمینی دەوڵەتی گارانتەکانی ڕێکخستنە،هەروا دەستوری سیاسەتی یاسای ڕەسمی پەیوەندییەکانی دەدۆڕێنێت.

بێ دەوڵەتایەتێکان مانای ئەوەیە پەیوەندی مونافەسەکردن لە نێوان دەوڵەتە ناسیونالەکان و کۆمەڵگا ناسیونالەکان لەلایەك و لەلایەکی تر هەڵگێڕانی نادیاری پەیوەندێکانی کۆمەڵگای جیهانی و مامەڵەکەران و شوێنی مامەڵەکردن بەدەستهێنراوە. لەکاتێکدا لە یەکەم مۆدێرندا بواری پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان لەگەڵ و دژبەیەکتری دەوڵەتە ناسیونالەکان و مامەڵەکانیان حوکومڕانی کراوە،ئەمە لە دووەم مۆدێرندا بەم حاڵە نامێنێتەوە...

م.ئەلبرۆڤ دەربارەی (گ) بەم شێوە ئەرگومێنت دەهێنێتەوە:" تێگەیشتن لە ڕێکخستنی کۆمەڵگا سەرلەنوێ دەخاتە سەر سەرەوەی ڕۆژمێری دیباتە گشتییەکان".زۆر بەپەلە،هەر وەك چۆن مارکسیزم و مشتومڕ لەسەر مەسەلەی چینایەتی سەرلەنوێ ڕووی نەداوە.بەڵام ئێمە لێرەدا کارمان بە(قەیرانی چینەکانەوە)نییە،زیاتر پەیوەندی هەیە بە(قەیرانێك) کە لە فەوزا و نەناسراوی تازەی کۆمەڵگای جیهانی سەرچاوەی وەرگرتووە. تێزەکەی (م ئەلبرۆڤ): مەسەلەکە پەیوەندی بە

ئیدنتیتیێوە(ناسنامە)وە هەیە. من کێم؟من لە کوێم؟بۆ کوێ،من سەر بە کێم؟کلیلی پرسیارەکانی مۆدێرنی دووهەم بەم جۆرەیە.
بەدەربڕینێکی تر:کۆمەڵگای جیهانی سەرنج بۆ جۆرە *جیهانێکی نوێ* دەکێشیت،شێوە کیشوەرێکی توێژینە نەکراو کە لەناو ترنسناسیونالی سەربە هیچ ولاتێك،لەنێوان شوێنەکانی نێو دەوڵەتە و کۆمەڵگا ناسیونالەکان کراوەتەوە...

٦/تێڕوانین: دەوڵەتی ترانسناسیونال
نووسەرانێکی زۆر وای دەبینن کە لەگەڵ سەردەمی(گ) دەوڵەتی ناسیونال کۆتایی پێدێت و دیموکراتییەت لە گەڵ خۆیدا رادەکێشێت. Jean-Marie Guehenno دەنووسێت:کۆتایی پێهاتنی ناتسیون مەرگی سیاسەت لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت.هەرکە سۆلیدارتێت(هاوپشتی)و ویستوئارەزووی هاویەش شوێنی سروشتی خۆی نەبێت،رێکخستنی جوانی کۆمەڵەکە دەروخێت ...
بەڵێ ئەم کابرا فەرەنسییە تازە(سمکری)یە سەردەمی (گ) بێ گومان دەربڕی دانپێنەرێکی بیرکردنەوەی رێگرە:ئەم کابرایە ناتوانێت و نایەوێت تصوری هیچ ئەڵتەرناتیڤێك بکات بۆ ئەندازیاری سیاسەت و دیموکراتی دەوڵەتی ناسیونال بکا.دژ بەم جۆرە فیرۆسی بیری پێداویستەکان وا زۆر گرنگ نییە–رۆژی سێ جار! – ئێمە دەمانەوێت ئەڵتەرناتیڤێك لەگەڵ کۆنسێپتسیونی(پرۆژە،پیلان)ی دەوڵەتی ترانسناسیونال هیچ نەبێت هێمایەك بدەین وەك وڵامێکی شیاو لەسەر(گ). لەسەر ئەوە بریار دەدرێت: دەوڵەتی–(ناسیونال) نەك تەنها کۆن بووە، بگرە پێ لەسەر داناگیرێت، نەك بە بۆنەی گارانتی ناوەوە و جیوپۆلەتیك،مافە ئەساسێکان هتد...،بەڵکو هەروا بۆ ئەوەی پرۆسێسی (گ) سیاسیانە پێکبهێنێت، لەسەر ئاستی ترانسناسیونال رێکیبخات. کەواتە دەوڵەتە ترانسناسیونالەکان دەوڵەتی بەهێزن، دەسەلاتی شێوەی سیاسەتی لە پێکەوە ولأمدانەوە لەسەر (گ) گەشەدەکات.بەگوێرە بۆچونی(أ.گیدێنس)دەوڵەتە ترانسناسیونالەکان(ئۆتوپیایەکی ریئالە)،دەبێ لە رێگای سێهەم تێبگەین و گەشەی پێبدەین...
یاری(لغز)ی گلوبال لەلایەنی کەمەوە رێمان پێدەدات دوو جۆرە خوێندنەوەمان هەبێت: یەکێکیان دەڵێت: نیئۆلیبرالی گلوبالیزم زنجیرەی ئینستیتوتی ناسیونالی یەکەم مۆدێرن هەڵدەوەشێنێتەوە.
دووهەم دەڵێن: روونی گوێ پێنەدانی نییولیبراڵەکان–خیانەت بە ولات–لەلایەن ئابووری ترانسناسیونال و سوپپۆلێتیك. ئەمە توندوتیژی فۆرمی بیرکردنەوە و مامەلە و ژیانی ترانسناسیونالە...

## هەڵەکانی گلوباليزیرونگ

جەوهەری سیما جیاوازەکانی نێوان یەکەم و دووهەم مۆدێرن ئەوەیە وەك وتم،نەگەڕانەوەی گلوبالتێتی سەرکەوتوو.واتا: ئێمە لەناو فرە رەهەندی، فرە ناوەندی،بەشبوون، سیاسەتەکانی کۆمەڵگای جیهاندا کە لە توێدا مامەڵەکەرانی حکومەتی ترنسناسیونال و ناسیونال یاری مشك و پشیلە لەگەڵ یەکتری دەکەن. مەبەست لە گلوبالیتێت و گلوبالیزیرونگ دەوڵەتی جیهانی نییە. روونتر بڵێم: کۆمەڵگای جیهانی بەبێ دەوڵەتی جیهانی و بەبێ حکومەتی جیهانی. سەرمایەدارییەکی گلوبالی بەبێ رێکخستن دروست دەبێت، لەبەر ئەوەی هیچ دەسەلاتێکی بالأدەست و هیچ حکومەتێکی ئینتەرناسیونال نە ئیکۆنۆمی و نەسیاسی بوونی نییە.
لێرەدا مەبەست ئەوە نییە نەفرەت لە دەسەلاتی بازاڕی بازرگانی جیهانی بکەین،ئێمە دەبێ زیاتر نەفرەت لە ئیدۆلۆگی نییولیبڕالی گلوبالیزم وبانگەوازە سەرەتایەکان و رێنووسەکانی بۆ بازاڕی جیهانی بکەین و هەموو رەهەندەکانی ناو کۆمەڵگا بدۆزینەوە،بزانین چییە: زلهێزێکی سەرلەنوێ دامەزراوی کۆنی ئیکۆنۆمیستە، تازەکردنەوەی میتافیزیکی

مێژوویی، شۆرشێکی کۆمەڵایەتییە لە سەرەوە(مەبەست لەلاین دەسەڵاتدارانەوە) کەخۆ بە ناسیاسی دەردەخات، بریقەی ناو چاوی نییۆلیبراڵەکانە(چاککەرانی بازاڕی جیهان)ن کە دەتوانن ترس راوبکەن.

ئەم دە هەڵانەی گلوبالیزم پێشاندەدەین:

١/میتافیزیکی بازاڕی جیهانی

٢/ئازادی بازاڕی جیهان(بە بۆچوونی خۆیان)

٣/ئێمە ئابووریانە هیچ پەیوەندیەکمان نە بە ئینتەرناسیونالیزمەوە هەیە و نە بە گلوبالیزیرونگ

٤/دراماگێرەوەکانی سەرەڕۆیی

٥/ناسیاسی وەك شۆرشێك

٦/ئەفسانەی هێڵی راست

٧/رخنە لە بیرکردنەوەی کارەساتاوی

٨/پارێزەرە رەشەکان:فرمێسك رشتن بەسەر دەوڵەتی ناسیونال

٩/پارێزەرە سوورەکان:نەمانوت، ئێمە راستمان کرد

١٠/پارێزەرە سەوزەکان:بەناوی دۆستایەتی ژینگەوە دیفاع لە دەوڵەتی ناسیونال!

ولأمدانەوە لەسەر بەجیهانکردن

١/پێکەوەکارکردنی نیونەتەوەیی

٢/دەوڵەتی ترانسناسیونال یا(سەرجەمی سیادەتی دەوڵەت)

٣/پەشداریکردن لە سەرمایە

٤/رێگاپێشاندنی‌نوێی سیاسەتی پەروەردەیی

٥/ئایا خاوەن کارە ترانسناسیونالەکان دیموکراتن یا دیموکرات نین؟

٦/یەکگرتن لە پێناوی کار بۆ هاووڵاتی

٧/ چی دێت لە دوای نەتەوەی ئیکسپۆرتی–فۆلکس ڤاگن؟ ئامانجی کلتوری سیاسی–ئابووری؟

٨/کلتوری تاقیکەرەوەکان،لانەکانی بازاڕ وخۆنوێکردنەوەی کۆمەڵایەتی

٩/کرێکاری گشتی،کرێکاری–بۆ خۆ

١٠/پەیمانی کۆمەڵایەتی دژ بە داخستن؟

نووسەر و رۆژنامەنووس رۆبەرت کوریس دەڵێ: ئەمرۆ ئێمە لە ناو بارودۆخێکی زۆر دەگمەن دەژین، هیچ کاتێك لە مێژووی مۆدێرنیزەکردن–واتەئەم دوو تا سێ سەد ساڵە دواییەدا– حاڵەتێکی وا پێش نەهاتووە پۆی قەیرانێکی کۆمەڵایەتی لەسەر تاسەری ئاستی جیهان پێوەوە بێت،بەم شێوەیە هێزێکی ئیکۆلۆگی وا رووخێنەر دامەزرابێت و لەناویدا ئەوەندە کلتور روخێنەر بێت و خۆی بە بێ تاوان بزانێت تا دەگات بە رووەوچوونی بەرەو بەربەرییەتی نوێ. ئەوەی لەهەمانکاتدا دەگمەن و پەرادۆکس(دژ بە یەك)بێت ئەوەیە کە لەم سێ سەد ساڵە رابردوودا رەخنەی کۆمەڵایەتی تا ئەم رادەیە ئەوەندە بێ چەك نەبووە وەك ئەمرۆ. ئەم پەرادۆکسە دەکرێت روون بکرێتەوە بەوەی کە جیهان تا ئێستا بەم شێوەیە شایەنی رەخنەگرتن نەبووە وەك ئەمرۆ...(لە نامیلکەی قەیران–کام قەیران، لەلایەن ئی گی رۆتە فابریك/زیورخ).

ماریا میس پرۆفیسۆری سۆسیۆلۆگی‌و نووسەری کتێبی(ئافرەتان، دووا کۆلۆنی لە ٨٣ لە گەڵ کلاودیا فۆن ڤێرلهوف و ڤێرونیکا بینۆڵدت–تۆمسون وکتێبی–باوك سالاری و سەرمایە، لە ٨٦ و لە بەهاری ٩٥ کتێبی ئیکۆفێمنیزم، پێکەوە لە گەڵ فاندانا شیڤا)لە ووتاری :قەیرانەکە وەك هەلێك(شانس)ێك:بەرەو دەرچوون لە لۆژیکی ئەکومولاتسیۆن(منطق التراكم) دەڵێت(بەکورتی) :سەرناوی سیمینارەکەم هێما بۆ ئەوە دەکات کە من سەر بەو کەسانەم وا چاوەڕوانی دەکەن سیستێمی ئێستا داروخێت.لەپاشاندا بەڵکو لەم فەوزایە نەختێك شتی تازە گەشەی پێ بدرێت...

من شەرەفی ئەوە دەدەم بەخۆم ڕوو لە ئەڵتەرناتیفە پڕهیواکان بکەم و بڵێم کە پێویستە بیر لە کارەکتەری ئەم قەیرانە بکەین، ئەمە چ قەیرانێکە ؟لەچی پێکهاتووە ؟کام ڕەهەندی ژیانیمان دەگرێتەوە و چەند درێژە دەکێشێت؟.

(ولامەکانی دەکەم بەم خالآنە):١/ یەکەم جار دەتوانم بیسەلمێنم، کە ئەمەی لێرە و ئێستا بە قەیران ناونراوە،قەیرانێکی ئابوورییە،بەلآم تەنها قەیرانێکی بازنەیی نییە وەك ئەوەی کلاسیکە نوێیەکانی تیێۆری ئابوری باسی لێوە دەکەن،گوایە سەرلەنوێ بەهۆی بوژانەوەی ئابووری چارەسەر دەکرێت. وەك ئەوەی ئابوریستەکان ڕێك پێش هەڵبژاردن دڵنیامان دەکەن کە ئابووری سەرلەنوێ بەرەو سەرکەوتن دەڕوات.

ئەم قەیرانەی ئێستا هەیە قوڵتر دەبێتەوە و درێژە دەکێشێت، ئەوە نییە وەك بڵێی ئێستا سەری هەڵداوە، بەڵکو لەراستیدا قەیرانێکی درێژخایەنە، لەوەتی سەرمایەداری هەیە ئەویش هەیە.

٢/سیاسەتمەدار و زانا ئابوورییەکان هەوڵ دەدەن گەل بەوە هێور بکەنەوە، گوایە قەیرانەکە کاتییە و بەرێگای ئەستسمار لە بواری تەکنەلۆژیای دوارۆژ وەك تەکنەلۆژی بایۆلۆژی چارەسەر دەکرێت. مرۆڤ چیتر بڕوا بەم قسانە ناکات. ئەوە هەمیشە روونتر دەبێت کە پارادیگمای(نموونە)ی گەشەسەندنی بێ سنوور نەك تەنها لە بواری بایۆلۆگی کارەساتە بەڵکو هەروا لەئاستی ئابووریش ناتوانێت نە لە باشور و نە لە باکور بەردەوام بێت. زۆر بەروونی دەبینرێت چۆن هەژاری بۆ سەنتەرەکانی باکوری دەوڵەمەند گەڕاوەتەوە. بۆ نموونە ژمارەی لانەوازەکان لە ئەلمانیا بووە بە یەك ملیون، لەزستانی ٩٣/٩٢ دا ٣٠کەس لەسەرماندا گیانیان لە دەستدا، سوالکەرییش بەرەو زیادبوون دەچێت، لە لەندەن مرۆڤ لە ناو کارتۆن شەو دەبەنەسەر و ژمارەی بێکارەکان بەتایبەتی لە رۆژهەلآتی ئەلمانیا زۆرتربوون.

٢/ یەکێك لە پەدیدەکانی ئەم قەیرانە ئەوەیە کە لە ولآتە پیشەسازییەکان گەشەسەندنی ئابووری درێژەی هەیە لە هەمان کاتیشدا قەرزی"ولآتانی جیهانە سێ" زیاتر بووە ،لەسالی ٩٢ گەیشت بە ٣،١٣٤ ملیارد دۆلار. لە ئەمریکا باس لە بەجیهان سێکردنی ولآتەکەیان دەکەن.هەمان ئەم باسە ولآتە دەولەمەندەکانیش دەگرێتەوە.

٣/لەم چەند سالە داییانەدا قەیرانی ئیکۆلۆگی هاتە پێشەوە و زۆر بابەت دەربارەی هۆیەکانی بلآوکرایەوە.ئێستا دانی پێدنێن کە هۆکانی دەگەرێتەوە بۆ گەشەسەندن و پێشکەوتنی سیستێمی پێشەسازی و گرێ دراوە بە بەکارهێنانی کەرەستەی خاو و چەوساندنەوەی"جیهانی سێ"و بە هۆی شێوەی ژیان لە باکور روویداوە.بەڵێ لە بری راگرتن و گۆرینیدۆگمای گەشەکردنی بەردەوام و(بەکاربردن–أستهلاك)، سیاسەتمەدار و بەرپرسیارەکان باسیگەشەپێدانی(sustainable groweth )دەکەن و لە گەشەپێدانی چەندایەتی لە باشور و گەشەپێدانی چۆنایەتی لە باکور دەکەن. بەمەرجێك ئەم قەیرانە لە چوارچێوەی پلانێتێکی دیاریکراو روودەدات. ئێستا (کلوپ ئۆف روم)یش ئەم پۆزیتسیۆنەی هەیە.

(Jobless growth) یەکسەر لە لایەن مولتی ناسیونالەکانەوە وەرگیرا و بەکاریدەهێنن وەك بڵێی بەرەوالەت دەیانەوێت بۆ قەیرانێکی ئیکۆلۆگی ڕێگاچارەیەك بکەن. مولتی ئەلمانی(Hecht ) بۆ نموونە پروپاگەندەیەکی لە رۆژنامەی فرانکفۆرتە ئەلگماین لە ژێرناوی(Sustainable growth بۆ ئەوەی منداڵەکانمان دوارۆژیان هەبێت)بلآوکردەوە.

ئەم سەرمایەدارییە سەوزە تەکنەلۆژیای دۆستایەتی ژینکە بەکاردەهێنێن بۆ ئەوەی ئابووری گەشەکردنی نوێی کار بۆ بێکاران برەخسێنن. لەسەر پەیوەندی چەوسانەوە نێوان پیاوان و ئافرەتان،چینەکان،کرێکارو بێکاری ولاتە دەولەمەند و هەژارەکاندا هیچ گۆرانێك بەدی نایەت: ئەمە نموونەی ستراتیجییەتی پیاوی سپییە بۆ چارەسەرکردنی قەیران.

ئێمە دەتوانین چاودێری رەهەندی کۆمەلایەتی و دەروونی قەیرانەکە بکەین:شکاندنی ئاشتی کۆمەلایەتی لە مۆنەپۆلەکاندا. زۆرجار لەژێر سەردێری وەك زیادبوونی تاوانکردن،زەبروزەنگ، خۆکوژی، بەکاربردنی موخەدەرات،باسدەکرێت.ئەوەی کە ناوی لێ دەنێن(Civil society) ئەمرۆ بووە بە شوێنی درندایەتییەکی گەوری رۆژانە،زیادبوونی(رامبۆیەتی) پیاوان کەپێش هەموو شتێك رووبەرووی ئافرەتان و کیژان دەبێتەوە و کوژاندنەوەی بنەمای پەیوەندییەکانی هەستکردن و نەریتی مرۆیی.ئەو دوو تازە پێگەیشتوانەی وا لە شاری لیڤەرپول دوو منداڵیان کوشت، پەیرەوی ئەوەیان کرد کە لە ڤیدیۆی فیلمە ترسناکەکان بینیویانە.

ئەمە(بەکورتی) دروستکردنی ئاووهەوای سۆسیال داروینیزم(کێ درندەترە،ئەو دەمێنێتەوە). فەلسەفەی هوبس، داروین،ئادەم سمت لە کۆتایی ئەم سەدەیە تەنها لە کۆلۆنەکان پراکتیزیرە ناکرێت، بەڵکو لە ناوەراستی"کۆمەلگای مەدەنی". داب و نەریتێك وەك هاوپشتی، رێزلێنان، بەرپرسیاربوون،سۆز، تەنانەت خەمداگرتن بۆ ئەوی دی بەرەو وونبوون دەچن. ئەوەی دەمێنێتەوە، هەموو دژی یەکتری خەبات دەکەن...

٣/رەهەندی سیاسی قەیرانەکە بەتوندی لەگەڵ ئابووری و ئیکۆلۆگی بەستراوەتەوە بەتایبەتی لە لایەن پیشەسازێکان، هەتا دێت روونتر دەبێتەوە کە دەنگدەرەکان(( گەل))دەسەلاتیان کەمتر دەبێت لە بەشداربوون بۆ گۆرینی رووداوە سیاسییەکان. ئەمە رووناداوت لەبەر بیروکراتییەت، بەڵکو بەهۆی دامەزراوە ئابووری نوێکانە وەك NAFTA,APEC،EU. ئەم رێکخراوانە دیموکراتییەت لە ئاستی نەتەوە لە پەل و پۆ دەخەن و شێوە نوێیەکی مافیای سیاسی و گەندەلبووی دیموکراتی حزبەکان دروستدەکەن وەك لە ئیتالیا دەکرێت.باری دەسەلاتدارەکانی(سەرەوە) بۆ زۆر کەس هەتا دێت نادیارتر دەبێت و قیزیان لێ هەلدەستێت .ئەمە بە پۆزیتسیۆنی: "لەوێدا–سەرانی دەولەت و حزبەکان– مرۆڤ ناتوانێت هیچ گۆرانکارییەك بکات" دەردەکەوێت.

٤/قەیرانەکە و بەجیهانکردنی ئابووری

- زۆر کەس هۆشیاری ئەوەیان نییە کە ئابووری سەرمایەداری هەر لە سەرەتاوە و بەبەردەوام قەیران دەخاتە ناو ناوچەیەك لەناوچەکانی جیهان. ئەم قەیرانە و ئەوەی پەیوەندی بە پرۆسێسی هەژارکردن هەیە، ژێرخانی مۆدێلی کەڵەکەکردنی سەرمایە پێکدەهێنێت.سیستێمەکەمان بۆ ئەوەی کاربەکات بەبەردەوام پێویستیان بە کۆلۆنەکانەوە هەیە:گەلانی دنیا ،ئافرەتان،و سروشت ،ئەوەی بەرەسمی بە ئابووری دادەنرێت(ژێرخانی)سیستێمی کۆمەلایەتی پێکدەهێنێت و تێدا زەبروزەنگ دەسەلاتداری دەکات و نەك پەیوەندی پەیمان بەستن.قەیرانەکە ئیکسپۆرت کراوە بۆ کۆلۆنەکان.ئەو کۆلۆنانە مولکی سەرمایەدارەکانن وەك بەکرێ گرتەکانی سەنتەرە دەولەمەندەکان کە سەرمایە ئەکوموڵە دەکرێت. واتە ئەم سیستێمە ئابوورریە وا ناوی لێ نراوە ئابووری مارکت(بازاڕ)هەمیشە سیستێمێکی جیهانی بووە و هەیە، وسەرمایەداری بەبێ چەوسانەوەی کۆلۆنەکان دروست نەدەبوو و نەدەیتوانی خۆی رابگرێت.
- ئەوەی ناوی لێ نراوە(Entkolonisierung –دەرکردنی داگیرکەران)وگەیشتن بە سەربەخۆیی سیاسی زۆربەی ولاتانی باشور هیچی نەگۆری. تێزی ئێمە ئەوەیە کە ئەم سیستێمە ئابوورییە بەبێ درێژەپێدانی کەڵەکەکردنی(تراکم)ناتوانێت بوونی هەبێت، واتە: ئەو ناوچانە لە مێژەوە خۆیان لە باروودۆخی قەیران دەبیننەوە.

ماریا میس له ژێر ناوی:جیهانگیری بەبێ روخساری مرۆڤانه دەنووسێت: قۆناغی ئێستای جیهانگیری له گەڵ سەرلەنوێ سترکتورەزیرەکردن و کەسادی ١٩٩٠ دەستی پێکردووە. ئەم شیکردنەوەیە چی بەوانە دەگەیەنێت کە تووشی ئەم قەیرانە بوون؟

- ١/ کۆتایی پێهاتنی وەهمی هەشت سەعات کارکردن له وڵاتەکانی باکور، له باشوردا پێشتریش نەبووە.
- ٢/روخاندنی دەوڵەتی کۆمەڵایەتی له باکور.لەباشوردا هیچ کاتێك پێك نەهاتووە.
- ٣/ خەون به پێشکەوتن بۆ هەموو له(جیهانی سێ) کۆتایی پێهات.
- ٤/کرێکاری کرێ گرتەی ئازاد(بە ئافرەتان و پیاوانەوە) دەبن به رەواڵەتێکی کەنارئامیز(ڤاهرە هامشیە) و لەسەر ئاستی جیهان لەبۆرپۆریندا دەبن لە گەڵ کاری نائازادی کرێکارە بێ کرێکان.(ئەمە تێزی کلاودیا فۆن ڤیرلهۆفە)
- ٥/کۆتایی پێهاتنی هاوپشتی پرۆلیتاریا.کرێکارانی باکور بەکردەوە له پەیوەندییەکی ئەنتاگۆنیست دەبن له گەڵ کرێکارانی باشور و کرێکارەکانی باشوریش له نێوان خۆیان
- ٦/درێژەپێدانی پیشەسازی سەرمایه شایەنی هێوا نییه بۆ باکور. هیوای گەیشتن به پێشکەوتن لەلای خەڵکێکی زۆری باشور وەك وەهمێك(ئیلزیۆن)خۆیی سەلماند و له هەمان کاتدا بۆ هەموو ئاشکرا بوو کە ئەوە لە چوارچێوەی سەرمایەداری پەتریالکی ممکین نییە. ئەم مۆدێله نەك تەنها بنەماکانی ژیان لەسەر ئەم زەمینە دەروخێنێت، بەڵکو بنەمای دیموکراتیەت و نەریتەکانیشی دەروخێنێت: مافی چارەنووس،ئازادی،هاوسانی،هاریکاری و برەوەکانی ئەم سیستێمەش دەگرێتەوە.
- ٨/ مەسەلەکە ژیانمانە.سەرمایەداری ناتوانێت ژیان دروست بکات، سەرمایەداری تەنها دەتوانێت ژیان به پارە و سەرمایه بگۆرێت. ئیمرۆکە وەك پێویستییەکیش بووە بە تۆتالیتێر. ئەوانەی توشی ئەم قەیرانە بوون، دەتوانن خۆیان ژیانی خۆیان ئۆرگانیزە بکەن، لەبەر ئەوەی چیتر تۆری کۆمەڵایەتیان نییە، وەك بڵێی ناچارکراون خۆیان لەسەر بنەما دروستەکانی ژیان دابمەزرێنن، رێك لەسەر سەرچاوەی بەرهەمهێنانەکانیان.

بۆچی ئەم زانیارانەی سەرەوە هەڵن؟

١/ وەهم و ئەنالیزەی هەڵە دەروخێنن دەربارەی سەرمایەداری یا ئابووری بازاڕی و بروا به(پێشکەوتنی بەرهەمێنان) کە گوایه هەموو گیروگرفتەکان چارەسەردەکات لەناو دەبەن.

٢./دەمانگەرێننەوە بۆ ئەو زانیارییانه وا پێناسەکردنی(ژیانێکی بەختەوەر)بۆ موڵتی،سەرمایه،بەرهەمهێنای کاڵا بەجێ نەهێڵێن.ژیانی بەختەوەر به کارتێکردن بەرامبەر یەکتر چنگ دەکەوێت...

٣/ئەو تێروانیینه که لۆژیکی کەڵەکەکردنی سەرمایه رەتدەکاتەوە یەکەم جار لەلایەن ئەوانه دۆزرایەوەو پەیرەوکرا کە تا ئێستا تەنها نرخی پێشکەوتن و مۆدێلی کەڵەکەی سەرمایەیان داوە،پێش هەموویان ئافرەتان و مرۆڤەکانی تر لە(جیهانی سێ)،ئەمانه دەزانن که هیچ کاتێك نابن به بەرەی براوە تەنانەت ناشیانەوێت. دەیانەوێت کۆنترۆڵە بەسەر بنەماکانی ژیانیان هەبێت.

٤/لێرەشدا،له وڵاته دەوڵەمەندەکان زانین گەشەدەکات که سەرمایەداری حاکم نموونەیەکی باشتر نییە.نەك لەبەر ئەوەی دەسەڵاتدارەکان شتی زیاتر نازانن،بەڵکو لەبەر ئەوەی چۆنایەتی ژیان رۆژ لە دوای رۆژ بەرەو خراپی دەرواوت..لەناو بازاری پری گلۆبالدا لەژێر نوقسانی بۆ پێداویستە رۆژانەکانی ژیان دەناڵێنین...

پاشان ماریا میس چەند نموونەیەکمان پێشاندەدات بۆ ڕێکخستنە سەربەخۆکان کە خۆیان کاروبارەکانی خۆیان و ژیانیان بۆ پێشەوە دەبەن وەك:

<u>خۆیارمەتیدانی سۆسیالیستی لە کوێلن.</u>

کۆنسێپتەکەیان بریتی بوو لەوەی کە یارمەتی لە کەس وەرنەگرن و لەسەر کاردەسکەوتنە ڕۆژانەکانیان بژێن.پاش کارەساتەکەی تشرنۆبیل خەریکی گیروگرفتی ئیکۆلۆگی بوون...

کلوپی زاکاتسو لە یابان

بزوتنەوەی جوتیارەکانی هیند دژ بە (کات،تریبپس،و بازرگانی ئازاد) لەلایەن زاکاسو پشتگیریان لێکرا. زاکاتسو کە لە لایەن ئافرەتانی ناومالّ دامەزرابوو، خەبات دەکەن لە پێناوی بەخۆ زامنکردنی خۆراك، لە نێوخۆیاندا Workrts (collectives ) و کۆئۆپەرەتیڤی(هەرەوەزی) بەرهەمهێنەریان دامەزراند. و کارە گرنگەکانیان بە هاوسانی لە نێوان خۆیان دابەشدەکرد و شان بەشانی کارەکانیان خزمەتکردنی پەککەوتووەکان،نەخۆشەکان ومندالّ خزمەت دەکەن. ئێستا نوێنەریان هەیە لەناو کۆمونەی شارەکان و لەناو پەرلەمان. لە ١٩٨٩ نزیکەی ٢٥٠هەزار ئەندامیان هەبوو. ئەم ڕێکخستنە خۆی بە دوژمنی سەرمایەداری دەزانێت...

### ئافرەتەکانی ریۆ لە ١٩٩٣

لە ١٩٩٢دا ئافرەتانی ریۆ (کورتکراوی ریۆدۆجانیرۆی پایتەختی بەرازیل)مێزگردێکیان ڕێکخست لەسەر UNCED و بەتوندی سیستێمی ئابوری جیهانی سەرمایەداری باوکسالار و مۆدێلی گەشەکردنی مەحکوم کرد.بەروبومی ئەم گەشەکردنە هەژاری، برسێتی، پەنابەری، زەبروزەنگ ، شاخەزبلّ، وێرانکردنی ژینگەیە و بانگەوازی: راوەستێت ئەم مۆدێلە ئابورییە ! !بەرزکردەوە

لەبری درێژەپێدانی"گەشەپێدان"داوای ریفۆرمی راستەقینەی گشتوکالّیان کرد. داوایان کرد لە ئافرەتانی لادێ و شارەکان لە ئیزۆلەبوون(دابڕان) دەربچن و لە بری بەرهەمهێنان بۆ بازاڕی جیهانی نەناسراو، لە پێناوی دامەزراندنی ئالّوگۆڕی راستەوخۆی بەرهەمە جۆراوجۆرەکانیاندا پێکەوەکاربکەن.ئەمانە بۆیان دەرکەوت کە زۆربەی ئەو بەرهەمانە کە پێویستیان پێیەتی خۆیان بەبەرهەمی دەهێنن، جا بۆچی بەرهەمەکانیان بۆ ئیکسپۆرتکردن بفرۆشن؟

ئەم ئافرەتانە داوایان لە نەقابە کرد لەگەلّیاندا پێکەوە کار بکەن و پەیوەندی لە نێوان جوتیارە بچوکەکان ، ماسی گران، کۆکەرەوانی کۆکۆسنوس، بەرهەمهێنەرانی بجوکی ناو شارەکان(هەموویان لە دانیشتنەکە بەشداریان کرد) دامەزرێنن وپێکەوە لەناوخۆیان کاربکەن و بەم شێوەیە SUSTAINALE ECONOMY راستەقینە دروستبکەن.

*** ***

ماریا میس وەك فمنستێك لەدیوی بەرەی چەپ راوەستاوە و خەبات دەکات لە پێناوی دوارۆژێکی باشتر بۆ هەژارەکان،بەلاّم وەك پرۆژەیەکی ئەلتەرناتیف زۆر کورتی هێناوە و زیاتر لە سوچە نیگای ریفۆرمیستێك خەبات دەکات. ماریا میس بەخۆی سیستێمی سەرمایە بەتوندی دەخاتە ژێر پرسیارەوە، بەلاّم دەرچوون لە چوارچێوەی سیستێمەکە لە ڕێکخستنە ریفۆرمیستەکان و چالاکێکانیان(لەژێر سایەی سەرمایەداری)دەبینێت!

کتێبەکەی ئولریش بێك:١/ نموونەیەکی بەرجەستەیە بۆ بۆچوونی سۆسیال دیموکراتەکان بۆ جیهانگیری، بەبێ ئەوەی نووسەرەکەی بلّێ من سۆسیال دیموکراتم – کابرا هەر ئەوەندەیە مامۆستای زانکۆیە و"کاری بە سیاسەتەوە نییە" تەنها لێکۆلّینەوەی زانستییانە دەربارەی جیهانگیری بلاّوکردووەتەوە !! –.

٢/زۆر بەئاشكرایی ژەهری دژ بە شوعییەتی پێوەوەی دیارە"هەڵهەڵە بۆ روخاندنی"ئیمپراتۆرییەتی سۆڤێتی" و بۆ CNN دەدات. ئەعلانی بێ ئەرزشبوونی شوعییەت دەكات و لەدەست دانی سوپێكتەكەی(پرۆلیتاریا)و بەفیرۆچونی هیواكانی، پاشان لەناو مێشكیەوە بڕیاری مەرگی دەدات، هەر بەخۆیشی وەك پیاوێكی "مرۆڤدۆست" بانگمان دەكات بۆ بەشداربوون لە گۆرانی دڵتەزێن بۆ لەناوچوونی شیوعییەت وەك ئەو گۆرانی دڵتەزینەیەی بۆ غەرقبوونی تیتانیك گوترا.

٣/ پێموابێت ئولریش وەك زانایەك دەبوایە ئەوەی لەبەرچاو بگرتبا كە لەیەكچوونی دوو دەربرین لە سەردەمی جیاواز، بەس نییە بۆ بەراوردكردن. لەنێوان لیبرالیست و كۆمونیست تەنها سەنگەر گرتن بۆ لەناو بردنی یەكتر حاكمە! هەڵبەت ئەم بۆچوونەی ئۆلریش تازە نییە،زەمانێكە سۆسیال دیموكراتەكان، یەكێتی سۆڤێت لە گەڵ ئەلمانیای فاشیست بەراوردەكەن( تیئۆری توتالیتاریزم). بابەتی وەك ئامانج، ئابووری، چین، شێوازی موڵكایەتی جیاوازی ئەو دوو سیستێمە هیچ ئەرزشێكی بۆ دانانێن، بۆیە(س.د)هەمیشە دەكەونە ناو زلكاوی زەبروزەنگ و تیرور بۆ خزمەتكردنی سەرمایەداری– بۆ زیاتر روونكردنەوە، بڕوانە وتاری ماركسیستی فرعەونی بەرێز رفعەت السعید،النهج،ژمارە ١٩٩٧/١١ و چۆن شۆرشگێڕی ماركسیزم هەنگاو بە هەنگاو ؛گومان لە دوای گومان، دەكات بە پەڕۆ كۆنە!! لە رسالە العراق –ژمارە ١٩٩٨/٤٧ رێدەدرێت بە صادق البحرانی وتارێك لە ژێر ناوی: بەردەوامی چوونی ئۆروپا بەرەو چەپ.ئەوە لە كەیەوە (س.د)بە چەپ لە قەڵەم دەدرێت؟. مەبەست لە چەپ هەمیشە هێزە چەكدارەكانی ئەنتی ئیمپریالیزم بووە و نەك (س.د).من پێشنیاری ئەوە دەكەم لاپەرەی رۆژنامە و گۆڤارە شوعێكان بۆ چەپ ئاواڵە بكرێت، نەك بۆ راسترەوەكان!!

<u>شایانی باسە كە زۆربەی هەرە زۆری ئەو رەخنانەی ئەمرۆ لە یەكێتی سۆڤێت و چارەنووسەكەی دەكیرێت، پاش كۆدەتایەكەی جەماعەتی خرۆتشێف وكۆنگرەی بیستی بەدناو و راپۆرتە نهێنیە پڕ گومانەكەی خرۆتشیف، لەلایەن حزبی كۆمونیستی چینییەوە گیرا، لەئاستی عیراق لەلایەن قیادەی مەركەزی حزبی شیوعی عیراق گیرا. بەداخەوە بێجگە لە هاورێ هادی العلوی و پێموابێت هاورێ عزیز سباهی، بەدەكمەن باسی ئەم لایەنە دەكرێت(لێرە مەبەستم ئەوە نییە ئالأی هاورێ ماو هەڵبگیرێت) زیاتر مەیەستم ئەوەیە پەردە لەسەر راستییەكان، گشت راستییەكان هەڵماڵێن و دان بەوە بنرێت كە هێڵی ئەوسای حزبی شیوعی چین زانستانە لە بارودۆخی سۆڤێت تێگەیشتبوون . ئێستا من(پێشنیار دەكەم) وزۆر بە كارێكی دڵسۆزانە و پێویست دەزان بۆ سەرجەمی بزووتنەوەی شیوعی، حزبی شیوعی عیراق و حزبی شیوعی كوردستان لە كۆنگرەی داهاتوویان، شەهیدە شیوعێكانی قیادەی مەركەزی، بە شەهیدی خۆیان بزانن. سەردانی خێزان و خزموكار و هاورێكانیان بكەن، وەك هاورێیەك مامەڵەیان لەگەڵ بكەن. هەڵبەت لێرە باسی هەندێ كەسانی خاین بە بزووتنەوەكە ناكەم.</u>

٤/ئولریش بێك تا رادەیەك زۆر بەباشی درك بەو مەترسیانە دەكات كە رووبەرووی سیستێمی سەرمایەداری و نموونە سیاسییەكەی بوونەتەوە: دیموكراتی پەرلەمێنتاری. ئۆلریش وەك"ریفۆرمكەرێك"پێشنیاری خۆی دەكات بۆ پاراستنی سیستێمەكەی و هەندێ لە"هەڵەكانی"دەست نیشاندەكات و نەعلەتێك لە لیبرِاڵەكان دەكات!!

٥/ هێما بۆ دروستبوونی كلتور و شوێن و پەیوەندی سێهەم دەكات، بۆ تێكەلأوبوونی گەلان، بەلأم نموونەكانی بەندە بە سالأنی پەنجاكان بەدواوە. لەبەر زەین كورتییەكەی نابینێت بۆ نموونە، زۆر لوبنانی و ئیتالیایی لە سەدەی رابردوو و پاشان لە بیستەكان بۆ ئەمریكای لاتین كۆچیان كردووە، بەتایبەتی بۆ ئەرجەنتین تەنانەت گۆرانی تانگۆ كە كاتی خۆی دەسەلأتداران بەبێ نرخ تەماشایان دەكرد و لە لایەن كلێساوە قەدەغە كرا، گۆرانی كرێكارە كۆچكراوەكان بوو، كەچی ئێستا ئەرجەنتین شانازی پێوەوە دەكات و بە گۆرانی ناسیۆنالی خۆی دایدەنێ!!

لێرەدا باسی لەدایكبوونی كلتوری سێهەم دەكات، بەلأم مەسەلەكە زۆر گەورەترە لە بابەتیكلتوری سێهەم. ئەمرۆ بە پلەی یەكەم باس لە رێگای سێهەم دەكرێت(بڕوانە نووسراوەكەی ئەلسید یسین لە گۆڤاری النهج ژمارە ١٩٩٩/١٧)كە

دەردەکەوێت سەرانی ئەم ڕێگایە (کلنتون،بلێر)ە، باشتر بڵێم سۆسیال دیموکراتەکانن .سەیر ئەوەیە کاک یسین دەنووسێت:" ... ڕێگای سێهەم،ڕێگای ناوەراستە،هەوڵی پێکەوەنانی خولقێنەرانەیە نێوان لایەنە پۆزەتیڤەکانی سەرمایەداری و لایەنە باشەکانی سۆسیالیزم" — راستی ئەم قسەیە زۆر بە خێرایی بۆ گەلانی دنیا دەرکەوت، بەتایبەتی لە ئۆروپا و ئەمریکای باکور– بەلآم زاراوەی ڕێگای سێهەم بەچەندین جۆر بەکار هاتووە و نوێ نییە، بۆ نموونە ئەنارشیستەکانیش خۆیان بە ڕێگای سێهم دادەنێن واتە–نێوان سەرمایەداری و شیوعییەت– ئەمانە لایەنی چەپی زاراوەی ڕێگای سێهەم پێکدەهێنن. فاشیستەکان وەك داردەستی سەرمایە خۆیان بەڕێگای سێهەم دادەنێن(نێوان سۆسیالیزم و سەرمایەداری). ئەمرۆ(س.د)ەکان بەئاشکرایی هەراوهوریا بۆ ڕێگای سێهەم دەکەن، بەبێ ئەوەی کاك یسین هەستی پێبکات یا ئاماژەی بۆ بکات، تەنها ئەوە نەبێت کە دەڵێت"وەمان هەوڵدان–گەر بەشێوەیەکی لەسەرخۆتر بێت– لەناو حزبی سۆسیالیستی فەرەنسی و حزبی سۆسیالیستی ئەلمانی(ناوی حزبی وام نەبیستووە، وا دیارە هەر مەبەستی حزبی بکوژەکانی رۆزا و کارلە،حزبی تیرۆر و تۆقاندن لە ساڵەکانی حەفتا، ئەو حزبەی کە شۆرشگێرە ئەنتی ئەمپریالیستەکانی لەناو زیندانی (شتام هایم)کوشت و وتیان "ئێمە نەبووین" وەك تۆڵەسەندنێك بۆ فاشیست مارتین شلایەر _ یەکێك بوو لە سەرپەرشتەکەرانی داگیرکردنی براغ ولە کۆتایی شست و حەفتاکان، سەرۆکی خاوەن کارەکانی ئەلمانیا بوو _ کە لەلایەن لەشکری سوور تیرباران کرا ! !

ئەمرۆ هەر سۆسیال دیموکراتەکانی ئەمریکا و ئەلمانیا و فەرەنسا و بریتانیاکەی مامۆستا "یەلسن"ن کە ئابلوقەی ئابووری بەسەر کرێکارو جوتیارانی عیراق سەپاندووە، بەنوێترین چەك خەڵکی بێتاوان لە شاروو لادێیەکانی یوگسلافیا بۆردومان دەکەن. لە رواندا، پیرۆ و تیرانا (ئەلبانیا) ئەکتسیونی رامبۆیانە ئەنجام دەدەن–لە کاتی راپەرینە چەکدارییەکەی ئەلبانیا هێزێکی سەربازی تایبەتی ئەلمانیا لە ناوچەی فرۆکەخانەی تیرانا سەنگەریان گرت و خەڵکیان کوشت لە پێناوی رزگارکردنی دیپلۆماتە ئەوروپییەکان...هتد.(تێبینی:ئازادی بیرورا ئەوە نییە لە گۆڤارێکی شیوعی وەك النهج یا رسالە العراق ڕێ بدرێت پروپاکەندە بۆ سۆسیال دیموکراتەکان بکرێت).

## ئەی مەبەست لە جیهانگیری چییە؟

١/ لە ١٥ نۆڤەمبەر ١٩٧٥ لە RAMBOUILLET (فەرەنسا) بۆ یەکەم جار سەرۆکی گرنگترین شەش دەوڵەتی پیشەسازی دنیا(ئەلمانیا،ئەمریکا،ئیتالیا،یابان،فەرەنسا،بەریتانیا) بۆ ماوەی سێ رۆژ کۆبونەوە(لە ١٩٧٦ کەنەدا هاتە ریزیانەوە و بوون بە حەوت دەوڵەت Group of Seven–).ئەم کۆبونەوەیە لەسەر پێشنیاری سەرۆکی ئەلمانیا هیلموت شمت(سۆسیال دیموکرات)و ڤالێری جیسکار دیستان رێکخرا.ئەڵدۆ مۆرۆ(دیموکراتی مەسیحی) لەم کۆبونەوەیەدا بەشداری کرد،باش ماوەیەك لەلایەن رێکخراوی(بریگادە رۆزا)ی کۆمونیست کوژرا ئەم کۆبونەوەیە وەك خۆیان ناویان لێ نا(کلوبە بچوکەکەمان) بۆ لێدوان بوو دەربارەی گیروگرفتە ئابوورێکان و لەوانە قەیرانی نەوت. ئەمانە بریاریاندابوو لەسەر ئەوەی کۆبونەوەکەیان دوور بێت لە سیاسەتی ناتسیونال و گفتوگۆکانیان بە ئازادی و دوور لە گومانکردن و چاودێری بیروکراتیانە، بۆچوونەکانیان گەشە پێبدەن و بریارەکانیان بدەن.وەزیرانی دارایی لەو ناوە بوون بەلآم بۆیان نەبوو لە گفتوگۆکان بەشداری بکەن. بەم شێوەیە میکانیزمی پێکەوەکارکردنی ئابووری جیهانی و پرنسیپی کارکردنی تۆرە گلۆبالییەکان دەستی پێکرد.لەوەودوا کۆبونەوەکانی ئەم حەوت دەوڵەتە بوون بە بابەتێکی رۆتین و هەموو ساڵێك کۆدەبنەوە و بریارە گەورەکان دەدەن. ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە سەرمایەداران و لەشکرە دیموکراتیکانیان پێشتر پێکەوە کاریان نەکردووە(لە دژی کومونەی پاریس،دژی شۆرشی ئوکتۆبەر،حکومەتی شوراکان لە ئەلمانیا، هەوڵی هێرش بردنە سەر عیراق لە ساڵی ١٩٥٨ ... هتد)

٢/شێوەی بەرهەمهێنانی فۆردیزم(بۆ نمونە رۆبۆت جێگای بۆربرین وقایشی گرتووەتەوە؛سەردەمی کارگەی گەورە و عەمبار و عەقدی کار(هەشت سەعات کار لە رۆژێك)بەرەو نەمان دەچێت. ئێستا شێوەی نوێی بەرهەمهێنان بەکار دەهێنرێت–پێشتر باس کراوە– رووبەرووی قەیران بووە،لەکاتێکدا کۆمپیوتەر(لەهەمان کات تەلەفونە،تەسجیلە،CDیە، فاکسە، رۆژنامە وگۆڤارە، قومارخانەیە، و هەزار بواری تر )هاتووەتە ناو بازاڕی جیهان وکارێکی بێوێنەی کردووە بەسەر مرۆڤ و پەیوەندی بەرهەمهێنان–کۆمپانیەکان بەکۆمپیوتەر بەرێدەبرێن–. لەم بوارەدا شەرکەتە زلهێزەکان لە بۆربریندان لەناو خۆیان وهەوڵی سەرلەنوێ دابەشکردنی بازارەکانی جیهان دەدەن. لەبەر سەختی مونافەسەکە ولە پێناوی مانەوە هەر چەند شەرکەتێکی زلهێز و بانق یەکدەگرنەوە بۆ رووبەرووبونەوەی شەرکەت و بانقی تر.

٣/کینیزیانیزم(بەناوی جۆن ماینرد کینز ناونراوە، سیاسەتمەدارێکی ئینگلیزە و مەبەستەکەی دەخاڵەتی دەوڵەت بۆ خەرج کردنی بیمە کۆمەڵایەتییەکان وەك بیمەی نەخۆشی و پەككەوتن وکرێی خانوو و مسۆگەرکردنی‌لانی کەمی ژیان) بایەخی خۆی لەدەستدا، چونکە چەکێك بوو بۆ وەستانەوە بەرووی سۆسیالیزم. ئەمرۆ دەوڵەتە بەناو سۆسیالیزمەکان نەمان ئیتر کینیزیانیزم پێویست ناکات بمێنێت! هۆیەکی تر هەیە:کاتێك خاوەن کارەکان پرۆژەکانیان بۆ ولاّتانی کرێی کاری هەرزان دەبەن(سەعاتی کار لە ئەلمانیا بە٣١ مارکە بەلاّك لە مالیزیا بە ٢,٥٠ مارکە بەگوێرەی قسەی فۆن پیرێر بەرپرسیاری سیمنز–سەرچاوە isw/ژمارە ٢٧)بەم رێگایە دووبار کارەسات درووست دەکەن A:باج بە دەوڵەتەکەیان نادەن و دەبن بە هۆی زیاتر قەرزارکردنی و ئیتر ئەمیش ناتوانێت وەك جاران خەرج بۆ بێکاران و نەدارەکان بکات، بۆیە ئێستا بەبەردەوام پاکێتی پارە بڕین یا کەمکردنەوەی دەکرێت(پێش سێ رۆژ پاکێتێکی تریان ئامادەکرد، وەزیری جەنگی ئەلمانیا((جەماعەتی رێگای سێهەم)) وتی:من دەزانم ئەم پاکێتە زۆر ئازار دەگەیەنێت بەلاّم هیچ چارێکی تر نییە–. رۆژنامەی بیلّدیش لە رۆژی یەك شەممە هەواڵی قبوڵ نەکردنی ٣٦ ئەندامی سۆسیال دیموکراتی ناو پەرلەمانی پەخش کرد کە دژ بە پاکێتی سەرۆکی حزبەکەیانە!). B/بێکاری زیاد دەبێت.

ئەمرۆ بەم حالەی ئێمە تێداین، ئێستا هیچ هێزێکی وایش نییە رێگا لەم پرۆسێسە تیرۆرستییە بگرێت. ئەمە بۆچوونی شوعێکان دووپات دەکاتەوە:٠٠/حزبە لیبراڵ و سۆسیال دیموکرات و موحافز و سەوز و مەسیحێکان و لە کاتی پێویستیشیاندا فاشیستەکان... هتد نوێنەری سەرمایەدارەکانن.٠٠٠/ رەهەندی پەیوەندی ئابووری بریاردەری باری هەمە لایەنەی ژیانی مرۆڤە – کلتور، ئیکۆلۆگ، ئینفۆرماتسیون، پێکەوەکارکردن یا بەرهەمهێنان–.

٤/ مەبەست تەنها دەسەڵاتی پارەوپوولی پیشەسازی بانقییە، لە رێگایاندا مرۆڤ ومافەکانی لە سەر ئاستی جیهان هەڵدەواسرێت(لەماوەی چەند رۆژێکدا دەوڵەتەکانی حەت پڵنگ کران بە دەوڵەتانی حەوت مشك؛لەو چەند رۆژەدا ملیونان مرۆڤ بێکارکران، ملیونان مرۆڤ بۆ وڵاتەکانی خۆیان دەرکران، نرخی پارەکەیان بوو بە پوش)، بارودۆخی ئۆکرانیا،مۆڵداڤیا، هیچ لە بارودۆخی کوردستان باشتر نییە. بەهەژاری کردنی وڵاتانی دونیا بەرهەمی جیهانگیرییە،بەلاّم نازانم بۆچی هەندێ کەس دەنووسن"جیهانگیری باشە یا با سوود لە جیهانگیری وەربگرین؟؟.لەبەرچاویاندا دەبینن چۆن بازنەی هەژاری گەورەتر بووە، ئێستا مامۆستا، کرێکار، ئەندازیار،...هتد کراون بە هەژار نەك تەنها لە کوردستان بە لّکو لە ناو ماڵی خۆشیان(ئۆروپا و ئەمریکای باکور و یابان).

UN وەك ئامێرێکی سیاسەتی ئەنگلوئەمریکی تۆقێنەر، خەڵکی عیراقیان تووشی دکتاتۆرییەت و لەپاشاندا برسێتی و نەخۆشی کردووە، بەربەرییەتی جەنگی مۆدێرن لە دژی یوگسلافیا بە ناوی پاراستنی ئەلبانەکان، بەناوی بلاّوکردنەوەی دیموکراتییەت! بەکورتی:سەرمایە بەشێوەیەکی بێوێنە(تمرکز)ی‌کردووە هەتا ئێستا بەم ئاستە نەگەیشتووە.

**بۆچوونێك:**

حزبە شوعییەکان دەبێ لە بەرامبەری دەسەلاَتدارەکان:١/ سەرلەنوێ وەك سەنگەری بەرامبەر، کۆمینترن دابمەزرێنێت. هەڵەیەکی مێژووی دەکرێت ئەگەر یەکێك بڵێت: نامانەوێت سەر لە نوێ برا گەورەمان هەبێت! !پێموایە نابێت ئەم بۆچوونە ببێت بە رێگر، بەڵکو هەر بەراست سوود لە هەڵەکان وەربگیرێت و سەرکردایەتی، بڕیارەکان...هتد لەسەر پرنسیپی کۆلەکتیڤ دابمەزرێت.ئەوانەی وا لەگەڵ دامەزراندنی ناوەندی نیونەتەوەیی بزوتنەوەی کۆمونیستی نیین، لە ئەرکە مێژووییەکەی دەترسن، رێگا خۆش دەکەن بۆ لادانێکی نوێ!هەروا ئەو جۆرە هەڵویستە لەلایەکەوە دوورە لە بیروبۆچونی خەباتی کرێکاری وخاوەنەکانی نەزانن بە باری ئەمرۆی میکانیزمی کۆنزێرنە ترانسناتسیونالەکان و پرۆسێسی خەباتکردن لە دژیاندا. لە لایەکی تر بوارێك بۆ خۆیان دەهێڵنەوە بۆ مامەڵەکردن و گفتوگۆکردن لە گەڵ دڕندەکان لەژێر ناوی دبلۆماسییەت و بیرورا گۆرینەوە–الحلیم تکفیه الاشاره!–.ئەم بۆچوونە نوێ نییە،زیاتر دووبارەکردنەوەیەکە بۆ بانگەوازی:کرێکارانی جیهان یەککگرن! کە هێشتا نەکۆن بووە ونەیش راستییەکەی لە دەست داوە،هەروا بزوتنەوەکە بەهێزدەکات و کۆتایی بە قۆناغی شەڵەژاندن و رارایی ناو حزب دەهێنێت، لە هەمان کات رێگا دەگیریت لە بەرێزێك وەك غینادی زوغانوف بۆ لای فاشستەکەی بەغدا بڕوات وهاوپشتی خۆی وحزبەکەی پێرابگەیەتێت یا هەڵویستە ئابروچووەکەی هاوڕی کوبییەکان کە بەناوی ئەنتی ئیمپریالیزمەوە هاوپشتی خۆیان بۆ رژێمی جەلادەکان دەنوێنن. ئەم "برادەرانە" لەکاتی جەنگ یا گیروگرفت لە نێوان دوو خوێنرێژ یا دوو گەواد، پشتگیری لە لایەکیان دەکەن، بە پێچەوانەی هەڵویستی شیوعی کە خەبات کردنە لە دژی هەردووکیان، لە پێناوی مەرگی هەردوولایان. خۆشبەختانە حزب ئەم رێگایەی گرتووەتە بەر، زۆر هۆشیارترە لەوانەی ناوم هێنان.

شان بە شانی ئەمانەی باسم کرد،حزبی شوعی کوردستان/عیراق زیاتر لە هەر هێزێکی تر بەرپرسیاری مێژووی لە ئەستۆی هەڵدەگرێت بۆ چارەسەری مەسەلەی کوردستان و دەبێ دەست بەجێ دەنگی خۆی بخاتە پاڵ ناوەندی نیونەتەوەیی بزووتنەوەی شیوعی و کاری جدی بکات بۆ دامەزراندنی

٢/ئەگەر بزووتنەوەی شیوعی پێشتر پشتگیری لە خەباتی بزووتنەوەی رزگاری خواز یا بزووتنەوەی ئەنتی ئیمپریالیستیان دەکرد ئەوا دەبێ ئەمرۆ زیاتر لە جاران بەپەی ئەم کارە بێت، ئەگەر بکرێت"خوا یار بێت دەکرێت"خودی بزوتنەوەکە ئەم کارە بەرێوەوە ببات(هیچ نەبێت وەك تاکتیکێك). لێرەدا دەمەوێت باسی سێ خاڵ بکەم کە بۆ من رێك پەیوەندییەکی بتەوی هەیە لە گەڵ باسی جیهانگیری،لە(مداخله الحزب الشیوعی فی لقاو أتینا):١/لەخاڵی سێدا باسی(... الی کوننه اقتصاد السوق و التبادل الحر و سرعه انتقال الاشخاص و الاموال و الافکار و الثقافات)نوقسانی ئەم خاڵە لەوە دایە کە سەرنجی <u>سەختبوونی</u> هاتوچووی کەسەکانی نەداوە.هاتوچوو بۆ خاوەن پارەکان هەمیشە لەبەردەستدا بووە،بەپێچەوانەوە زۆربە هەمیشە هەزارویەك گیروگرفتی بۆ دانراوە،بۆ نمونە سنوری دەوڵەتە ئۆروپێکان زۆر سەختر بووە لە جاران.٢/لەخاڵی دەدانووسراوە:یمتلك النهج الماركسی القدره علی تحليل الظواهر المختلفة المرتبطة بالعولمة و تحديد الموقف الواعي المسؤول منها.وان مواجهة مخاطر العولمة لاتتحقق بالانكفاء على الذات أو رفض الاخر،بل بالحوار المنفتح و المسؤول ورفض التطرف والانغلاق بكل أشكاله.(بیری نوێ،ژمارە٢١).

هەڵبەت مارکسیزم توانای هەیە پەدیدە جیاوازەکان کە بە جیهانگیری بەستراونەتەوە شێ بکاتەوە و هەڵویستی هۆشیار و بەرپرسیار لێ دیاربکات،کەسیش ناڵێت مەترسییەکانی جیهانگیری بە گۆشەگیری چارەسەر دەکرێت، بەڵام دەبێ بەرەی دژوەستانەوە بەرپابکرێت. باس لە حواری کراوە و بەرپرسیار دەکەن، بەبێ ئەوەی بگوترێت لە گەڵ کێ. لە گەڵ کێ؟ لە گەڵ تیرۆری سیستێمی جیهانی نوێ چۆن گفتوگۆ دەکرێت؟پاشان پرسیار دەکەم: ئایا ئەو تیژرەوییەی ئەوان پراکتیزەی دەکەن، لەوێنەی هەیە؟بۆچی بانگەوازی موقاوەمەتی چەکدارانەی شوعییانە بە تیژرەوی ناو ببرێت؟پێموابێت

ئەمرۆ تەنها بە پێکەوە کارکردن و ڕێکخستنی هێرشی نیونەتەوەیی هێزە شوعی و ئەنتی ئیمپریالیستەکان دەکرێت دوا ڕۆژ بۆ خۆمان مسۆگەر بکەین . دەنا هێزی جەماوەری رووتکراو لاْمی خۆی دەداتەوە بەبێ ئێمە و هەلی مێژوویی گۆرانکاری بە دەست هێنان لە کیسی دەچێت(بۆ بەراوردکردن:شۆرشی نان لە مەغریب؛راپەرینە مەزنەکانی خوارووی رۆژهەلاْت —ئەندونیسیا و کۆریای خواروو–، راپەڕینە چەکدارییە جەماوەرییەکی ئەلبانیا؛ خۆپیشاندانە جەماوەرییەکەی بێکاران لە فەرەنسا، راپەرینە پیرۆزەکەی عیراق، موقاوەمەتە کرێکارییەکەی رۆمانیا.... هتد). دەبێ لە خالْی ژمارە حەوت مەترسی ئەلمانیا و یابانیش بخرێتە بەرچاو.ئەلمانیا ولاْتە ئۆروپێکانی خستووەتە ژێر رکێفی خۆی و رۆلْێکی زۆر بەرز دەبینێت لە سەندوقی دارایی جیهانی و بانقی جیهانی و زۆر بواری تریش، بە حوکمی تاقیکردنەوە مێژوویەکان درندایەتییەکی دەگمەنیان نواندووە و یابان بە هەمان شێوە.

٣/ ئەمرۆ ئوروپا لەسەر بۆمبێکی کۆمەلاْیەتی دانیشتووە کەس نازانێت کەی دەتەقێتەوە، مەترسی گۆرانکاری بەرەو راستتر بەدوور نازانرێت، لە"جیهانی سێ"دا راپەرینی جەماوەری لەلایەن خەلْکی برسییەوە لەسەرە رێگایە، شوعێکان دەبێ لە ئێستاوە هەزارویەك حیساب بکەن!!

## بەکورتی

جیهانگیری ناوێکە بۆ دەسەلاْتی سەرمایەداری سەرمایەی پیشەسازی– بانقی لە سەر ئاستی جیهان، لەبواری سیاسییەوە پروپاگەندەی لیبرالیزمی نوێ دەکات ولەسەریدا نووسیویانە: دیموکراتییەت، مافی مرۆڤ . لەراستیدا جیهانگیری هەرەشەیەکی توند لە هەردووکیان دەکات(تاقیکردنەوەکان). باشتر بلْێم: مرۆڤ بۆ ئەوان خاوەن کار و بەرژەوەندێکانییە و مەبەست لە دیموکراتییەتیش، دیموکراتییەتی بوون و چالاکی بێ سنووری خاوەن کارەکانە. بەهۆی مونافەسەی نێوانیان، راستەوخۆ وەحشییەت جێگیر دەکەن ، بۆیە ناوی قەیرانی لێ دەنرێت. تەنها تا ئەو رادەیە راستتە بە قەیران دابنرێت، تا ئێستا هێزە جیاکانی کۆنزێرنە زلهێزەکان لایەکیان بەسەر ئەوی تریان زالْ نەبووە–ناکۆکی ناویان یەکالاْ نەبووە–(بۆ نموونە عیراق بەپەلەی یەکەم بازاڕی ئیمپریالیزمی ئەلمانی ویابانی و فەرەنسییە، ئەمریکا بەشێکی زۆر کەمی هەبووە لەناو عیراق، دەتوانێت بیکات بە بازاڕی خۆی؟؟ لێرە ناکۆکییەکانی ناو بەرەی ئیمپریالیزمی بەرچاو دەکەوێت). هەمان دەسەلاْتی سەرمایەدارییە بەلاْم (متمرکز)تر بووە، بۆیە کرێکاران و جوتیاران(چینی مام ناوەنجیش هاتووەتە پ لْیانەوە) بەپلەی یەکەم ئەوەندەی تر بارودۆخیان وێرانتر بووە — ناکۆکی کار و سەرمایە تیژتربووە–بەهۆی نەمانی هێزێکی جیهانی وەك(یەکێتی سوڤێت) ولاوازبوونی بزوتنەوەی چەپ، وایان لێهاتووە بە ئاشکرایی دگانە تیژەکانیان پێشان بدەن. دەیانەوێت هەرچی زیاتر قازانج کەلْەکە بکەن( هەر بۆیەش رێخکستنە دەولْەتییەکانیش وەك پۆست، شەمەندنەفەر پریڤاتیزیرونگ (خصخصە)کردووەو دەسکەوتە مێژوییەکانی بزووتنەوەی کرێکاری لەسەر ئاستی جیهان زەوت بکەنەوە، رێکخستنی نەقابی لەناوبەن، لەهەموو بوارێکدا تیرۆر....تیرۆر...تیرۆر بلاْودەکەنەوە:٦٥٪ لە بودچەی جیهانی بۆ ولاْتانی G7 دەڕوات، ناوەندی ٩٠ لە ١٠٠کۆنزێرنی پیشەسازی(بەگوێرەی قەوارەی مامەلْەکردنیان) لە ولاْتانی (G7 ) ە؛بەشی مافی دەنگدانی ولاْتانی جیهانی سێ لە ناو بودچەی دارایی جیهانی ٣٨،٤٠٪، گەورەترین بەکاربەرانی نەوت لە جیهان بۆ نموونە لە سالْی ١٩٩٧: ئەمریکا ٨٣٥ ملیون بەرمیل،یابان٢٦٩ ملیون بەرمیل،ئەلمانیا١٣٧ ملیون بەرمیل،فەرەنسا٩٥ ملیون بەرمیل،ئیتالیا٩٢ ملیون بەرمیل،کەنەدا٨٨ملیون بەرمیل،بەریتانیا٨٧ملیون بەرمیل:ئەو ولاْتانەی وا بەرزترین خەرجیان هەیە بۆ پڕچەککردن: لە ١٩٩٧هەموو دنیا ٦٠٠ ملیارد دۆلاری ئەمریکی خەرج کرا،ناتۆ بەتاقی تەنها ٤٥١ ملیارد دۆلار خەرج کردووە. بەرامبەر بەوان دەبینین قەرزی ولاْتانی جیهانی سێ لە ١٩٩٨ پشت شکێنە(ژمارەکان هەموو بە ملیارد دۆلار ئەمریکییە) :بەرازیل ٦،١٥٧ملیارد دۆلار

ئەمریکی، مەکسیك٨،١٤٠،ئیندونوسیا٣،١١٩، تایلەند٠،١١٣ ،ئەرجەنتین٠،١٠١ ،هیند٩،٩٦ دۆلار ئەمریکی ،تورکیا٨،٧٠ ،فلپین٣،٤٨ ،مالایزیا٠،٤٣ ملیارد دۆلار،کوبا٨،٣٤ ملیارد دۆلار،جەزایر١،٣٣ ملیارد دۆلار ،پاکستان١،٣١ ،مصر٦،٢٧ ،تشیلی٢،٢٧ ،پیرو٤،٢٦ ،کولومبیا٧،٢٣، ئەفریقیای خوارو٧،٢٣ ،نیجیریا ٦،٢٣ ،ڤیتنام٩،٢٢ ملیارد دۆلار ئەمریکی. دانیشتوانی ولآتانی G7 نزیکەی ١١٪ پێکدەهێنن لە دانیشتوانی جیهان کەچی: بەتاقی تەنها ٢٣٪ ئاوی خواردنەوە بەکاردەبەن،٤٩٪ لە نەوت بەکار دەبەن،) ٤٧٪ لە بەکاربردنی ئەنەرژی، بۆ خۆ پرچەککردن٦٥٪،بەکاربردنی ئەتۆم ٦٧٪، ئیکسپۆرتی چەك٨٣٪، بازرگانی جیهانی٥٠٪،بەرهەمهێنانی غاز co2 ٣٩٪(بۆ سەرجەمی ئەم ئەژماردانە بڕوانە تابێلەکان،سەرچاوە: گۆڤاری isw-report ژمارە٤٠). ئەمەیە باری جیهان لەم چەند ساڵە دواییانەدا، جا بۆچی جیهانگیری باشە یا دڵخۆشکەرە لە لای هەندێ حزب و کەس ... ؟؟؟

ئەمڕۆ زیاتر لە رابردوو یەك سلۆنگ راستی خۆی هەزار بار دەسەلمێنێتەوە: سۆسیالیزم یا بەربەرییەت!

ئەم نووسینە پێشکەشە بە پێشمەرگەکانی حزبی شیوعی و بە هەموو کرێکار و جووتیارە چەك لە دەستەکان ! ! هیوادارم ئەم بەشداریکردنە جێگای خۆی بگرێت لە روونکردنەوەی جیهانگیری و بەرنگارکردنی. ((هەڵبەت لەسەر ئاستی بەکارهێنان و سوودوەرگرتن لە کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت و سەتەلایتیش... هیچ کەس نەیوتووە ئوتۆمبیل خراپە))!.

## ناتۆی پۆلیسی جیهان

## Welt-Sheriff NATO

*رێکخستنی ئابووری جیهان ومەبدئی نوێی ناتۆ*

نووسەران: Leo Mayer , Fred Schmid

پێش هەموو شتێك بەباشی دەزانم سەرەنجی خوێنەری بەرێز بۆ ئەم هەواڵە رابکێشم:لە کوتایی ١٩٩٨،OECDپاش چەندین ساڵ لە گفتوگۆی نهێنی لەسەر پەیمانی(مولّتی لاتیرال)دا، هەموو گفتوگۆکانیان لە ناو ئەکتەکانیاندا هەڵگرت. رێك ساڵێکی درەنگتر G7 کەوتوونەتە کار بۆ هێرشکردنی ئایندە بەسەر باقی جیهان. لە کۆتایی نۆڤەمبەر/١٩٩٩ بە پێك گەیشتنێکی حکومەتی، رێکخستنی بازرگانی جیهانی(WTO)گفتوگۆیەکی نوێ دەکەن وبە ملهورییەکەوە ناویان لێ ناوە"کۆبوونەوەی سەدە"ولەگەڵیدا دەیانەوێت سەدەی ٢٠٠٠ هەر بەراست بکەن بە سەدەی مولّتی. لەم کۆبونەوەیەدا باسی سێ بابەتی سەرەکی دەکەن:خەرج بەکاربردن، بۆڕبڕین و چۆنێتی کارکردن لە بواری خزمەتگوزاری دەولّەتی ولەبارەیەوە پەیمان ببەستن. خشتەی کاری رۆژانە، لە لایەن ولآتەکانیOECD ئاشکرایە:سەرمایەخەرج بەرە بیانێکان(المستثمرين الاجانب)١٠٠٪ مافیان هەبێت، شەرکەتە نیشتمانییەکانیش بکڕن، ئازادی هاتوچووکردنی کالآ وسەرمایە وگواستنەوەی قازانج، نابێت زەرەر بە جانبازەکان بکەوێت، نابێت شەرکەتە نیشتیمانییەکان (ئەولەویەتیان) پێبدرێت، دەبێ کەرتە حکومییەکان بۆ شەرکەتە دەرەکییەکان بکرێنەوە(مەبەست بۆ کڕین)....

ئەوەی گرنگ بێت لە بابەتی ئابووری جیهانی و"رێکخستنی نوێی جیهان" ئەمەیە: بەشێوەیەکی تر لە جەنگی کەنداوی دووهەم، ئەمریکا بەشێوەیەکی رەسمی ماڵئاوایی لە UN و مافی گەلانی کرد و لە شوێنیدا، بە گوێرەی وتەکەی کلنتون"نەریتەکانمان "یا "ئەوەی بۆ مافی مرۆڤ خەرجی دەکەین"نیان داناوە. راستییەکەی، ئەمانە خۆیان لە کۆمەڵگای جیهانیUN دوور دەخەنەوە وهەست دەکەن چیتر پێنەبەسراونەتەوە. هەر لە گەڵ بۆردومانکردنی عیراق لە

دیسەمبەری ١٩٩٨ وە بەبێ ئاگاداری نوێنەری UN وشورای ئاسایشی جیهان، ئەمریکا و بەریتانیا ماڵئاواییان لە(یو ئێن) و یاساکانی لە یاساغکردنی بەکار هێنانی زەبروزەنگدا کرد.کلنتون لە وتەیەکیدا بۆ نەتەوە لە شازدەی دیسەمبەر، ڕێك ورەوان نوێنەرایەتی ئەم هەنگاوەی کرد بەرەو "ڕێکخستنی جیهان". لەگەڵ جەنگ بەرپاکردن دژی یوگسلاڤیا، مارشەکەی بۆ "کانیبالیزەکردنی یاسای ڕێکخستنی جیهان"بەرەوپێشەوە برد. ڤیلی ڤیمەر نوێنەری سەرۆکایەتیOSZE و سیاسەتمەداری پارتی دیموکراتی مسیحی وتی: دەسەڵاتە سەرەکییەکانی ئۆروپا بەئامادەباشییەوە لە گەڵیاندا مارش دەکەن.لە ١٩٩٩/٣/٢٤ وە مافی مشت بەکارهێنان وەك دوا بڕیار لە پەیوەندییە نیونەتەوییەکان حوکمڕانی دەکات. بەمەوە دەسەڵات براوەکانی "جەنگی سارد"لە سەر ئاستی سیاسی–سەربازی هەستان بە کۆتایی پێهێنانی پرۆسێسێك وگەیشتن بە لووتکەی دەسەڵاتی ئابووری:هەموو شتێك سەرلەنوێ گلوبال ڕێك دەخرێت... بەجیهانکرنی ئابووری لەلایەن ناتۆی بەجیهانیکراوەوە دەپارێزرێت.

ئەمڕۆ بڕیاردەر ئەو ١٠٠ موقاوڵاتە ترانسناسیونالەن کە کۆنترۆلی یەك لەسەر پێنجی سەرمایەی هەموو خاوەن کارە ترانسناسیونالەکان دەکەن... کۆنزێرنە یابانییەکان زەرەرێکی گەورەیان کرد لە خوارووی ڕۆژهەڵات، لە ئەمریکا و ئۆروپا چەرخوفەلەکی یەککرتنەوەی کۆمپانیا و بانقەکان لە نێوان خۆیاندا خێراتر دەسوڕێنەوە. ئەو کۆمپانیایەی خێرا فریای خۆی نەکەوێت، خۆی گەورەتر نەکات، قووت دەدرێت و بەرگەی پێشبڕکێیەکە ناگرێت. سنووری نەتەوەیی لە لای کۆمپانییە مۆنۆپەلەکان ڕۆڵێکی وا ناگێڕێت، بەتایبەتی لەلای بانقەکان، شەرکەتی بیمەکان، شیمی، شەرکەتی داروو، پەیوەندی تەلەفۆنات....

<u>دەسەڵاتی سەرمایەی فینانس(دارایی)</u>

کەمکردنەوەی نرخی کار، گۆڕینی ناعادلانە ودروستبوونی توێژێکی نوێی پوولداری خاوەن موڵکداری تایبەت وسەرمایەی پوولی کە خۆشیان نازانن پارەکەیان چەندی تر زیاد دەکات. ئەو پوولانەی وا لە بانق و دەزگاکانی بیمە دانراون دەگاتە ٢١ ملیارد دۆلار ئەمریکی، بۆ بەراوردکردن: بودجەی جیهانی دەگاتە ٢٦ ملیارد$. ئەو ٢١ملیارد$ بەدەوری هەموو زەمین بۆ بەرزترین قازانج دەگەڕێت. سەرمایە لە دەوڵەتانی جیاجیادا لە شەرکەتی ترانسناسیونالی نەك تەنها بۆ چەوساندنەوە بەشداری دەکەن، بەڵکە لەپێناوی موڵکایەتی وقازانجیش دەبنە ترانسناسیونال. تەنها بەرێگای بێرەحمانەی بەرزکردنی نرخی خاوەنکار و دزین لە بودجەی دەوڵەتی برسییەتی سووی سەرمایەی پوولی شێردەدرێت.

لەگەڵ ئازادکردنی پووڵ لە سنووردانانی دەوڵەتی بۆ کۆنترۆلکردنی بزافی سەرمایە، دینامیکێك خراوەتە کار، و بەشێوەیەکی نەخشەکێشرا، سەربەخۆیی نەتەوە هەڵدەوەشێنێتەوە. کاری بازرگانی گلوبال بە پارەی دەرەکی و وەرقی، ڕۆژانە بەرزبوونی ڕەوتی بەکارهێنانی سەرمایەی دارایی بەرێوەوە دەبات وبڕیاری خۆشی وئازاری خاوەنکار و هەموو دەوڵەتان دەدات. لەگەڵ برسێتی ( عجز المیزانیە)بۆ قەرزوەرگرتن گریمانەی جامبازی خووڕەوشتی نوێی بەخۆیەوە گرتووە.

ئۆبێکتی شبیکولاتسیون (جامبازی) چیتر تەنها (قیمە الاسهم) نییە، بەڵکو دراووی وڵاتێکە. بەم شێوەیە بازاڕی دارایی جیهان ڕێنویسی سیاسەتی ئابووری ناسیونال دەکات. ڕۆژنامەی ئیکۆنۆمیستی بەریتانی لە ٩٥/١٠/٧ نوسیویەتی:بازاڕی داراییی بوون بە دادوەر و سوێندەری گشت سیاسەتی ئابووری. ئەمڕۆ ٣٠٪ لە ئامێری دارایی بۆ قەرزپێدان بە دەوڵەت بەکاردەهێنرێت، قەرزداری(دەوڵەت و خاوەن کارەکان) لە جیهاندا دەگات بە ١٠٠،٣٣ ملیارد$ و هەموو ساڵێکیش ٦–٨٪ زیاد دەکات. بەم شێوەیە (میزانیە الدولە)بووە بە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ قازانجکردنی سەرمایەداران... وبووە بە ئامیرێك بەدەستی سەرمایەی دارایی ترانسناسیونال بۆ ڕێکخستنی دەسەڵاتەکەی بەسەر دەوڵەت.

لینین دەڵێت"سەرمایەی دارایی ئەوەندە بەهێزە، مرۆڤ دەتوانێت بڵێت بڕیاردەرترین دەسەڵاتە لە هەموو پەیوەندییە ئیکۆنۆمی و نیونەتەوەیەکاندا، تەنانەت دەوڵەتانیش دەخاتە ژێر ڕکێفی خۆی و هەر بەراستیش لەژێر ڕکێفی دان(ئیمپریالیزم بەرزترین قۆناغی سەرمایەداریە). سەرۆکی حکومەت و سەرۆك وەزیرانی تایلاند تا کۆریای خوارو؛ لە روسیاوە تا دەگاتە گەورەترین دووهەم دەسەلاّتی ئابووری جیهان وەك یابان لە نوێترین کاتدا ناچار بوون رێك ئەم تاقیکردنەوانە بکەن، کە پەیوەندی هەیە بە پەیوەندییەکانی دەسەلاّت لە نێوان سەرمایەی پوولی جیهانی و سەنوقی داروی جیهان و دەوڵەتی ناسیونال.

## لە ئیکۆنۆمی ناسیونالەوە بۆ بازاڕی جیهانی

بازرگانی جیهانی، بلاّوبوونەوەی بەرهەمهێنانی جیهانی،تۆری جیهانی بەرهەمهێنان،پارەخەرجکردن لە دەرەوەی ولاّت، و Fusionen(یەکگرتنەوەی دوو کۆمپانیا)و رۆیشتنی سەرمایە بۆ ئەو شوێنانەی وا بۆ (ریع)ێکی بەرز دەبیات بەرەو گۆرانکارییەکی چۆنایەتی بازاری جیهان هەنگاوی ناوە.سەرئەنجامەکەی بەستنەوەی ئابووری ناسیونال–تا رادەیەك لێی رزگاربوون– بە بازاڕی جیهان دەبەستێتەوە وبووە بە بوارێکی یەکگرتوو بۆ پێشبڕکێی سەرمایەداری.رۆزا لۆکسمبۆرك پاش نزیکەی پەنجا ساڵ(پاش وتەکەی مارکس و ئەنگلز لە مانیفێست)دا وتی: لەراستیدا پێش هەموو شتێك"کالاّی"سەرمایە تازەیە وهێزی تەقینەوە لە ناو ئابووری جیهانی پێکدەهێنێت:ئەم کالاّیە خزمەت بەوە ناکات "هەندێ درز"ی ئابووری "دەرەکی"پڕبکاتەوە، بەڵکو بەپێچەوانەوە خزمەت بەوە دەکات، درزێکی گەورەتر و لێجیاکەرەوە لەناو دیواری شوێنەواری کۆنی ئابووری نەتەوەیی بکاتەوە و بڕواتە ناوی، وەك بارووتی تەقینەوە کاری تێ بکات. ئەمڕۆ یا سبەی هەموویان دەکات بە پاشماوەی شوێنەوارێکی لە بیرچوو...(مدخل الی الاقتصاد القومی،بە ئەلمانی لاپەڕە ٥٥٧).

## پێشبڕکێ و پێکەوە کارکردن

پەرشبوونی سەرمایەو یەکگرتنەوەی بازاڕ وئابووری جیهانی نامانبەن بەرەو لابردنی بۆربۆرین،.بەپێچەوانەوە بەرەو وی دەمانبەن. رێك بەهۆی هەرەسی پاراستنی ئابووری ناسیونال و گارانتی دەوڵەتی بۆ(الربح **الاضافی**). لە گەڵ دروستکردنی ئەو چوارچێوە یەکگرتووە بۆ بلاّوبوونەوەیدا، گۆرەپانەکە بۆ جەنگی بۆربۆرین و رووبەروبونەوە لە نێوان مونۆپۆلەکان ئازاد بووە... ئێستا هەوڵ دەدەن، ببن بە خاوەنی بازاڕی یەکەم یا دووهەم تا بتوانن سەر لە نوێ لەسەر ئاستی بازاڕی جیهان،نرخی مۆنۆپۆلەکەیان بسەپێنن(بۆ نموونە وەك کۆنزێرنی نەوت، میکرۆسۆفت)... هەروا وەختێك سەرمایەی ترانسناسیونال بەشێوەیەکی سەرەکی لە توی پەرشبوونیدا، لە هەموو بازارەکانی جیهان گەشەدەسێنێت، بەم شێوەیە بەرفراوانکردنی ناوچەی دەسەلاّتیان بەرەو ناکۆکی لە نێوان ئیمپریالیستەکان دەچن... خاوەن کارە ترانسناسیونالەکان کارتێکردنی دەولەتی ناسیونالەکان زەوتدەکەن. دەسەلاّتی ئەمانە لە دەوڵەتی ناتسیونالەوە سەرچاوە وەرناگرێت، بەڵکە لە کۆنترۆلکردنیان بۆ بەرهەمهێنان، قەرزدان و دارایی. هەرچەند نیونەتەوەیی تر ببن، ئەوەندە زیاتر دەتوانن لە "global sourcing"نیان لە نێوان ولاّتە تاك تاکەکان ئاژاوە بنێنەوە ...

ئابووری زانەکانی کوبا گەیشتوون بەم سەرئەنجامە: ناوکی گۆرانکارێکان کە ئیمپریالیزم ئەمڕۆ بەرەو کامڵ بوون دەبات، پێش هەموو شتێك لە پارچەپارچەکردنی رێگرە ناسیونالەکان(الحواجز القومیە)–ئابووری، سیاسی، ئیدۆلۆگی، کلتوورییەکان پێکهاتووە ولەگەڵ ئازادی بۆربۆرینی سەرمایەداری دروست ببوو... هەڵسوکەوتی سەرمایەداری مۆنۆپۆلی دەوڵەتی ناسیونال بەرێگای تواندنەوەی مۆنۆپۆلە ناسیونالەکان لە گەڵ دەوڵەتی ناسیونالە ئیمپریالیستەکان دەستی

پێکـردووه و سـنووره مێژووییەکـەی تێدەپـەڕێنێت. دەوڵـەتی مۆنۆپـۆلی سـەرمایەداری دەچـێت بـەرەو دووهـەم قۆناغی:سەرمایەداری مۆنۆپۆلی ترانسناسیونال.(کۆلەکتیڤی نووسەران،هاڤانا،١٩٩٨،لاپەرە٢٤)

## ئامێری دەسەلاٌتی ترانسناسیونال

بۆربۆرینی بێرەحمانـە لەسـەر بەشـەکانی بـازاری جیهـانی و پێکـەوە کـارکردن بـۆ بەرژەوەنـدی هاوسـانی سـەرمایەی ترانسناسیونال وئەرکی حکومەتەکانیG7بۆ دابینکردنی چوارچێوەی مەرجەکانی، بەبێ لەکارخستنی ڕێژەیی، ڕێگـا بـۆ ئینتەرناسیونالیزکردنی سەرمایەداری خۆش دەکات.جێبەجێکردنی "کردنەوەی ئابووری بازار لەسـەر ئاسـتی جیهـان لـە گـەڵ پێشـبڕکێی ئـازاد"لەسـەر ئاسـتی جیهـان(پـەیمانی ماستریسشـت،a١٠ پرۆتۆکـۆلی EUV،ئامـانج و ئەرکـەکانی ESZB)بەرزترین پریورتێتی(أولویە) هەیە. گەیشتنی ئازاد بە کەرەستەی خاو وبازاڕەکان بە هەموو چەکێك جێ بە جـێ دەکرێـت و دەپارێزرێـت وەك کـالاٌی رێ لێ نـەگیراو–نـەوت،پوول–رەوتـی ئینفۆرماتسـیون–ئاسـتی ژیـانی بەرهـەمهێنی سەرمایەداری مۆدێرن.

"داخوازییە زەبردارەکانی بۆرژوازی دارایی ترانسناسیونال بریتیە لـە دامەزرانـدنی دەوڵـەتی ترانسناسـیونال، کـە توانـای هەیە دەسەلاٌتی سیاسی لەسەر ئاستی ناوچەکان و وەك مـەیلێك(اتجـاه)ێك لەسـەر ئاسـتی گلوبال دابین بکات.(هـەمان سەرچاوەی پێشوو،لاپەرە٤٥).هەر بەم شێوەیە گەورەترین جامبـازی جیهـانی رۆژئـاوا(George Soros) داوای ئەمـە دەکات: بۆ ئەوەی ئابووری گلوبال بتەو وڕێکوپێکی بکەین، پێویستیمان بە سیستێمی گلوبالی بڕیـاردانی سیاسـی هەیـە. بەکورتی: ئێمە پێویستیمان بە کۆمەڵگایەکی جیهانی هەیە کـە هـەڵگری ئـابووری جیهـانی بێـت. (قـەیرانی سـەرمایەداری گلوبال ،بەرلین، ١٩٩٨، لاپەرە٣٠). لە پرۆسێسی دامەزراندنی "دەوڵەتێکی ترانسناسیونال" لە هەموو ئینستتسیونە کۆن و تـازە جیهانییـەکان بـۆ یارمەتیـدان پێشـوازیان لێ دەکرێـت، لـەبواری ئابووریـدا:بـانقی جیهـانی، سـەنوقی دارایـی جیهـانی،ڕێکخراوی بازرگـانی جیهـانی،UNCTAD، OECD ، بـازاڕی نـاوەوەی ئەورووپـا، پـوولی یـەکگرتووی ئەورووپا(ئۆیرۆ).لەبواری سیاسـی: G7، شـورای ئاسایشـی جیهـانی، یـەکێتی ئەورووپـا. لـەبواری ملیتـاری: نـاتۆ و پاکتـە ملیتارییەکانی تری ژێر ڕکێفی ئەمریکا...

یەکە ئابووری، سیاسی، ملیتاری و ئیدۆلۆگییەکانی سیستێمی نوێی دەسەلاٌتی جیهان لە گەڵ یەکدا گرێ دراون: پەیمانـە ئابووری و داراییەکان(بنود ملزمە)ی سیاسیان لە گەڵدایە، پاکتە ملیتارییەکان گارانتی جێ بـە جـێ کردنـی "ڕێکخسـتنی نوێ"دەکەن(...)ئیدۆلۆژی"یەکگرتنی بـیر" دیکتاتۆرییـەت بەسـەر هـەموو گـەلان و یـەکگرتووە مرۆییـەکان، سیاسـەتی پەرشبوون بە ناوی دیموکراتییەت ومافی مرۆڤ بەرێ دەبەن((تێبینی:لەبیریان چووە – سیادەتی دەوڵـەتی یاسـا–بخەنـە پاڵ دوا رستەکە... شوعێکان بە درێژایی مێژووەکەیان دروشمی خۆیان هەبووە. دەبی بۆ باری عێراق یا کوردستان بیر لە دروشمێکـی تـر بکرێـت .سیاسـییەکی کـورد هەیە،کـە دێتـە قسـەکردن، هـەموو دروشـمەکانی ئـەمریکا وەك گولـە بـەکار دەهێنێت:من اجل الدیمقراگیە وحقوق الانسان والتعددیە والبرلمانیە والائتلافیە  القوزلقورتییە بۆ ناو هەردوو چاوی: تکایـە پێم مەڵێن"بۆچی ئەم دروشمانە خراپن؟" چونکە لێرەدا جێگای ئەم موناقەشەیە نابێت. سەلام)).

## ICC(International Chamber of Commerce) غرفە التجارە العالمیە

نوێنەرایەتی کەورەترین کۆنزێرنی جیهانی وەك جەنەراڵ مۆتۆر،نۆڤارتیس،بایرن،نێستـلە دەکـات.پـاش ئـەوەی چـەندین سـاڵە پـاڵ بـە WTO،OECD و ج٧ دەدا بـەرەو سـەرلەنوێ ڕێکخسـتنی گلوبـال برۆن،ئێسـتا بـەم تازەییـە لـە گەڵUNشدا پێکـەوە هاوکـاری دەکـەن. لـە کۆبوونـەوەی٢٥ کەسـەکەی سـەرانی icc لـە ١٩٩٩/٢/٩ دا بـۆ یەکـەم جـار

نوێنەرە بەرپرسیارە گەورەکانیUNبەسەرکردایەتی کۆفی ئەنان بەشداریان کرد. لە روونکردنەوە هاوبەشەکەیاندا هێمایان کردووە بۆ " کردنەوەی لێدوان لەسەر گۆرانکارییە سیاسی وئابوورییە گەورەکان و هەلە نوێیەکانی دیالۆك و هەمکاری لە نێوان UNو بوارە(زێکتۆر) پریڤاتەکان". هەردوو لایان بەرپرسیاری خۆیان پێشاندا بۆ "سازدانی پێکەوە کارکردنی توند لە نێوان هەردوو لایان، بۆ ئەوەی کارتێکردنی گەورەی ئابووری بەسەر بڕیارە ئابوورییە جیهانییەکان دابین بکەن و بوارە پریڤاتەکان لە وڵاتە دواکەوتووەکاندا بەرێوەوە ببەن".

ڕێگا بۆ ئەم هەمکاریە ئەو کاتە ئازاد بوو، کاتێك UNلە ١٩٩٣ (ناوەندی پرۆژە ترانسناسیونالەکان) ی دامەزراند .

ئەمانە خۆیان بە "تاقە ڕێکخستنی لێهاتوو دەزانن کە لە هەموو بوارە ئابوورییەکانی جیهان قسە بکەن"(بەگوێرەی کۆرپۆراتە ئۆروپا ئۆبزێرفاتۆری، مای/١٩٩٨).شان بە شانیان ڕێکخستنی تر هەیە وەك( European Roundtable ofindustrialists-ERT ). ئێرت ڕێکخراوی سەرۆك شۆرای گەورەترین ٤٥ کۆنزێرنی ئۆروپایە کە بەشداری دەکەن لە دەرهێنانی گلوبالیزیرونگ. ڕێکخراوی( TransatlanticBusinessDialogue) نەرمی بۆ ڕووبەرێکی دیارکراوی ئازاد بۆ ترانزئەتلەنتی درووست دەکات. لە چوارەم کۆبونەوەیاندا سەرۆکی گەورەترین ١٠٠ کۆنزێرنی ئۆروپا و ئەمریکا لە نۆڤەمبەری ١٩٩٨ لە شارلۆتە،کارۆلینای باشور(ئەمریکا)کۆبوونەوە.ئەم کۆبونەوەیە لەژێر سەرکردایەتی یورگن شرێمپ(مۆنۆپۆلی دایملەر بەنز –مرسیدس– ئەلمانی) و بە بەشداری کردنی سێر لیون بریتان کۆمیساری بازرگانی یەکێتی ئۆروپا، شارلینا بارژفیسکی نۆێنەری بازرگانی ئەمریکی، ریناتۆ رۆجیرۆ سەرۆکی WOT بەرێوەچوو.

بە کوردێکەی:ئەوەی بە گوێی خاوەن دۆلار و ئۆیرۆ نەکات،ئەوا ناتۆ هەیە.ئابووری دەبێ بە جووتبوون لە گەڵ پرنسیپی بازاڕی ئازاد کاربکات"(خاڵی چوار لە غامبوولیت)ئەگەر یوگسلاڤیا دان بەم"مافی مرۆڤە"بنێت، دەتوانێت ئاشتی سەرمایەداری دەسبکەوێت.

## قەیرانی نوێ وسیناریوی جەنگ

بەگوێرەی تازەترین هەواڵنامەی بانقی جیهانی،ژمارەی ئەو مرۆڤانە کە ناچارکراون ڕۆژی بە دۆلارێك بژێن گەیشتووە بە ٢٠٠ ملیون مرۆڤ. ژمارەی هەژارەکان کە لە ئاستی سواڵکردن دەژێن دەگاتە٥،١ ملیارد کەس(بۆ بەراوەردکردن: ڕۆژنامەی زوید تسایتونگ. ١٩٩٩/٤/٢٨)."ملیونان مرۆڤ کە پێشتر لە جیهانێکدا بەبێ مەترسی برسێتی، نەخۆشی دەژیان، ئێستا کار و هەبوو و نەبوویان بە ڕێکخستنە مەدەنییەکانیانەوە وون کرد "(بەگوێرەی ڕۆژنامەی FAZ،١٩٩٩/٤/٢٧). وەك سەرئەنجام، بانقی جیهانی چاوەروانی گێروگرفتی کومەڵایەتی توند وتیژ دەکات. ژمارەی بێکارکراوەکان لە"وڵاتانی حەوت گۆێرەکەکە – حەوت پڵنگەکەی جاران–" لە ماوەی شەش مانگدا بوو بە دوو بەرابەر. بەشێوەیەکی کارەسات، بەتایبەتی کەوتنی روسیایە و باقی وڵاتەکانی(GUS)ە کە زیاتر لە ١٠٠ملیون مرۆڤی بەرەو هەژاری برد،بەهەمان شێوە وڵاتەکانی تری ڕیاڵ سۆسیالیستەکان، چاوەروانی ئەوەیان دەکرد بگەن بە خۆشگوزەرانی وڵاتەکانیOECD،بەڵام لە ماوەیەکی کورتدا گەیشتن بە ئاستی وڵاتەکانی جیهانی سێ.

١/جەنگ لە پێناوی "American Way of Life"

ڕێکخراوی کاری جیهانی(ILO )دەنووسێت: یەك ملیارد مرۆڤ دەگەڕێن بۆ کار یا کارێکی کەمیان دەستدەکەوێت(لە ڕۆژنامەیHB،٩٨/١/٣١).سەرئەنجامەکەی لەلایەکەوە کەڵەکەکردنی سەرمایەیە ولەولاوەوە دەریایەك لە هەژاری.

ئەم مۆدێلی"ئازاد کرنی ئابووری بازار"ە هیچ پەرەسپەکتیڤێك(ئاسۆیەك) بە مرۆڤ پێشکەش ناکات.شێوەی ژیان بەرێگای ئەمریکی بەرەو"کوچەی بن بەست"بردینی.کەس باسی دابەشکردن ناکات:دێنیس ل.میادۆڤ نووسەری (کلوب ئۆف روم) لە کتێبی" سنوورەکانی گەشەسەندن" لە گفتوگۆیەکدا(ڕۆژنامەی تسایت ٩٨/٢/١٩ ) دەڵێت: گیروگرفتەکەمان ئەوە نییە، بەرهەمێکی کەم دێتەکایەوە،بەڵکە دابەشکردنی نابەرابەرە.... موڵکداری ٣٥٨ دەوڵەمەندترین کەسی دنیا بەقەد بودجەی ساڵانەی ٤٥٪ ی هەژارەکانی مرۆڤایەتییە....

ملیتاریستەکانیش ئاگاداری بارودۆخی قەیرانەکەن.گەنەراڵی ئەلمانی وئەندامی دەستەی بەڕێوبەرایەتی دەرهێنانی هەواڵەکان لە بەشی شێکردن (راینهارد هێردن) دەڵێت:لەوانەیە ئەم پەرەسەندنە بمانبات بەرەو پێکهاتنی پرۆلیتاریا و بەبەردەوام

دەرگای بەرەوپێشچوون بەرویاندا دابخرێت.لەوە دەچێت دەوڵەتەکان،گەلان بەوە مەحکوم بن ولە هەژاری بەردەوامدا بژێن ... جەنگە گەورەکانی سەدەی بیستەم لە نێوان دەوڵەتە دەوڵەمەنەکاندا بوو.

لەسەدەی داهاتوودا دەبێ دەوڵەتە خۆشگوزەرانەکان کە ئێستا ئاشتی لە نێوانیان دا هەیە، لە دژی گەلانی دەوڵەت وناوچە هەژارەکاندا بەرگری لە خۆشگوزەرانیان بکەن".

## كۆلۆنیالیزمی نوێ

چیتر باس لە خۆ پاراستن لە شوعییەت ناکەن، بەڵکە لە پاراستنی خۆشگوزەرانی بووە بە"مەسەلەی بەرگری کردن"."پشتگیری کردنی ئاسایش، خۆشگوزەرانی ودیموکراتی لە هەموو شوێنێکی سەرووی ئەتلەنتیك"بەگوێرەی قسەی ئۆلبرایت(قەوادەکەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا)بەرژەوەندی ئاسایشی سیاسی هاوبەشی ناتۆیە(زوید تسایتونگ،١٩٩٨/١٢/٧ ). لاپەرە ستراتیجییەکانی حکومەتی ئەمریکا لە" A National Security Strategy for A New Century "لە ئوکتۆبەری ١٩٩٨ کە تێدا وتە سەرەکییەکان دەربارەی بەرژەوەندی پەیوەندییە سیاسی،ملیتاریو ئابوورییەکەی ئەمریکا دەکرێت نووسراوە:خۆشگوزەرانییەکە(مان)لەخودی خۆیدا ئامانجە. دووپاتیشی دەکەن کە "ئێمە لە بارێکداین، هێزە ملیتاریەکەمان،دەسپێشخەریە سیاسییە دەرەکێکانمان وکارتێکردنە گلوبالیکەکەمان لە دەستی خۆمان رادەگرین. ئەوە هەوڵدان وکارتێکردنی ئێمە بوو کە یارمەتیان دا ئاسایش دابین بکەین وجیهان بە توندوتۆلی بمێنێت؛ ئابووری جیهانی بتوانێت پەخش بکات.(سەرچاوە:تۆبیاس فلویگەر،ستراتیجی نوێی ناتۆ: بەبێ چەك بژی،ئینفۆرماتسیون٩٩،١،٨٧)

هێردن دەڵێت:" سەدەی بیست و یەك، دەبێتە سەدەی کۆلۆنیالیزمی نوێ"... ڕۆژئاوا وبە تایبەتی ئەمریکا لە ژێر هەمان ناودا لەسەر ئاستی جیهان دژی تیرۆریزم دەجەنگن...

## خوێن لە پێناوی نەوت

لە هەموو قسەکان دەربارەی"ئازادی"،" دیموکراتی"، "هومانتێت" و "مافی مرۆڤ" هەمیشە مشتێك بەرژەوەندی ئابووری لە یارییەکەدا هەیە ولە پێش هەموویانەوە بەرژەوەندی نەوت. مامۆستای یاسا لە زانکۆی برێمن Sibylle

Toennies دەڵێت: "بە بەدڵ چوون ئاسا بۆ لە خاچدان بۆ مافی مرۆڤ"بایەخ بە ڕێکخستنی گەلان نادرێت...بەڵکو بە جێ بە جێ کردنی نەریتەکانی ڕۆژئاوا... لەلای ئەمانە ئەمڕۆ یا سبەی، نەوت جێگای مافی مرۆڤ دەگرێت–بەگوێرەی پرنسیپە کۆنەکانی کۆلونیالیزم...(دی فۆخە،٩٧/٧/٤). جەنەراڵی ناتۆ Gerd Schmuekle دەربارەی دەستنێوەردانی ناتۆ دەڵێت:"لە کۆتاییدا بەرژەوەندی ڕۆژئاوا بڕیار دەدات، بەپلەی یەکەم بەرژەوەندی ئەمریکا دەربارەی ئەوەی لە کوێ دەستتێوەردان بکرێت.هەر هەمووی لە دەوری ئابووری دەخولێتەوە.نەوت لە کوێ هەیە، بیری نەوت لە دوا ڕۆژدا لە کوێیە؟(ڕۆژنامەی دی ڤۆغە،١٩٩٩/٤/١ )....

## صربیا ونەوتی دەریای قەزوین

"خوێن ڕشتن لە پێناوی نەوت" بۆ ڕۆژئاوا تازە نییە.لە جەنگی کەنداودا(ج٧ ) لە دژی دەستدرێژی عێراقدا، زۆر باسی دیموکراتییەت، نەریتی ڕۆژئاوا و بە قسەی بوش"دەسەڵاتی یاسا" و "دەبێ بۆمباران بکرێت."کرا. بەرژەوەندی (حیوی)" خێرا وەك بەرژەوەندیەکی نەوت دەرکەوت.عەسکەریتارە ئەمریکییەکان ئەمەیان نەشاردەوە. جۆرج هامیلتون لە گفتوگۆیەکدا بۆ دێر شبیگل وتی:"هۆی هێرشەکەمان لە کەنداودا : پارەو نەوتە–وکێ دەست بەسەریاندا رادەگرێت". لە جەنگی یوگسلافیادا پێدەچوو پەیوەندییەکی وا لەئارادا نەبێت،بەڵام جێ شوێنی خوێنەکان کە ناتۆ لە بەلقان رایدەکێشێت، لەگەڵ نەوت تێکەڵ کراوە.ئەو جێ شوێنانە دەمانبەن تا نەوتەکەی باکۆ لە سەر دەریای قەزوین، بۆ ئەو شوێنە وا هیتلەر دەیویست بانزین بکاتە ناو دەبابەکانی....

پاش لەناوچونی یەکێتی سۆڤێت، ودامەزراندنی دەوڵەتانی سەربەخۆ لە وڵاتەکانی ئاسیای ناوەراست، موڵتییەکانی نەوت هەستان بە قواستنەوەی فاکومی دەسەلات لە ناوچەکە بۆ ئەوەی پۆزیتسیونی گرنگ لە ستراتیجییەتی جیو- یەدەك بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن. سێ دەوڵەتە هەر گرنگەکەی ناوچەکە(ئازەربایجان،کازاخستان و تورکمەنستان) دەمێکە دەرگاکانیان بۆ سەرمایەی جیهانی کردووەتەوە و بەیارمەتی بانقی جیهانی کاردەکەن لە پریڤاتکردن وخۆگونجاندن لە گەڵ یاسادەرهێنەرەکانیان.

## موڵتی نەوت لە ئازەربایجان

بەگوێرەی وەکالەتی وزەی جیهانی(IEA )دا، هەموو پرۆژەکانی نەوت و غاز لە ناوچەی دەریای قەزوین لە گەڵ کۆنزێرنە جیهانییەکان بەرێوەوە چووە و نرخەکانیان تا تەواوبوونیان لە ئازەربایجان دەگاتە ٤٠ ملیارد دۆلار و لە کازاخستاندا دەگاتە ٧٠ ملیارد دۆلار. تا ئێستا ١٣ ڕێکەوتنی جیهانی لە نێوانیاندا مۆرکراوە.

## ناتۆ – تورکیا وەك پاسەوانی نەوت

لەو بەینە ڕێکخستنی بۆری گواستنەوەی نەوت و غاز بەناو جۆرجیا و تورکیا وبەناو ناوچەی کورد بۆ بەندەری تورکی لەسەر دەریای سپی(Ceyhan ) بۆ ئەمریکا پلەی یەکەمی هێنا. ئەم چارەسەرە ئەو کاتە مانای هەیە ئەگەر نەوت و غازی کازاخستان و تورکمانستان بەم ڕێگایە بچۆرێت.شان بە شانی ئەمە، بۆری لە ژێر ئاوەوە، بەرێکای دەریای قەزوین تا دەگاتە باکۆ دروستبکرێت. حکومەتی کازاخستان دەیەوێت بۆ خاتری روسیا، لەلایەنی کەمەوە هەموو نەوتەکە بەرەو باشوور نەڕوات. ٤٥٪ لە دانیشتوانی کازاخستان ڕووسن.ڕەنگە ئەمە نائارامی دروست بکات.

وەك لە ڕۆژنامەی (بیلّد ئەم زۆنتاك) بلاّوكراوەتەوە و وەك پەرەگرافێك لە ڕۆژنامەی UZلە ٩٩/٣/٢٦ بلاّوكراوەتـەوە كـە ئەویش لە ڕۆژنامـەی ئـابووری رووسـی(Komersant)وەریگرتـووە و لـە ڕۆژنامـەی(حوریـەت)یتـوركی بلاّوكراوەتـەوە دەلّێن"لە كۆبوونـەوەی ئـابووری جیهـانی لـە(Davoser)لـە نێـوان بریمـاكۆڤ سـەرۆك وەزیرانـی روسـیا و( Richard Matzke )سەرۆكی مولّتی نـەوت(Chevron) رێك و رەوان بازرگـانی خۆیانیـان كـردووە:نـەوت بەرامبـەر ئۆجـەلاّن و هاورێكانی. لـە كـاتی كۆبوونەوەكـەی داڤۆسـەردا، ئۆجـەلان و هەڤاڵـەكانی لـە نـاو فرۆكەیـەك بـوون لـە شـاری مینسـك و چاوەروانی رووی فرینەكەیان دەكرد.ناچاركران حەوت سەعات چاوەروان بن. بازرگانییەكەی داڤۆسەر رێكخـرا و لـە گـەلّ دیاریكردنی چارەنووسی ئۆجەلان مۆر كرا. هەولّی لە یەك نزیك بوون كرا:نەوتەكەی كازاخستان بە رێگای روسیا دەروات و نەوتەكەی ئازەربایجان بەرێگای توركیا.بەرامبەر بەمە توركیا بەرپرسـیاری خـۆی پێشـاندەدات بـۆ گواسـتنەوەی و بـەبێ گیروگرفت بگاتە بسپۆر. بەرامبـەر بـەوە روسـیا لـە دژایـەتی خـۆی بەرامبـەر هێلّـی بـۆری Ceyhan–Bako دەگـەرِێ وقەدەغەی مانەوەی ئۆجەلاّن لە روسیا دەكات كە پێشتر دوما(پەرلەمانی روسیا)لە نۆڤەمبەری رابردوو مـافی پەنابـەرێتی پێدابوو. ریتشارد ماتسكە بەرامبەر بە ڕۆژنامەی حوریەت راستی هەواڵەكەی ڕۆژنامەی(كۆمێرسانت)ی دووپات كردەوە.

پـاش چـەند ڕۆژێـك ڕۆژنامـەی( ڕۆیتـەر نیـوز سـێرڤیس،لە ١٩٩٩/٣/١٩) هـەواڵێكی بلاّوكـردەوە دربـارەی گـەورەترین خەرجكەری ولاّتەكە (Tengizchevroil-Konsortium):" بەرهەمهێنانەكەمان لە ١٩٩٩ لە ١٤٪ لەرۆژێكدا دەگاتە ١٩٠ هەزار بەرمیل و تا ٢٠٠١ بۆ ٢٤٠ هەزار بەرمیل زیاد دەبێت ئەگەر بـۆری گواسـتنەوەی نـەوت لـە تێنگیـز بـۆ بەنـدەری نۆڤۆرۆسیسك لە سەر دەریای رەش بكەوێتە كاركردن."

سـەرەرای ئـەوەی توركیـا گفتـی خـۆیی داوە لەسـەر تێپـەڕبوونی نەوتەكـە بـە رێگـای پسـپۆر و دەردەنیـل، بـەلاّم ئـەم تێپەڕبوونە مەترسییەكی گەورە پێك دەهێنێت؛ بۆمبایەكی كاتییە. تێپەڕبوونی ٥٠٠٠٠ هەزار پاپۆری نەوت هەلّگری گەورە لە سالّێكدا بـەم رێگـا تەسـكەیەدا، نـەگونجاوە و كەسـیش نازانێـت كـەی كارەسـاتێك روودەدات و هەرەشـە لـە شـارێكی مترۆپۆل وەك ئیستەنبول دەكـات، وەكالـەتی ئینـەرژی جیهـانی ترسـی ئـەوەی هەیـە پاپۆرێكیـان لـە ناوەراسـتی شـاری ئیستەنبول بسوتێت و بۆ چەندین هەفتە بازاڕی نەوتی جیهانی تێك بدات.

لەبەر ئەم هۆیەدا، یونان پێشنیاری ئەوە دەكات، لەبری رێگاكەی پسپۆر و دەردەنیل، بـۆری نـەوتێك دروسـت بكرێـت لـە شاری بۆرگاس/بولگاریا تا دەگات بە پالاّوتنی نیفتۆخیم لە ئەلكسندەرپۆلیس. نـەفتۆخیم بەرگـەی هاتوچـۆی ئـەو نەوتـە دەكات، چونكە زۆر بە كار نەهاتووە و لەبەر كەمی بەكار هێنـانی مەترسـی داخسـتنی لیّ دەكرێـت، و لەوانەیـە لـە مـاوەی داهاتوودا ٧٥٪ بە شەركەتێكی خارجی بفرۆشرێت. كۆزێرنی شێل و شەركەتی روسـی(لـوك ئۆیـل) نیـازی كڕینیـان هەیـە. (شێل) دەیەوێت پالاّوتنی نیفتۆخیم بۆ گواستنەوەی گاز بـەكار بهێنێـت. بولگاریـاش ئێسـتا خـەریكی گفتوگۆیـە لـە گـەلّ توركمنستان بۆ ئەوەی گازەكە لەبری رێگای توركیاوە، بەرێگای بولگاریاوە بگاتـە ئۆروپـا. هـەروا ئـۆكراییـنیش پـالاّوتنی نەوتی گەورەی هەیە كە ئێستا بەكار نـاهێنرێن. ئۆكرانیـا وەرەقەیـەكی زۆر باشـی پێیـە لـە یـاری پۆكـەری گواسـتنەوەی نەوتەكە بەرەو ئۆروپا. ئەگەر بێت و تەنها چەند سەد كیلومەترێك بۆری رابكێشرێت بـەرەو بـاكوری رۆژهـەلاّتی ئـۆكرایین، ئەوا بۆرییەكە دەگات بە بۆری( دروشبای) ناودار، ئەو بۆرییە كە یەكێتی سۆڤێت كاتی خـۆی نـەوت و گازیـان بـۆ ولاّتـانی (RGW) و بە بازارەكانی ئۆروپای رۆژئاوا دەگەیان. بەم چارەسەرەیشەوە پێویست بـەوە ناكـات نەوتەكـە بـەناو زەوی روسیاوە تێپەر ببێت. ئەمریكا قازانجێكی سیاسی ئەسـتراتیجی دەسـت دەكـەوێت كـە زۆر پەیوەنـدی بـە گـاز و نەوتـەوە نییە.ئەوەش ئەوەیە كە دەیەوێت لـەو ناوچـەیەدا ئۆكرانیـا بكـات بـە هێزێكـی بڕیـاردەر لـە بەرامبـەر روسـیا. رۆمانیـاش دامودەزگای گواستنەوەی نەوتی گرنگی هەیە، بە تایبەتی پالاّوتنی نەوت لە بەندەری كۆنستانتا كە توانـای هەیـە سـالاّنە ٣٣ ملیون تەن نەوت بەریّ بكات و لە لایەن مواتی كۆنزێرنی (Daewoo) ووە كۆنترۆلّ دەكرێت.

## پلانی کێشانی بۆری نەوت بەناو زەوی سربیا(یوگسلاڤیا)

لە فەبروەری/١٩٩٨ دا بۆخارست لە گەڵ کۆنزێرنی ئیتالیایی(ENI) ڕێککەوتووە و چاوەڕوانی بڕیاری " لێکۆڵینەوە لەسەر توانای ڕاکێشانی بۆرییەك لە بەندەری کۆنستانتاوە بۆ تریست بەڕێگای هەنگاریا،سلۆڤینیا، کروات و سربیا( ئەو هەرێمانە کە وڵاتی یوگسلاڤیا پێك دەهێنێت:تێبینی وەرگێڕ).– سەرچاوە هاندل بلات لە ١٩٩٨/١٠/١٣ –. ئەم لێکۆلینەوەیە لەلایەن ئەمریکاوە بە ٦٥٠ هەزار دۆلار پشتگیری دەکریت و چەندین شەرکەتی ئەمریکی داوای دروستکردنی بۆریەکەیان کردووە. سەرۆکی( ئی. ئێن. ئای) مۆسکاتۆ وتی" لەسەر ئاستی ئابوورییەوە، ئەم ڕێگایە لە هەموویان زیاتر قازانج دەهێنێت"_ هەمان سەرچاوە_.

## بەلقانی ئۆرۆئاسیا = "قوری سیاسی جادووکەرەکەیە"

بیرەوانە ستراتیجەکەرەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا باسی"پشتێنی سیاسی زەوی لەرزە" دەکەن کە لە بەلقانەوە تا قەوقاز و سنوری چین دەگرێتەوە. دەبێ ئەم بوارە لە بەرژەوەندی ڕۆژئاوا نەریتەکانیدا ئاسودەو توندوتۆڵ بکرێت، لە کاتی پێویستیشدا بە ڕێگای سەربازییەوە.لە ١٦/سێپتێمبەر/١٩٩٧ دا لە کازاخستان یەکەم مانۆڤەری سەربازی، بەبەشداربوونی لەشکری ئەمریکی و تورکی و هەر سێ کۆمارەکەی ئاسیای ناوەراست – کازاخستان، تورکمنستان، ئوسبەکستان – کرا. فڕۆکە جەنگییەکانی ئەمریکا سێ جار بەئاسمانی ناوچەکە فڕین. ڕۆژنامەی زیوریخ لە ٩٧/٩/١٧ نووسی" پەیامی سیاسی ئەم مانۆڤەرە لەبەر چاوە. واشینتون توانا و ویست وئارەزوی خۆی وهاوکارەکانی لە ناوچەکە لەسەر ئاستی  سەربازیشەوە خۆپیشاندەدات". گومانی تێدا نییە کە ئەمریکا و ناتۆ خۆیان لە ناوچەکە وەك دەسەڵاتێکی ڕێکخستنی نوێ لە ناوچەکانی خواروی یەکیتی سۆڤێتی جاران ڕێکدەخەن. نوێنەری وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا شترۆبە تالبۆت وتی" دەبێ چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی ئەم ناوچەیە ببێت بە ئەرکی یەکەممان. چارەسەرکردنی گیروگرفتەکان مەرج و سەرئەنجامی دەرکردنی سەرچاوەکانی ئەنرژییە.– سەرچاوە: ڕۆژنامەی ڤیرتشافت ڤۆخە لە ١٩٩٧/٩/١١ .

بەڵام بۆ هەموومان ئاشکرایە کە نەك"چارەسەرکردنی گیروگرفتەکان" بە ڵکە درووستکردنی گیروگرفتەکان و بەڕێوەبردنیان لە خزمەتی مۆنۆپۆل و دەوڵەتەکانیاندا ئەگەرێکی سەرەکی ئەمانەیە. لە هەوڵدانیاندا لە پێناوی سەرچاوەکانی نەوت و گاز و ترانزێتییان، موڵتییەکان هەموو وەسیلەیەك بە ڕەوا دەبینن بۆ مسۆگەرکردنی بەرژەوەندییەکانیان. بە گوێرەی پێویستیاندا گیروگرفتی ناسیونالیستی،ئەسنی و ئایینی لەم ناوچەیە بکوڵێنن. کەس سەری نەسوڕێت ئەگەر ڕۆژێك داهات قوری جادووکەرەکە تەقییەوە و هەموو ناوچەکە تا دەگات بە ئۆروپا بکات بە ئاگر.

## چین وەك "پێشبرکێیەکی ئیستراتیجی"

چین ئامادە نییە بازارەکەی وەك وڵاتەکانی جیهانی سێ بۆ کۆنزێرن و مۆنۆپۆلە جیهانییەکان بکاتەوە و خۆی بکات بە شوێنی جانبازی سەرمایەی پوولی جیهانی. هەر بۆیەش گفتوگۆیەکان بۆ وەرگرتنی چین لە (WTO) تێك دەچێت. تەنانەت لەکاتی قەیرانی وڵاتەکانی خواروری ڕۆژهەڵاتدا، چین لەبواری سیاسەتی سەرمایە و پولییەوە کۆنترۆڵی زیاترکرد. ئەمە یەکێکە لەو هۆیانە کە هێشتی ئابوورییەکەی بە توندوتۆڵی بمێنێتەوە. کلینتۆن لەم بارەیەوە چینای بە"قەڵای توندوتۆڵی"ناوبرد. تۆنی بلییەر بە"دوورگەی توندوتۆڵی"و باڵوێزی ئەلمانی لە چیندا بە"توندوتۆڵ ترین دەسەڵات لە

ڕۆژهەڵاتدا"ناوبرد.ڕۆژنامەی ( زوید تسایتونگ) لە ١٩٩٨/٢/٣ دەنووسێت" تونـدوتۆڵی ئـابووری جیهـان بەشـێوەیەکی سەرەتایی لەسەر ئەو بڕیارانە ڕاوەستاوە کە لە پەکینەوە بڕیار لەسەری دەدرێت".

لەلایەکی ترەوە ئەم بارووددۆخە ئەو بێ بڕوایی و مەترسییە لەلای ئەمریکا دروست دەکات کە چین ببێت بـە دەسـەڵاتداری ئەو ناوچەیە ولەسەر ئاستی جیهان پێبکرێت ڕێ لە ڕۆژئاوا و بەرژەوەندییەکانی سەرمایە مۆترۆپۆڵ بگرێت.

چین دەستی کردووە بە ڕاکێشانی بۆری نەوت لە کازاخستانەوە بـۆ ناوچـەی خینیـانگ(Xinjiang) و نیـازە بۆرییـەکی تریش لە کێڵگەی نەوت لە ئوسین بۆ کازاخستان بـەرێگای بیابـانی ئێـران رابکێشـێت. ئـەمریکا رێـك دەیـەوێت ئـەم بـۆری نەوتـە بـەرێگای مولتییـەکانی رۆژئـاوەوە ڕێگـا لـە دامەزرانـدنی بگرێـت. بەهـەر حـاڵ؛ چـین بـە هـۆی بـەرفراوان بـوونی ئابوورییەکەی لە ماوەی چەند ساڵی داهاتوودا، دەبێت بە کڕیاری نەوت. لە ساڵی ١٩٩٤ سێ ملیون تەنی کڕیـوە،١٩٩٧ دا ٣٠ ملیون تەن و لە ٢٠٠٠ دا ٥٠ ملیون تەن دەکڕێت. دیبلۆماتەکانی پەکین لە سیستێمی ئەمنییەت بـۆ زامـن کردنـی نـەوت دەدوێن کە لە کاتی قەیرانیشدا نەکەونە ژێر فشاری سیاسییەوە ...

ئەمڕۆ ئەمریکا بۆ پێشبڕکێ کرنی چین لەو ناوچەیەدا، پاکتێکی ملیتاری لە گەڵ یاباندا لە ژێـر نـاوی" هاوکـاری ئاسایشـی ئەمریکی– یابانی"ڕێکخست. برژینسکی بە" هاوپەیمانی ئەمریکی– یابانی دژ بە چین" ناودەبات. بە پێی ئەم بۆچوونانە، ئاساییە بڵێن، بۆردومان کردنی باڵوێزخانەی چین لە بەلگراددا ڕێکەوت نەبوو، بەڵکو هەڵبژاردرا بوو بۆ لێدان.

لە کۆتایی مانگی چواری/١٩٩٩ یابان بڕیاری لەسەر سێ یاسای نوێدا، تێدا هێزی سەربازی ئەمریکی بۆیـان هەیـە دەزگـا مەدەنێکانی یابانیش لە کـاتی قەیرانـدا بـەکار بهێـنن. یابـان لـە سـاڵی ١٩٩٧ وە نزیکـەی ٤،٥١ ملیـارد دۆلاری بـۆ بـواری سەربازی خەرج کردووە. لەولایشەوە ئەگەر تەماشای ئەمریکا بکەین، دەبینین لە ساڵی ١٩٩٣ وە زیاد لـە ٥٠ جـار شـەری بەرپاکردووە لە دەرەوەی ئەمریکا، واتە سێ تا چوار جار زیاتر لە سەردەمی جەنگی سارد....

"ناتۆی نوێ"–لە "بەرگری بۆ پێشەوە چوون" بەرەو جەنگی هێرش بردن.

بەئەنجام گەیاندنی بەرژەوەندییەکان لە سەر ئاستی گلوبال و زامنکردنی گلوبال بۆ "global sourcing"پێویستی بە توانای (ئینتەرفێنسیون_ تدخل) هەیە. ئەمریکا زووتر خۆیی بۆ ئەم مەبەستە ئامادەکردووە. لـە پـاش کۆتـایی پێهـاتنی جـەنگی سـارد، و بەتایبـەتی لـە ناوەراسـتی نەوەتەکانـەوە خاڵـە سـەرەکییەکانی سـتراتیجییەتی ملیتـاری و سیاسـەتی دەرەکیان بۆ سەدەی بیست و یەك نووسییەوە. لە خاڵی سەرەکی سیاسەتی دەرەویان لە" A National Security Strategie For A New Century" لـە ئۆکتۆبـەری ١٩٩٨ نووسـراوە: نـاوکی سـتراتیجییەتی ئـەمریکا ئەوەیـە، ئاسایشـمان بـەرزتر بکەین،خۆشگوزەرانیشـمان زیـاتر، و داوای دیموکراتییـەت و ئاشـتی لـە هـەموو جیهـان بکـەین. لـە ناوەرۆکدا، بۆ گەیشتن بەم ئامانجانە، پێویستی بە رەنج وتەقەلای ئەمریکا هەیـە و بالادەسـتی دەسـەڵاتی لـە سیاسـەتی جیهانیدا.(سەرچاوە: بەرنامەی مۆنیتۆر لە ڕۆژی ١٩٩٩/٤/٢٢)

ناتۆ هاوپەیمانێکی ملیتاری بوو بۆ حاڵەتی دیفاع کردن لە ولاتانی هاوپەیمان. بـەڵام دوژمنەکـەیان لەناوچـوو و ئـەمانیش لەراستیدا شەرعییەتیان لەدەست دا، بۆیە سەرلەنوێ خۆ ڕێکخستن دەبوایە (step by step)هەنگاو بـە هـەنگاو کـاری بۆ بکەن. بەهەر حاڵ لە ١٩٩١ پاش تێپەربوونی چەند مانگێك بەسەر لەناوچوونی پاکتی وارشـو لـە کۆبوونـەوەی نـاتۆ لـە ٧–٨/نۆڤەمبەر ١٩٩١ لە ڕومدا "کۆنسێپتی ئیستراتیجییەتی نوێ"یان داڕشت، هێزی هێرش بردنی خێرایان دامەزراند لـە دژی مەترسییەکان لەسەر ئاسایش وەك" تیرۆریزم و کردەوەی زابۆتکردن وبلاوبوونەوەی چەکی لەناوبردنی بە کۆمـەڵ".

ئەمڕۆ ناتۆ لەو قاوغەکەی خۆی دەرچووە و بووە بە هێزێکی ملیتاری دەسـت بـۆ گشـت شـوێنێکی جیهـان درێـژ دەکـات. بەلقان بوو بە ناوچەی تاقیکردنەوە، لە ١٩٩٨/٢/٢٨ دا دوو فرۆکەی ف.١٦ ئـەمریکی چـوار فرۆکـەی یوگسـلافی دەخەنـە خوارەوە. ئەم جەنگە بە یەکەم جەنگی ناتۆ دادەنرێت لە کاتی دامەزراندنییەوە ...

## دەسەلآتی ملیتاری ئۆیرۆ و ناتۆ

لە ساڵی ١٩٦٦ فەرەنسا لەژێر دەسەلآتی دیغۆل ریزەكانی ناتۆی بە جێهێشت. لە ١٩٩٦ لەسەردەمی شیراك بۆ بازنەی سەركردایەتی ناتۆ گەرایەوە. شیراك لە سەردانە سێ رۆژییەكەی لەسەرەتای ١٩٩٦بۆ واشنتون هۆی گەرانەوەیان بۆ ناتۆ بەم شێوەیە ناساند"ناتۆ بەبەردەوام بووە بە بەردی بناغەی ئاسایش، وفەرەنسایش دەبێ بۆ ناوەندی سەركردایەتییەكەی بگەرێتەوە".

ئەم گەرانەوەیە بۆ نوێكردن وسەرلەنوێ رێكخستنی ناتۆیە و بۆ ئەوەیە لە بەرژەوەندی ئەوروپا كاری تێ بكەن. فەرەنسا خۆی بە شۆرەسواری ئاسایش و كەسایەتی بەرگریكردن ئۆرۆپی(ESDI) دەزانێت.بە گوێرەی بۆچوونی فەرەنسا، دەبێ(EU) لە بواری ملیتاری بۆ چالاكی بەرخوردكردن، سەربەخۆ بێت، بۆ ئەوەی بە خۆدی خۆیان بتوانن بتەوی سیاسی و رێكخستن لە كیشوەرەكەدا بەرێ ببەن. دەربارەی"ئاسایش و سیاسەتی دەرەكی هاوبەش"(GASP)لەچوارچێوەی (EU)دەیانەوێت لەبارێكدا بن، بتوانن لەسەر ئاستی جیهاندا وەك زلهێزێكی سیاسی و سەربازی بێنەپێشەوە. بەمەدا دەیانەوێت سیادەتی USAو بانگەوازە"world leadership" بپێچنەوە. كلینتۆن ئەم مافی سەركردایەتییە لە ١٩٩٦ دووپاتكردەوە"بەرژەوەندی و نەریتەكانمان لە كوێ بن و لە هەركوێیەكدا بەشداربوونمان بتوانێت مانایەكی بریاردەری هەبێت، لەوێدا دەبێ ئەمریكا سەركردایەتی بكات".

دووباتكردنەوەی فەرەنسا بۆ پرسیاری ئاسایش و بەرگری، پەیوەندی هەیە بە بارە ئابوورییەكەی لەسەر ئاستی جیهان. سەرمایەی فەرەنسی زۆر بەهێزتر لە سەرمایەی ئەلمانی پێویستی بە بازاری ئۆروپی هەیە. ئابووری و كۆنزێرنەكانی لە چەند ساڵی رابردوودا، بەرامبەر بە ئەلمانیا، زەمینەكەی دۆراند و لەسەر ئاستی بازاری جیهان، بەحاڵ دەتوانن خۆیان بسەلمێنن. لەناو ١٠٠ كۆنزێرنە جیهانییە زلهێزەكاندا تەنها حەوتیان فەرەنسین. بۆ نموونە:(Elf Acquitaine) پلەی بیست و حەوتی هەیە،(Renault) پلەی ٤٠. دەسەلآتی سەرمایە لە فەرەنسا بۆ ئەوەی بتوانێت بژێت، پێویستی بە بازاری هاوبەشی ئۆروپا هەیە و بە پاراستن و پشتگیری كردنیشی لە لایەن سیاسەتی پیشەسازی یەكێتی ئۆروپا.

فەرەنسا لە ناو زلهێزەكانی ولآتانی ئۆروپا، لە هەموویان زیاتر قازانج وەردەگرێت لە دژ وەستان،بەلآم نەك تەنها لە دژی ئەمریكا، بەڵكە دەیەوێت بە بەهێزكردنی دەسەلآتی ئۆروپی، لەدوارۆژدا سنووری ئەكتسیونەكەی ببەزێنێت بۆ دەریای ناوەراست وئەفریقا، بۆ ئەو شوێنانەی وا كۆلونیالیزینی كردبوون و بەهێزترین بەرژەوەندی جیوستراتیجی چنگ دەكەوێ.

بەریتانیا بەهۆی رۆڵە ترادیسیونەكەی لە ناو ناتۆ تا رادەیەك بەرامبەر بە فەرەنسا پۆزیتسیونی دژی هەیە. لە باری ئابووریدا زۆر لە سەرمایەی فەرەنسی لاوازترە، بەلآم بە هۆی ئەوەی بەوەفاترین هاوپەیمانی ئەمریكایە، بەختی بەهێزبوونی كارتێكردنی لە ئۆروپا بەرچاو دەكەوێت. هەروا شان بەشانی ئەمەیش، مولّتی بەریتانیا لەسەر ئاستی جیهان، بەرژەوەندی كەسایەتی جیوئیستراتیجی لە گەڵ ئەمریكادا هەیە. لەپێشی هەموویانەوە لە گەڵ مولّتی نەوت(Shell) و(BP\Aramco). (Unilever) یش یەكێكە لە مولّتیە جیهانییە گەورەكانی خواردەمەنییە و بەرژەوەندی لە سیاسەتێكی هێرشبەرانە و(توسعی) هەیە. هەروا British Aerospace\Marconi پێش چەند مانگێك بوو بە گەورەترین درووستكەری چەك لە ئۆروپا و بە پلەی سێهەم وەك گەورەترین چەكسازی جیهان، بەهۆی چەك فرۆشتنەكەیەوە، بوو بە گەورەترین پوول هێنەر بۆ ولآتەكە.كریاری سەرەكی: سعودیە. بەگشتی ئەم باروۆخە وەفاداری هاوپەیمانێتی بریتانیا و ئەمریكا روون دەكاتەوە.

ئەلمانیاش شێوەیەك لە پۆزیتسیونێكی مام ناوەندی وەرگرتووە. وەك دەسەلاتێكی زلهێزی ئابووری لە ئۆروپا و لە هاوپەیمانێتی لە گەڵ فەرەنسا رێگای سێهەمی گرتووەتەبەر بۆ بوون بە دەسەلاتێكی جیهانی. بۆیە حكومەتی كۆل پشتگیری لە پیلانەكانی فەرەنسای كرد بۆ درووستكردنی دەسەلاتی ملیتاری ئۆیرۆ وەك"ناوكی ناوەوەی" دەسەلاتی ئۆروپا.لەولایشەوە، كۆنزێرنە ئەلمانییەكان پۆزیتسیونی بەهێزتریان هەیە لە فەرەنسیەكان، و سەرمایەی ئەلمانی و ئەمریكی زیاتر لە سەرمایەی فەرەنسی و ئەمریكی چوونەتە ناو یەكتر. ئەلمانیا بۆ جێبەجێ كردنی پیلانەكانی لە ئۆروپای رۆژهەلات و بۆ دابینكردنی بەرژەوەندییە ئیمپریالیستییەكەی لە روسیا، پێویستی بە چەتری ئەتۆمی ئەمریكا هەیە.هەربۆیەش چاوەروانی ئەوە دەكات لە ماوەیەكی نزیكدا قورسایی لە ناو ناتۆدا سەرلەنوێ دابەش بكرێت تا گەیشتن بە ئاستی هاوپەیمانێتی هاوسان.

شان بە شانی بۆچوونی سەرانی ئەم ولاتانە و هەوڵ تەقەلاكانیان، پیلاننەرە ئیستراتیجییەكانی ئەلمانیا و فەرەنسا بۆ ئۆروپا، دەیانەوێت(WEU ـ یەكێتی ئۆروپای رۆژئاوا كە لە ساڵی٥٦ لە چوارچێوەی پەیمانەكانی پاریسدا دامەزرا، سەرجەمەكەیان دە دەوڵەتن و لە هەمان كات ئەندامی ناتۆن) بكەن بە باڵی ملیتاریستی یەكێتی ئۆروپا. بە گوێرەی وتەكەی Wim van Eekelen جەنەراڵە كۆنەكەی (دبل یو.ئی.یو) لە ساڵی ١٩٩١ ناوچەی عەمەلییاتی سەربازییان بە گوێرەی پەیمانێكی دیاریكراو وەك ناتۆ، دیاریكراو نییە، واتە "لەسەر ئاستی جیوگرافی سنووری نیە". لە سەرەتای جەنگ دژی یوگسلاڤیادا (دبل یو.ئی.یو) جودا لە ناتۆ بەشداریان كرد. جەنەراڵی ناوبراو لە ساڵی ١٩٩٣ و تی( دبل یو.ئی.یو) لەچوارچێوەی یەكێتی ئۆروپادا، لە كاتی پێویستدا بە بێ رێپێدانی (یو ئێن) ئینتەرڤەزیون(تدخل) دەكات"ئەگەر پرۆسێسی بریاردان(یو ئێن)بلۆك بكرێت، دەبێ یەكێتی ئۆروپای داهاتوو لە پۆزیتسیونێكدا بێت، چ لە ناوچەكەی یا هەر شوێنێكی تر بێت، بەرژەوەندییە گرنگەكانی یا لەبەر هەر شتێك بێت كە بەجدی هەرەشە لە ئەندامەكانی بكات، سەربەخۆ ئینتەرڤەزیون بكات( لە SoFo، ٤/٥/١٩٩٤ وەرگیراوە).

ئێستا بەشێوەیەكە سەربەخۆ "فەیلەقی ئۆیرۆ"یان دروستكردووە كە لە ٥٠,٠٠٠ سەربازی ئەلمانی و فەرەنسی و بەلجیكی و ئەسپانی پێكهاتووە. مەبەستی ئەم فەیلەقە بەرهەڵستی لە ئۆروپا نیە، بەڵكە بۆ مەبەستی ئاشتی پاراستن یا سەرلەنوێ دامەزراندنی "ئاشتی" لە جیهانە.هەروا سەركردایەتی گشتی و ئامانجی پیلانەكانیشیان پێكهێناوە. لە كۆبوونەوەی ولاتە ئۆروپییەكان لە شاریكوێلن/ئەلمانیا بە نەرمی باسی ئەوەشیان كرد، پاش یەكگرتنەوەی پارە دەبێ لەشكرەكانیشیان یەكگرن.

## ناتۆ و بەرفراوان بوون بەرەو رۆژهەلات

پاش تێپەربوونی هەشت ساڵ بەسەر نەمانی پاكتی وارشۆدا،"دەوڵەتە دوژمنەكان"وەك پۆڵەندا، چیك، هەنگاریا لە ناتۆدا نزیك كرانەوە. ئێستا ئەم دەوڵەتانە لەسەر لیستی وەرگرتنن وەك ئەندام لە ناتۆ و بەختێكی باشیان بۆ دەبێت بۆ ئەوەی لە یەكێتی ئۆروپایشدا ببن بە ئەندام. نزیكەی نۆ دەوڵەتی تریش هەیە كە دەیانەوێت ببن بە ئەندام لە ناتۆ:ئەلبانیا،بولگاریا، ئیستلەند، لیتلەند، لیتوانیا، ماتسەدۆنیا، رۆمانیا، سلۆڤاكیا، سلۆڤینا. هەڵبەت ئامانج لەم كارانە ئەوەیە روسیا ئابلوقە بدەن.

بەرفراوان كردنی ناتۆ بەرەو رۆژهەلاتی ئۆروپا لە ساڵی ٩٤/٩٣ لەژێر كارتێكردنی ئەلمانیا هاتە كایەوە. ئەمریكا لەم كاتەدا كەناری گرتبوو، بەلام لە كۆتایی ٩٤ وە هاتە پێشەوە. كلنتون لە تروپكی KSZE لە بۆدابیست دەنگی بۆ بەرفراوان بوونی ناتۆ بەرەو رۆژئاوای ئۆروپا بەرزكردەوە. هۆی ئەم كارە ئەوەیە، گوایە" توانای ئەوە هەیە سەرلەنوێ هێزێكی بالادەست وەك دوژمنێك بە رووی ئۆروپا پەیدا ببێت" و بییەوێت هەوڵ بدات پۆلەندا و هەنگاریا یا چیك داگیر

بکات(بۆ بەراوردکردن: لی موند دیبلۆماتی لە ١٦/٤/ ١٩٩٩) . چەندین کەسایەتی بەناوبانگی ناو سیناتی ئەمریکی لەوانە وەزیری پێشووی بەرگری ئەمریکی مێك نامارا و کۆنترۆلکەری چەکسازی پاول هـ. نیتسە لە نامەیەکی کراوەدا بۆ کلینتون لە ١٩٩٧/٦/٢٦ دژی ئەم هەنگاوە بوون و بە "هەڵەیەکی سیاسی – ستراتیجی مێژووییە" دانا. ئەمانە ترسیان لەوەدا هەیە لە ناو دومای روسیا بەرگری بەهێزتر بێت لە دژی ستارت ٢ و ستارت ٣ و ترسیشیان لەوە هەیە کە روسیا لەبەر هاتنە پێشەوەی ناتۆ، بە چەکی ئەتۆمی سەرسنوورەکەی بپارێزێت.

روسیا تا رادەیەك بەرگرییەکی پێشاندا، بەڵام لەبەر لاوازی ولەبەر پێویستی بە رۆژئاوا وقەرزی سەنوقی پوولی جیهانی، نەیتوانی ئەو بەرفراوانییەی ناتۆ رابگرێت. لە کۆبوونەوەکەی یەلسین و کلنتوندا لە مارسی ١٩٩٧ بەرفراوانی ناتۆیان بە مەرجێك قبوولْ کرد، کە لەولاّتانی ناوبراودا بنکەی سەربازی ناتۆ و چەکی ئەتۆمی دانەمەزرێنن. و لە ٩٧/٥/٢٧ دا ئەم دوو مەرجەیانە مۆرکرد بەلاّم جەنەرال ناومان سەرۆکی کۆمیتەی ملیتاری ناتۆ و تی" ئەمە ئەوە ناگەیەنێت،کە ئێمە لەدوارۆژدا لەوێدا لە بوونی سەربازیمان وازدەهێنین".

لەجەنگی یوگسلافیادا بەهای ئەو رێککەتنانە دەرکەوتن! هێزی ئاسمانی ناتۆ لە هەنگارياوە بۆ بۆمبارانکردنی یوگسلافیا دەفرین، لەویْ لە شاری(Taszar) لەژێر دەسەلاّتی ئەمریکا بنکەیان دامەزراند. حکومەتی هەنگاری رازی بوون، کە هەشت بانزینخانەی فرۆکە؛٢٤ ف١٨؛ سیْ دانە فرۆکەی A-10 لەسەر زەوییەکەی بنکەیان هەبێت. پەرلەمانی چیك دەنگیان دا بۆ بە کارهێنانی فرۆکەخانەکانیان لەلایەن ناتۆوە. پۆلەندا ئامادەیی خۆیی پێشاندا بۆ حالەتی جەنگی رووبەڕووبوونی سەربازییانە، بۆ ئەوەی بۆ ناتۆ بیسەلمێنن کە سوودبەخشن(رۆژنامەی زوید تسایتونگ لە ٩٩/٣/٣١ ! بەگشتی ناتۆ گەیشت بە سنووری رۆژئاوای روسیا. پاش پەیمان بەستن لە گەلْ ناتۆ، یەلسین بۆ کییڤ/ ئۆکرانیا سەفەری کرد و بەرەسمی دانی بە سنووری ئۆکرانیادا نا و هێزی دەریایی سۆڤێتی جاران لە دەریای رەش لە گەڵیاندا بەش کرد.

## بازرگانی چەکی ئەم سەدەیە

نرخی بەرفراوانبوونی ناتۆ لە سیْ ولاّتی تازە ئەندام بەشێوەیەکی جیاواز دەینرخێنن، بەلاّم هەر هەموویان لە دەیان ملیارد $ ناچنەخوارەوە. لێکۆڵینەوەی( Congressional Buget Office ) بە ٦١ تا ١٢٥ ملیارد دۆلار نرخاندویەتی؛بنکەی لێکۆڵینەوەی ئەمریکی(RAND Corporation ) لە ٤٢ تا ١١٠ ملیارد دۆلار نرخاندویەتی. بەم پارەیە هەموو ئینفراسترکتوری سەربازی لەو ولاّتانەدا سەرلەنویْ دابمەزرێن، بە هەمان شێوەیش سیستێمی چەکداری ناتۆ و مۆدەرنیزەکردنی چەکەکانیان. رۆژنامەی فرانکفۆرتە ئەلگەماینە لە ٩٧/٧/٢٢ دەنووسێت"لەراستیدا قازانجکەران لە بەرفراوانبوونی ناتۆ بەرەو رۆژهەلاّتی ئۆروپا، پیشەسازەکانی چەکن لە رۆژئاوا...." ئەم بەئەندام بوونەی ئەو ولاّتانە بۆ هەندیْ شەرکەتی چەك دروستکردن، هەڵدەگرێت بازرگانی سەدەی پیْ بکەن". بەتایبەتی لەبواری دروستکردنی فرۆکە و لە بواری دامەزراندنی سیستێمی سەرکردایەتی ئەلکترۆنی و تێلیکۆمونیکاتسیون ملیتاری. نوێنەرانی کۆنزێرنی چەکدروستکەرە یەککرتووەکان دەن بۆ هەموو شوێنێك لە ولاّتەکانی رۆژئاوای ئۆروپا بۆ ئەوەی پەیوەندی و بیرۆی لۆبی دابمەزرێنن.

## گلۆبالیزیرەبوونی ناتۆ

سەرانی کۆنزێرنەکانی چەکدرووست کردن دەیانویست ئاهەنگی تێپەڕبوونی ٥٠ ساڵ بەسەر دامەزراندنی ناتۆ بەراست بکەن بە ئاهەنگێکی مەزن. خێرا دەستیان کردەگیرفانیان و ٩ ملیون دۆلاریان پێشکەش کرد.مرسیدس ـ شریسلەر و

خوشکەکەیان (داسا) ١٣٠ مرسیدس و ٣٠٠ هەزار $ لەخزمەتی نوێنەرانی حکومەتەکان دانا. لەبری ئەمە رێگایان پێدرا پێشانگای چەکە نوێیەکانیان بکەنەوە. هەندێکیان پێش مانگێك لە جەنگی یوگسلافیا تاقیکرابووەوە.

"مەبدئی نوێی ناتۆ" لەم رۆژانەدا دەستی پێکرد. جەنگی هێرش بردن بەسەر یوگسلافیا، دوور لە وڵاتانی ناتۆ و بەبێ رێپێدانی (یو ئێن) و بەکارهێنانی تازەترین چەکی (های– تێك)ش هەموو ناوەرۆکی چرکەی نوێی" کۆنسێپتی ناتۆ" پێك دەهێنێت. ئەوەی پێش چەند مانگێك لەمەوبەر ساردکرابووەوە، ئێستا بەگوێرە"Strategic Concept" بۆردومان دەکەن، بەبێ سێ و دووکردن، بەبێ پرسیارکردن لە خودی گەلانی ١٩وڵاتە ئەندامەکانی ناتۆ. لە مەبدئەکانی ناتۆ زۆر باسی"دیموکراتی، مافی مرۆڤ، مافەکانی دەوڵەت "ی تێدایە، بەڵام تەنانەت هیچ یەکێك لەم دەوڵەتانە بە پێویستیان نەزانی بۆ جەنگ بەرپاکردن دژی یوگسلافیا رێپێدانی خودی پەرلەمانەکەیان وەربگرن.

پەیمانی ناتۆ لەسەر بەرگری لەو وڵاتانی ئەندام لە حاڵەتی هێرش هێنان بەسەریاندا دامەزرا، بەڵام ئەمرۆ لە مەسەلەی بەرگری کردن دەرچووە و باسی"بەرژەوەندییە هاوبەشەکان" و "نەریتەکانمان" دەکەن وەك بنچینەیەکی یاسایی بۆ(مذهب التدخل) گلوبال. بەکوردییەکەی مەسەلەی بەرگری لە بەرژەوەندی هاوبەش، جێ بەجێکردنی ئامانجە سیاسییەکان بە رێگای ملیتاری دەگەیینێت. ئۆلبرایت لە وڵامی بۆ پرسیارێکی گۆڤاری شبیگل ٩٩/٥ وتی" دەبێ باڵی چەکداری ناتۆ لە رۆژهەڵاتی ناوەراستەوە تا ئەفریقای سێنترالّ بگات" و لەسەر پرسیاری" ئایا سەرکردایەتی ناتۆ لەدوارۆژدا سەربازەکانی لەشکری ئەلمانیا رەوانەی ناوچەی سەرچاوەکانی نەوت لە قەوقاز لە دەریای قەزوین یا کەنداوی فارس دەکەن؟. لەوڵامدا دەڵێت" نەك تەنها بۆ ئەو ناوە، بەڵکە ئەگەر پێویست بکات، بۆ ناوچەکانی تریش".

بەم شێوەیە ناتۆ دەتوانێت بەدەوری هەموو زەمین خۆی هەڵکێشێت. کلینتونیش لە کۆبوونەوەی ناتۆدا ئەوەی رۆشن کردەوە، کە ناتۆ بەرهەڵدانی هەرەشەکان دەکات لە ئۆروپا و لەو دەوڵەتانە تێدا ئەندام نین کە لەوانەیە زەرەر بە ئاسایشی ئۆروپا بگەیەنن. بەرنامەی (مۆنیتۆر) لە ٩٩/٤/٢٢ لە ژێر ناوی" ئەگەر بکرێت،لەگەڵ نەتەوە یەکگرتووەکان و بەبێ ئەوان ئەگەر پێویست بێت"باسی دوکومێنتە نهێنییەکانی حکومەتەکانی ناتۆی کرد. لەولایشەوە سکرتێری گشتی ناتۆ سۆلانا وتی" ئێمە پێویستیمان بە شوورای ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان نیە"(شبیگل لە ٩٩/٥/٣)

هەروا کلینتون لە ساڵی ١٩٩٣ دا دەربارەی چۆنێتی هەڵسوکەوت کردنی ئەمریکا لە گەڵ (یو ئێن) لە دوارۆژ وتی" ناتۆ دەبێ بۆ یو ئێن بریار بدات و نەك بە پێچەوانەوە"

ئەمریکای خۆ بە جەندرمەی جیهان داناو، پێویستی بە وەکیلی خۆیشی نییە لە( یو ئێن) ئەگەر خەمی " Law and Order" بخوات. هەموو شتێك بە گوێرەی ماف و بۆچوونی بۆ بەهاکانی خۆی رێکدەخات. ئولریش بێکی سۆسیولۆك دەنووسێت" دەسەڵاتی باڵادەست بریار دەدات چی یاساییە و چی مافی مرۆڤە".

کاتێك ئەمریکا و بریتانیا لە ئۆپیراتسیونی"رێوی بیابان"دا بەغدایان بۆردومان کرد، مۆنۆپۆلی زەبروزەنگ بەکارهێنانی (یو ئێن)یان نەهێشت و رێکخستنێکی جیهانی نوێ جیهانی بۆردومان کرد. فەرەنسا لە گەڵ ئەندامانی ئاسایشی جیهانی روسیا و چین دژی هێرش بردنەکەی ئەمریکا و بریتانیا پرۆتێستیان کرد، چەند هەفتەیەکی نەخایاند، فەرەنسا بەشداری کرد لە بۆردومان کردنی بەلغراد و پۆزیتسیونی خۆی خستە ژێر پێڵاو.

بەرێوبەری ئینستیتوتی لێکۆڵینەوەی ئاشتی و ئاسایش لە دانشگای هامبۆرك پرۆفیسور دیتەر لوتس وتی"هێرشی ئاسمانی دژی یوگسلافیا لەلایەن مافی گەلانەوە نەپارێزراوە". بە گوێرەی ئارتیکلی ٢ ژمارە ٤ لە شارتای نەتەوە یەکگرتووەکاندا و لە پەیوەندی لە گەڵ ئارتیکلی ٢٤ ، ٣٩ و ٤٠ ف ف شارتای یو ئێن مونۆپۆلی زەبروزەنگ بەکار هێنان بە دەست (یو ئێن). تەنانەت لە حاڵەتی جینوسایدیشدا بە گوێرەی رێکەوتنەکەی ١٩٤٨/١١/٩ بەندی رێپێدان بۆ بۆردومان کردن بۆ وڵاتی سێهەمی تێدا نییە.... هەروا" بۆردومان کردنی لەشکردنی ئەلمانیا بۆ یوگسلافیا رێك نییە لە

گەڵ دەستوری ئەلمانیادا ویاسا بنچینەییەکاندا، دژی ئارتیکلی ٢٥ بەشی یەکەم>> قەدەغەکردنی جەنگی هێرش بردن<<ە و دژی ئارتیکلی ٢٥ لە یاسا بنچینەیەکان" ڕێزگرتن لە مافی گەلان".

لە هێرش بردن بۆسەر یوگسلافیا، ناتۆ هۆیەکیشی نەهێنا بۆ بوردومانەکەی. کلینتون بەشێوەیەکی تەماوی باسی" دەوڵەتانی هاوبەشی جیهانی"کرد، مەبەستیشی هاوبەشی دەوڵەتانی ناتۆیە. ئۆلبرایتیش وتی " دەبێ سکرتێری یو ئێن ڕۆڵی بەڕێوەرێکی ئیداری ببینێت. ڕەنگە لە سەردەمێکی تر بتوانێت ڕۆڵێکی سیاسی گرنگ ببینێت، بەڵام نەك لە پێنج ساڵی داهاتوودا(ڕۆژنامەی لی مۆند لە ١٩٩٦/٩/٢٧).

## "مرۆڤایەتی هەڕەشەی جەنگی لێ دەکرێت" ـ برتۆلد برێشت ـ

"دەبێ صەربەکان ناچاری چۆك دانان بکەین" قسەیەکی (کینکیل)ە – وەزیری دەرەوەی لە کاتی حوکمی کۆل– ئەلمانیا لە ساڵی ١٩٩١ و ناتۆ بە ١٥٠٠٠ جار بۆردومانکردنی یوگسلافیا، وتەکەیان هێنایە جێ. جگە لە زیانە بەشەری و ژینگەکەی، نزیکەی ٢٥ تا ١١٠ ملیارد مارك زەرەریان پێ گەیاند.لەو کاتەی وا هەر باس لە ڕووداوە ئابروبەرەکەی دیوکسین لە بەلجیکا دەکرا کە ترسی خستە گیانی" کۆمەڵگای ئەتلەنتیك" لەناو کێڵگەکانی یوگسلافیا و وڵاتە هاوسێکانی، دیوکسین و ژەهری تر بە هۆی بۆردومانەکەی خاوەن"نەریتە هاوبەشەکانی" ڕۆژئاوا بلاوەی کردبوو.

هێشتا قوربانییەکانی ئەو هێرشە دیار نین، هێشتا هەمو ئازار و فرمێسکەکان دیار نین هەروا ڕقی نوێ.

"تکای منداڵەکان"یش بەجێ نەهێنرا:

نابێ خانووەکان بسوتێنن

پێویست ناکات مرۆ بۆمبا بناسێت

دەبی شەوان بۆ نوستن بێت

ژیانیش نابێ سزادان بێت

لەژێر خانووە روخاوەکانی بەلغراد و کۆسۆڤۆدا، مافی گەلان لە کۆڕ نرا. لەمەودوا هێزی مشتی رامبۆی ناتۆ دەیخوات نەك مافی گەلان. تێلای جەنگ بە ڕێکوپێکتر بەکار دەهێنرێت:

*ئەو دەوڵەتانەی ناویان نراوە"دەوڵەتە خوێرییەکان" ڕێك دەزانن چییان بۆ گەش دەبێت. مەبەست لێرەدا ئەوەیە کە ئەم دەوڵەتانە لەمەودوا زیاتر هەوڵدەدەن چەکی ئەتۆمی و چەکە کۆمەڵکوژەکانیان دەست بکەوێت.

*ئێستا روسیا بەتەواوەتی لە لایەن ناتۆوە بە ناوی"هاوبەشی لە پێناوی ئاشتی"وە دەوری گیراوە. لەمەولا زیاتر پەنا بۆ چەکی ئەتۆمی دەبات.

*چین لە کاتی هێرش بردن بەسەر باڵوێزخانەکەی لە بەلغراد و گومان خستنە سەری جاسوسێتی ئەتۆمی، دەزانێت کێ زەنگەکەی لێ داوە. ئەگەر تەماشای پەیمانی سەربازی ئەمریکی– یابانی بکەین، دەزانین کە چینیش خەرجی خۆ پڕچەککردن زیاتر دەکات....

لە ساڵی ١٩٩٨ لەسەر ئاستی جیهاندا ٣٣ جەنگ بەرپاکرا.

## تا دوا سەرکەوتنی سەرمایەداری

جەنگی ڕۆژئاوا دژی یوگسلافیا درێژەی پێ دەدرێت ودەگاتە قۆناغێکی تر. کلینتون وتی" میلۆسوڤیتش دەبێ بڕوات". لەم کاتەوە دادگای دێنهاك و دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەکان، گەوتونەتە گڕ بۆ جێ بە جێ کردنی ئەم ئامانجە.

قسەکەی کلینتون واتای بانگەوازە بۆ شەڕی ناوخۆ. هەروا پاشا نەناسراوەکەی پرنس نازانم کێ کە تەنانەت باش زمانی سەربی نازانێت، خۆی بە رزگارکەری نەتەوە دادەنێت(زوید تسایتونگ لە ٩/٦/٩٩). دەنگی بۆرژواکانی ئەلمانیا لە ئێستاوە پێمان دەڵێن رۆژئاوا دەیەوێت لە "سربیای پاش میلوسوڤیتش" دەبێ چی بکرێت: پاش دۆڕاندنی شەری کۆسۆڤۆدا، دەبێ لە سەربیا شۆرشی دیموکراتی و ئابووری بازاڕ بکرێت.(رۆژنامەی فرانکفۆرتە ئەلگماینە لە ٥/٦/٩٩)

جا بڕوانن، ئەم مرۆڤکوژانە هەموو ئەم جەنگ و تاوانانە بەبانگەوازی "ئازادی و دیموکراسی!" بەرپا دەکەن.

* هەموو ئەم زانیاریانە لە گۆڤاری(isw ـــــــ ریپۆرت ـ ژمارە ٤٠ کە لەلایەن ئینستیتوتی سۆسیال–ئیکۆلۆگی بۆ تۆژینەوەی ئابوری، وەرگیراوە.

---

## دنیا نوێکانی کارکردن

ـ لاین مێنجمێنت، لاین پرۆدۆکسیون ـ

(لە گۆڤاریisw ریپۆرت ژمارە ٢٧ وەرگیراوە)

لە کۆتایی هەشتاکانەوە، زاراوەیەکی نوێ بەناوی لاین مێنجمێنت بەکارهێنراو لە بارەیەوە لافاوێك کتێب بلاوکرایەوە. راوێژکارانی خاوەن کارەکان، زانکۆکان کەوتنە لێدوان و لێکۆڵینەوە لەسەر مەبەست و کارتێکردن و واتاکانی. مەبەستەکەش: ستركتور و فۆرمی رێکخستنی جیهانی کارکردن.

بەدەم لاین مێنجمێنتەوە زاراوەی لاین پرۆدۆکسیون هاتە پێشەوە. نوێنەرەکانیان دەیانەوێت دڵنیامان بکەن کەوا: شۆرشێکن لەبواری بەرهەمێنان وبەهەمان ئەندازە لە نێو کۆمەڵ، بەرادەیەك کە تەنها لەگەڵ دۆزینەوەی(فلیس باند) وئامێری هەڵمی سەردەمی رابردوو بەراورد دەکرێت.

لێرەدا هەوڵدەدرێت نوێترین گەشەکردنی ناو واقیعی کارکردن پێشان بدەین وپێش هەموو شتێك ئەم پرسیارانە دەکەین:

١/ ئایا بەراستی لاین پرۆدۆکسیون فۆرمێکی نوێی بەرهەمێنانی دامەزراندووە؟ ئەگەر ولامی ئەم پرسیارە"بەلێ"بێت، سوودەکەی چییە؟

٢/ئایا لاین پرۆدۆکسیون هەولدانێکە بۆ رزگاربوون لە بەرهەمهێنانی فراوان(الانتاج الواسع)؟

٣/ ئایا چەوساندنەوەی بەرهەمهێنەران بەتینتر یا کەم دەکات؟

٤/ئایا رێگای دیموکراتیزەکردنی نێو کارگەکان بەرفرەوانتر دەکات؟

٥/ئایا دەسەلات و بەرژەوەندی خاوەن کارەکان بەهێزتر دەکات؟

٦/ ئایا سیستێمی بیمە کۆمەلایەتییەکان مسۆگەر دەکات یا بنەما بۆ بێکاری بە کۆمەڵ و تەکاندنی هاریکارییە کۆمەلایەتییەکان خۆشدەکات؟

٧/ چ ئەرکێکمان لەبەرە بۆ گۆرینی کاری سەندیکایی و بەرپاکردنی سیاسەتێکی ئابووری ئەلتەرناتیڤ؟

٨/ ئایا دەبێ سەندیکا و شورا کرێکارییەکان لەم جۆرە نوێیەی بەرهەمهێنانەدا، پشتگیری لە خاوەن کارەکان بکەن یا بەشێوەیەکی لۆژیك، بەهەڵویستی رەفزکەرانەو واقیعی وڵامیان بدەنەوە؟

*******

ئەگەر ئەمڕۆ پرسیاربکرێت: سیمای بەرهەمێنانی پیشەسازی مۆدێرن چییە، ڕەنگە هەموو یەکسەر بڵێن: تەکنیك، بەرهەمێنانی فراوان، دابەشکردنی هێزی کار، دابەشکردنی کۆمەڵگا بۆ چەند کەسێکی خاوەن سەرمایە و ملیونان لە کرێکاری کرێگرتە وبێکاران و لانەوازان.

هەڵبەت تەکنیزەکردنی بەرهەمێنانی فراوان و کارگە گەورەکان، هەنگاوە سەرەتاییەکانی دەسپێکردن و هاتنەمەیدانی سەردەمی پیشەسازی پیشاندەدەن( فیلمی سەردەمی نوێ، شارلی شاپلن). ئەو دەسپێکردنە ڕەگی تیئۆری فۆردیزم(لەناوی فۆردەوە سەرچاوەی وەرگرتووە) پێکدەهێنێت. زانا پێشکەوتووخوازەکانی (کۆمەڵناسی و مێژوونووسەکان) هەوڵ دەدەن لەسەر تیشکی ئەم تیئۆرییەدا، پەرەسەندن لە وەڵاتە سەرمایەدارەکان لەسەرەتای ساڵانی بیستەوە شیّ بکەنەوە. مەبەستی ئەم تیئۆرییە ئەوە نییە تەنها تەکنیك و فۆرمی ڕێکخستنی کارگەکان ڕوون بکاتەوە، بەڵکو پەیوەندییەکانی نێوان ڕێکخستنی کار وپێکهاتنی کۆمەڵگاو بەرێوەوەچوونیشی پێشانبدات و چۆن کاری سەر(فلیس باند) ودابەشکردنی کار(تایلۆریزم) بەرهەمهێنانی بە کۆمەڵ پێکدەهێنن، کارگا کۆنەکانی ڕوخاند و کاری پیشەسازی کرد بە گرنگترین کاری نێو کۆمەڵ و بەوپێیەش کرێکارانی پیشەسازی نەشونمای کرد و بەژمارەیش بوون بە بەهێزترین کەرتی ناو کۆمەڵگا، تەنانەت درووستکردنی جلوبەرگ و پێڵاویشی لە چنگی کاری دەست دەرکرد و لە گارگا زلهێزکان درووستدەکرێن.

## نیشانەکانی فۆردیزم

- یەکخستنی توندی پرۆسێسی کار بەرێگای پلەیەکی بەرزی کاردابەشکردن و جۆرخستنی لەگەڵ ئاستێکی دیاریکراوی کارکردنی ئامێرەکان ـ کاری سەر فلیس باند نموونەیەکی بەرجەستەیە ـ .
- بەرهەمهێنان زۆر توندو خێرا لە ژێر چاودێریکردن بەرێوەوە دەچێت. بۆ نموونە، مایستەرێك(ئۆستا)یەك پلەکانی بەرهەمهێنان و چۆنێتی کار و ئەنجامی کاری ڕۆژانە دیاری و چاودێری دەکات.
- جوداکردنی کەرتەکانی بەرهەمێنان. بۆ نموونە جوێکردنی بەشی ئامادەکردن لە بەشی نەخشەکێشان، کرێکاری سەر فلیس باند کاری بە پلەی خێرایی فلیس باندەوە نیە.
- کارکردن بە قۆنتەرات، تا کرێکارەکە دواهێزی بەکار بهێنێت بۆ زیادکردنی کرێکەی، ئەگەر بەخێرایی کارەکەی ئەنجام نەدات، کرێیەکی کەمتر دەستدەکەوێت.

(بۆنموونە)فۆردیزم وایکردووە سەدان هەزار کرێکاری سەر فلیس باند هەمان گوزەران، چالاکی، کارتێکردن و کرێیان هەبێت. ئەمەش بەهۆی لەیەکچوونی کارەکەیان و بیّ ئیمتیازبوونیانەوە، کاری نەقابی و داخوازییەکانیان بۆ زیادکردنی کرێکانیان ئاسان کردووە. فۆردیزم بنچینەیەك بوو بۆ بەرفراوانی و پێکهێنانی بزووتنەوەی نەقابی جەماوەری کرێکاران لەم سەدەیەدا. هەروا خەباتە سەندیکاییەکان نەك تەنها ڕێی بۆ دەچوو، بەڵکو سەرکەوتووانەش ئەنجام دەدران.

- لەسەردەمی فۆردیزم هەمیشە قەیران پێکهاتووە. لەپێشی پێشەوەیان، قەیرانی ئابووری ١٩٢٩ کەوا سەرئەنجامێکی ترسناکی هەبوو. لەلایەنێکی ترەوە، بواری کارکردن فراوانتر بووەوە، بازاری نویّ گەشەیکردووە: ئۆتۆمبیل سازی، ئامێری ئەلکترۆنی، بەرهەمی کیمیاوی، هەروا پیشەسازیکردنی بەرهەمە کۆنەکان وەك خواردەمەنی و جلوبەرگ.

## قەیرانەکانی فۆردیزم

لەناوەراستی حەفتاکانەوە گیروگرفت و سیماکانی هەرەسهێنانی فۆرماتسیونی فۆردیزم بەدی دەکرین.

١/ دواكەوتنی ڕێژەی گەشەسەندن لە وڵاتە پیشەسازییەکان.
٢/ مەسەلەی بێکاری لە پەیوەندیدا لە گەڵ پلەی پێشەوەچوونی بەرهەمهێناندا، بووە بە گیروگرفتێکی بەردەوام، تەنانەت لە کاتی زیادبوونی بەرهەمهێنانیشدا لەناو ناچێت.
٣/ بەهۆی بەجیهانکردنی بازارو بەکاربردندا، ئاستی کرێ لە پێشبڕکێی ڕاستەوخۆدا ڕووبەڕووی یەکتری دەکرێن. بۆ نموونە بەکاربردنی سەرمایەدارانی ئەلمانیا لەدەرەوە، سوودێکی زیاتریان دەستدەکەوێت، چونکە کرێی کار لە وڵاتەکانی تر وەك تایلەند، بەرازیل، مەغرب، زۆر هەرزانترە لە کرێی کرێکار لە ئەلمانیا...
٤/ بەهۆی ئەو بۆربۆرینەوە، خاوەن کارەکان فشار بەسەر کار دەهێنن بۆ کەم کردنی کرێ و لە هەمان کاتدا بیمە کۆمەڵایەتییەکان گرانتر دەکەن.
٥/ بەکردەوە کرێی کار کەم کراوەتەوە و زیاتر ڕوو لە کەم کردنەوە دەکات، هەژاریش لە زیادبووندایە.

## پۆست فۆردیزم: لە فۆردیزمەوە بۆ تۆیاتیزم؟

ئێمە دەتوانین بڵێین، ئێستا قەیرانێکی گەورە لە ئارادایە، بەڵام نەك تەنها سمبتومی قەیران، بەڵکە لە هەمان کاتدا سترکتوری نوێ درووست دەبێت. ئەمڕۆ مشتومڕی زاناکان لەسەر ئەم پرسیارەیە: ئایا ئێمە لە قەیرانی کۆمەڵگای پیشەسازی دەژێین یا خۆمان لە ناو پەرەسەندنی قۆناغێکی زۆر نوێ دەبینینەوە، واتە لەسەردەمی پۆست فۆردیزم( بەهەمان مەبەست لە کۆمەڵگای پۆست پیشەسازی).
ئێمە، گۆرانکارییەکی خێرا وسەرلەنوێ ڕێکخستنی جیهانی کار بەدی دەکەین. لەم ساڵانەی دوواییەدا، لەژێر فشاری بازاڕی جیهانی و تەکنیکی نوێدا، بەهەموو توانا ڕاتسیونالەکەیەوە، ڕووخساری ناوەوەی کاری پیشەسازی گۆڕاوە یا بەرەو گۆڕان دەچێت. فۆرمی ڕێکخستنی ناو کارگاو چالاکێکانی، بەشێوەیەك دێنە بەرچاو، وەك بڵێی کارەکتەرێکی نوێی بە خۆیەوە گرتووە.
کاتێك ئێمە لەسەر قەیران یا کۆتایی پێهاتنی سەردەمی فۆردیزم، یا لەسەر پۆست فۆردیزم دەدوێین، مەبەستمان ئەمەیە:
١/ کەم بوونی بایەخی پیشەسازی لە ئابووری وڵات.
٢/ پێگەیشتنی فۆرمێکی نوێی کار و سترکتوری کەسەکان(ئافرەتان و پیاوانی کرێکار) لەناو کارگەکان. بۆ نموونە لە ئەلمانیا: بەشی کارە بەرهەمهێنەرەکان لە بودجەی وڵاتەکە لە ٥٣٪ لە ساڵی ١٩٦٠ بووە بە ٣٦٪ لە ساڵی ١٩٩٣. بەرامبەر بەمە، کاری خزمەتگوزاری گەشەی سەندووە. لە ١٤٪ بووە بە ٣٥٪(جگە لە بواری بازرگانی و گواستنەوە و هاتووچۆ). لە ساڵی ١٩٧٠دا، دە ملیون مرۆڤ لە بواری پیشەسازی کاریانکردووە. ئەمڕۆ تەنها هەشت ملیون مرۆڤن، بەمەرجێك ڕێژەی بەرهەمهێنان سێ بار زیادی کردووە.
ئەم گۆرانکارییە بەرەو کوێدا ملدەنێت؟
بۆچوونی جیاجیا هەیە. هەندێ بۆچوون هەیە، دەڵێن: کۆمەڵگای خزمەتگوزاری لە گەڵ هەلی کاری نوێدا پێك دێت...
لاین مێنجمێنت
کینیش سیکین = یەکێکە لە دۆزەرەکانی سیستیمی بەرهەمێنانی تۆیوتا= لە گۆڤاری مێنیجەر مەگاتسین ژمارە ٢/١٩٩٣دا بە خاوەن کارەکانی ئەلمانیا دەڵێت: من نامەوێت هەستی ئێوە بریندار بکەم، بەڵام ئێوەی ئەلمان، دەبێ لە بواری بەرهەمهێناندا ڕێك هەندێ شت بگۆڕن. ئێمە دەتوانین بە ئامێرەکان و ڕێکخستن و کاتی کار کردنی ئێوە، ئاستی بەرهەمهێنانتان سێ بار زیادبکەین...

ئەگەر کرێکار و ئامێرەکانتان بەراستی باش کار بکەن، ئەوا سەرئەنجامەکەیان خراپ نیە، بەڵام شێوەی ڕێکخستنتان خراپە، کاتی کارکردن، زۆر بەفیڕۆ دەڕوات و هەروا ئێوە بەڕێوەبەر وەستایەکی زۆرتان هەیە. هەر کەسێکیش لەوانە، لەبەر چاوچنۆکی، سنوری دەسەڵاتەکەیان دەپارێزن. ئەمەیش فشار بەسەر سەرئەنجامی بەرهەمێنان دەهێنێت....

لەیاباندا هەر کرێکارێك سێ تا چوار شفت کار دەکات، بەڵام لەلای ئێوە تەنها یەك شفت کار دەکەن. هێزی کار لە ئەلمانیا خراپ نیە، وەلی سیستێمەکە( مەبەستی سیستێمی بەرهەمێنانە) خراپە...

لێرەدا دەمانەوێت بنچینەی گۆرانکارییەکانی ناو کارگەکان لە ساڵانی ڕابردوو وکارتێکردنەکانیان لەسەر بازاڕی جیهانی پێشان بدەین. لە هەشتاکاندا، لە ئۆروپا مەترسی لە یابان بلاو بووەوە، فشار بەسەر بازاڕی جیهان بەهێزتر کرا. ئەم فشارە وای کرد، پێشبڕکێی یابان بەجدی وەربگیرێت. لەراستیشدا خاوەنکارەکانی یابان پێیان کرا بەخێرایی دەست بەسەر بازاڕی ئەلکترۆنی(تەلەفزیون، ڤیدیۆ، کامیرا...) بگرن. پاش ماوەیەکی کورت نهێنی سەرکەوتنەکەیان لە بواری ڕێکخستنی کار و بەڕێوەبردنی کارکرن کەوتە بەرچاو. بەم شێوەیە لاین مەنیجمێنت لە گەڵ ناوی تیوتا بەسترایەوە.

پاش جەنگی جیهانی دووهەم، پیاوێك بەناوی(Eij Toyota) خاوەن کارگەیەکی بچوك بۆ دروستکردنی ئۆتۆمبیلی تۆیوتا. ئەم ئۆستایە دەیویست قازانجێکی زیاتری دەست بکەوێت بەرێگای بەڕێوەبردنێکی باشتر، بۆیە ماڵئاوایی لە بەرێوەبردنی شێوەی بەرهەمێنانی( تایلۆریزم) ی کرد، واتە: سوود وەرگرتن لە زیرەکی و توانای ڕۆشنبیری کرێکارەکان = نەك تەنها سوودوەرگرتن لە هێزی بازوویان =. ئەم تێزەیە بوو بە ڕێگایەکی نوێ بۆ بەهێزکردنی بازاڕی بەرهەمێنانی سەرمایەداری. بۆ بەئەنجام گەیاندنی ئەم تێزەیە، پێویست بە نوێکردنەوەی بەڕێوەبردن دەکات. ئەمرۆش بوارێکی تر هەیە بەستراونەتەوە بەو کارە، وەك: چۆنایەتی گشتی بەرێوەبردن و بەرهەمێنانی جوارجۆر = نەك تەنها بەرهەمێنانی یەك بەرهەم=.

لە کۆتایی هەشتاکاندا تۆژینەوەیەك بەناوی( دووهەم شۆرشی پیشەسازی ئۆتۆمبیل)بلاوکرایەوە. ئەم لێکۆڵینەوەیە بایەخ بە بەراوەردکرن لە نێوان دروستکردنی ئۆتۆمبیل لە ئۆروپا و ئەمریکا و یابان دا. سەرئەنجامەکەی ئەمەی خوارەوە بوو: خاوەنکارەکانی یابان، خاوەن مۆدێلی بەرهەمێنانێکن، زۆر لە پێشەوە ترن لە پێشبڕکێ ڕۆژئاواییەکان.

لەسەر ئەم بۆچوونە، ئەم راستیە دەرکەوت: بەبێ نوێکردنەوەیەکی ڕادیکالانەی کاری خاوەنکارەکان بە گوێرەی نموونەی یابانی، پیشەسازی ئۆرووپی و ئەمریکی ناتوانن درێژە بە ژیانیان بدەن. ڕاوێژکارەکانی خاوەنکارەکان باسی ئەوەیان دەکرد کە پیشەسازی ئەلمانیا دەتوانێت بە گوێرەی لاین مێنجمێتەوە ٣٠ = ٥٠٪ بەرهەمێنان زیاد بکەن. ئەم گۆرانکاریانە ناویان لێنا تۆیوتیزم، واتە گۆڕانکارییەك لە فۆردیزمەوە بۆ تۆیوتیزم.

ئەگەر مەبەست لە فۆردیزم، دابەشکردنێکی بەهێز بۆ بەرهەمهێنانی فراوان بگەیەنێت، ئەی لێ پاشگەزبوونەوە چییە؟ پۆست فۆردیزم، واتە ڕێکخستنی نوێی کارکردن. دەتوانین لەم چەند نموونە هێنانەوەی خوارەوە، سیما سەرەکێکانی بناسینەوە:

١/ کارکردن بە گروپ(Team) ئەنجام دەدرێت.

٢/ ئەندامانی گروپەکە بەرپرسیارن بەرامبەر ئەرکی ڕێکخستن و دابەشکردنی کارەکان.

٣/ گروپەکە بەرپرسیارە لە بەرامبەر چۆنایەتی بەرهەمەکانی. واتە خودی گروپەکە لە هەمان کاتدا پسپۆرانە هەڵدەستێت بە کاری تاقیکردنەوەو کۆنترۆڵکردنی بەرهەمەکان.

٤/ پلەوپایە لەناو دەچێت. سیستێمی کۆنترۆڵکردن لەلایەن بەرێوەبەر یا ئۆستا بایەخی خۆی لەدەست دەدات.

٥/ لەنێو ئەم ڕێکخستنەدا، زانین و توانا و مۆتیڤاتسیونی تاقە کەسەکان پلەوپایەیەکی بەرزتر وەردەگرن. پێشتر چەند کەسێك بەقەد ژمارەی دەست ئەم بەرپرسیارەیانە هەبوو....

٦/ بەرهەمهێنان نەرمتر دەبێت. چیتر یەك جۆرە بەرهەم و بە فرەیی لە پیلانی كاركردن جێبەجێ ناكرێت. لەبریدا تا بكرێت بەرهەمێكی جۆراوجۆر بەرهەمدەهێنرێت. بەم پێیە ویستی كڕیار دەكرێت بە فیگوری سەرەكی لێكدانەوە و پیلانەكانی كارگەكان( بۆ نموونە، بەرهەم بەقەد داخوازی كڕیار بەرهەمدەهێنرێت، واتە مەسەلەی عەمبار(مخزن) و خەرجەكانی لەناو دەبرێت.)

ئێستا ئەم ئامرازانە لەلایەن پسپۆر و زاناكانی كۆمپانیەكان، كراون بە فێرگەیەی نوێ بۆ بەرێوەبردنی كاركردن. ئەمانە وای بۆدەچن، كە شێوەی بەرێوەبردنیان بۆ پرۆسێسی كاركردن نەك تەنها بەرهەمهێنترە، بەڵكە ئۆمانیترە(ئینسانی ترە) لەوەی پێشەوەی( فۆردیزم): مرۆڤەكان بەپیترو هۆشمەندانەتر كاردەكەن. خۆیان لە ناڕەزایی و بێزاربوون لە كاتی كاركردندا رزگار دەكەن.

ئێستا تۆیوتیزم لە پراكسیسدا تەنها لە بواری ئۆتۆمبیل سازی، ئەلكترۆنسازی پەیڕەو دەكرێت و پەیوەندییەكی نوێی هێناوەتە ئاراوە. بێگومان لە ساڵانی ئایندەدا زیاتر پەخش و بڵاودەبێتەوە.

<u>رەخنەیەكی سۆسیولۆگی لە جیهانی نوێ كاركردن!</u>

كارتێكردنەكانی لاین مێنجمێنت بەسەر پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكان و ستركتورەكانیدا بە گوێرەی هەڵسەنگاندنی سۆسیولۆگەكان =هەندێكیان= بەم جۆرەیە:

١/ زیادبوونی رادەی فشاری پیلانەكانی عەقلانییەتكردن( راتسیونالیزكردنی بەرهەمهێنان). بۆ نموونە لە كۆنزێرنی فۆلكس ڤاگندا ١٥ هەزار كرێكار بێكاركران!

٢/ ئەكادیمكردنی كاركردن: دەرچووی زانكۆ و ئامادەییەكان لە ١٩٧٦= ١٩٩١ دا ٢،٢ملیون كەس بوون. زۆربەیان ناچاری كرێكاری بوون. ئێستا ژمارەیان بووە بە ١،٥ ملیون كەس.

٣/ كەم كردنەوەی كاری پیشەسازی دەستی.

٤/ نوێكردنەوەی سیستێمی كرێ.

٥/ بەبازنەكردنی باری ژیانی كرێكاران: لەناوبردنی كاری ئاسایی و فشارهێنانی سنووردانان بۆ چالاكێكانی مرۆڤ و رادەی بەرهەمێنان( دەبێ بەرهەمەكان بەخێراتر و بەوپەڕی رێكوپێكی بەئەنجام بگات).

هەروا رەخنەی زانستییانەی ئەندازیاری كارگەكان روو لە لاین مێنیجمێنت دەكەن: نەبینینی ئاشكرای پرۆسێسی كاركردن لە كەرت وبەشە جیاجیاكاندا، بەرزبوونی كرێی بەهۆی دیسێنترالیكردنی كاركردن، بڕیاردانی بەهەڵە لەبەر روون نەبوونی نرخەكان، مەترسی هەوڵدان بۆ هەرچی كەمكردنی خەرجەكان و گیروگرفتی زۆری كاركردن لەناو گروپ.

ئەوەی راستی بێت، دوا ئامانجی لاین مێنیجمێنت بریتیە لە بەرزكردنی ئاستی بەرهەمێنان، لە پێناوی چنگكەوتنی بازاڕێكی زیاتر لە ناو بازاڕی جیهان. بەدەمی ئەم مەبەستەوە، دەڵێن: ئێمە دەمانەوێت ئاستی ژیان بەرزبكەینەوە و بێكاری لە ناو ببەین. بەڵام لە واقیعدا:

١/ ئاستی بەرهەمێنان بەرزدەكەنەوە، بەبێ ئەوەی هەلی كاركردن زیاد بكەن.

٢/ فشارهێنان بۆ سەر سیستێمی كۆمەڵایەتی.

٣/ بەرزكردنی رادەی( تمركز)ی سەرمایە.

٤/ بەهێزكردنی رادەی هەژاری لە زۆربەی وڵاتانی"جیهانی سێهەم".

٥/ وێرانكردنی ژینگە بەرادەیەكی فراوانتر.

له١٩٩٠ بەدواوەوە، نموونەی لاین مێنیجمێنت لە ئەلمانیا پەیڕەوکرا، هەر بۆیەش لە ١٩٩٤ دا بەرهەمهێنان لە بواری پیشەسازی ١٠،٧٪ زیادی کرد: لە بواری پیشەسازی ئاسن٢٧٪، پیشەسازی ئامێر دروستکردن ١١،١٪، پیشەسازی ئەلکترۆنی ١٣،٠٪، پیشەسازی کیمیاوی ٢١،١٪. بەرامبەر بە زیادکردنی بەرهەمهێنان لە بوارانەدا بە ڕێژەی(١لە١٠)ی کرێکاران ڕەوانەی کارەساتی بێکاری کران.

ئێمە لەو بڕوایەداین کە تەنها کەمایەتییەکانی ناو کۆمەڵ سوود لەم ڕێبازە وەردەگرن و زۆربەی کۆمەڵ ڕووبەڕووی مەترسی بێکاری بە کۆمەڵ دەبن، بێ متمانەیی لە مافی بەردەوام بوون لە کارکردن زیاد دەکات، ناچارکردنی کرێکاران بۆ خۆگونجاندنی خێرایی لە گەڵ گۆڕانکارییەکانی ناو کارگەکان. سەرباری ئەمانەیش، لاین مێنجمێنت، کارو چالاکییەکانی خەباتی سەندیکایی بنبڕدەکات، بووە بە هۆی ئەوەی کاتژمێری کارکردنی ئاسایی( هەشت سەعات کار) هەنگاو بە هەنگاو لەناو بچێت و مۆدێلی( ٢ سەعات کار لە ڕۆژێك، واتە مانگی٦٢٠ مارك) یا ڕۆژی ٤ سەعات کار بەرپا بکرێت. ئێستا ئەم سیستێمە نوێیە لە ئەڵمانیا بەڕێوەوە دەچێت، لە ئەمریکادا، لە کۆتاییەکانی ساڵی ڕابردوو لە"چارەسەری دەگمەن"ی بێکاری دەدوان، ڕاستییەکەیشی ئەمەیە: ئەمانە هەوڵ دەدەن بۆ کەمکردنەوەی کرێی کارکردن، بۆ ئەوەی قودرەتی پێشبڕکێکردنی یەکتریان پێبکرێت( مەبەست ئەمریکا، ئەلمانیا، یابان)ە لە هەڵدانیان بۆ سەرلەنوێ دابەشکردنی بازاڕەکانی جیهان و داگیرکردنیان...